# مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئـاوا

## لە سوکراتەوە تا ماکیاڤیللی

## (یۆنانی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست)

**بەرگی یەکەم**

**نووسینی**

**د. کەمال پوولادی**

**وەرگێڕانی**

**ئازاد وەڵەدبەگی** **سیروان جەبار زەندی**

کوردستان - هەولێر
٢٠٠٥

**ناوی کتێب: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا**

- نووسینی: د. کەمال پوولادی
- وەرگێڕانی: ئازاد وەڵەدبەگی - سیروان جەبار زەندی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- تیراژ: ١٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: ١٣٢
- بەرگی یەکەم
- چاپی یەکەم ٢٠٠٥
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب - ١٦- (١١٩)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن: 2260311**

# ناوەڕۆك


وتەیەکی پێویست 5

پێشەکی 6

## بەشی یەکەم

هزری سیاسی لەسەردەمی دەوڵەتشاریدا 15

### پاژی یەکەم

هزری سیاسی بەر لە سوکرات 17

پەراوێزەکانی پاژی یەکەم 34

### پاژی دووەم

سوکرات 35

### پاژی سێیەم

ئەفلاتوون

یەکێتی دەوڵەت و پەروەردە 39

پەراوێزەکان 58

### پاژی چوارەم

ئەرەستۆ

پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان لە تۆژینەوەی دەوڵەتدا 59

پەراوێزەکان 76

## بەشی دووهەم

تێپەڕبوون لەسەردەمی دەوڵەتشاریی بەرەو سەردەمی

دەوڵەتی جیهانی، هزری سیاسی لەسەردەمی هیلینیزم و دەوڵەتی رۆمی 77

بەشی ٥ کۆتایی فەلسەفەی دەوڵەتشاریی و سەرەتای هزری جیهان نیشتمانی 79

### پاژی شەشەم

هزری سیاسی رۆم

گەشەکردنی بیروبۆچوونە یاساییەکان 87

پەراوێزەکان 96

### پاژی حەوتەم

کۆتایی هزری سیاسی کلاسیك 97

## بەشی سێیەم

ئاوێتەبوونی سیستەمی خوایی و سیستەمی

مرۆیی لە هزری سیاسیدا 115

### پاژی هەشتەم

بەرگریکارانی سیستەمی خودایی 117

### پاژی نۆیەم

بنەماکانی سیستەمی سیاسی و یاسا 127

### پاژی دەیەم

ئاکویناس، ئاشتکردنەوەی سیستەمی خوایی

لەگەڵ سیستەمی مرۆییدا 132

پەراوێزەکان 147

## بەشی چوارەم

هەوڵدان بۆ تێپەڕین لە هزری سیستەمی

خوایی - مرۆییەوە بەرەو هزری سیستەمی مرۆیی 149

### پاژی پازدەیەم

خستنەڕووی تیۆری حکومەتی عورفی 151

### پاژی دوازدەیەم

لە پێشوازی هزری سیاسی مۆدێرندا 162

سەرچاوەکان 170

# وتەیەکی پێویست

**خوێنەری هێژا..**

ئەم کتێبەی کە لەبەر دەستتدایە بەرگی یەکەمە لە زنجیرە کتێبێکی سێ بەرگی هەر بەم ناونیشانە کە لە لایەن نووسەرێکی ناسراوی ئێرانی لە بواری هزر و فەلسەفەدا نووسراوە.

ئەم کتێبە سێ بەرگییە باسی لەسەرهەڵدانی مێژووی هزری سیاسی دەکات لە رۆژئاوا هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆنەوە هەتا سەدەی بیستەم و باس لە هزرڤانانی سیاسی و ئەو تیۆری و سیستەمە سیاسییانە دەکات کە شارستانییەتی رۆژئاوا هەتا ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیویەتی.

دیارە بە هەستکردنمان بەو ڕاستییە کە کتێبخانەی کوردی لە بواری کتێبی هزری ئاکادیمی بەڕاستی هەژارە و خەمخۆریمان بۆ ئەم بوارە هانیداین هەتا دەستبکەین بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە کە هیوادارین هەردوو بەرگی دووهەم و سێهەمیش بەزنجیرە دوابەدوای ئەم بەرگە بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە دەتوانین بڵێین ئینسکلۆپیدیایەکی مێژووی هزری سیاسییە و دەتوانێ بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و هەموو ئەو کەسانەی کە حەزیان لە خوێندنەوەی بابەتی هزرییە بەتایبەت قوتابیانی بەشی زانستە سیاسییەکان و کۆمەڵناسی زۆر سوودمەند بێت.

باسکردنی زیاتر لەسەر ناوەرۆکی ئەم کتێبە بۆ خوێنەر هەڵدەگرین هەتا بە خوێندنەوەی وردی کتێبەکە بڕیاری لەسەر بدات.

دەربارەی چۆنێتی ئەم وەرگێڕانەش هەوڵمان داوە بەوپەڕی ئەمانەتەوە ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەین و ئەگەر هەر هەڵە و کەموکورییەکیش رووی دابێت پێشەکی داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەین و دەرگا لەسەر پشتە بۆ هەر رەخنە و پێشنیارێکی بە سوود.. لەگەڵ رێزماندا....

**ئازاد وەلەدبەگی – سیروان جەبار زەندی**
**هەولێر- ٢٠٠٤/٩/١٧**



# پێشەکی

## ١- هزری سیاسی چییە؟

### پێناسە و بابەتی هزری سیاسی

مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە لەگەڵ ژینگەی خۆیدا چ ژینگەی سروشتی بێت و چ ژینگەی کۆمەڵایەتی پێوەندییەکی خود ئاگایانەی هەیە. ئاژەڵەکان تەنیا بە ئامادەبوونیان لە سروشت گۆڕانکاری لە ژینگەدا دروست دەکەن، بەڵام مرۆڤ هەوڵ دەدات کە ژینگەی سروشتی خۆی بناسێت و ئینجا بۆ گۆڕینی بەپێی پێداویستییەکانی خۆی بیربکاتەوە و بەرنامە دابڕێژێت. دەربارەی ژینگەی کۆمەڵایەتیش هەر بەم جۆرەیە. مرۆڤ هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیەوە بەردەوام گۆڕانکاری لە شێواز و سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا دروستکردووە. سەرەتا گۆڕانکاری لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا زۆر لەسەرخۆ بوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات هەمیشە خێراییەکی زیاتری بەخۆیەوە گرتووە. هەرچی لە سەردەمی نوێ نزیکتر دەبینەوە ئەم خێراییە زیاتر و زیاتر دەبێت.

پێوەندی خودئاگایانە لەگەڵ ژینگە واتای چییە؟ پێوەندی خودئاگایانە لەگەڵ سروشت واتای هەوڵدانە بۆ ناسینی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گۆڕینی لە پێناو دابینکردنی هەرچی باشتری پێداویستییەکانمان خود. پێوەندی خودئاگایانە نەك تەنیا وادەخوازێ کە پرسیار لە یاساکانی سروشت بکات بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا بەڵکو دەبێ پرسیارکردن لەمەڕ نیشانەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی، داب و نەریتەکان، بیروباوەڕو دامەزراوە باوەکانی ناو کۆمەڵگا و هەروا گەڕان بەدوای رێگاکانی گۆڕان و دەرفەتی چاکسازیکردنیشیان لە خۆ بگرێت.

مرۆڤ بەرەبەرە تێگەیشت کە هاو ئاراستە لەگەڵ ئامانجەکانی خۆی پێداچوونەوە هەم لەسەر سروشت و هەم لەسەر دامەزراوە و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا بکات.

لەو پرسانەی کە مرۆڤ هەر لەدێرزەمانەوە پێوەندی لەگەڵیاندا هەبووە دەتوانین ئاماژە بە شێوازەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی رێکخراوی سیاسی، دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی سیاسی بکەین. تا سەردەمانێکی دوورودرێژ ئەم سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییانە بەپێی نەریت (سنت) لە ئارادابوون و خەڵکیش بەپێی نەریت پەسندیان دەکرد. واتە کەمتر بیریان لەوان و پێداچوونەوەیان دەکردەوە. بەڵام سروشتی ڕوو لە گۆڕانی ژیان هەرجارەی قەیرانگەلێکی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا کە خەڵکی ناچار دەکرد سەرلەنوێ لەمەڕ

چۆنیەتی و بۆچییەتی شێوازەکانی ژیانی کۆمەلایەتی وەك یاسا، دەسەلات و دەولەت بیربکەنەوە. لەڕاستیدا ئەم قەیرانانە هەمیشە سەرەتای پرسیارەکان و هزرە نوێیەکان بوون. ئەو هزرانەی کە پرسیارکردن لە ناوەڕۆکی دیاردەگەلێکی وەك دەسەلاتی سیاسی، سیستەمی سیاسی، دامەزراوە سیاسییەکان و دەولەت لە خۆ دەگرن بە هزری سیاسی ناو دەبرێن.

## هزری سیاسی چ پرسگەلێك لە خۆ دەگرێ؟

ژیانی مرۆڤ ڕەوتێکی روو لە گۆڕانی هەیە و لەگەڵ خۆیدا پرسی جۆراوجۆر دەهێنێتە ئاراوە. بە گۆڕانی هەلومەرجی ژیانی سیاسی لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا، لە هەر سەردەمێك هزرڤانان بایەخیان بە هەندێك پرسی تایبەتی داوە. سەردەمێك حکوومەتە تاکڕەوەکان و سەردەمێکی تر حکوومەتە گەلسالارەکان لە چەقی سەرنج و ئەندێشەڕێژی هزرڤاناندا جێگای خۆیان کردۆتەوە. سەرچاوەی سەرهەلدانی دەولەت هەردەم لە پرسە گرنگەکانی هزری سیاسی بووە. بەلام لە هەر سەردەمێکدا هزرڤانان شتێکیان بە سەرچاوەی سەرهەلدانی دەولەت زانیوە. سەردەمێك تیۆری خودایی دەولەت لە لایەن زۆرینەی خەلك و هزرڤانانەوە پەسند دەکرا. ئەم تیۆرییانە دەولەتیان بە ئافرێنراوێکی خودایی لە قەلەم دەدا. سەردەمێکیش سەرچاوەی دەولەت پتر بۆ گرێبەستی کۆمەلایەتی دەگەڕێندرایەوە. ئەم تیۆرییانە دەولەتیان بە بەرهەمی کرداری خۆویست و بە ئەنقەستی مرۆڤ دەزانی. لەم تیۆرییانەدا پێگەیەکی گرنگ بۆ ڕەزامەندی و ڕێککەوتنی نێوان مرۆڤەکان تەرخان کرابوو بە مەبەستی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی بەجۆرێکی تایبەت لە دەسەلاتداری.

ئەم تیۆرییە لە بەرامبەر تیۆری خودایی دەولەت و تیۆرییەکی تر رادەوەستێ کە بە تیۆری سەرچاوەی سروشتی دەولەت بەناوبانگە. ئەو تیۆرییەی کە سەرچاوەی دەولەت بە سروشتی دەزانێ دەلێت کە مرۆڤ بەپێی غەریزە بوونەوەرێکی کۆمەلایەتییە و سەرئەنجام هەندێ تیۆریی وا سەریهەلداوە کە دەولەت نە بە بەرهەمی کرداری بە ئەنقەستی مرۆڤ و نە بە هەلقولاوی ویستی خودایی و نە بە سەرچاوە گرتوو لە غەریزەی کۆمەلایەتی مرۆڤی دەزانێ، بەلکو بەوەی لە قەلەم دەدات کە دەرەنجامی وەرچەرخانی بەرە بەرەی پێداویستی مرۆڤە بەرێکوپێکی.

بابەتێکی دیکە کە لەگەڵ بابەتی سەرچاوەی سەرهەلدانی دەولەت لە پێوەندیدایە پرسی ڕەوایی (شەرعییەت) دەولەتە. بابەتی ڕەوایی لەگەڵ پرسی ئەرکی تاکەکانی خەلك لەبەرامبەر دەسەلاتی دەولەتدا گرێدراوە. بۆچی دەستەیەك کە خۆیان لەگەڵ دامەزراوەی حکوومەتدا گرێدەدەن داوای ملکەچبوون لە خەلك دەکەن؟ بە چ هۆیەك دەبێت خەلك ملکەچیان بن؟



دەسەلاتداران لەسەر چ بنەمایەك پاساو بۆ دەسەلاتدارێتی خۆیان دەهێننەوە؟ فەرمانبەران لەسەر چ بنەمایەك ئەم دابەشکردنی کارو دابەشکردنی دەسەلاتە پەسنددەکەن. ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاری دیکەی لەم جۆرە کە لەگەڵ بابەتی ڕەواییدا سەروکاریان هەیە لە پرسە گرنگەکانی هزری سیاسیین. لە مێژووی دوورودرێژی هزری سیاسیدا ئەم پرسیارانەی سەرەوە وەلامی جۆراوجۆریان دراوەتەوەو هاوکات لەگەڵ وەلامە جۆراوجۆرەکان دیدگاوتیۆریی جۆراوجۆر لە مێژووی هزری سیاسییدا سەریان هەلداوە. بۆ وێنە، دەستەیەك لە هزرڤانان پرسی فەرمانڕەوایی و فەرمانبەرییان بۆ ویستی خوداوەندی گەڕاندۆتەوە و دەستەیەکی تر لەگەڵ یاسای سروشتی و جیاوازی سروشتی نێوان مرۆڤەکان گرێیان داوە. هەر لەم بارەیەوە دەستەیەکی تر لە هزرڤانان گرێبەستی کۆمەلایەتییان بە سەرچاوەی فەرمانڕەوایی ژمارەیەك و فەرمانبەری ژمارەیەکی تر زانیوە. ئەم بیرمەندانە سەرچاوەی ئەرکی خەلك بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەگەڕێننەوە کە لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەلایەتییدا دروستبووە. سەرئەنجام گەلێك لە هزرڤانانی سەردەمی ئەمڕۆ ویستی گشتی خەلك کە لە نەریتێکی خۆ — یاسادانەریی دیموکراتیانەدا ڕەنگی داوەتەوە بە سەرچاوەی ئەرکی سیاسی خەلك و ڕەوایی حکوومەت لە قەلەم دەدەن.

ئەم بابەتەش، بەگوێرەی خۆی، لەگەڵ چەمکی یاسادا گرێ دەدرێ کە ئەویش لە گرنگترین بابەتەکانی هزری سیاسییە.

یاساش لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گۆڕانی هزری سیاسی لە بەردەم لێکدانەوەی جۆراوجۆردا بووە. یاسا سەرەتا بە نەریتێکی ئەزەلی دەژمێردرا کە پێوەندی بە چوارچێوەی پیرۆزی خوداوەندەوە هەبووە. پاشان دەستەیەك لە بیرمەندان بۆ بنەمایەکیان گەڕاندەوە کە پێوەندی بە سروشتی کاروبارەکانەوە هەیە و عەقلی مرۆڤ دەتوانێ بیدۆزێتەوەو لە ژیانی سیاسییدا بەکاری بهێنێ.

سەردەمێکیش یاسایان بەویستی دەسەلاتدار لێك داوەتەوە. دەستەیەك لە هزرڤانانی نوێتر یاسا بە نیشانەکانی ویستی گشتی خەلك دەزانن کە بە هۆی دامودەزگای دەولەتەوە دروستدەکرێت. یەکێك لە باسە گرنگەکانی دیکەی هزری سیاسی شێوازی حکوومەت و باسکردنە لەسەر ئەوەی کە ئایا دەسەلاتیحکوومەت دەبێ لە دەست تاکێك یا گرووپێك لە تاکەکاندا بێت یا لەناو هەموو خەلکدا دابەش بکرێت. ئەم بابەتە لەگەڵ حەوزەی دەسەلاتی حکوومەت و سنووری دەسەلاتی خەلکیش لە پێوەندیدایە. ئەم باسە چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا لە ریزی پرسە گرنگەکانی هزری سیاسیدایە.

## بایەخی مێژووی هزری سیاسی

مێژووی هزری سیاسی ڕەنگدانەوەی ژینگەی هزریی جیهانی ڕابردووە لە پەیوەندی لەگەڵ پرس و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا. لە مێژووی هزری سیاسی لەگەڵ بیروباوەڕی پێشینان و چۆنیەتی گۆڕان و کاریگەریی ئەم دووانە لەسەر یەکتر ئاشنا دەبین. ناسینی هزری پێشینان بایەخێکی گرنگی هەیە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پرسە هەنووکەییەکانی مرۆڤ. ناسینی هزرە سیاسییەکانی پێشینان تەنیا بۆ گرووپە دەستە بژێرەکانی (نوخبە) کۆمەڵگا و سیاسەتمەداران پێویست نییە بەڵکو بۆ هەموو هاووڵاتیان پێویستە. ئەمڕۆ بە هۆی پەرەسەندنی مافی هاووڵاتیبوون و بەشداری هەمووان لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگا ئاشنا بوون بە پرسە سیاسییەکان گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە. بەشداری کاریگەر لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگا و سوود وەرگرتن لە مافەکانی هاووڵاتیبوون بەبێ ئاشنایەتی هەرچەندە کەمیش لەگەڵ ڕابردوو و ئێستای هزرە سیاسییەکان نایەنەدی. خەڵك لە سەردەمی ئێمە پتر لە هەر سەردەمێکی تر دەیانەوێ لە پرسەکانی ژیانی خۆیان تێبگەن و لەگەڵ پێوەرە عەقڵییەکاندا هەڵیانسەنگێنن و هاوئاهەنگیان بکەن.

بۆ ئەو قوتابییانەی کە پێوەندییان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بەتایبەت قوتابیانی زانستە سیاسییەکان ئاشنایەتی لەگەڵ هزرە سیاسییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. هزری سیاسی وێڕای ئەوەی کە بۆ خۆی وانەیەکی تایبەتی خوێندنە ڕۆڵێکی تاقانە و بێ هاوتاشی لە تێگەیشتنی باشتری وانەکانی تردا هەیە.

## ٢- هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی

لەم کتێبەدا کە تایبەتە بە مێژووی هزرە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بەردەوام لەگەڵ دوو زاراوەی هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسیدا بەرەو ڕوو دەبین. جێی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەیەك بە پێوەندی نێوان ئەم دوو زاراوەیە لەگەڵ یەکتردا بکەین و ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە ئێمە لەم کتێبەدا دەمانەوێ باس لە کامیان بکەین.

بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم کتێبە، هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە باس لە مێژووی هزری سیاسی دەکات. کەوابوو ئەم پرسیارە سەر دەردێنێ کە ئایا ئێمە کارمان بەسەر فەلسەفەی سیاسییەوە نییە؟ ئایا ئەم دووانە لێك جیاوازن؟ ئەگەر لێك جیاوازن ئێمە لە یەك کتێبدا بەناونیشانی هزری سیاسی بە چ شێوەیەك لەگەڵ هەر یەکەیاندا هەڵسوکەوت



دەکەین. سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە چوارچێوەی تۆژینەوەکەی ئێمەوە هەیە لەم کتێبەدا، باسکردن لە پێوەندی نێوان هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی باسکردنە لە گشتیتر و تایبەتی تر.

واتە هزری سیاسی بوارێکی گشتی ترە کە فەلسەفەی سیاسیش دەگرێتەوە. بەوتەیەکی ساکارتر فەلسەفەی سیاسی بەشێکە لە هزری سیاسی. کەوابوو هەر باس و تۆژینەوەیەك لە فەلسەفەی سیاسی بەشێکە لە باس و تۆژینەوە لە هزری سیاسی. بەڵام پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە ڕاست نییە واتە ناتوانین هەر هزرێکی سیاسی بە فەلسەفەیەکی سیاسی لە قەڵەم بدەین. فەلسەفەی سیاسی وێڕای ئەوەی کە بە بواری هزری سیاسییەوە گرێ دەدرێت بە هۆی ئەو خەسڵەتە تایبەتییانەی کە هەیەتی لە جۆرەکانی دیکەی هزری سیاسی جیاوازە و لەوان جیادەکرێتەوە.

### پێناسەی هزری سیاسی

هزری سیاسی بریتییە لە هەر تێڕامانێك دەربارەی پرسە سیاسیە سەرەکییەکان. هزری سیاسی هەر لە دوای ئەوەوە نییە کە بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازە تایبەتییەکان بگاتە مەعریفەی ڕاست و دروست و مەعریفەی ڕاستەقینە دەربارەی سیاسەت بکاتە جێ نشینی گومانی سیاسی[1]. بەڵام فەلسەفەی سیاسی بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، واتە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە لە گومانی سیاسیەوە بەرەو مەعریفەی ڕاست و دروست هەنگاو بنێ. هزری سیاسی لەوانەیە بەرگری بێت لە بیروباوەڕێکی دۆگما، لەوانەیە بەرگریکردن بێت لە بیروباوەڕێکی ئایینی یا تەنانەت لە ئەفسانەیەکدا ڕەنگ بداتەوە. هزری سیاسی مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و پێشینەکەی دەگاتەوە پێشینەی مێژووی مرۆڤ.

### پێناسەی فەلسەفەی سیاسی

فەلسەفەی سیاسی هەوڵێکی میتۆدیانەو بەردەوامە بۆ گەیشتن بە مەعریفەی سیاسی یا چارەسەرکردنی مەتەڵە سیاسییەکان. گەورەترین فەیلەسوفە سیاسییەکان هەوڵیانداوە بەدەستپێکردن لە بنەماکانی بوونناسی، میتۆدۆلۆژی و گەردوونناسییەکی دیاریکراو بگەنە مەعریفەیەکی لەم جۆرە و بۆ مەتەڵە سیاسییەکان ڕێگاچارەی فەلسەفی بخەنەڕوو[2]. بەوتەیەکی تر ئەم فەیلەسووفانە بە تۆژینەوە لە بنەماکانی بوونی مرۆڤ و لێوردبوونەوە لە سروشتی مرۆڤ و

بوون هەندێ ڕێسای بەڵگەدار لەمەڕ ژیانی سیاسی دەدۆزنەوە. کەوابوو فەلسەفەی سیاسی هەوڵێکی ڕێکخراوە بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی کاروباری سیاسی.

فەلسەفەی سیاسی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ گەڕان بە دوای بنەمایەکی جێی باوەڕ بۆ دادپەروەری و سیستەمێکی دادپەروەرانەی سیاسی[٣]. فەلسەفەی سیاسی لە یۆنانی کۆن بۆ گەڕان بە دوای باشترین سیستەمی سیاسی و شێوازی حکوومەت دەستیپێکرد. بازنەی تۆژینەوەکانی فەلسەفەی سیاسی بریتین لە سەرەکیترین ئامانج و خەمەکانی مرۆڤ وەك دادپەروەری، ئازادی و سروشتی فەرمانڕەوایی لە کۆمەڵگای مرۆییدا. فەلسەفەی سیاسی لقێکە لە فەلسەفە و هەروەك فەلسەفە بریتییە لە گەڕانێکی قووڵ بۆ ناسینی جیهان، مرۆڤ و سروشتی ژیانی مرۆیی. فەلسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی هزری سیاسی جمکی کۆمەڵگای مرۆیی نییە بەڵکو لە قۆناغێکی تایبەتی گەشەکردنی هزری مرۆڤ، واتە لە یۆنانی کۆن و بەوتەیەکی تر بەکاری سوکرات سەری هەڵداوە. کەوابوو ئێمە دەتوانین زاراوەی هزری سیاسی بۆ هەر فەلسەفەیەکی سیاسی بەکاربهێنین بەڵام ناتوانین هەر هزرێکی سیاسی بە فەلسەفەی سیاسی ناو ببەین. هەردووکیان بە تۆژینەوەی پرسە سیاسییەکان خەریکدەبن وەك سروشت و سەرچاوەی دەوڵەت، بنەماکانی ڕەوایی، دادپەروەری و ئازادی، جۆری ئەو سیستەمە سیاسییانەی کە لە ئارادان و هەروا سیستەمە سیاسییە ئیدیالەکان و پێگەی خەڵك لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیدا، بەڵام فەلسەفەی سیاسی تۆژینەوەکانی خۆی بە شێوازێکی میتۆدیانەو بە گەڕانەوە بۆ بنەماکانی بوونناسی ئەنجامدەدات، لە کاتێکدا هزری سیاسی ئەم پابەندییەی نییە. بەم حاڵەش هزری سیاسی لە نیگەرانی تۆژینەوە لە ناوەڕۆکی پرسە سیاسییەکان بە دوورنییە. بەڵام لەوکارەی کە لەم کتێبە لەبەردەممان دایە جیاکردنەوەی هەردوو چەمکی هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی تەنیا لە چەند ڕوویەکی سنووردارەوە گرنگی هەیە. بەسەرنجدان بەو دەرفەتە کەمە کە لەم بەرگانەدا بۆ خستنەڕووی کەلتووری مەزنی هزری سیاسی لە مێژووی ڕۆژئاوادا هەمانە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو شتانەی کە بە ناوی هزری سیاسی لە بیروبۆچوونی هزرڤانان دەیخەینە ڕوو پتر لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسیدا جێگیر دەبن. بەڵگەش ئەوەیە کە بە هۆی بەرتەسك بوونی دەرفەت دەبێ گرنگترین ڕەوتەکانی هزری سیاسی و هزرڤانانی سیاسی بناسێنین و ئەم تێڕوانینەش دەبێتە هۆی ئەوە کە قورسایی باس و گەڕانەکەمان بخەینە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسییەوە. ئەمەش لە ڕوویەکەوە ئەرکی ئێمە گرانتر دەکات چونکە ناچارین بیروبۆچوونی ئەم بیرمەندانە، کە زۆربەشیان لە فەیلەسووفە مەزنە سیاسییەکانن، بەپێی میتۆدی



بیروهزرەکانیان بە شێوەیەکی میتۆدیانە بخەینەڕوو. هیواداریین بتوانین بە تەواوی ئەم ئەرکە دژوارە بەجێ بگەیەنین.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەم خاڵە بکەین کە ئەو ڕیزبەندییەی کە لەسەرەوە دەربارەی جیاوازی نێوان هزری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی باسمان لێوەکرد لە لایەن هەموو تۆژەرانەوە پەسند ناکرێت. هەندێك لە زانایان بەو بیانووەی کە هزری سیاسی هزرێکی عەقلانییە لە بابەتێکی سیاسیدا بەشێکی بەرچاوی ئەو هزرانەی کە ئێمە لەژێر ناونیشانی هزری سیاسیدا ناساندوومانە بە هۆی ئەم کۆتی ((عەقلانی)) بوونە لە چوارچێوەی هزری سیاسیی هەڵداوێرن. بە بۆچوونی ئەم دەستە لە زانایان هزری سیاسی زۆر لە فەلسەفەی سیاسییەوە نزیکە. بۆ وێنە بەپێی ئەم دیدگایە ئەو شتەی کە هەندێ کەس بە پەیڤی سیاسی ناوی لێ دەبەن و مەعریفەی خۆی بە بزاوتن لە خاڵی وەحییەوە دەستپێدەکات بە هزری سیاسی لە قەڵەم نادرێ. هەر بەم پێیە بە بۆچوونی ئەم زانایانە ئەو هزرە سیاسییانەی کە لەناو ئەفسانەکاندا هاتوون لە چوارچێوەی هزری سیاسییدا جێگیر نابن.

ئێمە بەبێ ئەوەی دەربارەی ئەم بۆ چوونانە مشتومڕ بکەین ئەم خاڵە بە بیردەهێنینەوە کە باسەکەی ئێمە دەربارەی مێژووی هزری سیاسی ڕۆژئاوا لە یۆنانی کۆن و لەسەردەمێکەوە دەستپێدەکات کە باسی عەقڵی جێگای ئەفسانەی گرتۆتەوەو لەو بارەیەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان بیروبۆچوونەکاندا نییە بۆ بەکارهێنانی چەمکی هزری سیاسی.

## ٣- پرسیارە بنەڕەتییەکانی هزری سیاسی

هزری سیاسی بە شێوەیەکی گشتی واتە هزر جا چ لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی یا هەر چوارچێوەیەکی تردا بێت لەگەڵ زنجیرەیەك پرسیاری بنەڕەتی بەرەو ڕووە. لەسەرەوە گوتمان کە پرسی دادپەروەری، دەسەڵات، سەرچاوەو ئامانجی دەوڵەت، ئازادی تاك و دەسەڵاتەکانی حکوومەت لە گرنگترینی ئەو چەمك و بابەتانەن کە هزری سیاسی بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. هزری سیاسی سەروکاری لەگەڵ پرسیارە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤدایە. یەکێك لەو پرسیارانەش ئەمەیە کە: بۆچی دەوڵەت لەبنەڕەتدا بوونی هەیە؟ ئایا دەوڵەت لە خزمەت بەرژەوەندی گشتیدایە؟ ئەگەر وایە ئەم بەرژەوەندییە چییە؟ ئایا ئەم بەرژەوەندییە لووتکەی پێگەیشتوویی ئەخلاقی مرۆڤە یا بەختەوەری مادی ئەوە یا لە بنەڕەتدا پێشگیری کردنە لەهەر جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەك لە ڕێگای گەڕان بەدوای بەرژەوەندی تاکدا؟ ئاستی شیاوی دەست تێوەردانی دەوڵەت

لە کاروبارەکان تا چ رادەیەکە؟ ئایا دەوڵەت دەبێ لە پرسە مەعنەوییەکاندا بێلایەن بێت؟ ئەگەر دەوڵەت لە پرسە ئەخلاقییەکاندا بێلایەن نییە ئەوا ئەو بەها تایبەتییانە چین کە دەبێ پەرەیان پێبدات؟ لە چ رێگایەکەوە دەبێ ئەم پەرەپێدانە بەرەو پێشەوە ببات، لەرێگای پەروەردەو فێرکردنەوە یا بەکارهێنانی هێز؟ یاسا لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ ئایا یاسا ئامرازێکە بۆ سەپاندنی ویستی گرووپێك بەسەر گرووپێکی تردا یاخود بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئازادییەکی یەکسانە بۆ هەمووان؟ چ شێوازێك شیاوە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا؟ ئایا دەکرێت لە رێگای بەرنامەڕێژی گشتییەوە بەختەوەری مرۆڤ لەم جیهانە دابین بکرێت؟ ئایا رەوتی مێژوو پەیڕەویی لە یاسایەکی تایبەت دەکات؟ ئایا دەتواندرێ رەوتی مێژوو بگۆڕدرێ؟ ئایا رۆژێك دادێت کە ئامانجەکانی دادپەروەری، ئازادی، بەهای مرۆڤ و دیموکراسی لە هەموو جێگایەك بێنەدی؟ ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاری تری لەم جۆرە بەشێکی زۆر لە پانتایی ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن.

لە مێژووی هزری سیاسی لەگەڵ چۆنیەتی خستنەڕووی ئەم پرسیارانە و لەگەڵ ئەو وەڵامانە ئاشنا دەبین کە هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تاکو ئەمڕۆ لە لایەن هزرڤانە سیاسییەکانەوە خراونەتەڕوو. رەنگە ئێوەش بۆ خۆتان ئەم پرسیارانە لەناو زەینتاندا چەکەرەی کردبێت و بیرتان لە وەڵامەکەی کردبێتەوە. جێی خۆیەتی بزانن کە ئەم پرسیارە بەرواڵەت ساکارانە پرۆژەی تۆژینەوەو چالاکی هزریی سەرانسەری تەمەنی هەندێك لە گەورەترین هزرڤانانی بۆ خۆی تەرخانکردووە.

خستنەڕووی ئەم پرسیارانە و وەڵامدانەوەیان لە هەمان کاتدا قۆناغە جۆراوجۆرە مێژووییەکانی گەشەکردنی هزریی مرۆڤ نیشاندەدات. لەهەر قۆناغێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی هزریی مرۆڤ ئەم پرسیارانە هاتوونەتە ئاراوەو وەڵامی جۆراوجۆریان پێ دراوەتەوە. لەم کتێبەدا هەوڵدراوە بە شێوەیەکی هەرچەند کورتیش بێت باس لە هەلومەرج و جیاوازییەکانی هەر سەردەمێك بکرێت لە خستنەڕووی پرسیارەکان و وەڵامە جیاوازەکانیان. هزریی سیاسی لەڕەوتی خۆیدا هەم خاڵی پەیوەستی هەیە و هەم خاڵی دابڕان. گرنگیدان بەم پەیوەستی و دابڕانە بەشێك لەسەرنجەکانی ئەم کتێبە پێك دەهێنێ.



## پەراوێزەکان

١- لئو اشتراوس، فلسفه سیاسی چیست، ترجمه فرهنگ رجایی، نشر علمی و فرهنگی، ١٣٧٣، ل ٤.

2- Iain Mclean ed, oxford Dictionary of Politics Newyork, oxford University Press, 1996, p. 384.

٣- حسین بشیریه، مسایل اساسی در فلسفه سیاسی، نشریه دانشکده حقوق وعلوم سیاسی، شماره ٢٣-٢٢، ل ١١٩.

٤- لئو اشتراوس، همان ل ٤٥.

# بەشی یەکەم

## هزری سیاسی لەسەردەمی دەوڵەتشاریدا

## پاژی یەکەم

# هزری سیاسی بەر لە سوکرات
# زەمینەکانی سەرهەڵدانی هزری سیاسی

### ١- سیستەمی دەوڵەتشاری و هزری سیاسی

*** سیستەمی دەوڵەتشاری وەك پێگەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هزری سیاسی:**

هەرچەندە پێشینەی هزرە سیاسییەکان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە دێرینەکانی مێژووی مرۆڤ بەڵام هزری سیاسی بەواتای تەواوی وشە، واتە هزری سیاسی لە چوارچێوەیەکی نوێ و جیا لە ئەفسانەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك لە ژیانی یۆنانی کۆن کە دەتوانین لە مێژووی یۆناندا بەسەردەمی دەوڵەتشاریی ناوی لێ ببەین. هەلومەرجی ژیانی سیاسی لە دەوڵەتشارەکان لە شێوازە گەشە کردووەکەی خۆیدا سەرچاوەی سەرهەڵدانی هزری سیاسی بووە.

بەسەرنجدان لەم بابەتە پێویستە لەسەرەتای ئەم بەشەدا سەیرێکی رەوشی سیاسی دەوڵەتشارەکان، بەتایبەت دامەزراوەکان و وەرچەرخانە سیاسییەکانیان بکەین. ئاشنابوون بە رەوشی سیاسی دەوڵەتشارەکان لەم رووەوەش گرنگە کە جگە لەوەی زەمینەی راستینەی سەرهەڵدانی پرشنگدارترین هزر و فەرهەنگەکان بوون لە مێژووی مرۆڤدا لە هەمان کاتیشدا پێکهاتەی سیاسییان بە سەرچاوەی ئیلهام بەخشی تیۆرییەکانی بیرمەندانی مەزن دادەنرێت.

دەبێ لەناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتشارەکاندا بەدوای پێگەی سەرەکی دینامیکییەتی بێ وێنەی هزری سیاسی لە یۆنانی کۆندا بگەڕێین. لە دەوڵەتشارەکاندا بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤ توێژە بەر فراوانەکانی خەڵك بەشدارییان لە ژیانی سیاسییدا کردو رۆڵیان گێڕاو هەندێ دامەزراوەی سیاسی پێشکەوتوویان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی گرووپی پێکەوەنا. بەرلەوە، لە شارستانیەتە گەورەکانی رۆژهەڵاتدا کە لەسەربنەمای سیستەمە ئایین سالارەکان بنیات نرابوون، هەلومەرجێکی لەم جۆرە نەهاتبووە ئاراوە. لەم ئیمپراتۆرییانەدا، وەك ئیمپراتۆرییەکانی میسر، میزۆپۆتامیا، ئێران و چینی کۆن دەستەیەکی بچووك لە نوخبە سیاسییەکان لە ناو کاهینەکان و بنەماڵە خانەدانەکاندا بەڕێوەبردنی سیاسی کۆمەڵگایان بەدەستەوە بوو و جەماوەری بەربلاوی خەڵك رۆڵێکی ئەوتۆیان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا نەبوو. لەو ئیمپراتۆرییانەدا بڕیاردانی سیاسی لە ناو بازنەیەکی بچووکی



دەربارییەکاندا تەوق کرابوو. بەلاّم لە دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆندا هەرچەندە بەشداری گشتی لە ئارادا نەبوو بەلاّم بازنەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی چوارچێوەیەکی بەربلاّوتری هەبوو. هەندێ فاکتەری وەك: ١- بەشداری بەربلاّوی خەڵك. ٢- خەباتی درێژخایەنی خەڵك دژ بە خانەدانەکان بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان. ٣- هەوراز و نشێوە بەردەوامە سیاسییەکان. ٤- گەشەکردنی فەرهەنگێکی تاقانە، زەمینەی لەباریان بۆ بزاوتی هزری سیاسی و تیۆرداڕێژیی سیاسی رەخساند.

*** رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتشارەکان**

جیهانی یۆنانی بریتی بوو لەو شارانەی کە لە ناو دۆڵەکان، کەناری دەریاکان و دورگەکاندا هەڵکەوتبوون. ئەم شارانە لە رووی سیاسیەوە سەربەخۆ بوون لە کاتێکدا کە نەریت و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوبەشیان هەبوو. ئەم شارانە لە سەردەمە دوورترەکاندا خاوەنی سیستەمی پاشایەتی بوون، بەلاّم بەرەبەرە هەندێ سیستەمی تازەتر وەك سیستەمی ئاریستۆکراسی (خانەدانی)، ئۆلیگارشی (حکوومەتی دەوڵەمەندەکان)، حکوومەتی ستەمگەری و حکوومەتی دیموکراسی (کە دوایی پتر قسەیان لەسەر دەکەین) یەك لەدوای یەك لەم شارانەدا بوونە سیستەمی دەسەلاّتدار.

کۆمەڵگای یۆنانی لەسەردەمێکدا کە بە چاخی هۆمێری بەناوبانگە واتە لەسەدەکانی یازدەیەم تا نۆیەمی بەر لەزایین لەسەر بنەمای ئابووری سروشتی و سیستەمی خێڵەکی بنیات نرابوو.

لەم چەرخەدا شێوازبەندیی کۆمۆنی سەرەتایی و سیستەمی خێڵەکی بەرەو لەناوچوون دەڕۆیشتن و خاوەندارێتی تایبەتی لەسەر کۆیلە و زەوی و زار روویان لە گەشەکردن و پەرەسەندن نابوو. بە هۆی ئەم گۆڕانکارییانەوە گەورەکانی خێڵ بەرەبەرە بوونە خاوەنی دەسەلاّت و ئیمکانیات و پتر لە جاران بەرجەستە بوون و لە جەماوەری خەڵك دابڕان. لەسەردەمی پاشتر کە بە چەرخی هێزیۆد (شاعیرێکی دیکەی یۆنانی) بەناوبانگە و سەدەکانی حەوتەم و هەشتەمی بەر لە زایین دەگرێتەوە، کۆمەڵگای باوکسالاری پێشوو بە تەواوی لەناوچوو و سیستەمی کۆیلەداری بەرەو قۆناغێکی گەشەکردوو هەنگاوی نا.

جیابوونەوەی پیشە دەستییەکان لە کشتوکاڵ و کۆبوونەوەیان لە ناو شارەکاندا و هەروا پەرەسەندنی بازرگانی و پیشەسازی پیشەوەری، هاوکات لەگەڵ گەشەکردنی دەریاوانی و برەو سەندنی شارەکان بوونە هۆی ئەوەی کە شارەکان بەرەبەرە ببنە یەکەیەکی سەرەکی کۆمەلاّیەتی. ئەم شارانە بوونە یەکەیەکی سەربەخۆ کە هەر یەکەیان دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەر

بۆیە بە دەوڵەتشار ناو دەبران. ئەم دەوڵەتشارانە پێکهاتبوون لە شارێك وەك ناوەندی سەرەکی و زنجیرەیەك گوند لە دەوروپشتی کە بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکبوون. کەڵەکە بوونی ژیان لەو دۆڵانەی کە چیا بەرزەکان لێکیان جیادەکردنەوە هەلومەرجێکی لەباری بۆ سیستەمی دەوڵەتشارە سەربەخۆکان رەخساند بوو.

ئەم دەوڵەتشارانە هەندێ جار یەکێتییەکیان پێکدەهێنا کە لە چەندین دەوڵەتشار پێکدەهات، بەڵام هەمیشە لە ئاست سەربەخۆیی خۆیاندا هەستیار بوون. لەمەو بەدوا تا کۆتایی سەدەی چوارەمی بەر لە زایین کە لەشکری مەکدۆنیا بەسەر ئەسینادا زاڵ بوو و ئیمپراتۆری مەکدۆنیا سەری هەڵدا، دەوڵەتشارەکان شێوازی دیاری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون لە یۆناندا.

*** ژینگەی سیاسی دەوڵەتشار**

دەوڵەتشارەکان ناوەندی بزاڤێکی گەرموگوڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون. ئاریستۆکراتەکان (خانەدانەکان) هەوڵیان دەدا سوود لە پێکهاتەکانی سیستەمی باوکسالاری و خێڵەکایەتی پێشووی خۆیان وەربگرن و بیکەنە ئامرازی دەسەڵاتی خۆیان. ئەوان دەیانویست شێوازی حکومەتی ئۆلیگارشی خانەدانی واتە دەسەڵاتی چەند بنەماڵەیەکی خانەدان و سەرۆك هۆزەکان (کە بە بازیل ناودەبران) بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن و خەڵك (کە بە دیمۆس ناودەبران) لە گۆڕەپانی دەسەڵات دوور بخەنەوەو رۆڵی ئەنجوومەنی گەل سنووردار بکەن کە خەڵك تێیدا بەشداربوون یا لانی کەم بیکەنە ئامرازێك بەدەستی خۆیانەوە. بەڵام خەڵکیش (دیمۆس) بەوپەڕی هێزەوە بەرگرییان لە مافی خۆیان دەکرد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتشاردا. ئەم بارودۆخەش لە رووی سیاسییەوە کۆمەڵگای یۆنانی کردبووە کۆمەڵگایەکی چالاك و پڕ هەوراز و نشێو. کێشمەکێشە سیاسییەکان، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەکردنی کاروپیشەی بازرگانی و پیشەسازییە پیشەوەرییەکان ژینگەیەکی لە باریان بۆ جموجوڵی هزریی رەخساند بوو.

*** ((دەوڵەتشارە سەرەکییەکان وەك نموونەیەکی ئیلهام بەخشی هزری سیاسی))**

دەوڵەتشارەکانی ئیسپارت و ئەسینا گەورەترین دەوڵەتشارەکانی یۆنان بوون. ئەم دوو دەوڵەتشارە لە هەمان کاتدا دوو سیستەمی جیاوازی فەرمانڕەوایی و تا رادەیەك دوو سیستەمی جیاوازی کۆمەڵایەتییان هەبوو. ئیسپارت پتر کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی و خاوەن سیستەمێکی فەرمانڕەوایی میانڕەو بوو. ئەسینا پتر کۆمەڵگایەکی خاوەن ژیانی بازرگانی، دەریاوانی و پیشەوەری بوو. لە لایەکی ترەوە ئەم دوو دەوڵەتشارە هەریەکەیان مۆدێلی شێوازە جیاوازەکانی حکومەت و ئیلهام بەخشی بەشە جیاوازەکانی هزری سیاسی بوون. ئەفلاتوون و ئەرەستۆ کە لە



داهاتوودا باسیان لێوەدەکەین لە داڕشتنی تیۆرییەکانی خۆیان دەربارەی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی سوودێکی زۆریان لە مۆدیلەکانی ژیانی سیاسی ئەم دوو دەوڵەتشارە وەرگرتووە. لێرەدا روونکردنەوەیەکی چڕ دەربارەی سیستەمی ژیانی هەریەك لەم دوو دەوڵەتشارە دەخەینەڕوو.

*** ئیسپارت**

دەوڵەتی ئیسپارت نموونەیەکی دیاری حکومەتێکی ئۆلیگارشی (حکوومەتی گرووپێکی کەم) و ئاریستۆکراسی (بنەماڵەکانی خاوەن رەچەڵەکی تایبەت) بوو. دانیشتووانی دەوڵەتشاری ئیسپارت بەسەر سێ چینی کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازدا دابەشدەکران کە تەنانەت لە رووی جوگرافیشەوە بەجیا لە یەکتر دەژیان. چینی یەکەم ئیسپارتییەکان بوون کە لە شاردا دەژیان. ئەمانە چینی باڵا دەستی کۆمەڵگا و لە خانەدانەکان بوون. چینی دووهەم بە (ئیلۆت)یەکان (Ilotisme) ناودەبران و ئەمانەش ئەو جوتیارانە بوون کە لەسەر زەوی و زاری ئیسپارتییەکان لە دەوروبەری شاردا کاریان دەکرد. ئەمانە بەو زەوییەوە بەسترابوون کە کاریان لەسەردەکرد، بەو واتایە کە لەگەڵ زەوییەکە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرا یابە میرات دەگەیشتن. ئیلۆتییەکان پلەیەك لەسەرووی کۆیلەکانەوە بوون. موڵکدارەکان مافی ئەوەیان نەبوو بیانکوژن. بەڵام ئیسپارتییەکان بۆ دروستکردنی ترس لە ناو دڵی ئیلۆتییەکاندا هەر ساڵەی بەبیانوویەك هێرشیان دەکردنە سەر و کوشتارێکی بە کۆمەڵیان لێدەکردن. چینی سێیەم (پریبیك)ەکان (Périéques) بوون کە بە خەڵکی ئازاد لە قەڵەم دەدران. ئەوان خاوەنی زەوی و زاری و دارایی گوێزراو بوون بەڵام مافی سیاسییان نەبوو. ئەوان لە بەشێکی جیاوازی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسپارتدا دەژیان و باجیان بە ئیسپارتییەکان دەدا.

ژیانی ئیسپارتییەکان، واتە هەمان چینی یەکەم و چینی باڵا دەست، ژیانێکی تەواو سەربازی بوو. هەموو بەرنامەکانی ژیانی ئەوان بە گەورە و بچووکەوە لەسەر شێوازی ژیانێکی سەربازیی رێکخرا بوو. کوڕان و کچان هەر لە منداڵییەوە دەخرانە بەر پەروەردە و فێرکردنێکی تایبەت و راهێنانی سەربازی، دامەزراوە سیاسییەکانی ئیسپارت بریتی بوون لە (ئەنجومەنی ریش سپییان) کە لە سی (٣٠) کەس لە بنەماڵە خانەدانەکان پێکدەهات و (ئەنجوومەنی گەل) کە بریتی بوو لە هەموو ئەو ئیسپارتییانەی کە گەیشتبوونە تەمەنی (٣٠) ساڵان. دەگوترێ کە ئەفلاتوون لە داڕشتنی دەوڵەتی ئیدیالی خۆی سوودی لە نموونەی ئیسپارت وەرگرتووە (دواتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین).

### * ئەسینا

دەوڵەتشاری ئەسینا لەسەردەمی گەشەکردنی خۆیدا پتر نموونەی کۆمارێکی دیموکراتی بوو. ئەسینا لە ڕووی سیاسییەوە ژیانێکی پڕ لە ڕووداو و پڕ لە هەوراز و نشێوی هەبووەو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا سیستەمەکانی ئاریستۆکراسی، ئۆلیگارشی، ستەمگەری و دیموکراسی بەخۆیەوە بینیوە. ململانێی بەردەوام لە نێوان چینە ئاریستۆکراتەکان و خەڵك و دەست بەدەستبوونی بەردەوامی حکوومەتەکان و حزبە دەست ڕۆیشتووەکان بوونە هۆی ئەوە کە سیستەمە سیاسییەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت لەم دەوڵەتشارەدا دروستبن و بەردەوام لە گۆڕاندا بن. ئەسینا لەسەردەمی پرشنگداری خۆیدا بۆ وێنە چەرخی (پریکلس)، ڕێبەری بەناوبانگی ئەسینا، نموونەی سیستەمێکی دیموکراتی بووە لەو سەردەمەدا. جێی خۆیەتی ئەم خاڵەش بە بیربهێنینەوە لەو سەردەمەدا کۆیلەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی کۆمەڵگایان پێك دەهێنا و ئەرکی بەرهەمهێنانی دەستکەوتە ماددییەکانیان لە ئەستۆدا بووە خاوەنی هیچ مافێك نەبوون. جگە لەمەش ئافرەتان و کۆچەرە بیانییەکانیش لە مافە سیاسییەکان بێبەش بوون.

لە دەوڵەتشاری ئەسینا چینە سەرەکییەکان بریتی بوون لە خانەدانەکان کە بە (ئاپاترید) ناودەبران، جووتیارە بچووکەکان کە بە (ژێومۆر) بەناوبانگ بوون و پیشەوەرەکان کە بە (دیمیۆرگ) ناودەبران و کۆیلەکان. جووتیارە بچووکەکان و پیشەوەرەکان و بازرگانەکان بەگشتی (دیمۆس) یا خەڵکیان پێکدەهێنا. لە نێوان خەڵك (دیمۆس) و خانەدانەکان ململانێیەکی دوورودرێژ لەسەر دەسەڵات لە ئارادا بوو. خەڵکی ئەسینا (دیمۆس) چەندین جار دژ بە خانەدانەکان راپەڕین. ئەنجامی ئەم راپەڕینانە هەندێ جار دەبووە هۆی دروستبوونی حکوومەتی ستەمگەری (تیرانی) و زۆر جاریش دەبووە هۆی دروستبوونی حکوومەتی دیموکراسی. راپەڕینی خەڵك بووە هۆی هەندێ چاکسازی کە لە لایەن سۆلۆن/ Solon (٦٣٨-٥٥٩ب.ز) و پریکلس/ Pericles (٤٩٥-٤٢٩ب.ز) (دوو ڕێبەری بەناوبانگی ئەسینا)ەوە ئەنجامدران. ئامانجی ئەم چاکسازییانە بەشداریکردنی هەرچی زیاتری خەڵك بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دەوڵەتشاردا. دیموکراسی ئەسینا لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین گەیشتە گەشەکردووترین شێوازی خۆی، ئەوکاتەی کە (پریکلس) یەکێك لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی مێژووی یۆنان بوو بە فەرماندەی گشتی لە ئەسینا. لەم سیستەمە دیموکراتیەدا دەسەڵاتی باڵا لە دەستی ئەنجوومەنی گەل بوو کە بە (ئێلگزیا) ناودەبرا و زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد. هەموو پیاوە ئازادەکان لە تەمەنی بیست ساڵییەوە بە ئەندامی ئەم ئەنجوومەنە لە قەڵەم دەدران. کاری راپەڕاندن لە دەستی ئەنجوومەنێکی پێنسەدکەسی بوو بە ناوی (بۆلە). ئەندامانی بۆلە لە نێوان خێڵەکان (هەر خێڵێك ٥٠ کەس) و بە شێوەی تیروپشك و خولەکی هەڵدەبژێردران.



ئەسینا لە قۆناغی گەشەکردوویی خۆیدا ناوەندی ڕۆشنبیری سەرانسەری یۆنان بوو. زانایانی زانست و ئەدەب و هونەر لە سەرانسەری یۆنان لەم شارەدا کۆدەبوونەوە. لەم شارەدا هەموو ساڵێك هەندێ جەژنی بەشکۆ بەرپا دەکراو گەلێك پارەی بۆ خەرجدەکرا. لەم شارەدا فێرکردنی گشتی تاڕادەیەك لە ئارادا بوو. لاوان و منداڵان بە پارەیەکی کەم فێری زانست و خوێندەواری دەبوون.

### * بایەخی وەرچەرخانی دیموکراتی لە دەوڵەتشارەکان بۆ هزری سیاسی

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ژیانی روو لە گۆڕان، پڕ لە هەوراز و نشێو و بەشدارانەی دەوڵەتشارەکانی یۆنان لە گەلێك رووەوە بوونە ئیلهام بەخشی هزری سیاسی لە یۆناندا. لەراستیدا هەلومەرجێکی لەم جۆرە بوو کە بناغەکانی سەرهەڵدانی هزری سیاسی بەواتای تەواوی وشە بنیات نا. وەرچەرخان لە سیستەمی ئیمپراتۆرییەوە بەرەو سیستەمی دەوڵەتشاری و لە حکوومەتی ئاریستۆکراس بەرەو حکوومەتی دیموکراسی رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دروستبوونی تێڕوانینێکی نوێ بۆ یاسا و بنەماکانی رەوایی (شەرعیەت). هەروەك لەمەوبەر ئاماژەمان پێکرد پرسی یاساو رەوایی لە بابەتە گرنگەکانی هزری سیاسیین. سیستەمی دیموکراسی، بنەماکانی ئازادی و نەریتی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە بەڕێوەبردنی شار بێگومان ئەم واتایەی بە دواوە بوو کە یاساکان شێوازێکی پیرۆز و نەگۆڕ و هەتاییان نییە بەڵکو لە ویستی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن بۆ ڕێکوپێك کردنی کاروباری ژیانی خۆیان. ئەم تێڕوانینە، تێڕوانینێکی سەداسەد نوێیە. لەمەو پێش لە یۆنانیش وەك فەرهەنگ و شارستانیەتە کۆنەکانی رۆژهەڵات، یاسایان بۆ سەرچاوەیەکی سەروو سروشتی دەگەڕاندەوە. دیموکراسی لە یۆنان بووە هۆی ئەوە کە خەڵك بگەنە ئەم دەرەنجامە کە یاساکان لە سەرچاوەیەکی پیرۆزەوە نەهاتوون بەڵکو بۆ خوشگوزەرانی خەڵك دروستدەکرێن. ئەم خاڵەش رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بەرزکردنەوەی وشیاری سیاسی خەڵکدا.(١) ڕێکخستنی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئەو یاسایەی کە لە لایەن خەڵکەوە رەوایی پێدەدرێت لە راستیدا بەشۆڕشێك لە ژیانی هزریی و کۆمەڵایەتیدا دەژمێردرێت. بە هۆی ئەم شۆڕشەوە بوو کە مرۆڤێکی نوێ سەریهەڵدا، مرۆڤێك کە لە چوارچێوەی هاووڵاتیدا بەدیارکەوت. بە هۆی ئەم وەرچەرخانەوە ئەم هزرە سەردەردێنێ کە دەبێ هەندێ پێوەری گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بدۆزرێتەوە.(٢) لە دەوڵەتشارەکان لە ڕاستیدا مرۆڤ ژیانێکی نوێ لەسەربنەمای مۆدیلێکی نوێ بنیات دەنێ کە دەتوانین بە ژیانی هوشیارانە ناوی لێ ببەین. مرۆڤ دەیەوێ بە هوشیاری تەواو و بەدوور لە کۆت و بەندی مەرجەعییەتی نەریت ژیانی خۆی ڕێکبخات. ئەم هوشیارییە بەرە بەرە ڕێگای خۆی لە ناو هزری سیاسییدا کردەوە.

## ٢- تێپەڕبوون لە جیهانی ئەفسانەوە بەرەو جیهانی هزر

## شێوازی هوشیاری لە ئەفسانەدا

ئەم ئەزموونە گەورە مێژووییانە بوون کە لە ژیانی فەرهەنگیدا هەلومەرجیان رەخساند بۆ تێپەربوون لە شێوازی ئەفسانەوە بەرەو شێوازی هزری فەلسەفی و چوارچێوەی هزریی نوێ لە تێڕامانی سیاسیدا.

بەر لەسەرهەڵدانی هزری سیاسی لەسەر شێوازی ئەو چوارچێوە نوێیەی کە لە یۆناندا گەشەی کرد شێوازی هوشیاری مرۆیی لەبنەڕەتدا ئەفسانەیی بوو. ئەفسانەکان دەیانویست پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ جیهانی بووندا راڤە و شی بکەنەوەو لە هەمانکاتدا هەڵگری هەندێ هزر بوون لەمەڕ ژیانی گشتی خەڵك و لەوانەش بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی سیاسی. فۆرمی ئەفسانە بەپێچەوانەی بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی کە پاشان گەشەی کرد فۆرمێکی گێڕانەوەو خوازەیی بوو.

ئەفسانەکان کۆمەڵە چیرۆکێکن کە بەسوود وەرگرتن لە دەربڕینی وێنەیی و کەڵك وەرگرتن لە خوازە و نواندن دیاردەکانی جیهان نمایش دەکەن. ئەفسانە بەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەناسرێتەوە: ١- کەڵك وەرگرتن لە فۆرمی چیرۆك. ٢- کەڵك وەرگرتن لە رەگەزی خەیاڵ. ٣- بەکارهێنانی خوازە و دەربڕینی هونەری. ٤- هەبوونی ناوەڕۆکێکی پەند ئاسا.[٣] ئەفسانەکان بە کەڵك وەرگرتن لەم ناوەڕۆك و توخمانە باس لە رووداوە گەورەکان دەکەن وەك سەرەتای ژیان، دروستبوونی مرۆڤ، مەرگ و ژیان و چارەنووسی مرۆڤ. لە جیهانی کۆن چ لە یۆنان یا لە شارستانییەتەکانی تر ئەفسانەکان رۆڵی دەربڕینی نەریت و هزرەکانیان لە ئەستۆدا بووە. لە شارستانییەتەکانی میسر، بابل، ئاشوور، ئێران و چین هەندێ لە چرۆکانی هزری سیاسی لە فۆرمی ئەفسانەدا رەنگی دابووەوە. لەو هزرە سیاسییانەی کە لەم ئەفسانانەدا رەنگیان دابووەوە شا تەوەرەی ژیانی سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسی بوو. شا لە میسر وەك خوداو لە میزۆپۆتامیا وەك نوێنەری خودا و لە ئێران وەك هەڵبژێردراوی خودا و لە چین وەك رۆڵەی ئاسمان سەیر دەکرا. لەم شارستانییەتانەدا کە بە شارستانییەتە ئایین سالارەکان بەناوبانگن سیاسەت بەشێك بووە لە ئایین.

ئەوان لەو باوەڕە دابوون کە شا بە پلە و پایەیەکی لەم جۆرە رێکوپێکی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆیی لەگەڵ رێکوپێکی خوداوەندی گرێ دەدات. لە راستیدا شا ناوبژیوانێك بووە لە نێوان جیهانێکی گەورەتر واتە سەرجەم بوونەوەران لەگەڵ جیهانێکی بچووکتردا واتە کۆمەڵە مرۆییەکان. لەم شارستانییەتانەدا یاسا جێگایەکی پیرۆزی هەبوو و بە ئەزەلی و سەرچاوە گرتوو لەویستی خوداوەند دادەنرا کە جێگای مشتومڕ نەبوو. لە راستیدا خەڵك بە پەسندکردنی ئەم



یاسا پیرۆزە دەچوونە ناو گرێبەستێکی ملکەچییەوە. لە ئەفسانەکاندا جیاوازی لە نێوان یاسای سروشت و یاسای مرۆییدا نەبینراوە. لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا لە روخساری خودایانی وەك ئۆرانووس، گایا، ئۆرۆس بەدوای سەرەتای بووندا دەگەڕان. یۆنانییەکان جیهانیان بە بوونێکی زیندوو دەزانی و جیاوازییان لە نێوان قەڵەمڕەوی سروشت و قەڵەمڕەوی مرۆڤ دانەدەکرد. هەر بۆیە لە ئەفسانەکانیاندا دەبینین کە یاسایەکی یەکگرتوویان بۆ سروشت و مرۆڤ هەیە.

### * جیهانی هۆمێر، جیهانی بەها ئاریستۆکراتییەکان

لە ئیلیاد و ئۆدیسە کە دوو هۆنراوەی مەزنی حەماسین و دەدرێنە پاڵ هۆمێر، رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵکی یۆنان لەو سەردەمەدا رەنگی داوەتەوە کە هێشتا پێی نەناوەتە ناو جیهانی دەوڵەتشاری و هزری دەوڵەتشارییەوە. هۆمێر نیشانەکانی ژیانی سەردەمێکی خستۆتەڕوو کە رەنگە هی سەردەمی ماوەیەك بەر لە هۆنینەوەی بەرهەمەکەی بێت. لەم سەردەمەدا حکوومەتی باوکسالاری لە ئارادا بووە. چینە ئاریستۆکراتەکان وەك چینی دەسەڵاتدار خاوەنی هەندێ ئیمتیازاتی تایبەتی بوون. پاشاکان بەتایبەت پاشاکانی شارستانییەتە دێرینەکانی رۆژهەڵات بەشوانی خەڵك دەژمێردران. لە هۆنراوەی ئیلیاد حکوومەتی سەرجەم خەڵك وەك شتێکی نا عەقلانی رەت کراوەتەوە. بەم جۆرە دەبینین ئەو ئەندێشانەی کە لەم هۆنراوە حەماسییانەدا رەنگیان داوەتەوە بەرگری لە بەهاکان و حکوومەتی ئاریستۆکراتی دەکەن. هەروەك ئاماژەمان پێکرد بەهاکانی سیستەمی دەوڵەتشاریی رووبەڕووی ئەم بەهایانە بوونەوە.

سستبوونی بیروباوەڕی خەڵك بە مەرجعییەتی ئەفسانەکان لە دەوڵەتشاری ئیسپارت کە سیستەمی ئاریستۆکراسی بەسەریدا زاڵ بوو تا ماوەیەك بەهێواشی بەرەو پێشەوە دەچوو. ئیسپارتییەکان لەو باوەڕەدابوون کە خودای دلفی سەر زەوی (مسنیا)ی بە پاشایانێك لە نەوەی هێرکۆل بەخشیوە. بەم جۆرە ئەوان پشتیان بە مافی خودایی پاشاکان دەبەست[٤]. بەڵام لە (ئیۆنیا) کە خەڵك پاشەکشەیان بە سیستەمی ئاریستۆکراسی و باوکسالاری کردبوو هەر لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایینەوە بڕوا بە مەرجەعییەتی ئەفسانەکان سست ببوو. ئەوان سیستەمی یاساییان کردبووە جێگرەوەی بەهای ئەفسانەکان.

## ٣- فەیلەسووفە سروشتییەکان

### تێپەڕبوون لە لێکدانەوەی خەیاڵی بۆ لێکدانەوەی زانستی و سروشتی کاروبارەکان

### بنیات نانی هزری عەقلانی

لە سەدەکانی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین لە یۆنان دەستەیەك فەیلەسووف سەریان هەڵدا کە بە فەیلەسووفە سروشتییەکان ناودەبران. هۆی ئەم ناولێنانە ئەوەبوو کە ئەم فەیلەسووفانە بۆ لێکدانەوەی جیهان لە بری پشت بەستن بە ویستی ڕەنگاورەنگی خودایان کە لە هۆنراوە هۆمێرییەکاندا باسیان لێوەکرابوو پشتیان بە سروشت دەبەست. ئەم فەیلەسووفانە هەموو سەرنجی خۆیان خستبووە سەر پرسی بنەمای شتەکان. ئەوان دەیانویست یاسایەکی نەگۆڕ بۆ سەرهەڵدان و لە ناوچوونی دیاردەکان بدۆزنەوە.

ئەوان لە سروشتدا بڕوایان بەڕێکوپێکییەکی ناوخۆیی هەبوو. ئەم شێوە لێکدانەوەیە لە بەرامبەر هزری ئەفسانەییدا ڕادەوەستێ کە هەموو شتێکی بۆ ویستی خودایان دەگەڕاندەوە.

فەیلەسووفە سروشتییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ کەمتر پێوەندییان بە هزری سیاسییەوە هەبوو بەڵام سەرجەم تێڕوانینی ئەوان بۆ شێوەی دیدگای مرۆڤ لە چاو هزرەکانی پێشوودا بە بزاڤێکی نوێ و وەرچەرخانێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت. هزری سیاسی بەواتا وردەکەی خۆی، واتە هزر لە ڕەهەندێکی جیاواز لە ئەفسانە و ئایین بە هۆی شێوەی تێڕوانینی ئەوانەوە سەریهەڵدا. شێوەی تێڕوانینی فەیلەسووفە سروشتییەکان لەبەر دوو هۆی سەرەکی لەسەرهەڵدانی هزری سیاسی لە شێوازە نوێیەکەی خۆیدا (شێوازی جودا لە ئەفسانە و ئایین) جێگای بایەخە: ١- پشت بەستن بە یاسا و سیستەمێکی سروشتی و ناوخۆیی بۆ هەموو کاروبارەکان، ٢- پشت بەستن بەشێوازی بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی لەسەربنەمای چەمك و بابەتە لۆژیکییەکان.

لێکدانەوەی ئەفسانەیی پێوەندی بە پرەنسیپی هۆکارێتی، ڕەتکردنەوەی پارادۆکس و بەڵگەهێنانەوەی عەقڵییەوە نییە. بەڵام فەیلەسووفە سروشتییەکان هەوڵیاندا کە ڕێساکانی خۆیان بە بەڵگەهێنانەوەی لۆژێکی بخەنەڕوو. بەم حاڵەش هێشتا هەندێك لە بەشەکانی هزری میتافیزیکی لە نێوان هزری زانستی ئەواندا بەدی دەکرا. سروشتییە کە ئەم دابڕانە لە بیروباوەڕەکانی پێشوو بە جارێك نەهاتۆتە ئاراوە.



### ژیانی ملکەچ بۆ سیستەمی عەقڵانی

ئەفسانە و حەماسە یۆنانییەکان سەمبۆلەکانی ژیانیان بۆ ویستی ڕەنگاڵەیی خودایان دەگەڕاندەوە بەڵام فەیلەسووفە سروشتییەکان ژیان، چ ژیانی سروشتی و چ ژیانی کۆمەڵایەتییان بە ملکەچی ڕێکوپێکی و یاسامەندی دەزانی. ئەم فەیلەسووفانە بە دوای شتێکەوە بوون کە مادەی بنەڕەتی هەموو شتەکان بێت. ئەم مادە بنەڕەتییە بە هەوێنی هەموو شتەکان دادەنرا. هەریەك لەم فەیلەسووفانە توخمێکی جیاوازیان بەمادەی بنەڕەتی دادەنا. تالس ئاوی بە گەوهەری هەموو شتێك دەزانی و لەو باوەڕەدا بوو کە ئاو کاتێك ببێت بە هەڵم دەبێتە هەواو کاتێك خەست ببێتەوە دەبێتە بەردو خاك (شتە ڕەقەکان). ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ژیان لەسەر زەوی لەشێ دروست دەبێت. فەیلەسووفێکی تر بە ناوی ئاناکسیمنس، هەوای بە مادەی بنەڕەتی دەزانی نەك ئاو، و دەیگوت کە ژیانی بوونەوەرەکان لە هەواوە دروست دەبێت و هەروەك چۆن هەناسە فەرمان بەسەرجەستەدا دەکات بە هەمان شێوەش هەوا بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکات. خودی هەناسەش بریتییە لە هەوا یا هەڵم. ئاناکسیماندر دەیگوت کە مادەی بنەڕەتی شتێکی بێ کۆتاییە. ئەو پرەنسیپی دژەیەکبوونی وەك هێزی بزوێنەری بوون دەناساند و لەو باوەڕەدا بوو کە سروشت و هێزەکان و ئەو دژە یەکبوونانەی کە تێیدایە ملکەچی ڕێکوپێکی و یاسایەکی هەتاهەتایین. ئەو دەیگوت کە جیهان کۆمەڵەیەکی سیستماتیکە لەشتەکان کە هێزی ڕەهای دادپەروەری فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکات. ئەوپەی بە پێویستی هۆکاریی لە دیاردەکاندا بردبوو[٥]. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لە ئەفسانەکان هەروەك گوترا لە ڕوخساری خودایانی ئۆرانۆس، گایا، ئۆرۆس و ئەوانیتر بە دوای بنەمای بووندا دەگەڕان[٦].

### هێراکلیتووس

هێراکلیتووس Herakleitos (٥٤٠-٤٨٠ب.ز) (هێراکلیت یا بە وتەی فەیلەسووفە ئیسلامییەکان هێرقلیتووس) یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی بەر لە سوکرات. ئەو لە ڕوویەکەوە درێژەپێدەری ڕێگای فەیلەسووفە سروشتییەکانە بەڵام لە ڕوویەکی دیکەوە لەوان جیادەبێتەوەو بەرەو ڕێگایەکی نوێ هەنگاو دەنێ کە پتر لەوەی بە فەیلەسووفێکی سروشتی بناسرێ بە هزرڤانێکی سیاسی لە قەڵەم دەدرێ. فەیلەسووفە سروشتییەکان پتر بایەخیان بە تۆژینەوەی پەتی دەدا لەمەڕ سروشت و ڕاستەوخۆ سەرنجیان نەدەدایە سەر پرسی ژیانی مرۆڤ.

بەلاّم هێراکلیتووس سەرنجێکی تایبەتی دایە سەر کاروباری ژیانی مرۆڤ[7]. جێی خۆیەتی کە سەرەتا ئاماژە بە دەستکەوتە نوێیەکانی هێراکلیتووس بکەین لە درێژەپێدانی ڕێگای فەیلەسووفە سروشتییەکان و پاشان بەم بابەتەوە خەریکبین کە هێراکلیتووس چ تیۆرییەکی دەربارەی ناسینی پرسەکانی ژیانی مرۆڤ خستۆتەڕوو. هێراکلیتووس دەربارەی ناکۆکی دژەکان چاکسازی لە بۆچوونەکانی ئاناکسیماندردا دەکات. ئاناکسیماندر ناکۆکی دژەکانی بە دەرەنجامی تێکچوون دەزانی. هێراکلیتووس چەمکی دژە یەکبوون لەگەڵ چەمکی یەکبوون گرێ دەدات و دەڵێ بوونی دژەکان و جەنگی نێوانیان نابێتە کۆسپ لەبەردەم یەکبووندا. هەر یەکەیەك لە ناوخۆیدا هەم کێشمەکێشی دژەکان، هەم گۆڕانکاری و هەم فرەیی تێدا بەدی دەکرێت. کەوابوو کێشمەکێشی دژەکان و گۆڕانکاری و فرەیی کۆسپ نین لەبەردەمی یەکبووندا. ئەو پێکادانی هێزە دژەیەکەکان بە ڕەوشێکی لەبار لە قەڵەمداو گوتی کە کێشمەکێش مەرجی سەرەکی بوونە. چونکە ژیان پشت بە کێشمەکێشی دژەیەکەکان دەبەستێ کەوابوو کێشمەکێش لە هەمان کاتیشدا داپەروەرییە[8].

*** گەڕانەوە بەرەو مرۆڤ**

یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی فەلسەفەی هێراکلیتووس بریتییە لە گەڕانەوە بەرەو مرۆڤ و کاروباری ئادەمیزاد. فەلسەفەی سروشتی کە سەردەمانێکی زۆر زەینی یۆنانییەکانی بەخۆیەوە خەریککردبوو تا ڕادەیەکی زۆر لە مرۆڤ دوورکەوتبووەوە. ئەم حەزە لە راستیدا خاڵی بەرامبەری هزری سەردەمی هۆمێری و هزری ئەفسانەیی و ئایینی بوو کە سەردەمێکی زووتر زەینی یۆنانییەکانی بەخۆیەوە خەریککردبوو. بەلاّم بەهەرحاڵ فەلسەفەی سروشتی لە ژیانی کۆمەلاّیەتی و مەعنەوی دوور کەوتبووەوە. بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە تیۆردارێژییە فەلسەفییەکاندا بواری ژیانی مەعنەوی بەتەواوی تێکەڵ بە تیۆری گشتی ئەم فەیلەسووفانە کرابوو.

هەرچەندە جۆری تێڕوانینی ئەم فەیلەسووفانە بۆ جیهان، لەوانەش پرەنسیپی یاسامەندبوونی کاروباری جیهان و پرەنسیپی گۆڕانی بەردەوام، واتاو ناوەرۆکێکی گرنگی سیاسی هەبوو، بەلاّم ئەوان لەبنەڕەتدا دەیانویست گەردوون وەك گشتێك لێك بدەنەوە. بەم جۆرە ئەوان بۆ گەڕان



بەدوای تێگەیشتنێکی راستینە لە جیهان لە راستیدا فەلسەفەیان لە جیهانی مرۆیی دوورخستبووەوە.

فەیلەسووفە سروشتییەکان کە بە پێشڕەوانی هێراکلیتووس لە قەڵەم دەدران ناسینێکی وایان لە گەردوون خستبووەڕوو کە بنچینەکەی دژە یەکبوونێکی هەتایی و بزاوتێکی هەمیشەیی بوو. بەلاّم ئەم پرسیارە هەرمابووەوە کە ئایا شوێنی مرۆڤ لەم بشێوییە گەردوونییە لە کوێدایە؟ هێراکلیتووس رووی کردە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنی مێژوویی، خەڵك ناسی و جوگرافیایی و تۆژینەوەی فەلسەفی بنیات نا. ئەو چەمکی (لۆگۆس)ی بەواتایەکی نوێ لە چوارچێوەی گشتی هزری خۆیدا بەکارهێنا کە ڕەگوریشەی لە ناو هزری دێرینی ئەفسانەیی و ئایینی یۆناندا بوو.

لۆگۆس لە راستیدا واتای یاسای زاڵ بەسەر بوونەوەرەکاندا دەبەخشێ. لە هزری یۆنانیش وەك هەموو هزرە دێرینەکانی بۆ بوونەوەران، لە ژیانی مرۆڤەوە بگرە هەتا گەردوون، یاسا و ڕێکوپێکییەکی گشتی و سەرانسەرییان لەبەرچاو دەگرت. لە هزری ئێرانی کۆندا ئەم یاسا گەردوونییە بە (ئەرتە) یا (ئەرشە) ناودەبرا. لۆگۆس لە هزری یۆنانی کۆندا وەك (ئەرتە)یە لە هزری ئیرانی کۆن و (مائت)ە لە هزری میسری کۆندا. فەیلەسووفە یۆنانییەکان سوودیان لەم چەمکە وەرگرت و بە واتایەکی نوێ بەکاریان هێنا بۆ دەربڕینی تیۆری خۆیان دەربارەی مرۆڤ و جیهان.

## لۆگۆسی هێراکلیتووس

لۆگۆس لە فەلسەفەی هێراکلیتووسدا یاسای گشتی و هەمەکی واتە جیهانی تاکانەیە کە بە ((یەکە))ش ناودەبرێت. یۆنانییەکانیش وەك میسرییەکان، شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و ئێرانییە کۆنەکان مۆدیلێك لە سیستەمی کۆمەلاّیەتی خۆیان دەدایە پاڵ هەموو بوون یا بوونەوەران. یۆنانییەکان کە ژیانی دەوڵەتشاریی بناغەی فەرهەنگەکەیانی پێك دەهێنا دەیانگوت هەروەکو چۆن شار یاسای هەیە لە گەردوونیشدا یاسایەك هەیە کە هەموو یاسا مرۆییەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن. هێراکلیتووس لەسەر شێوەی فەیلەسووفە سروشتییەکانی بەر لەخۆی دەڵێ ((شتە دژبەیەکەکان یەکدەگرن. لە شتە ناکۆکەکان جوانترین هاوئاهەنگی دروست دەبێت)). ئەمە یاسایەکە بەسەر هەموو گەردووندا فەرمان دەکات. سروشت پڕە لە شتە دژبەیەکەکان: ((رۆژ و شەو، هاوین و زستان، جەنگ و ئاشتی، ژیان و مەرگ بەردەوام بەدوای یەکتردا دێن.

دژەکان جێگای یەکتر دەگرنەوەو قەرەبووی یەکتر دەکەنەوە. هەموو پرۆسەی جیهان بریتییە لەم ناکۆکی و جێگۆڕکێیە. مەرگی یەکێکیان ژیانی ئەویتریانە)).[٩]

هێراکلیتووس بەپێی ئەم تێگەیشتنە ژیان بە ((زانست)) ناو دەبات و دەڵێ لە ڕێگای فەلسەفەوە دەتوانی ئەم زیرەکییە بەدەست بهێنی. هێراکلیتووس لەم جیهانە تاکانەیە جێگایەکی شیاوی بۆ مرۆڤ لە بەرچاو گرت و گوتی کە زەینی فەلسەفی مرۆڤ بە هۆی پێوەندی لەگەڵ ئەم هێزە چالاکە هەتاییە دەتوانێ لەم یاسایە تێبگات و یاسای ئەخلاقی خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. کەوابوو لۆگۆس پرەنسیپێکی سەرەکییە لە گۆڕەپانی جیهان و گۆڕەپانی زەین (نفس).

هێراکلیتووس ((یەکە)) وەك خودا و وەك زانا ناو دەبات. خودا عەقڵی جیهانە و یاسای گشتی لە هەموو شتێکدایە. عەقڵی مرۆڤیش بەشێکە لەم عەقڵە جیهانییە. عەقڵ دەربڕینێکە لە ((لۆگۆس)) یا یاسای گشتگیری زاڵ و بەرێکخەری هەموو شتێك دادەنرێت[١٠]. ئەندێشەی هێراکلیتووس لەمەڕ ((لۆگۆس)) وەك یاسای گشتی بوون، کە یاسای مرۆیی بە تیشکێکی دادەنرێت و عەقڵی ژیر دەتوانێ وەریبگرێت، بەگشتی لەناو بەشێك لە نەریتی هزریی رۆژئاواو نەریتی هزریی مرۆڤ شوێن پێیەکی پتەوی هەیە. دەستەیەك لە فەیلەسووفەکان کە بە فەیلەسووفە هەیوانییەکان (رەواقی) ناودەبرێن ئەم هزرەی هێراکلیتووسیان پەرە پێدا و لە تیۆری یاسای سروشتی و ((مافی سروشتی)) خۆیاندا بەکاریان هێنا و بۆ نەوەکانی داهاتوویان بەجێهێشت کە دواتر لەم بارەییەوە دەدوێین. بەڵام ئەگەر واز لەم تێڕوانینە شۆڕشگێڕانەیەی هێراکلیتووس بهێنین دەبینین ئەو لە هزری سیاسی خۆیدا، لەوێ کە بەڕاشکاویی ئاماژە بە شێوازی حکوومەتی ئیدیال دەکات، لایەنگری لە حکوومەتی ئاریستۆکراسی دەکات.

## ٤- سۆفیستاییەکان

### تێپەڕبوون لە رەوشتی ئاریستۆکراتییەوە بۆ رەوشتی دیموکراتی

سۆفیستاییەکان دەستەیەك لە مامۆستایان و پەروەردەکارانی شارەزا بوون کە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر ژیانی هزریی، پەروەردەیی و فەرهەنگی یۆناندا هەبووە. هەڵسەنگاندنی بەرهەم و پێگەی سۆفیستاییەکان بە هۆی ئەو دادوەرییە پێشوەختانەیەی کە دژیان هەیە کارێکی زۆر سانا نییە. ئێمە سۆفیستاییەکان لە دیدگای لایەنگرانەی ئەفلاتوونەوە دەناسین. بەڵام ئەو لێکۆڵینەوە وردانەی کە لەم دواییانەدا لەسەر هزرەکانیان ئەنجام دراون باس لە پێگەی گرنگی ئەوان دەکەن لەسەردەمانێکی مێژووی



فەرهەنگی و هزری یۆناندا. ئەوان رۆڵێکی مێژوویی گرنگیان هەبوو لە تێپەڕبوون لە هزری ئەفسانەییەوە بەرەو هزری عەقڵانی و لە بەها ئاریستۆکراتییەکانەوە بەرەو بەها دیموکراتییەکان. سۆفیستاییەکان ئەو بزاڤەیان هەنگاوێکی دیکە بەرەو پێشەوەبرد کە فەیلەسووفە سروشتییەکان دەستیانپێکرد بوو. هزر و پێوەندی سۆفیستاییەکان زۆر جیاواز و رەنگاورەنگ بوو و ناتوانین ئەوان بە گرێدراوی یەك قوتابخانەی هزریی بزانین. پیشەی مامۆستایەتی تەنیا لایەنی هاوبەشیان بوو. بەگشتی لە ماڵی پیاوە دەست رۆیشتووەکان (ئاریستۆکراتەکان و پیاوانی دەوڵەت) هونەری وتاردانیان فێری منداڵەکانیان دەکرد. لە دەوڵەتشارەکانی یۆنان هونەری وتاردان بۆ گەیشتن بە پلەوپایە سیاسییەکان بایەخی هەبوو. بەشێکی تر لە وانە و سەرگەرمی زەینی سۆفیستاییەکان بریتی بوون لە میتافیزیك، مەعریفەناسی و ئەدەبناسی. لەم بەشەدا، وێڕای کورتە باسێك، لەسەر هزری سیاسی و رەوشتی سۆفیستاییەکان، باس لە بیروبۆچوونی هەندێ لە کەسایەتییە ناسراوە سۆفیستاییەکانیش دەکەین.

### * رەوشتی ئاریستۆکراسی و ئامانجی دیموکراسی

ماوەیەك بەر لە پەرەسەندنی کاری سۆفیستاییەکان ناکۆکی لە نێوان پەروەردەی ئاریستۆکراسی و ئامانجی دیموکراسی دەستی پێکردبوو. سۆفیستاییەکان بەسەرنجدان بەم ناکۆکییە دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی پەروەردە کرد. هزری ئاریستۆکراسی کۆن هەڵسوکەوت و رەوشتی بەدەرەنجامی بۆماوە دەزانی نەك بەرهەمی فێرکردن. لەم هزرەدا رەچەڵەکی خودایی بە سەرچاوەی هێزی رەوشتی دەناسێندرێ. (ئاریستۆکراتەکان خۆیانیان بەرەچەڵەکێکی خودایی لە قەڵەم دەدا). ئاریستۆکراتەکان گومانیان لەوە هەبوو کە هەموو خەڵك شیاوی پەروەردەکردن بن. ئەوان فەزیلەتیان بەشتێك نەدەزانی کە بۆ فێربوون دەستبدات. سۆفیستاییەکان هەوڵیاندا لە نێوان سروشت و پەروەردە و هەروا لە نێوان پەروەردەی ئاریستۆکراتی و پەروەردەی عەقڵانیدا پێوەندییەك دروستبکەن و سەنتێزێك پێك بهێنن.

هەوڵی سۆفیستاییەکان بۆ فێرکردنی فەزیلەتی سیاسی رەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکی قووڵ بوو کە لە پێکهاتەی دەوڵەت لەو سەردەمەدا روویدا بوو. بنیاتنانی پەروەردە لەسەر عەقڵ بەشێك لەو جموجووڵە بوو کە بۆ سەقامگیرکردنی ژیانی ئەسینا و دەوڵەتشارە هاوچەشنەکانی لەسەر بنەمای عەقڵ دەستی پێکردبوو. سیستەمی دیموکراتی پێویستی بەریزبەندییەکی دیموکراتی بوو و سۆفیستاییەکان ئەم ئەرکە گرنگەیان لە ئەستۆ گرتبوو.

*** یاسای سروشت و یەکسانی**

لە دوو بەشی پێشوو باسمان لەم خاڵە کرد کە فەیلەسوفە سروشتییەکان و هێراکلیتووس چەمکی ((یاسای سروشتییان)) هێنایە ئاراوە و ئەویان لە جیاتی ویستی نادیاری خوداکان (لە ئەفسانەکاندا) دانا.

ئەفسانەکان راستەوخۆ بەرەو لای رەوشتی ئاریستۆکراتی دەیانشکاندەوە، بەڵام دوو لێکدانەوە بۆ یاسای سروشتی سەریهەڵدا، یەکێکیان لێکدانەوەیەکی ئاریستۆکراتی بوو و ئەویتر لێکدانەوەیەکی دیموکراتی بوو. لە لێکدانەوەی ئاریستۆکراتی جەخت لەسەر نایەکسانبوونی مرۆڤەکان دەکرایەوە. هزری سیاسی ئاریستۆکراتی جەختی لەسەر ئەم نایەکسانییە دەکردەوە. لەم راڤەکردنەی یاسای سروشتیدا، نایەکسانی بە سیستەمێکی سروشتی و خودایی ناسێندرا بوو.

هەندێك لە سۆفیستاییەکان بەرگرییان لە لێکدانەوەی ئاریستۆکراتی دەکرد بەڵام بەگشتی پشتگیرییان لە لێکدانەوەی دیموکراتیانەی یاسای سروشتی دەکرد. ئەفلاتوون لە نامیلکەی (گۆرگیاس)دا باس لە سۆفیستاییەك دەکات بەناوی کالیکس (ناوێکی خەیاڵییە نەك راستەقینە) کە ئەو دادپەروەرییەی کە بەلای زۆربەی سۆفیستاییەکانەوە مەبەستە بە ئەوپەڕی نادادپەروەری دەزانێ. ئەو دەڵێ ئەو شتەی کە دەوڵەتێکی یەکسانیخواز بە دادپەروەریی سروشتی لە قەڵەم دەدات بە هیچ جۆرێك دادپەروەریی سروشتی نییە بەڵکو دادپەروەرییەکی یاساییە واتە دادپەروەرییەکی دەستکردە. یاسای سروشتی و دادپەروەریی سروشتی رێك دژ بە نایەکسانییە. دادپەروەریی یاسایی و دادپەروەریی مرۆیی گرێبەستێکە و بۆ ئەوەیە کە دەست و پێی بەهێزترەکان ببەستێتەوە. ئەو ئەمە بەپێچەوانەی سروشت و بە نادروست دەزانێ. پاشان نیچە فەیلەسووفی ئەڵمانی ئەم شێوە هزرەی پەرەپێدا و لەم هزرە تەلارێکی مەزنی بنیات نا.

*** پرۆتاگوراس: بەرگریکردن لە دادپەروەریی بە واتای یەکسانی**

یەکێکی دیکە لە سۆفیستاییەکان بەناوی پرۆتاگوراس/ Protagoras (٤٨٠-٤١١ ب.ز) تێگەیشتنێکی یەکسانخوازانەی لە یاسای سروشتی هەیە. ئەو لە چیرۆکی سەرهەڵدانی فەرهەنگ کە لەروویەکیشەوە چیرۆکی سەرهەڵدانی کۆمەڵگا و دەوڵەتە دەڵێ کە شارستانییەت بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم سەرهەڵدانی تەکنیك و تەکنەلۆژیایە. پرۆمەتەئۆس (یا پرۆمتە) تەکنەلۆژیای لەگەڵ ئاگردا دایە دەستی مرۆڤ. بەڵام چونکە مرۆڤ بە کەڵك وەرگرتن لە تەکنیکەکان بەردەوام لە حاڵەتی شەڕ و پێکاداندا بوون و مەترسی لەناوچوونیان لێدەکرا هەربۆیە زیۆس (خودای مەزن) هەستی دادپەروەری بەدیاری بە مرۆڤ بەخشی تابتوانن شار و فەرهەنگ



دابمەزرێنن. زانستی تەکنیکی تەنیا تایبەتە بە شارەزایان بەڵام هەستی دادپەروەری، هزری یاسا و پێویستی رێکوپێکی بە هەمووان بەخشراوە.

سۆفیستاییەکان قورسایی ئەرکی پەروەردەیی خۆیان خستبووە سەر ئەم مەبەستە واتە گرێدانی شارستانیەتی تەکنیکی لەگەڵ پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی. جیاوازی دانان لە نێوان زانست، پسپۆڕی، توانایی تەکنیکی و فەرهەنگی راستەقینە بنەمای ئەو هزرەیە کە بەرەو دیدگای هیۆمانیزم (مرۆڤ — تەوەری) هەنگاو دەنێ. پرۆتاگوراس وتەیەکی بەناوبانگی لێ بەجێماوە کە دەڵێ ((مرۆڤ تەرازووی هەموو شتێکە)). پاشان ئەفلاتوون ئەم وتەیەی بەم جۆرە گۆڕی: ((خودا تەرازووی هەموو شتێکە)). هەروەك لە داهاتوودا دەڵێین بۆچوونی ئەفلاتوون لە پێوەندی لەگەڵ ئایین و هزری مەسیحییەت لە سەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاست بەسەر نەریت و ئەندێشەدا زاڵ بوو.

*** پەروەردەکردنی هوشیارانە**

هەروەك ئاماژەی پێکرا تێڕوانینی ئاریستۆکراتی فەزیلەت بە شتێکی سروشتی و رەچەڵەکیانە لە قەڵەم دەدات. پرۆتاگوراس بە راگەیاندنی ئەوەیکە هەموو بەها کلاسیکییەکان نرخێکی رێژەییان هەیە دژایەتی خۆی بۆ ئەم شێوە بیرکردنەوەیە راگەیاند. ئەم بۆچوونەی پرۆتاگوراس لەگەڵ ئەو چەرخەدا هاوکات بوو کە هزری پەروەردەکردنی هوشیارانە هاتبووە ئاراوە. ئەم چەرخە لە هەمان کاتدا بەرەو جیاکردنەوەی فەرهەنگ لە ئایین هەنگاوی دەنا. لەمەوبەر فەرهەنگ بەتەواوی لەناو دڵ و دەروونی ئاییندا بوو. ئەم وەرچەرخانەش فاکتەرێکی تربوو بۆ سەرهەڵدانی دیدگای مرۆڤگەرایی سۆفیستاییەکان.

*** هیپپیاس: پەرەپێدانی چەمکی یەکسانی**

هیپپیاس سۆفیستاییەکی ترە کە پتر لە جاران هزری یەکسانی و دادپەروەری پەرەپێدەدات. ئەو رەخنە لە یاسای ئەسینا دەگرێ لەبەرئەوەی کە یەکسانی رەچاوکراو لە دیموکراسی (بەو جۆرەی کە لە یۆنانی کۆندا هەبووە) یەکسانییەکی ناتەواوە چونکە یەکسانی تەنیا بۆ پیاوە ئازادەکانی دەوڵەتشار بەرەوا دەزانێ کە هەموویان لە یەك خێڵن. بەڕای هیپپیاس هەموو مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا خزمن و لەگەڵ یەکتردا یەکسانن.

ئانتیفۆن، سۆفیستاییەکی تری خەڵکی ئەسینا، دەڵێ: ((ئێمە هەموومان چ یۆنانی و چ بیانی، لە هەموو روویەکەوە، سروشتێکی یەکسانمان هەیە)).[11] هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان پێداویستی سروشتی یەکسانیان هەیە و لە رێگای یەکسانییەوە دەتوانن ئەم

پێداویستیانە دەستەبەر بکەن. لەم رووەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان یۆنانی و بیانیدا نییە. بەم واتایە دیموکراسی ئەسینا لەگەڵ یەکسانی و دادپەروەریدا نامۆ بوو. ئەم بنەمایە لە هزری سۆفیستاییەکان پاشان لە لایەن فەیلەسووفە هەیوانییەکان لە تیۆری ((دەوڵەتی جیهانی))دا پەرەی پێدراو گەشەی کرد.

### * جیاکردنەوەی یاسای مرۆیی لە یاسای سروشتی

سۆفیستاییەکان پرۆژەی جیاکردنەوەی یاسای مرۆییان لە یاسای خوداکان بەو جۆرەی کە لە ئەفسانەکاندا هاتبوو هەنگاوێکی تر بەرەو پێشەوە برد. هەروەك گوتمان فەیلەسووفە سروشتییەکان لە جیاتی روونکردنەوەی ژیان لەسەر بنەمای ئەفسانە روویان کردە شیکردنەوەی سروشتی و زانستی ژیان و لەم بارەیەوە گەلێك لێکۆڵینەوەیان ئەنجامداو هزری بەرزیان خستەروو. هێراکلیتووس هەنگاوێکی تری کارەکەیانی بەرەو پێشەوە برد بە جۆرێك کە یاسای سروشتی بەسەر یاسای ژیانی مرۆییدا چەسپاند. ئەو چەمکی لۆگۆسی هەم بۆ یاسای زاڵ بەسەر جیهانی گەردوون و هەم بۆ یاسای مرۆیی بەکارهێنا. بەم جۆرە تێڕوانینێك سەری هەڵدا کە تێیدا دەگوترا یاسایەکی سروشتی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان، چ سروشتی و چ مرۆییدا زاڵە. هێراکلیت ئەم یاسایەی بە پرەنسیپی ناکۆکی و یەکبوونی دژەکان (لە بری ویستی رەنگاڵەیی خودایان لە ئەفسانە) لە قەڵەمدا. ئێستا نۆرەی سۆفیستاییەکان بوو کە هەنگاوێکی تر مەعریفە بەرەو پێشەوە ببەن. بۆ هاویشتنی ئەم هەنگاوە دەبوا یاسای مرۆییش لە یاسای سروشتی جیابکرێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە چ قازانجێکی هەبوو؟ قازانجەکەی ئەوەبوو کە دەکرا بە شێوەیەکی زانستی تر تۆژینەوە لەسەر یاساکانی زاڵ بەسەر وەرچەرخانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ئەنجام بدرێت. لە راستیشدا یاساکانی زاڵ بەسەر ژیانی مرۆڤ لە یاساکانی زاڵ بەسەر سروشتدا جیاوازن. بەڵام ئەم کارە بە چ شێوەیەك ئەنجامدرا؟ بەم جۆرە کە سۆفیستاییەکان بەرگرییان لەم بۆچوونە کرد کە یاسا لە کۆمەڵگای مرۆییدا شتێکی رێژەییە. یاسا بەپێی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان جیاوازە. یاسایەك دەتوانێ بۆ کۆمەڵگایەك سوود بەخش بێت بەبێ ئەوەی لە یاسایەکی تر دروستتربێت. ئەوان بەراگەیاندنی ئەوەی کە یاسا و سیستەمی فەرمانڕەوایی شتێکی ((گرێبەست))ە، یاسای مرۆیی یا ((نۆمۆس)) یان لە بەرامبەر خواست و فەرمانی خوداوەندی و پێویستی سروشتی دانا. بەم جۆرە سۆفیستاییەکان لەبەرامبەر فاکتەرە سروشتییەکان و فەرمانە میتافیزیکییەکان پشتیان بە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەست. ئەوان بۆ یەکەمجار پێیان لەسەر ئەم باوەڕە داگرت کە مرۆڤ یاساکان بەسەر یەکتردا دەسەپێنن. ئەم یاسایانە لە پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا، بۆ وێنە پێوەندی دەسەڵات، دەردەچێت. هەندێکی تر لە سۆفیستاییەکان بەڕاشکاوی



گوتیان کە باڵا دەستەکان یاساکان بەسەر بندەستەکاندا دەسەپێنن. هەروا بەم جۆرە یاساکان دەتوانن دەرەنجامی هەوڵی بندەستەکان بن بۆ سنووردارکردنی دەسەڵاتداران. ماوەیەکی خایاند تا ئەم بۆچوونەی سۆفیستاییەکان لە لایەن هزرڤانانی چەرخی نوێوە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە پەرەی پێ بدرێت و بە بەڵگە پشت ئەستوور بکرێت. لەم بارەیەوە لە بەرگەکانی داهاتوودا روونکردنەوەی تازەتر دەخەینەڕوو.

### پەراوێزەکانی پاژی یەکەم


١- کائوتانو موسکا، تاریخ عقاید و مکتبهای سیاسی، ترجمە حسین شهید زادە، تهران، مروارید، چاپ سوم، ١٣٧٧، ص٣٩.
٢- ورنریگر، پایدیا، ترجمە محمد حسن **لطفی**، تهران ، خوارزمی، ١٣٧٦، ص١٧٨.
٣- **محمد ضمیران، گذراز** جهان **اسطورە** بە فلسفە، تهران، هرمس، ١٣٧٩، ص٤١.
٤- ورنریگر، پیشین، ص١٥٣.
٥- همان، ص٢٣٥.
٦- کاپلستون، ج١، ص٥١.
٧- پیشین، ص٢١٣.
٨- همان، ص٥١٢.
٩- همان، ص٢٥٩.
١٠-**محمد ضمیران**، پیشین، ص٥١.
١١-ورنریگر، پیشین، ص٤٣٥.

# پاژی دووەم

## سوکرات

### گەڕان بە دوای بنەماکانی سیستەمی ئەخلاقی لە ڕۆحی مرۆییدا

سوکرات (٣٩٩- ٤٦٩ پ.ز) بە گەورەترین فەیلەسووفی سەدەی چوارەمی بەر لە زایین لە یۆنان دادەنرێت. کەسایەتی سوکرات بەگشتی بە هۆی نووسینەکانی ئەفلاتوون و بە مشتومڕی لەگەڵ سۆفیستاییەکاندا دەناسرێتەوە. ئەفلاتوون هەندێك لە نامیلکەکانی خۆی بۆ مشتومڕی سوکرات لەگەڵ سۆفیستاییەکان تەرخانکردووە. ئەو بەم جۆرە وێرای مشتومڕ لەگەڵ بۆچوونی سۆفیستاییەکان شێوازی تایبەتی سوکراتیشی لە هزری فەلسەفیدا خستۆتەڕوو. هیچ بەرهەمێکی سەربەخۆ لە سوکرات بەجێ نەماوە. ئەو مامۆستایەکی ئەخلاق بوو و هەر لە سیمای مامۆستایەکی ئەخلاقدا ڕۆڵی خۆی لە دەوڵەتشاری ئەسینا و لە مێژووی هزردا بەجێ گەیاندووەو گیانی خۆشی لەم پێناوەدا بەخت کردووە.

*** فەزیلەت وەك بنەڕەتی دەسەلاتی سیاسی**

سوکرات بە مشتومڕی لەگەڵ سۆفیستاییەکاندا دەناسرێتەوە. بەلاّم نابێ ئەم خاڵەش لە یاد بکەین کە سوکرات لە ڕوویەکەوە درێژەپێدەری هەمان ئەو هزرە بووە کە سۆفیستاییەکان لە گەشەپێدانی دیدگای فەیلەسووفە سروشتییەکاندا بنیاتیان ناوە. هەروەك لە بەشی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد سۆفیستاییەکان لە گرنگی پەروەردەکردنی هوشیارانە ئاگادار بوون. پرۆتاگوراس جەختی کردبووەوە لەسەر پێویستی فەزیلەتی سیاسی بۆ دۆلتشارێکی دیموکراتی. سۆفیستاییەکان بنەماکانی ئەخلاقی و سیاسی پەروەردەی ئاریستۆکراتییان لاواز کردبوو. بەلاّم چ شتێکیان کردە جێگرەوەی؟ جیاکردنەوەی یاسای دەوڵەت لە یاسای سروشتی بنەما تیۆرییەکانی یاسای دەوڵەتی لاواز کردبوو چ شتێك دەبێ ببێتە پاڵپشتێکی جێی متمانەی یاسا؟ بەر لە سۆفیستاییەکان بەپێی فەلسەفەی سروشتی، یاسای سروشتی بەپێگەی جێی متمانەی یاسای دەوڵەتی دادەنرا. بەرلەوەش ئەفسانە و ئایین پێگەی متمانەی یاسا بوون. لەسەدەی پێنجەم هەموو ئەم پێگانە کەوتنە بەر ڕەخنە و نکۆڵی لێکردن. بەم جۆرە بۆشاییەکی تیۆری بۆ



پاساوی ڕەوایی یاسا سەریهەڵدا. سوکرات بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە هاتە ناو مەیدان. سوکرات دەیویست لەناو ڕۆحی مرۆڤدا بە دوای بنەماکانی یاسادا بگەڕێت. سوکرات هەموو هەوڵی خۆی لەم پێناوەدا بەکارهێنا و ئەفلاتوونیش لەسەر ئەم ڕێبازەی ئەو بەردەوام بوو. سوکرات و ئەفلاتوون کە بە دوای ئامانجی فەزیلەتدا دەگەڕان لە جیاتی ڕەچەڵەك و سروشت ئەم ئامانجەیان لە فەلسەفە و پەروەردەکردندا دۆزییەوە. هەوڵەکانی ئەوان لە ڕاستیدا تەواوکەری پڕۆژەی ناتەواوی سۆفیستاییەکان بوو دەربارەی فەزیلەتی سیاسی و پێگەی فەزیلەت. (هەرچەندە لە مشتومڕە فەلسەفییەکاندا ئەم دووانە بەرامبەر بە یەکتر رادەوەستان).

سوکرات و ئەفلاتوون بە پێچەوانەی سۆفیستاییەکان یەکسەر نەریتیان ڕەت نەدەکردەوە بەڵکو دەیانویست لەسەر بنەمایەکی نوێ بنیاتی بنێن. سوکرات بە دروستکردنی فەلسەفەیەکی بنیاتنراو لەسەر عەقڵ و بە شێوازێکی ئاڵۆزی دیالکتیکی (جدل) و بەڵگەهێنانەوە ئەرکی پاساو هێنانەوەی عەقلانّی بۆ هەندێ لە فەزیلەتە سیاسییەکان گرتە ئەستۆ کە ڕەگوریشەیان لەناو نەریتی یۆناندا بوو. بەم جۆرە کارەکەی سوکرات هەم نوێیە و لە هەمان کاتیشدا هەندێ ڕەهەندی کلاسیکی هەیە.

*** زانست و پسپۆڕیی وەك بنەمای فەزیلەت**

سوکرات فەزیلەتی سیاسی وەك لقێکی زانست لە قەڵەمداوەو لەو باوەڕەدا بووە کە دەبێ پسپۆڕیی بکرێتە سەرچاوەی ویستی سیاسی کۆمەڵگا. سوکرات ئەم پرسیارە دەکات کاتێك کە پینەدۆزێك و دارتاشێك لە پیشەکەی خۆیاندا پێویستیان بە پسپۆڕیی هەیە چۆن دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە حکوومەت وەك دژوارترین پیشە کە پێویستی بە بەرزترین ئاستی پسپۆڕیی هەیە بە خەڵکی ئاسایی بسپێردرێت.

ئەم دیدگایەی سوکرات لەبەرامبەر ڕێباز و تیۆری حکوومەتی دیموکراسیدا رادەوەستێ. ئەم دیدگایە لە تیۆری حکوومەتی ئاریستۆکراسییەوە نزیکە.

ئاریستۆکراتەکانیش مافی خۆیانیان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بۆ ئەم فەزیلەتە تایبەتییەی خۆیان دەگەڕاندەوە. ئەوان ئەم فەزیلەتەیان بۆ سروشت و ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕاندەوە. سوکراتیش فەزیلەتی بە بنەمای حکوومەت داناوە بەلاّم فەزیلەتی بە فەلسەفە پشت ئەستوور دەکرد نەك بە ڕەچەڵەك. هەڵبەت ئەم ڕاستییە کە ئەو فەزیلەتەی کە سوکرات مەبەستی بووە، پتر لە هەموو شتێك پێویستی بە پەروەردەکردن و بەدەستهێنانی مەعریفە هەبووە، کە لەو سەردەمەدا تەنیا بۆ ئاریستۆکراتەکان دەستەبەر دەبوو.

لەو سەردەمەدا دەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر یاسا بە ((فەزیلەتی مەدەنی)) پشت ئەستوور بوو و فەزیلەتی مەدەنی بریتیبوو لە ملکەچبوونی ئازادانەی هەموو هاووڵاتیان بۆ یاساکانی شار بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەچەڵەك و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی. لەم واتایەی فەزیلەتدا رێکوپێکی و رێزگرتن لە یاسا لە زانستی بەڕێوەبردنی سیاسی کۆمەڵگا گرنگتربوو.

*** تێکچوونی سوکرات لەگەڵ دەوڵەت**

دەزانین کە دیموکراسی ئەسینا نێوانی لەگەڵ سوکراتدا تێکچوو و بڕیاری مەرگی بەسەردا سەپاند. تێکچوونی سوکرات لەگەڵ دەوڵەتی سەردەمی خۆیاندا بەڕێکەوت بوو و دەرەنجامی خراپ لێك گەیشتنە بوو. هۆیەکەشی بۆ ئەمە ناگەڕێتەوە کە سوکرات نەیتوانی بە باشی بەرگری لەخۆی بکات یا دادگا نەیتوانی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادوەریی بکات. پێکدادانی سوکرات لەگەڵ دەوڵەتی بنیاتنراو لە سەربنەماکانی دیموکراسی، بەو خەسڵەتانەی کە باسمان لێوە کرد، شتێکی چاوەڕوان کراو بوو. لەو کاتەوە کە فەلسەفە وازی لە تۆژینەوەی سروشت هێنابوو و رووی کردبووە کاروباری مرۆیی واتە پرسە سیاسییەکان و گەڵاڵە کردنی فەزیلەتی سیاسی، پێکدادانی لەگەڵ دەوڵەتدا شتێکی چاوەڕوان کراو بوو کە ئامادە نەبوو هیچ پێوەرێك بەدەر لە خۆی پەسند بکات. چارەنووسی مێژوویی فەلسەفەی سیاسی هەر لە سەردەمی سوکراتەوە هەتا سەردەمی ئێمە بەم جۆرە هاتووە. ئەم خاڵەش دەبێ زیاد بکەین کە دیموکراسی ئەسینا رووی لە داڕمان کردبوو و بۆچوونی سوکرات لەسەر بەنادروست زانینی حکوومەتی زۆرینە بەو هۆیەوە بوو کە پێوەندی بەڕەوشی دیموکراسی ئەسیناوە بوو. بەهەرحاڵ بۆچوونەکەی سوکرات دەبووە هۆی ئەوە کە لاوانی ئارەزوومەند لە ئۆلیگارشی لە دەوری کۆببنەوەو ئەمەش دەبووە هۆی تووڕەیی ئەسیناییەکان کە لەگەڵ پیلان گێڕی ئاریستۆکراتەکان و دەوڵەمەندەکاندا بەرەو رووبوون. بە لەبەر چاوگرتنی ئەم رەوشە دادگاییکردن و تاوانبارکردنی سوکرات شتێکی چاوەڕوان کراو بوو.

## پاژی سێیەم

# ئەفلاتوون
# یەکێتی دەوڵەت و پەروەردە

### ١- درێژەپێدانی کاری سوکرات

#### ئاماژەیەك بۆ ژیاننامەی ئەفلاتوون

ئەفلاتوون (٣٤٧ — ٤٢٦ ب.ز) بە یەکێك لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی سەرانسەری مێژوو دادەنرێت. لە بنەماڵەیەکی ئاریستۆکراتی ئەسینا لە دایکبووە. خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە بچێتە ناو سیاسەتەوە کە بە لە سێدارەدانی سوکراتی مامۆستای وازی لەم کارە هێنا. پاشان بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆی قوتابخانەیەکی دامەزراند کە بە ئاکادیمی بەناوبانگە و هەموو تەمەنی خۆی بۆ وانەگوتنەوەو تۆژینەوە لەم قوتابخانەیەدا تەرخانکرد. ئەفلاتوون گەلێك بەرهەم و نووسراوی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە کە لە درێژەی باسکردن لە تیۆرییەکانی باسیان لێوە دەکەین.

#### * زەمینەی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ئەفلاتوون

ئەفلاتوون لەسەردەمێکدا دەژیا کە ئەسینای ناوەندی رۆشنبیری یۆنان لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و هزرییەوە تووشی توندترین قەیرانەکان هاتبوو. فەلسەفەی ئەفلاتوون لە راستیدا بۆ ئەوە هاتە ئاراوە وەڵامی ئەم قەیرانانە بداتەوەو رێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە. شکست خواردنی ئەسینا لە ئیسپارت، لە سێدارەدانی سوکرات، دارمانی دیموکراسی، هەرەس هێنانی ئەخلاقی و پەرەسەندنی تاکگەرایی بەنیشانەکانی ئەم قەیرانە دادەنرێت. فەلسەفەی ئەفلاتوون لە هەمان کاتدا درێژەپێدەری ئەو پرۆژەیە بوو کە سوکرات دەستی پێکردبوو. ئەم پرۆژەیە بریتی بوو لە گرێدانی مەعریفە و دەسەڵات لە یەکتر، واتە جێگیرکردنی حکوومەت لە دەستی کەسانێك کە خاوەنی بەرزترین فەزیلەت و مەعریفەی سیاسیین و دەتوانن کۆمەڵگا بەرەو رێگای بەختەوەری رێنوێنی بکەن.



دیموکراسی ئەسینا بە هۆی رۆڵی جەماوەر تووشی بشێوی و پاشاگەردانی هاتبوو. کەشوهەوای ئەسینا لە کۆتایی سەدەی پێنجەم کەشوهەوایەکی رۆشنبیرانە بوو و لە هەموو لایەکەوە هێرش دەکرایە سەر نەریت.

ململانێ لەسەر دەسەڵات لەم دەوڵەتشارە زۆر بەتوندی لە ئارادا بوو. ناکۆکی لە نێوان گرووپەکان و ناکۆکی ئایدۆلۆژیایی بەتوندی پەرەی سەندبوو. ئەفلاتوون هۆکاری شکست هێنانی ئەسینای بۆ دیموکراسی و هۆکاری سەرکەوتنی ئیسپارتی بۆ پەروەردەو سیستەمی ئاریستۆکراسی دەگەڕاندەوە، و هەموو ئەمانەش بوونە سەرچاوەو زەمینەی سەرهەڵدانی تیۆرییەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ. چارەنووسی تاڵی سوکرات ئەم هزرەی خستە ناو مێشکی ئەفلاتوونەوە کە دەوڵەت دەبێ بەجۆرێك چاکسازی تێدا بکرێت کە مرۆڤە رەسەنەکان توانای ئەوەیان هەبێ تێیدا بژین.

#### * نەخشەی گشتی تیۆری ئەفلاتوون

هەموو نووسراوە بێ ئەژمارەکانی ئەفلاتوون و سەرجەم تیۆرییەکەی ئەو خاوەن گەلاڵەیەکی رێکوپێکن. ئەفلاتوون سەرەتا لە نامیلکە بچووکەکان و دیالۆگەکاندا باس لە پەروەردە دەکات و ئەم باسانە پاش رەوتێکی دوورودرێژ دەبنە هۆی گەلاڵەکردنی تیۆری دەوڵەتی تەواو لە کتێبی گەورەی کۆماردا. ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا بە شێوەیەکی تێروتەسەل باس لە چاکترین شێوازی رێکخستنی دەوڵەت دەکات. هەروا لە کتێبی یاسادا دەوڵەتە ناتەواوەکان بەپێی ئەو مەودایەی کە لەگەڵ دەوڵەتە تەواوەکاندا هەیانە شی دەکاتەوە. بەم شێوە دەتوانین تەوەری بەرەو پێش چوونی باسەکەی ئەفلاتوون بەم جۆرە بخەینەڕوو:

تیۆرییەکان: تیۆری پەروەردە ------> تیۆری دەوڵەتی تەواو ------> دەوڵەتە ناتەواوەکان

نووسراوەکان: نامیلکەکان -------> کتێبی کۆمار ------------> کتێبی یاسا

دەبێ نووسراوەکانی ئەفلاتوون وەك شتێکی یەکگرتوو لەبەرچاو بگرین کە خاوەن گەلاڵەیەکی تا ڕادەیەك رێکوپێکن. ئەفلاتوون سەرەتا هەوڵ دەدات لە زنجیرە گفتوگۆیەکدا کە بەدیالۆگە سوکراتییەکان بەناوبانگە و سوکرات بە کەسایەتی سەرەکی دیالۆگەکان دادەنرێ هەنگاو بە هەنگاو بەناو قوولایی پانتایی فەلسەفە و دژواری و ئالۆزییەکانیدا رێگا ببڕێت و خوێنەر لەگەڵ شێوازی بەدەست هێنانی راستیدا ئاشنا بکات.

لە ئاپۆلۆژیدا دەردەکەوێ کە چالاکی پەروەردەیی سوکرات (ئەو کارەی کە سوکرات هەموو تەمەن و ژیانی خۆی بۆ تەرخانکرد) لەگەڵ ناوەرۆکی دەوڵەت لە پێوەندی راستەوخۆدایە. لە زنجیرەیەك لە دیالۆگە بچووکترەکاندا باس لەسەر شێوازەکانی گەیشتن بە ناسینی ناوەرۆکی

فەزیلەت دێتە ئاراوەو دەردەکەوێ کە هەموو ئەم ڕێگایانە دەگەنە یەك ئەنجام کە فەزیلەتە جۆراوجۆرەکانی وەك ئازایەتی، دادپەروەری، دان بەخۆداگرتن و ئایینداری بەشەکانی یەك فەزیلەتن و ئەم فەزیلەتەش پێوەری مەعریفە یا زانستە. لە قۆناغی دواتردا ئەفلاتوون هەوڵ دەدات وەها پیشان بدات کە مەعریفە یا زانست دەبێ ببێتە بناغەی هەموو جۆرە پەروەردەیەك. لە دیالۆگەکەدا گۆرگیاس لەچوارچێوەی مشتومڕی سوکرات لەگەڵ سۆفیستاییەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە سۆفیستاییەکان هەرچەندە گرنگییەکی زۆر بەکارەکەی خۆیان دەدەن وەك فێرکردنی زانستەکان بەڵام ئامادەنین بگەنە ئەم ئەنجامە کە پەروەردەی ئەخلاقی و سیاسی هاووڵاتیان لە دەوڵەتشاردا دەبێ لەسەربنەمای زانست بێت.

لە نامیلکەیەکی دیکەدا بەناوی پرۆتاگوراس، ئەفلاتوون دەگاتە ئەم ئەنجامە کە هەموو فەزیلەتە مرۆییەکان لەناوەڕۆکدا یەك شتن و ئەویش ناسینی «چاکە» یا شتی باشە. ئەفلاتوون نامیلکەیا دیالۆگێکی تری هەیە بەناوی «گۆرگیاس». لەم نامیلکەیەشدا کە سوکرات هەر بە کەسایەتی سەرەکی دادەنرێت باس لە پەروەردە دەکرێت وەك گەشەکردنی ڕێبازی مرۆڤ بەپێی سروشتی خۆی. فەزیلەت لە یەك جەستەدا دەرەنجامی ڕێکوپێکی تەواوە. هەر بوونەوەرێك کاتێك بەچاك لە قەڵەم دەدرێت کە ڕێکوپێکی تایبەت بەخۆی تێیدا بێتەدی. لە دیالۆگی منۆن پرسیارەکە دەربارەی خودی زانست یا مەعریفەیە. ناسینی «چاکە» چۆن بەدەستدێت. ئەفلاتوون لە زمانی سوکراتەوە دەگاتە ئەو دەرەنجامە کە فەزیلەت لە ناخی خۆیدا هەمان «ئایدیا»یە.

مرۆڤ بە ڕۆحێکی خاوەن مەعریفەوە لەدایکدەبێت. ئەو شتەی کە لە جیهانی دەرەوە یا لە جیهانی ئەزموونی لەگەڵیدا بەرەو ڕوو دەبین هەنگاو بەهەنگاو ئێمە بەرەو خودئاگایی دەبات. بە وتەیەکی تر مەعریفە لە ڕاستیدا بە بیرهێنانەوەیە و ئەزموونە هەستییەکان ئامرازی ئەم بە بیر هێنانەوەین. لە دیالۆگی میوانی، ئەڤین بە سەرچاوەی هەموو هەوڵە ڕۆحییەکانی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەڕاستی دادەنرێت. ئەڤین (ئۆرۆس) تاسەی گەیشتنە بە چاکە و لووتکە.

لە کۆمار کە بە بەرهەمی سەرەکی ئەفلاتوون دادەنرێت هەموو ئەم بەشانە دەگەنەوەیەك. لێرەدا پەروەردە و دەوڵەت دەگەنەوەیەك و دەردەکەوێ کە پەروەردە هەمان ناوەڕۆکی بەرزی دەوڵەتە. دەوڵەت بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحە. لە کۆماردا دەوڵەتی تەواو کە تێیدا ئەم مەبەستە بەدیدێت بە تەواوی شیکراوەتەوە، و سەرئەنجام لە یاسادا دەوڵەتە ناتەواوەکان بەو مەودایەی کە لەگەڵ دەوڵەتە تەواوەکاندا هەیانە دەناسێندرێن.



### * دەوڵەت وەك ئۆرگانێکی پەروەردەیی

هەروەك ئاماژەی پێکرا بابەتی پەروەردە بە خاڵی دەستپێك و یەکەم بەشی دەزگای هزریی ئەفلاتوون دادەنرێت. یۆنانییە کۆنەکانیش لە ڕاستیدا وەك هەموو شارستانیەتە دێرینەکان دەوڵەتیان بە ئۆرگانێکی پەروەردەیی لە قەڵەم دەدا. دەوڵەت بە بەرپرسی بەختەوەری مادی و مەعنەوی کۆمەڵێك دەژمێردرا کە بە هۆی ژیانی هاوبەش لە دەوری یەکتردا کۆبووبونەوە. ئەم هزرە هێشتا لە هەندێ ئەندێشەدا بەدی دەکرێ کە تایبەتمەندییە کۆنەکانی خۆیان پاراستووە، بۆ نموونە لە ئەندێشەی سیاسی ئێرانی — ئیسلامی. ئەم جۆرە تێڕوانینە بەرامبەر بە دەوڵەت لە بەرامبەر تێڕوانینی نوێ یا مۆدێرن لە دەوڵەت ڕادەوەستێ کە دەوڵەت تەنیا بە دەزگایەك بۆ پاراستنی ئاسایش دەزانێ و پرسی بەختەوەری ئەندامانی کۆمەڵگا بەتایبەت ژیانی مەعنەوییان بەخودی تاکەکان دەسپێرێت. لەداهاتوودا پتر لەگەڵ لۆژێکی ئەم هزرە ئاشنا دەبین. بە هەر حاڵ فەرهەنگی دێرینی یۆنان لەم ڕووەوە لەگەڵ فەرهەنگەکانی دیکەدا جیاوازی نییە. لە ئەفسانە و ئایینی یۆنانیشدا بەها گرووپییەکان و ئەرکی گرووپ بۆ پاراستنی ئەم بەهایانە بە تەوەرە گرنگەکانی ژیان لە قەڵەم دراون. بەڵام بە هۆی ئەو وەرچەرخانە قووڵانەی کە یۆنان بەخۆیەوە بینی بەتایبەت بە هۆی سیستەمی دەوڵەتشاریی و بزاوتن بەرەو ژیانی دیموکراتیانە ئەم ڕەهەندە لە ژیانی فەرهەنگی یۆنانیش گۆڕانکاری بەردەوام و بەرچاوی تێدا بەدیهات. ئەو هزرە نوێیانەی کە بەگوێرەی ژیانی نوێ و گەشە کردووی دەوڵەتشار سەریان هەڵدا بوو و ئێمە لە پاژی پێشوو لەگەڵیاندا ئاشنا بووین بەتوندی بەهای ئەفسانە و تێگەیشتنە ئایینییەکانیان لەرزۆك کرد. دەوڵەتشاری ئەسینا بەتوێژی بەرفراوانی بازرگان و پیشەساز، بە ژیانی بازرگانی و دەریاوانی، بە پێشکەوتنی گەورە لە ڕێبازی دیموکراسی کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەخلاق و پەروەردەیان خستبووە ناو چوارچێوە تایبەتییەکانەوە، لەبەرامبەر ئیسپارتی ئاریستۆکراتیدا ڕادەوەستا کە تێیدا هەموو شتێك، لەوانەش پەروەردەو ئەخلاق، حکومی و بەکۆمەڵ بوون. کاتێك ئەسینا کە دەوڵەمەندتر و لە ڕواڵەتیشدا لە ئیسپارت بەهێزتر بوو بەرامبەر بەم دەوڵەتشارە تووشی شکست هات یەکەم شتێك کە لە زەینی خەڵك و بیرمەندانی یۆناندا چەکەرەی کرد ئەمە بوو کە هۆی بەهێزی ئیسپارت بۆ شێوازی پەروەردەکردنیان دەگەڕێتەوە.

هەروەك گوتمان هەندێك لەو لێکترازانە کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و هزرییانەی کە بەسەر ئەسینادا زاڵ ببوون، ئەم هزرەیان پەسند دەکرد. ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوە کە هزرڤانان پێداچوونەوە و تێڕامانی پتر بکەن دەربارەی پێوەندی نێوان پەروەردەی گشتی و ڕۆڵی دەوڵەت. تا دەهات ئەم هزرە بەهێزتر دەبوو کە دەبێ پەروەردەیەکی گشتی جێگای پەروەردەی تایبەتی و ناتەواوی ئەسینا بگرێتەوە. هەموو نووسراوەکان و هەموو هزرڤانانی سەدەی چوارەمی (بەر لە

زایین) یۆنان چاویان لە یەك هزر و ئامانجی هاوبەشە کە ئەویش پرسی پەروەردەیە. کەوابوو هزر بەدوای هەندێ بنەمای پەروەردەییدا دەگەڕێت کە بەهایەکی ڕەهای هەبێت. فەیلەسووفەکانی ئەم سەدەیە سوکرات و ئەفلاتوون هەموو هەوڵی خۆیان لەم بوارەدا خستەگەڕ.

*** فەلسەفەیەکی نوێ بۆ جیهانێکی نوێ**

بەڵام ئەوەی کە گوترا هەموو بابەتەکە نییە. بابەتێکی گرنگتری دیکە لە ئارادایە کە ڕەهەندێکی مێژوویی گرنگتریشی هەیە، بەجۆرێك کە دەتوانین بڵێین ڕەهەندێکی مێژوویی — جیهانییە. پرسەکە ئەمەیە بەو وەرچەرخانەی کە لە یۆنان و بەتایبەت لە دەوڵەتشاری ئەسینادا ڕوویدابوو لەوانەش ئەو قەیرانەی کە بەهای ئەفسانە و ئایینی تووشی کێشەکردبوو، دەبوایە پاڵپشتێکی نوێ بۆ ڕەهەندی هزریی و مەعنەوی سیستەمی ژیانی گرووپی واتە دەوڵەت دروستببێت. ئەم پاڵپشتە نوێیە دەبوایە لە چوارچێوەی هزرێکی نوێدا هەندێك لە بەها کلاسیکییەکان بژێنێتەوە کە پشتیوانی ژیانی گرووپی بوون. هەمووشتەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە دەزگایەکی هزریی نوێ کە بەگوێرەی ئالۆزیی ڕاستییە نوێیەکان، خاوەن کارایی پێویست بێت بۆ پاڵپشتی کردنی ژیانی گرووپی پێویست بوو.

لە یەك وتەدا: فەلسەفە پێویست بوو، فەلسەفەیەك بە شکۆمەندی فەلسەفەی ئەفلاتوون. فەلسەفەیەك کە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ ئەو جیهانە تازەیەی کە سەری هەڵدا بوو و بناغەیەك بێت بۆ ئەو جیهانەی کە دەبوو سەرهەڵبدات: جیهانی مەسیحییەت و سەدەکانی ناوەڕاست، جیهانێك کە لە هزرەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ تێراو بوو.

هەربەم هۆیە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ئەفلاتوون لە بنەڕەتدا سەرنجی دابووە سەر کێشەکانی کۆمەڵگای خۆی و سەردەمی خۆی بەڵام بە سەرنجدان بەو خاڵە وەرچەرخانەی کە مێژووی ڕۆژئاوا (و ڕەنگە بە وتەیەکی تر مێژووی جیهان) تێی کەوتبوو پرۆژەیەکی نوێی لە بوارەکانی فەلسەفە، تێفکرین، ڕەوشت، هزری سیاسی و گەلێك لە بوارەکانی دیکەی ژیانی مەعنەوی خستەڕوو.



## ۲- کتێبی کۆمار
## گرێدانی سیستەمی دەسەڵات لەگەڵ سیستەمی مەعریفە

### ناوەڕۆکی کتێبی کۆمار

کۆمار بەکتێبی سەرەکی ئەفلاتوون دادەنرێت. هەندێ جار (کۆمار) بە شێوەی (کۆماری)یش دەنووسن کە نابێ لەگەڵ زاراوەی کۆماری وەك شێوازێکی حکومەت تێکەڵی بکەین. کۆمار پتر باس لە چەمکی کۆمەڵگایەك دەکات کە لەسەر شێوازی دەوڵەت ڕێکخراوە. تیۆری بەناوبانگی «ئایدیا» و دەوڵەتی یۆتۆپیایی ئەفلاتوون لەم کتێبەدا باسی لێوەکراوە. نووسینەکانی سەردەمی لاوێتی ئەفلاتوون کە بەناوی نامیلکەکان یا «دیالۆگەکان» بەناوبانگن سەرەتایەکن بۆ ئەوەی پرسە بنەڕەتییەکان لەم کتێبانەدا بخرێنەڕوو.

ئەم پرسە بنەڕەتییە ئەوەیە کە چ دەوڵەتێك بە «دەوڵەتی چاك» لە قەڵەم دەدرێت؟ ئەفلاتوون هەر بە دوای بۆچوونەکەی سوکراتدا دەڕوات کە گوتبووی فەزیلەت ناسینی «چاکە» باشتی باشە. ئەگەر فەزیلەت وەك زانست و مەعریفەیە کەوابوو دەبێ بە هۆی پەروەردەوە کۆمەڵگایەك لەسەر ئەم بناغەیە بنیاتبنەین.

ئەفلاتوون ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن مەعریفەی ڕاستەقینە ناسینی «ئایدیاکانە»، چونکە جیهانی ئایدیا جیهانێکی نەگۆڕە. هەروەك چۆن فەیلەسووفە سروشتییەکان گوتبوویان جیهانی ئەزموونی و جیهانی دەرەوە بەردەوام لە گۆڕاندان و ئەو شتەی کە لە گۆڕاندا بێ جێی متمانە نییە. کەوابوو مەعریفەی ڕاستەقینە ناسینی «ڕاستینە نەگۆڕەکان» یا ئایدیاکانە. بە هەوڵ و کۆششی عەقڵی و فەلسەفی دەتوانین جیهانی ئایدیاکان بەدەستبهێنین. ئەوکەسەی کە بگاتە ئەم قۆناغە و مەعریفەی ڕاستەقینە بەدەستبهێنێ دەتوانێ باشترین کۆمەڵگا دروستبکات. لێرەدایە کە حکوومەتی فەیلەسووفشا وەك باشترین جۆری حکوومەت دێتە ئاراوە. بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون مرۆڤ دەتوانێ بەکەڵك وەرگرتن لە فەلسەفە ڕاستی و فەزیلەت بەدەستبهێنێ و ڕێکخستنی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان و ڕێکوپێك کردنی کاروباری شار بەجێبەجێ کردنی ڕاستی و فەزیلەت دێتەدی.

کەوابوو بەڕێوەبردنی دەوڵەت نە تەنیا کاری زۆرینەی خەڵك نییە بەڵکو کاری ئەو کەسانەیە کە لەم بارەیەوە خاوەن توانایی و پسپۆڕین. لە بەشێکی گرنگی کتێبی کۆماردا، ئەفلاتوون باس لە چۆنیەتی ڕێکوپێك کردنی دەوڵەتی یۆتۆپیایی خۆی و ئۆرگان و شێوازە پەروەردەییەکانی دەکات.

### * سەرچاوەی کۆمەڵگا و دەوڵەت

کتێبی کۆمار بەم پرسیارەوە دەستپێدەکات: دادپەروەری چییە؟ ئەم پرسیارە سەرەتای رێڕەوێکی دوورودرێژە لە تێفکرین و لێکۆڵینەوەی ئەفلاتوون کە سەر ئەنجام بەناسینی هاوتەریبی لە نێوان رەوشی کۆمەڵگا و رەوشی رۆحی مرۆیی و خوازراوبوونی دادپەروەری بەپێی دەربڕینی ئەفلاتوون کۆتایی پێ دێت. ئەفلاتوون دادپەروەری بە هاوسەنگی لە نێوان حاڵەتەکان و تایبەتمەندییەکانی رۆح دەزانێ کە بریتین لە عەقڵ، ویست و ئارەزوو بەلاّم تۆژینەوەکەی خۆی لە رۆحی مرۆڤەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە کۆمەڵگا و دەوڵەتەوە دەستپێدەکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەوڵەت و کۆمەڵگا شتێکی روون و ئاشکرایە و بە ئاسانی دەکرێ تۆژینەوەی لەسەر بکرێت. لەسەرەتای رێگادا ئەفلاتوون لەسەرزاری سوکرات (رەنگە ئەمە هزری خودی سوکراتیش بووبێت) بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ سۆفیستاییەکان ئەوە دەسەلمێنێ کە بە پێچەوانەی بۆچوونی سۆفیستاییەکان دەوڵەت دیاردەیەکی ((گرێبەست)) نییە و یاسا بە رەنگدانەوەی خواستی چینە دەسەلاّتدارەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم نادرێت. ئەفلاتوون بەم جۆرەی خوارەوە باس لەو قۆناغانە دەکات کە دەبنە هۆی دروستبوونی دەوڵەت: بنەماڵە بە ناوکی کۆمەڵگا دادەنرێت. لە کۆبوونەوەی ژمارەیەك بنەماڵە گوند دروستدەبێت. لە کۆبوونەوەی گوندەکان دەوڵەتشار دروستدەبێت. لە دەوڵەتشاردا چینەکان و ئەو دەزگایەی کە بە «دەوڵەتی سەرەتایی» دەناسرێ دروستدەبێت. کاتێك کە دابەشکردنی کار لە نێوان دەسەلاّتداران، پاسەوانان و بەرهەمهێنەراندا ئەنجامدرا ئینجا دەوڵەت لە دایك دەبێ.

### * سەرهەڵدانی دەوڵەت و دەوڵەتشار

ئەفلاتوون هەر لە پلە سەرەتاییەکانەوە هەتا قۆناغە بەرزەکان بەدواداچوونی کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرە مرۆییەکان دەکات. لە پلە نزمەکاندا حەوجە و پێداویستییەکانی ژیان مرۆڤەکان لە دەوری یەکتر کۆدەکاتەوە.

هیچ بوونەوەرێکی مرۆیی ناتوانێ بە تەنیا لەسەرپێی خۆی راوەستێ چونکە هەموویان پێداویستی جۆراوجۆریان هەیە. سەرەتاییترین پێداویستییەکان دەگەڕێنەوە بۆ جەستە و گیانی بەر، وەك خواردن، جلوبەرگ و پەناگە. ساکارترین کۆمەڵگا لەو کەسانە پێکهاتووە کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی کارو ئاڵوگۆڕی کارو بەرهەمەکانی خۆیان پێداویستییە ئابوورییەکانی خۆیان دەستەبەر دەکەن. تواناکان جۆراوجۆرن و هەرکەسێك بۆ کارێك ئامادەیی زیاتری هەیە. لە ئەنجامدا بەرهەمی کارو توانا جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکرێن. بەم جۆرە کۆمەڵگایەك دروستدەبێت کە جووتیاران، پیشەسازان، پیشەوەران و بازرگانان لەخۆدەگرێت.



بەلاّم ئایا مرۆڤەکان هەر بەمە رازیدەبن و کۆمەڵگا لێرەدا رادەوەستێ؟ نەخێر، چونکە زۆربەی مرۆڤەکان بەوەندە رازینابن. زێدەخوازی ئاستی خواستەکانی مرۆڤ بەرز دەکاتەوە و تێرکردنی ئەم خواستانە دەبێتە هۆی جەنگ و دەست بەسەراگرتن. لێرەدا چینێکی دیکە پێویستە، چینێك کە ئەرکی جەنگ و پاراستن بەڕێوەببات. لەگەڵ سوپا و پاراستندا، دەسەلاّتیش وەك ئامرازی کۆنترۆڵ لە کۆمەڵگادا لەدایکدەبێ. کەوابوو کۆمەڵگا پێویستی بە کەسانێك هەیە کە توانا و پسپۆڕییان لەگەڵ چینەکانی پێشوودا جیاواز بێت و ئەم چینەش پاسەوانەکانە. ئەمانەش بەپیشەی تایبەتی خۆیانەوە خەریکن. بەلاّم چ گەرەنتییەك هەیە کە ئەم کەسانە کەڵکی نابەجێ لە پیشەکەی خۆیان وەرناگرن؟ کەوابوو دەبێ پیاوێکی فەلسەفی کە رەنگدانەوەی عەقڵی کۆمەڵگایە هەموو ئەم کاروبارانە رێکوپێك بکات. بۆ دڵنیایی لە رەوتی دروستی کارەکان پاسەوانان و دەسەلاّتداران دەبێ لە ژن و منداڵ و داراییدا هاوبەش بن بۆ ئەوەی تەنیا بۆ کۆمەڵگا کاربکەن نەك بۆ خۆیان. چ هۆکارێك دەبێتە هۆی ئەوە کە یەکە بچووکترەکان بۆ یەکەی گەورەتر گەشە بکەن؟ ئەوشتەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم کۆمەلاّنە پێداویستی و تواناکانی مرۆڤە. ئەو کۆمەلاّنەی کە گەورەترن بۆ دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانیان و سوودوەرگرتن لە توانا جۆراوجۆرەکان ئیمکانیاتێکی باشتریان لەبەردەستدایە. بنەماڵەو گوند ناتوانن گەلێك لە پێداویستییەکانی خەڵك دابین بکەن کەوابوو دەبێ لەگەڵ یەکەی گەورەتردا تێکەڵ بن. ئەم یەکە گەورەترە دەوڵەتشارە. دەوڵەتشار ئەم توانایەی هەیە کە هەموو پێداویستییەکانی خەڵك دابین بکات و سوود لە هەموو بەهرەو تواناکان وەربگرێ. دەوڵەت وەك جەستەیەکی زیندوو وایە کە هەریەك لە ئەندامەکانی ئەرکی تایبەتی خۆیان ئەنجامدەدەن.

### * دابەشکردنی چینایەتی کۆمەڵگا (پۆلەکان)

کۆمەڵگا وەك جەستەیەك لە سێ ئەندامی سەرەکی پێکهاتووە: دەسەلاّتداران، پاسەوانان و بەرهەمهێنەران. ئەگەر هەریەك لەم سێ چینە (پۆل) ئەرکی خۆیان بە باشترین شێوە ئەنجام بدەن باشترین کۆمەڵگا دروستدەبێ. هەریەك لەم سێ پۆلە فەزیلەتی تایبەت بە خۆیان هەیە. واباشە کە هەریەکەیان بەپێی فەزیلەتی تایبەت بەخۆی بجوولێتەوە و ئەرکی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات. فەزیلەتی دەسەلاّتدار یا فەرمانڕەوا ژیرییە، فەزیلەتی تایبەتی پاسەوانان ئازایەتییە و فەزیلەتی تایبەتی بەرهەمهێنەران دان بەخۆداگرتنە. دادپەروەریش ئەوەیە کە هەریەك لەم سێ چینە لەجێی خۆیاندا بن.

*** سیستەمی کۆمەڵگا و سیستەمی رۆح**

لێرەدایە کە ئەفلاتوون دەگاتە رۆحی مرۆڤ. روون دەبێتەوە کە کۆمەڵگا هەمان رەنگدانەوەی رۆحی مرۆڤە و سیستەمی کۆمەڵگا لەگەڵ سیستەمی رۆحی مرۆڤ لە گفتوگۆدایە. رۆح لەسێ بەش پێکهاتووە: ژیریی، تووڕەیی و شەهوەت. هەروەکو چۆن لە رۆحی مرۆڤ بەشەکانی خوارەوە دەبێ ملکەچی بەشەکانی سەرەوەبن لەجەستەی دەوڵەتیشدا دەبێ ئەندامەکانی خوارەوە ملکەچی ئەندامەکانی سەرەوەبن. هاوکاری و یەکگرتنی ئەم بەشانە لە رۆحدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتییەکی هاوئاهەنگ لە مرۆڤدا. هەروەك چۆن تەندروستی گەورەترین بەهرەی جەستەیە دادپەروەریش گەورەترین بەهرەی رۆحە. ناهاوئاهەنگی لە بەشەکانی رۆحدا دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی کەسایەتی، هەروەك چۆن ناهاوئاهەنگی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی نەخۆشی کۆمەڵگا. دادپەروەری لە ناو رۆح و لە ناو کۆمەڵگا فاکتەری هاوئاهانگییە.

بەم جۆرە ئەفلاتوون کۆمەڵگا یا دەوڵەتی بە بوونەوەرێکی زیندوو لە قەڵەم دەدا کە هەریەك لە ئەندامانی بۆ کارێکی تایبەتی دروستکراون. لە کۆمەڵگادا دەسەڵاتداران هاوکاری خەڵکن نەك سەروەری خەڵك. خەڵکیش نان دەرهێنەری کۆمەڵگان نەك رەعیەتی دەسەڵاتداران.

*** بۆچی سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت سروشتییە نەك ئابووری؟**

ئەگەر کەسێك بابەتەکانی ئەفلاتوون لەو بەشەی کتێبی کۆماردا بخوێنێتەوە کە باس لەسەرهەڵدانی دەوڵەت دەکات و بەجیا لە بەشەکانی دیکە سەیری بکات وادەزانێ کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت بۆ پێداویستییە ئابووری و مادییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. بەلاّم هەروەك گوتمان ئەفلاتوون لە دەوڵەتی دەرەکییەوە پردێك بەرەو رۆحی مرۆڤ لێدەدات و دەردەکەوێ کە دەوڵەت رەنگدانەوەی رۆحە. ئەگەر ئەو وتەکانی خۆی لە دەوڵەتەوە دەستپێدەکات لەبەر ئەوە نییە کە ئەو پێی وایە دەوڵەت بەپێی سروشتەکەی لە پێشەوەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە پەیکەری دەوڵەت بە ئاسانی بەرچاو دەکەوێ. هەرچەندە سەرچاوەی دادپەروەری لەناو رۆحی مرۆڤدایە بەلاّم ئەو لە ناو کۆمەڵگا و دەوڵەتدا بەدوای دادپەروەری دەگەڕێ، ئینجا دەگاتە تۆژینەوەی دادپەروەری لە ناو رۆحدا. لە راستیدا ئەفلاتوون لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە دیاردەیەکی بینراوەوە دەستپێدەکات و پاشان دەگاتە هۆکارە نەبینراوەکان. بۆ ناسینی زیانەکانی پێوەندیدار بە رۆحیش هەر ئەم شێوازە دەگرێتە بەر. سەرەتا لەو زیانانەی کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە کە لە ئاستێکی گەورەتردا سەرهەڵدەدەن و پاشان دەگاتە زیانەکانی رۆح، بۆ نموونە لە پاتۆلۆژی تیمارشی (تیمۆکراسی) ئیسپارتەوە دەست پێدەکات و دەگاتە پاتۆلۆژی رۆحی مرۆڤەکانی کۆمەڵگای ئیسپارت. بەلاّم ئەم شێوازی لێکۆڵینەوەیە تەنیا بۆ تێگەیشتن و ئاسانکارییە. لە راستیدا زیان و ساخلەمی رۆحە کە لە زیان و ساخلەمی کۆمەڵگادا رەنگ دەداتەوە. کەوابوو



سەرهەڵدانی دەوڵەت و دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگا و دروستبوونی توێژە سەرەکییەکان هەموویان بەشتێکی سروشتی دادەنرێن و لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن کە رۆحیش بە بەشێکی دادەنرێت.

دەتوانین سیستەمی کۆمەڵگا و سیستەمی رۆح بەم جۆرەی خوارەوە دەستەبەندی بکەین:

| رۆح یا پێکهاتەی ناوخۆیی مرۆڤ | | دەوڵەت یا پێکهاتەی دەرەکی کۆمەڵگا | |
|---|---|---|---|
| بەشەکان | فەزیلەتەکان | چینەکان | فەزیلەتەکان |
| ژیری | عەقڵ | دەسەلاّتداران | مەعریفەی فەلسەفی |
| تووڕەیی | ویست | پاسەوانان | ئازایەتی |
| شەهوەت | ئارەزوو | بەرهەمهێنەران | دان بەخۆداگرتن |

*** دەوڵەتی تەواو (کۆمەڵگای یۆتۆپیایی)**

ساخلەمی رۆح بەوەوە بەستراوە کە بەشی باشتر بەسەر بەشەکانی نزمتردا فەرمانڕەوایی بکات. حکوومەتی رەهای ژیریی، واتە باشترین بەشی رۆح، بەحاڵەتی سروشتی رۆح دادەنرێت. نەخۆشی رۆح کاتێك سەرهەڵدەدات ئەو بەشانەی کە دەبێ فەرمانبەر بن حکوومەت بکەن. دەربارەی کۆمەڵگاش هەر بەم جۆرەیە. دەوڵەتی دروست یا دەوڵەتی تەواو دەوڵەتێکە کە فەیلەسووف واتە ئەو کەسەی کە زیاترین بەهرەی لە فەزیلەتی عەقڵ هەیە و پەروەردەیەکی تایبەتی بەدەست هێناوە، واتە کەسێك کە لە جیهانی هەست پێکراوە بگۆڕو بێ بەهاکانەوە گەیشتۆتە جیهانی هەستپێکراوە عەقڵییە نەگۆڕەکانەوە (ئایدیا) وەك بەرزترین راهێنەری کۆمەڵگا جڵەوی کاروباری کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرێ و دەوڵەت بکاتە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆیی. ئەفلاتوون سیستەمی رۆح و سیستەمی کۆمەڵگاش لەگەڵ سیستەمی گەردوونی گرێدەدات. ئەندێشەی گرێدانی کۆمەڵگای مرۆیی و گەردوون بەشێك بوو کە هەر لەدێرزەمانەوە، لە ئەفسانەوە بۆ فەلسەفەی سروشتی و لەوێشەوە بۆ تیۆری هێراکلیتووس رەگی داکوتا بوو. ئەفلاتوونیش بەش بەحاڵی خۆی لەسەر ئەم بەشە بەردەوام دەبێ و گەشەی پێدەدات. بە بۆچوونی ئەفلاتوون یاسایەکی چاکەی بەرز هەیە کە جیهانی مرۆڤەکان لەگەڵ گەردوون گرێدەدات. چاکە لە هەر بوونەوەرێکدا وەك لووتکەی تایبەتی ئەو بوونەوەرە هەیە. هەموو شتەکان لەگەڵ پێوەرێکی کۆتاییدا دەگونجێن کە هەمان ((چاکە))یە. حکوومەتی باشترین تاکەکانیش لەگەڵ ئەم یاسا گەردوونییەدا دەگونجێ.

*** دەوڵەتی تەواو (کۆمەڵگای یۆتۆپیایی) وەك مۆدیلێك**

ئایا ئەفلاتوون پێی لەسەر ئەم بۆچوونە داگرتووە کە دەبێ واز لە هەموو کارێك بهێنرێ و هەوڵ بۆ سەقامگیرکردنی دەوڵەتی یۆتۆپیایی بدرێ؟ ئایا لە راستیدا جێبەجێکردنی پرۆژەی دەوڵەتی تەواو و کۆمەڵگای یۆتۆپیایی بەمومکین زانیوە؟ گەلێك کەس بە هۆی ناوەڕۆکی یۆتۆپیایانەو نەرەخسانی هەل بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نرخ و بەهای تیۆرییەکەی ئەفلاتوون دەبەنە ژێر نیشانەی پرسیارەوە و گەورەترین فەیلەسووفی جیهان بە خەیاڵ پلاۆی تاوانبار دەکەن. هەندێکی دیکەش، کە ژمارەیان لەناو زانست پەروەراندا کەم نییە دەڵێن کە ئەفلاتوون لە سەردەمی لاوێتی و نێوان ساڵی خۆیدا پرۆژەی دەوڵەتی ئامانجگەرایانە و (یۆتۆپیا)ی خستۆتەڕوو و لە تەمەنی کامڵیدا بە دڵنیابوون لەوەی کە ئەم شتە نایەتەدی کتێبی یاسای نووسیوەو باسی لە دەوڵەتە واقیعییەکان کردووە. بەڵام ئەم دوو بۆچوونە هەردووکیان هەڵەن. یەکەم ئەوەیە کە ئەفلاتوون دەوڵەتی ئامانجگەرایانەی خۆی لە کتێبی کۆماردا خستۆتەڕوو و ئەوەشی زانیوە کە لەواقیعدا ئەمە شیاوی جێبەجێکردن نییە[1]. دووهەمیش ئەوەیە کە لە نێوان کتێبی کۆمار و کتێبی یاسادا پەیوەندییەکی تەواو لە ئارادایە و هیچ دابڕانێك لە ئەندێشەی ئەفلاتووندا بەدی ناکرێ.

ئەفلاتوون دەوڵەتە ئامانجگەراکەی خۆی وەك مۆدیلێك لە قەڵەم داوەو ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەمە لەواقیعدا بەدی نایەت.

ئەفلاتوون لە راستیدا ئەفسانەیەکی نوێی بنیات ناوەو ئەفسانەکانیش مۆدیل و سەرمەشقن بۆ ئەوەی کە ئێمە سوودیان لێوەربگرین و هەوڵبدەین پێوەرەکانی خۆمانیان لێ نزیك بکەینەوە نەك ئەوان بکەین بەواقیعێکی راستینە.



## ٣- جۆرەکانی سیستەمی سیاسی:
## دەوڵەتە ناتەواوەکان

### پێوەری دەستەبەندی

ئەفلاتوون پاش ئەوەی کە لە کتێبی کۆماردا دەوڵەتە تەواوەکەی خۆی وەك مۆدیل و سەرمەشق شێوازبەندی دەکات، لەکتێبی یاسادا بەدوای ئەو دەوڵەتانەی کە هەن، واتە دەوڵەتە واقیعییەکان دەڕوات. دەوڵەتی تەواو ناتوانێ لە یەك جۆر زیاتر بێت بەڵام دەوڵەتی ناتەواو گەلێك جۆری هەیە. بەڵام ئایا چۆن دەتوانین دەوڵەتە تەواو و ناتەواوەکان دەستەبەندی بکەین؟ ئەفلاتوون چۆن دەتوانێ دەوڵەتە ناتەواوەکان دەستەبەندی بکات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە بەپێی ئەو مەودایەی کە لەگەڵ دەوڵەتی تەواودا هەیانە، واتە بەپێی ناتەواوبوونیان. بەم پێیە ئەو دەوڵەتانەی کە پتر لە دەوڵەتی تەواوەوە نزیکن و ناتەواوییان کەمترە لە ئاستێکی بەرزتردا رادەوەستن. کەوابوو دەتوانین بەپێی بەهای رێژەیی ئەم دەوڵەتانە دەستەبەندی بکەین. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دادپەروەری رەها بەخاڵی دەستپێکی ئێمە دادەنرێ. دەوڵەتی یۆتۆپیا رەنگدانەوەی دادپەروەری رەهایە و هەروەك لەمەوپێش گوتمان دادپەروەری بریتییە لە هاوئاهەنگی شیاو لە نێوان بەشەکانی رۆح (ژیریی، تووڕەیی، شەهوەت) و چینەکان لە ناو کۆمەڵگادا (دەسەڵاتداران، پاسەوانان و بەرهەمهێنەران) بەجۆرێك ئەوانەی کە لەسەرووتردان (ژیریی و فەلسەفە) بەسەر ئەوانی خوارووتردا حکوومەت بکەن. ئەمە لە هەمان کاتدا بڕیاری ((سروشت))ی کاروبارەکانە. هەرشتێك کە بەگوێرەی سروشتی کاروبارەکان بێت ساخلەمە و پێچەوانەکەشی نەخۆشییە. کۆمەڵگا ناتەواوەکان بەپێی مەودایان لە (ا) دەوڵەتی تەواو، (ب) دادپەروەری، (ج) سروشتی کاروبارەکان بریتین لە: ١- ناتەواو، ٢- نادادپەروەر، ٣- نەخۆش. حکوومەتە ناتەواوەکان بەپێی ئەو مەودایەی کە لەگەڵ حکوومەتە تەواوەکاندا هەیانە بریتین لە: تیمۆکراسی، ئۆلیگارشی، دیموکراسی و ستەمگەری.

*** تیمۆکراسی – حکوومەتی شانازیخوازان**

تیمۆکراسی یاتیمارشی یا حکوومەتی شانازیخوازان کەمترین مەودای لەگەڵ دەوڵەتی یۆتۆپیا یا دەوڵەتی تەواودا هەیە. سیستەمی ئیسپارت بە مۆدیلی ئەم دەوڵەتە دادەنرێ کە لەمەوپێش بە کورتی باسمان لێوەکرد. ئەفلاتوون دەڵێ لە رۆحی ئیسپارتیدا سێ توخمی زێڕ، مس و ئاسن لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاون. توخمی زێڕ بەرەو فەزیلەت و توخمی مس بەرەو موڵکداری و کۆکردنەوەی پارە پاڵیان پێوەدەنێ. ئەفلاتوون پارە کۆکردنەوە بە هەژاریی رۆح لە قەڵەم دەدات. تیمۆکراسی لە نێوان دەوڵەتی یۆتۆپیا و ئۆلیگارشی دایە کە بە سیستەمێکی نزمتر دادەنرێ.

بەڕای ئەفلاتوون تیمۆکراسی هێشتا هەندێ بەهای پۆزەتیڤی لەخۆیدا پاراستووە. لەوانەش ڕێزگرتن لە بەرپرسانی حکوومی ( کە ئەمە لە دیموکراسیدا نابینرێ)، دوورکەوتنەوە لە پیشەی بازرگانی، ڕاخستنی خوانی گشتی و ڕاو و وەرزش. بەڵام نزمبوونەوەی عەقڵ لە ئیسپارت (وەك مۆدیلی تیمۆکراسی) دەبێتە هۆی شەڕخوازی. توخمی ئاسن بەدەرەنجامی نیگەتیڤی ڕۆحی ئیسپارتی و دەوڵەتی ئیسپارتی دادەنرێت.

لێکۆڵینەوەی ئەفلاتوون دەربارەی دەوڵەتە واقیعییەکان (ناتەواو) زۆر وردو هەمە لایەنەیە و لێرەدا (کتێبی یاسا)ی ئەفلاتوون سەروکاری لەگەڵ واقیعە زیندووەکاندایە و بە وشیارییەوە لە زیانەکانی کۆمەڵگا و سیستەمەکانی ورد دەبێتەوە. ئەو بەوردی هەوڵدەدات لە هۆکارەکانی دابەزینی سیستەمێك بۆ سیستەمێکی نزمتر بکۆڵێتەوە.

هۆکارەکانی دابەزینی سیستەمی تیمۆکراسی بریتین لە کاریگەری ئارەزووی پارە کۆکردنەوە کە بەرە بەرە شوێنەواری خۆی لەسەر لاوی ئیسپارتی دادەنێت و ڕۆحی تووشی گەندەڵی دەکات. پەرەسەندنی ئەم ڕۆحیەتە بەرە بەرە سیستەمی تیمۆکراسی تووشی دارمان دەکات و بەرەو سیستەمێکی نزمتر واتە ئۆلیگارشی پاڵی پێوە دەنێت.

### * ئۆلیگارشی – حکوومەتی دەست ڕۆیشتووەکان

حکوومەتی ئۆلیگارشی یا حکوومەتی گرووپێکی کەم لە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی نزمییەوە ریزێك لە پاشتردایە. ئۆلیگارشی لە ئەنجامی دارمانی تیمۆکراسی دێتەدی. خاڵی هاوبەشی تیمۆکراسی و ئۆلیگارشی بوونی زێدەخوازییە لە کۆمەڵگای تیمۆکراسی. کاتێك کۆمەڵگای تیمۆکراسی بە هۆی کاریگەریی حەزی ماڵ و سامان کۆکردنەوە دابەزێ ئۆلیگارشییەکان بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبن. مرۆڤی تیمۆکرات کاتێك کە دەبینێ گەورەیی و شکۆمەندیی کە پێویستی بە لە خۆبردوویی هیچ سوودێکی نییە ڕوودەکاتە ماڵ و سامان. ئۆلیگارشی هێشتا لەگەڵ سیستەمی ئاریستۆکراسی لە پێوەندیدایە بەڵام ئۆلیگارشەکان دەڵێن کە پارە گەوهەری ئاریستۆکراتییەتە (خانەدانێتی). ئەفلاتوون دەڵێ لەو شوێنەی کە پلەی پارە بەرز دەبێتەوە بەهای فەزیلەت دادەبەزێ. کۆمەڵگای ئۆلیگارشی چوار تایبەتمەندی سەرەکی هەیە: ١- پارە پێوەری هەموو شتێکە، ٢- کۆمەڵگا بەسەر دوو جەمسەر یا لە ڕاستیدا بەوتەی ئەفلاتوون بەسەر دوو کۆمەڵگادا دابەش دەکرێ، ٣- هەرکەسێك بە چەندین پیشەی جۆراوجۆر خەریکە، ٤- ئەگەر تاك تەنانەت ڕەچەڵەك و ماڵ و سامانی خۆی لە دەست بدات هەر بە ئەندامی کۆمەڵگا دەمێنێتەوە.



کەڵەکەبوونی هەژاران و دز و وێڵگەڕو تاوانباران بە دەرەنجامەکانی نەخۆشی کۆمەڵگای ئۆلیگارشی دادەنرێن.

### * دیموکراسی

لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە دیموکراسی لە پلەی سێهەمی نزمیدایە. پلەپەرەستی و پارە پەرەستی تیمۆکراسی بۆ ئۆلیگارشی دادەبەزێنێ و سەرئەنجام تێرنەبوونی ئارەزووی پارە پەرەستی کۆمەڵگا بەرەو شۆڕش و سەقامگیربوونی دیموکراسی پاڵ پێوەدەنێ. کۆکردنەوەی ماڵ و سامان هیچ سنوورێك ناناسێ، چونکە لە کۆمەڵگای ئۆلیگارشیدا هیچ یاسایەك بۆ سنووردارکردنی ئەم دیاردە ناپەسندە نییە و جەمسەرگیری ناو کۆمەڵگا ڕۆژ بەرۆژ توندتر دەبێ و مەودای نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی تا دێت قووڵتر دەبێت. سووخواردن پەرە دەستێنێ و ناڕازیبوون دەگاتە لووتکەی خۆی. لاوی ئۆلیگارك لەگەڕانیدا بەدوای ماڵ و سامانی بێسنوور لە زانست و پەروەردە و مەعنەوییەت بەتاڵ دەبێ. بەم جۆرە جەماوەری ناڕازی هەژاران هێرش دەکەنە سەر دەسەڵاتدارانی بێ فەزیلەت و نەزان و بێ توانا و سیستەمی ئۆلیگارشی دەڕووخێنن.

### * تیرانی (زاڵبوون)

حکوومەتی تیرانی یا زاڵبوون یا ستەمگەری لە چەرخی بەر لە ئەفلاتوون قۆناغی تێپەڕبوون بوو لە حکوومەتی ئاریستۆکراسییەوە بۆ حکوومەتی دیموکراسی. ستەمگەران (تیرانەکان) کە بۆ خۆیان ئاریستۆکرات بوون وەك سەرۆکی بزاڤێکی جەماوەری لەگەڵ سیستەمی ئاریستۆکراسی دەسەڵاتداردا جەنگان و حکوومەتی زاڵبووی خۆیان سەقامگیرکرد. پاشان ئەم حکوومەتانە جێگای خۆیان بەدیموکراسیدا. بەڵام لە سەردەمی ئەفلاتووندا ڕەوشەکە گۆڕابوو. ئێستا ئیدی سەردەمی ڕووخانی دیموکراسییەکان بوو کە بە هۆی توندڕەوی تایبەت بەخۆیان ڕێگایان بۆ حکوومەتە ستەمگەرەکان خۆشدەکرد. ئازادی بەربلاو لە دیموکراسیدا وا دەکات کە ببێتە دژی خۆی واتە ببێتە حکوومەتی ستەمگەری. لە ڕواڵەتدا لێکچوونێك هەیە لە نێوان حکوومەتی ستەمگەری کە تاکە کەسێك بەسەریدا زاڵە و حکوومەتی ئیدیالی ئەفلاتوون کە ئەویش لەژێر فەرمانڕەوایی ڕەهایی تاکە کەسێکدایە. بەڵام پێوەری ئەفلاتوون بۆ فەرمانڕەوایی فەزیلەت و دادپەروەرییە، لەکاتێکدا ڕەگوڕیشەی حکوومەتی ستەمگەری بۆ نادادپەروەری دەگەڕێتەوە.

حکوومەتی ستەمگەری دەرەنجامی دابەزینی دیموکراسییە. دیموکراسی تووشی پاشا گەردانی دەبێت. گەورەکان ڕێزیان نامێنێ. مندالاَن ڕێز لە باوکان و قوتابیان ڕێز لە مامۆستایان و لاوان

ڕێز لە بە ساڵاچووان ناگرن. تاکڕەوی هەموو جێگایەك دەگرێتەوەو ڕێگا بۆ دەسەڵاتی ستەمگەرێك دەکاتەوە کە ئەویش بەنۆرەی خۆی لەبەردەم ئەگەری گۆڕان و ڕووخاندایە.

*** پێکەوە گونجانی سیستەمەکان لەگەڵ ڕۆح یا پێکهاتەی «سروشت»ی مرۆڤدا**

هەروەك ئاماژەمان پێکرد ئەفلاتوون لەو باوەڕەدایە کە لە نێوان سیستەمی دەوڵەت و سیستەمی ڕۆحی مرۆڤ دیالۆگ و هاوتەریبی لە ئارادایە. هاوتەریب لەگەڵ سیستەمەکانی تیمۆکراسی، ئۆلیگارشی، دیموکراسی و تیرانی مرۆڤگەلی تیمۆکرات، ئۆلیگارك، دیموکرات و تیران لە ئارادان. ڕۆحی سیستەمی سیاسی لە هەڵسوکەوت و ڕەوشتی ئەو خەڵکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆمەڵگایان چێکردووە. بەڵام لادان لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر لە پەروەردەوە سەرچاوە دەگرێ. گۆڕانکاری لە سیستەم لە چینی دەسەڵاتدارانەوە دەستپێدەکات. لە مرۆڤی تیمۆکراتدا بە هۆی خۆپەسندی و سەرکەوتن ئەو بەشە لە ڕۆح کە پێوەندی بە ئازایەتییەوە هەیە بەسەر ژێریدا زاڵدەبێ و لە مرۆڤی ئۆلیگارکدا بەشی شەهوانی بەسەر بەشی ئازایەتیدا زاڵدەبێ و مرۆڤی دیموکرات لە ئەنجامی ئەو پێکادانە دروستدەبێ کە لە ناو بەشی شەهوانی ڕۆحدا سەرهەڵدەدات. لە هەموو ئەم سیستەمانەدا نەوەی نوێتر بە هۆی ئەو ڕەوشە پەروەردەییەی کە لە ئەنجامی گۆڕانی بارودۆخدا دروستدەبێت لەبەردەم ئەگەری دابەزین و گۆڕاندایە.

## ٤- ئەفلاتوون
## ئاریستۆکراسی و دیموکراسی

### ئایا ئەفلاتوون تیۆرداڕێژی سیستەمی ئاریستۆکراسی بووە؟

ئایا دەتوانین ئەفلاتوون بەتیۆرداڕێژی حکومەتی ئاریستۆکراسی لە قەڵەم بدەین؟ ناتوانین وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و یەکلاکەرەوەی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئەو حکومەتەی کە ئەفلاتوون مەبەستی بووە حکومەتی چاکترین پیاوانە و بەپێی نەریتێکی دێرین حکومەتی ئاریستۆکراتەکان بە حکومەتی چاکترین پیاوان لە قەڵەم دراوە. بەڵام ئاریستۆکراتەکان شایستەیی خۆیان بۆ ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕاندەوەو ئەمەیان بەشتێکی سروشتی دەزانی.

ئاریستۆکراتەکان بەهرەی سروشتی و ڕەگەزییان بە بنچینەی فەزیلەتی ڕاستەقینە لە قەڵەم دەدا. بەڵام ئەفلاتوون لە تیۆرییەکەی خۆیدا مەبەستی ئەوە نەبووە کە ئەو ئاریستۆکراتە خاوەن ڕەچەڵەکانەی کە هەن پەروەردەیان بکات و بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەتە ئیدیالییەکەی خۆی هەڵیانبژێرێت. ئەو دەیویست وەك چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵگا سوود لەو کەسانە وەربگرێ کە



خاوەنی بەرزترین فەزیلەتن بە وتەیەکی تر دەتوانین بڵێین ئاریستۆکراسی ئەفلاتوون ئاریستۆکراسییەکی ڕۆحییە. لە کۆماردا کاتێك کە باس لە دروستکردنی چینی هەڵبژاردە دەکات باس لەوەش دەکات کە دەبێ کەسانێك لەو ئاریستۆکراتانەی ئێستا لە چینە نزمترەکانەوە بگوێزرێنەوەو کەسانێکیش لە چینە نزمترەکانەوە بخرێنە ناو چینی هەڵبژاردەوە. بەم حاڵەش یەکێك لە بەشە گرنگەکانی تیۆری ئەفلاتوون کە باوەڕی بە نایەکسانی سروشتی مرۆڤ هەیە بەتەواوی هاو ئاراستەی ئایدۆلۆژیای ئاریستۆکراسییە. جگە لەمەش ئەفلاتوون لە خاڵێکدا لایەنگری خۆی ئاشکرا دەکات. کاتێك ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئانوخبەکان چۆن نوخبەکان بناسن ئەفلاتوون وەڵام دەداتەوە کە لە ڕێگای خانەدانێتی و ڕەچەڵەکەوە. تێڕوانینی سووك و بەدبینانەی ئەفلاتوون بۆ ئازادی و دیموکراسیش وێڕای ئەوەی کە پێوەندی بە تیۆری مەعریفە ناسانەی ئەفلاتوونەوە هەیە لە تێڕوانینی ئاریستۆکراتییانەی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت.

*** دژایەتی ئەفلاتوون لەگەڵ دیموکراسی**

ئەفلاتوون بە هۆی تێڕوانینی ئاریستۆکراتییانە و دیدگای مەعریفە ناسانەی خۆی، واتە باوەڕی بە جۆراوجۆربوونی خۆیی بەهرەکان و توانای ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان بۆ گەیشتن بە بەرزترین پلەی ناسین و پێویستی دەسەڵاتداربوونی ئەم تاکانە، دژ بە دیموکراسی بووە. ئەفلاتوون بۆ فەیلەسووف — شاکەی خۆی هیچ سنوورێکی لە پێش دانراوی دانەنابوو[٢]. ئەو فەیلەسووف شا یا دەسەڵاتدارە فەیلەسووفەکەی خۆی بە پزیشکێك دەچوێنێ کە بۆ نەخۆشەکەی خۆی هەرشتێك بە چاك بزانێ پێشنیازی دەکات و نەخۆشیش دەبێ بێ ئەم لاو ئەولا فەرمانەکانی جێبەجێ بکات. ئەم دەسەڵاتدارە فەیلەسووفە لە سەرووی یاساوەیە. ئەو لە ڕاستیدا یاسادانەرە. ئەمڕۆ ئەم دیدگایە دەربارەی سیستەمی کۆمەڵگا بە خەسڵەتی پاوانخوازی باس دەکرێت. هەڵبەت ئەفلاتوون بۆ دەوڵەتە ناتەواوەکان کە فەیلەسووفەکان تێیدا دەسەڵاتدارنین سەروەری یاسا لە کۆمەڵگادا بە پێویست دەزانێ. لەم جۆرە حکومەتانەدا بوونی یاسایەکە حکومەتی چاك لە حکومەتی خراپ جیادەکاتەوە.

ئەو دەوڵەتانەی کە یاسا بەسەریاندا زاڵە ئەگەر بە هۆی تاکە کەسێکەوە بەڕێوەبچێت بە حکومەتی پاشایەتی، ئەگەر بە هۆی دەستەیەکەوە بەڕێوەبچێت بە ئاریستۆکراتی و ئەگەر بە هۆی هەموو تاکە ئازادەکانەوە بەڕێوەبچێت بەدیموکراسی ناو دەبرێن. بەپێچەوانەوە لە دەوڵەتە بێ یاساکان ئەگەر حکومەت بە هۆی تاکە کەسێکەوە بەڕێوەبچێت بە ستەمگەری (تیرانی)و ئەگەر بە هۆی چەند کەسێکەوە بەڕێوەبچێت بە ئۆلیگارشی و ئەگەر بە هۆی هەموو خەڵکەوە بەڕێوەبچێت بە حکومەتی ڕەشۆکی ناو دەبرێت. ئەگەر حکومەتی یاسا بەرقەرار بێت لەوکاتەدا حکومەتی تاکەکەس (پاشایەتی) بە باشترین جۆری حکومەت دادەنرێت و

حکوومەتی چەند کەسی (ئاریستۆکراسی) بەپلەی دووهەم و حکوومەتی هەموو خەڵك (دیموکراسی) بەپلەی سێهەم دێن. لە سیستەمە بێ یاساکان حکوومەتی تاکەکەس (تیرانی — زاڵبوون) بەخراپترین جۆری حکوومەت دادەنرێت و حکوومەتی چەند کەسی (ئۆلیگارشی) و حکوومەتی هەموو خەڵك (رەشۆکی) لەڕووی خراپییەوە لە پلەی دووهەم و سێهەم دەوەستن. بەم جۆرە لە حکوومەتە بێ یاساکان حکوومەتی زۆرینەی خەڵك لە حکوومەتی گرووپێکی کەم و حکوومەتی تاکەکەسی باشترە.

دیموکراسییەکان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە لەگەڵ کێشەیەکی گرنگ و سەرەکی بەرەو ڕووبوون کە ئەویش گونجاندنی ئازادی بوو لەگەڵ فەزیلەتی ئەخلاقی. واتە چۆن دەتواندرێ ئازادی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا بگونجێندرێ، چۆن دەتواندرێ پێش بە کەڵك وەرگرتنی نابەجێ لە ئازادی بگیردرێ. کۆمەڵێك پرسیار بەردەوام زەینی بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریك کردووە وەك ئەوەی چۆن دەتوانرێت ڕێگای بشێوی و کەڵك وەرگرتنی نابەجێ بەسەر خەڵك فریواندا دابخرێت و لەلایەکی ترەوە چۆن دەتوانرێت سیستەمێکی لەو جۆرە دروستبکرێت کە تێیدا گەڕان بەدوای قازانج و بەرژەوەندی گشتی نەبێتە هۆی زاڵبوونی سیستەمێکی توندوتیژ و ئازادییەکان سنووردار نەکرێن[٣]. ئەفلاتوونیش بە هۆی ئەم نیگەرانیانە و بەدوای بینینی لاوازییە سەرەکییەکانی دیموکراسی ئەسینا و بۆ دروستکردنی بنچینەیەکی نوێ بۆ رەوشتی کۆمەڵایەتی (بۆ جێگیرکردنیان لەبری ئەو نەریتانەی کە لە وەرچەرخانی مێژوویی کۆمەڵگای یۆنانی بەهای خۆیان لە دەستدابوو)، تیۆری دەوڵەتی یۆتۆپیای خۆی خستەڕوو.

*** فەزیلەت وەك بنچینەی سیستەمی سیاسی**

پاش تێپەڕبوون لە کۆمەڵگای خێڵەکی و ئاریستۆکراتییەوە بۆ کۆمەڵگای نوێی دەوڵەتشاریی، کە خاوەن ئۆرگانێکی نوێی دیموکراتی و سیستەمێکی نوێی ژیان بوو، پێویستی سیستەمێکی نوێی ئەخلاقیش بەدی دەکرا. لە کۆمەڵگای خێڵەکی و کلاسیکی هەموو شتێك بە هۆی دابونەریتەوە دیاریدەکرێت و هەموو کەسێك بەپێی سیستەمێکی رێکخراو لە جێگای تایبەتی خۆی دادەنرێت. ئەم پێکهاتەیە بە سیستەمێکی پیرۆز و دیاریکراو لە لایەن خوداکانەوە دەژمێردرێ. لە رەوشێکی وەهادا تاك لە چوارچێوەی تۆڕێکی دیاریکراو لەگەڵ کۆمەڵدا هاوئاهەنگ دەکرێت. لە یۆنان بەگەشەکردنی دەوڵەتشارەکان ژیانی داخراوی خێڵەکی لێك هەڵوەشایەوە و تاك لە تۆڕی کلاسیکی ژیان و کۆت و بەندە تایبەتییە ئەخلاقییەکانی رزگار بوو کە بەوێنا ئەفسانەییەکان پشت ئەستوور کرابوو. بەم جۆرە سیستەمی ئەخلاقی تووشی هەڵوەشانەوە هات و دەبوو سیستەمێکی نوێ جێگاکەی بگرێتەوە. لێرەدا بوو کە بابەتی فەزیلەت لە لایەن سوکرات، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ هاتە ئاراوە. بەم جۆرە ئەفلاتوون بەدوای



پێوەرێکی نوێ بۆ نۆرمی ئەخلاقی دەگەڕا کە بەهایەکی رەهای هەبێت. ئەو فەزیلەتی بەناسینی خێرلێك دایەوەو بەرزترین ناسینی بە ناسینی ئایدیا دەزانی. رەوشتی نوێ کە دەبێ لە بەرامبەر رەوشتی ئەفسانەیی و رەوشتی سروشتگەرا، رەوشتێکی رێساداری پشت ئەستوور بە بنەما گشتییەکان بێت هیچ رێگایەکی نەبوو جگە لەوەی کە بناغەی خۆی لە دەرەوەی جیهانی هەستپێکراو و بگۆڕ و لەسەر بنەمای راستینە نەگۆڕەکان بنیاتبنێت. فەلسەفەی ئەخلاق هەر لەسەردەمی سوکراتەوە تاکوو ئێستا بەدوای هەندێ بنەمای گشتییدا دەگەڕێ کە وەك گەوهەرێکی نەگۆڕ بنەماکانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی پیشانبدەن. هەروەك لە داهاتوودا دەبینین ئەم گەڕانە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا بووە هۆی دروستبوونی تیۆری و بیروبۆچوونی جۆراوجۆر. لەوانەش دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونی سەرچاوەی یەزدانی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی و لۆژیکی مێژوو بکەین کە لە داهاتوو لەگەڵیاندا ئاشنا دەبین.

بەهەرحاڵ ئەفلاتوون لەگەڕانیدا بە دوای گەوهەرێکی نوێ بۆ ئەخلاقی نوێ واتە ئەخلاقی جیابووەوە لە ئەفسانە و ئەخلاقی سۆفیستایی، تیۆری ئایدیای خستەڕوو. تیۆری ئایدیا ئەگەری دروستبوونی جیهانێکی یەکپارچەی عەقلانی دەڕەخسێنێ و ئەو دەرفەتەش بە ئێمە دەدات تا بە تیۆرییەکی یەکگرتوو بابەتەکانی بوونناسی، مەعریفە ناسی و رەوشت چارەسەر بکەین. ئەم تیۆرییە لە نێوان سێ حەوزەی سەرەکی ژیان واتە حەوزەی بوون، حەوزەی بەهاکان و پێوەرەکانی بەهادانان و حەوزەی مەعریفە یا ناسین پێوەندی دروستدەکات. سۆفیستاییەکان بەزانستی سیاسی سروشت گەرایانەی خۆیان ئارەزووەکانیان بە پاڵنەر و بەهای سەرەکی لە قەڵەم دەدا کە کاری عەقڵیش لە راستیدا بەراوردکردنە بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئارەزووە جیاوازەکاندا. دەگوترێ کە بەم جۆرە تێگەیشتنە لە راستیدا عەقڵ بۆ ئاستی ئامرازێك دادەبەزێ.

*** پێگەی عەقڵ لەتیۆری سیاسی ئەفلاتووندا**

باوەڕهێنان بە عەقڵ بە کەلەپوورێکی مرۆیی بەتایبەت کەلەپووری هزریی رۆژئاوا لە قەڵەم دەدرێت. باوەڕهێنان بە عەقڵ بریتییە لەو بۆچوونە کە ئێمە دەتوانین لە رێگای عەقڵەوە گەوهەری هاوبەشی خۆمان بناسین و لەناویدا کۆمەڵێك یاسا بۆ ژیانی هاوبەشی خۆمان دەربهێنین. ئەم تێڕوانینە بە یەکەمین بناغەی فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون دادەنرێت. هەروەك لە داهاتوودا دەبینین باوەڕهێنان بە عەقڵ لە فەلسەفەی هەیوانییەکاندا (ڕەواقی) بەردەوام بوو و لەوێوە بەرەو جیهانی مەسیحییەت شۆڕبووەوەو لەگەڵ بنەماکانی مەسیحییەتدا تێکەڵ بوو و لە ئەندێشەی ئەمڕۆدا لەگەڵ بنیاتەکانی حکوومەتی دەستووری و یاسادا لێك گرێ دراون. بەپێی دیدگای عەقڵگەرایانە ئێمە بە شێوەیەکی هاوبەش کۆمەڵگایەکی دامەزراو لەسەر عەقڵی بە

کۆمەڵ بنیاتدەنێین تا بە شێوەیەکی عەقڵانی کاروباری گشتی ڕێك بخەین. هەروەك دەبینین ئەفلاتوون لێرەوە پرۆژەکەی خۆی بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتشار دەستپێدەکات.

ئەفلاتوون لە دیالۆگی ئۆتۆفرۆن بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازی مشتومڕ دەگاتە ئەم ئەنجامە کە ژیانی چاك هەمان ژیانی عەقڵانییە. ژیانی عەقڵانی ئەو جۆرە ژیانەیە کە بە ناسینی ئایدیای خێر بەدەستدێت. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە لە ناو کۆمەڵدا دەژی و دەوڵەتشاریش گەورەترین کۆمەڵێکە کە دەتوانرێ وێنا بکرێت (ئەفلاتوونیش وەك هەموو یۆنانییەکان ئیمپراتۆری بە شتێکی ناسروشتی دەزانی)، دەوڵەتشاریش وەك هەر شتێکیتر نموونەیەکی هەیە. وێنەی دەوڵەتشاری نموونەیی ڕەها، تەواو و نەگۆڕ ئەو دەوڵەتشارانەیە کە لە جیهانی دەرەوەدا دەیبینین. ئەفلاتوون لە کۆماردا پێکهاتەی دروستی ئەم دەوڵەتشارە نموونەییە بە تێروتەسەلی ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە لەگەڵیدا ئاشنابووین. مرۆڤێك کە بەدوای ژیانی عەقڵانیدا دەگەڕێ دەبێ لە لای خۆی وێنایەکی لەم کۆمەڵگا یۆتۆپیاییە هەبێ تابتوانێ ژیانی ئاسایی خۆی ڕێکبخات. هەڵبەت تێگەیشتنی ئەفلاتوون لە عەقڵ تێگەیشتنێکی ئاریستۆکراتیانە یا چاکتر بڵێین نوخبەگەرایانەیە و سیستەمە هەڵێنجراوەکەشی ئاریستۆکراتییانە و نوخبەگەرایانەیە.

*** بایەخی فەلسەفەی ئەفلاتوون**

ئەفلاتوون پێگەیەکی وەهای لە فەلسەفە و ئەندێشەی ڕۆژئاواو بەگشتی ئەندێشەی مرۆییدا هەیە کە لە وتەیەکدا گوتراوە کە سەرجەم فەلسەفەی پاش ئەفلاتوون لە ڕاستیدا ڕاڤەکردنێکی فەلسەفەی ئەوە. ئەگەر چاوپۆشی لەم وتە ستایش ئامێزەش بکەین دەتوانین بڵێین پاش تێپەڕبوونی پتر لە دوو هەزار ساڵ لەسەر بنیاتنانی فەلسەفەی ئەفلاتوون ئێستاش تایبەتمەندی هەر فەلسەفەیەك بە پێوەندی ئەو لەگەڵ فەلسەفەی ئەفلاتووندا دیاری دەکرێت. هەموو فەرهەنگەکان مۆری فەلسەفەی ئەفلاتوونیان پێوەیە. پاش ئەفلاتوون فەلسەفەی ئەفلاتوونی نوێ و پاش فەلسەفەی ئەفلاتوونی نوێش فەلسەفەی مەسیحی کەڵکی زۆریان لە فەلسەفەی ئەفلاتوون وەرگرتووە. گوتوویانە کەسێنت ئاگۆستین لە کتێبی شاری یەزداندا کۆماری ئەفلاتوونی بۆ سەر زمانی ئایینی مەسیحی وەرگێڕاوە[٤]. شارستانیەتی ئیسلامی ئێمەش سوودێکی زۆری لە فەلسەفەی ئەفلاتوون وەرگرتووە. فەلسەفەی سیاسی فارابی فەیلەسووفی گەورەی ئێرانی — ئیسلامی تێکەڵاوێکە لە ئەندێشەی ئیسلامی، ئێرانی و ئەفلاتوونی.

ئەفلاتوون بە هزری فەلسەفی خۆی بزاوتێکی وای بەهزردا کە پاش سەدان ساڵ ڕەنگدانەوەی لەسەر هەموو مێژووی فەلسەفە، ڕەوشت و ئایین ماوەتەوەو فەرهەنگی مەسیحی و ئیسلامی لێی تێراوبوو.



## پەراوێزەکان

١- ورنریگر، همان، جلد سوم، ص ٩١٥.

٢- گلن تیندل، تفکر سیاسی، ترجمە: محمود صدری، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٧، ص١٠٢.

٣- ویلیام بلوم، **نظریه** های **نظام** سیاسی، ترجمە: احمد تدین، تهران، نشرآران، ١٣٧٣.

٤- ورنریگر، همان، جلد دوم، ص٦٩٤.

## پاژی چوارەم

# ئەرەستۆ

## پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان لە تۆژینەوەی دەوڵەتدا

*** کورتەیەك دەربارەی کار و ژیانی ئەرەستۆ**

ئەرەستۆ (٣٢٢ — ٣٨٤ ب. ز) لە ساڵی ٣٨٤ی بەر لە زایین لە باکووری یۆنان لە دایکبووە. خاوەن بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووەو باوکی پزیشکی تایبەتی پاشای مەکدۆنیا بووە. لە ساڵی ٣٦٧ی ب. ز واتە لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا رۆیشتە ئاکادیمیای ئەفلاتوون و بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ لەلای ئەفلاتوون خەریکی خوێندن و تۆژینەوە بوو و رەنگە لەوێ وانەشی گوتبێتەوە. پاش مەرگی مامۆستاکەی ئاکادیمیای بەجێ هێشت و ماوەیەك لە ئاخە خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. پاشان لە لایەن پاشای مەکدۆنیاوە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەسکەندەری کوڕی بۆ مەکدۆنیا بانگهێشت کرا. نزیکەی ١٢ ساڵ واتە لە تەمەنی ٣٧ ساڵی هەتا ٤٩ ساڵی لەوێ بەسەربرد. ئینجا گەڕایەوە بۆ ئەسینا و لەوێ قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی بنیاتنا کە بە لسیۆم بەناوبانگە و تا تەمەنی ٦٢ ساڵی لەوێ بەوانەوتنەوەو تۆژینەوەو پەروەردەکردنی قوتابیانەوە خەریکبوو. چوارچێوەی تۆژینەوەکانی ئەرەستۆ زۆر بەربلاوبوون و بوارەکانی زیندەوەرزانی، دەروونناسی، رەوشت، لۆژیك، فەلسەفە و سیاسەت دەگرێتەوە. ئەو لە شێوازی ئەفلاتوونی دوورکەوتەوەو بەرەو تۆژینەوەی ئەزموونی هەنگاوی نا. بۆ نموونە لەگەڵ قوتابییەکانی لێکۆڵینەوەیان لەسەر پتر لە ١٥٠ یاسای بنەڕەتی یا لە راستیدا رژێمی فەرمانڕەوایی ئەنجام داوە. کتێبەکانی سیاسەت و رەوشتی نیکۆماخوسی بە گرنگترین نووسینەکانی لە بواری سیاسەتدا دادەنرێن. کتێبی سیاس باس لە شێوەی سەرهەڵدانی دەوڵەت و جۆری سیستەمە سیاسییەکان دەکات و کتێبی رەوشتی نیکۆماخوسیش دەربارەی زانستی رەوشتە. ئەم دوو کتێبە لە دوو کەناڵی جیاجیاوە لە یەك خاڵدا دەگەنەوە یەك کە دەتوانین بەمیانڕەویی ناوی لێ ببەین.



*** نەخشەی گشتی هزری سیاسی ئەرەستۆ**

بەرلەوەی هەندێك لە گرنگترین بەشەکانی هزری سیاسی ئەرەستۆ بناسێنین و دیدگاکانی بخەینەڕوو جێی خۆیەتی لەسەرەتادا سەیرێکی رێڕەوی گشتی تۆژینەوە و تیۆرییەکانی ئەو بکەین و ئینجا باس لە گرنگترین بەشەکانی سیستەمی هزریی و تیۆرییە سیاسییەکانی بکەین. فەلسەفەی سیاسی ئەرەستۆ لەگەڵ دیدگای بوونناسی و مەعریفەناسی ئەو لە پێوەندیدایە. ئەرەستۆ بەرەخنەگرتن لە تیۆری ئایدیای ئەفلاتوون فەلسەفەکەی خۆی دەستپێدەکات. هەروەك بینیمان ئەنجامگیرییەکانی ئەفلاتوون لە بواری هزری سیاسی لە تیۆری ئایدیاوە وەرگیراون. ئەفلاتوون لەو باوەڕەدا بوو کە تەنیا بە ناسینی ئەو شتەی کە هەمیشە چاك و هەمیشە راستەقینەیە دەتوانین دەوڵەتی باش بنیات بنێین. جیهانی هەست پێکراوەکان لە راستیدا جیهانی گۆڕان و جیهانی سێبەرەکانە. کەوابوو دەبێ سەرەتا بگەینە راستینە نەگۆڕەکان یا ئایدیا، کە راستی نەگۆڕی جیهانی هەستپێکراوە بگۆڕەکانە بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتی راست و دروست سەقامگیربکەین. بەبێ گەیشتن بەراستینە نەگۆڕەکان هەر سیاسەتێك وەك ئاو لە بێژنگ دانە.

بەپێی ئەم تیۆرییە هەر بوونەوەرێکی راستەقینە بۆیە بەراستەقینە دادەنرێ چونکە بەشێکە لە نموونەی سەرەکی واتە وێنەیەکی راستەقینە و نەگۆڕی لە ناو خۆیدا هەیە. ئەم راستینە نەگۆڕانە — ئایدیا — شیاوی هەستپێکردن نین بەڵکو تەنیا بە عەقڵ دەتوانین بیناسین. نموونەی هەموو ئایدیاکان «چاکەی رەها»یە کە بە ئاخێزگەی ئەزەلی هەموو بوون دادەنرێت. فەیلەسووف پاش تێپەڕبوون لە جیهانی سێبەرەکانەوە بۆ جیهانی ئایدیا دەتوانێ بگاتە سەرچاوەی مانەوە و تەنیا ئەوە کە دەتوانێ بە باشترین شێوە کۆمەڵگا رێکبخات. دەوڵەتشاریش وەك هەر دیاردەیەکی هەستپێکراوی تر نموونەیەکی هەیە. بۆ دروستکردنی دەوڵەتشاری چاك دەبێ نموونەی دەوڵەتشار بناسین. ئەم دەوڵەتشارە ئیدیالییە لە کتێبی کۆماردا بە تێروتەسەلی باسی لێوەکراوە.

ئەرەستۆ تیۆری ئایدیای ئەفلاتوون رەتدەکاتەوە و لەبری ئەو تیۆری جەوهەر و هۆکارە چوارینەکان (هۆکاری کۆتایی، هۆکاری کارایی، هۆکاری رواڵەتی و هۆکاری مادی) دادەنێ. ئەو لە باتی تێڕامانی دیالکتیکانە دەربارەی ئایدیا رووەدەکاتە تۆژینەوەی ئەزموونی و لە باتی گەڕان بەدوای باشترین دەوڵەتی یۆتۆپیایی خەریکی تۆژینەوە دەربارەی چاکترین دەوڵەتە کردەییەکان لە هەلومەرجی پێوەلکاویدا دەبێت.

تۆژینەوەی ئەرەستۆ لە هۆکارە چوارینەکانەوە دەستپێدەکات و دەبێتە هۆی دۆزینەوەی سەرچاوەی دەوڵەت، ئەنجامی دەوڵەت و پێکهاتەی دەوڵەت. ئەرەستۆ لە چۆنیەتی سەرهەڵدانی دەوڵەتشار دەکۆڵێتەوەو پاشان دەپرسێ کە دەوڵەتشار بۆچی دروستبووەو دەگاتە ئەم ئەنجامە کە دەوڵەت یا (دەوڵەتشار) بۆ بەدیهێنانی بەرزترین تواناکانی ناخی مرۆڤ و بۆ بەختیاریی

دروستبووە. ئەو بە پرسیارکردن لە بەختەوەری دەگاتە ئەو ئەنجامە کە فەزیلەت جەوهەری بەختیارییە و فەزیلەتیش بە مەعریفە و پەروەردە دەستدەکەوێ. کەوابوو ژیانی عەقلانی بە ئەنجامی دەوڵەتشار دادەنرێت. ئەرەستۆ عەقڵ بەسەردووجۆری عەقڵی تیۆریی و عەقڵی کردەیی دابەشدەکات و سیاسەت لە چوارچێوەی عەقڵی کردەیی دادەنێت. ئەو وێڕای خستنەڕووی دەوڵەتێکی ئیدیالی (لەسەر شێوەی ئەفلاتوون) بەشی سەرەکی کاری خۆی بۆ گەڕان بە دوای چاکترین دەوڵەتەکان لە هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان و سەر ئەنجام چاکترین دەوڵەتی کردەیی بۆ هەموو هەلومەرجەکان تەرخان دەکات. بەم جۆرەیە کە لە سیستەمەکانی ئاریستۆکراسی، ئۆلیگارشی، دیموکراسی و دابەشکردنە جۆراوجۆرەکانیان دەکۆڵێتەوەو لە ئەنجامدا دەگاتە سیستەمی پۆلیتی کە سیستەمێکی تێکەڵاوەو کۆمارێکی میانڕەوەو لە ناوەڕاستی دیموکراسی و ئۆلیگارشیدایە. ئەو لە ڕەوشتی نیکۆماخوسی بە شێوەیەکی تر و لە ڕێگایەکی ترەوە دەگاتە ڕێگای ناوەنجی.

*** شێوازی لێکۆڵینەوەی سیستەمەکان**

هەروەك گوتمان شێوازی ئەرەستۆ بەپێچەوانەی شێوازی ئەفلاتوون پشتی بەبینینی ئەزموونی دەبەست. ئەرەستۆ هەم دەربارەی بەرزترین چاکەی سیاسی و هەم لە کاتی شیکردنەوەی سیاسەتی کردەیی لەبنەڕەتی کارەکەی خۆیدا پشت بە ئەزموونگەرایی دەبەستێ. هەر لەسەر ئەم بناغەیە گەلێك کەس ئەرەستۆ بەدامەزرێنەری زانستی سیاسی لە قەڵەم دەدەن. هەروەك لە داهاتوودا دەبینین هەریەك لە ماکیاڤیللی و هۆبز بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەوان دامەزرێنەری ڕاستەقینەی زانستی سیاسەتن.

بەڵگەشیان ئەوەبوو کە دەیانگوت پێشینان پرسە سیاسییەکانیان بەو جۆرە سەیر کردووە کە دەبێ ببێ (بە وتەیەکی تر پشتیان بە ئیدیالەکان بەستووە) نەك بەو جۆرەی کە هەیە. بەڵام هەروەکو لێرەدا باسی دەکەین هەرچەندە ئەم بانگەشەیەی ماکیاڤیللی و هۆبز بە تەواوی بێ بناغە نییە بەڵام بەگشتی پەسند ناکرێت. ئەرەستۆ لە دوو گۆشەنیگاوە لێکۆڵینەوەی لەسەر سیاسەت کردووە، هەم بەو جۆرەی کە هەیە و هەم بەو جۆرەی کە دەبێ ببێ. هەم چاکترین دەوڵەتی یۆتۆپیایی خستۆتەڕوو و هەم لێکۆڵینەوەی دەربارەی چاکترین سیستەمەکان لە هەلومەرجی دیاریکراودا کردووە. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ لە بنیاتنانی زانستی سیاسەتدا پێ لەسەر وشەی زانست و شێوازی زانستی دابگرین دەتوانین ئەرەستۆ بە بنیاتنەری زانستی سیاسەت لە قەڵەم بدەین.



ئەرەستۆ وەك هەر دیاردەیەکی تر دەوڵەتیش لەسەر بنەمای هۆکارە چوارینەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە. یەکەمین هۆکار ((هۆکاری کۆتایی))یە. بۆ هەڵسەنگاندنی هەر شتێك دەبێ بۆ ئەنجامەکەی بگەڕێینەوە، واتە بپرسین کە بۆچی دروستکراوە. بۆ وێنە ئەنجامی قەڵەم نووسینە. دەتوانین بەبینینی ئەزموونی ئەنجامی هەرشتێك دیاری بکەین بەڵام ئەم بینینە نابێ تایبەت بێت بەسەردەمێك یا لەسەرخاڵێك رابوەستێ بەڵکو دەبێ هەموو سەردەمی دروستبوون و لەناوچوونی بگرێتەوە. ئەم شێوە بینینە هەم بە شێوازی خۆیی و هەم بە شێوازی کردەیی ئەو شتە دەبینێ. کەوابوو یەکێك لە شێوازەکانی دەرك پێکردنی هەر دیاردەیەك ئەوەیە کە بزانین ئەو دیاردەیە دەیەوێت ببێتە چی و ئەنجامەکەی چییە. ئەم شێوازەی ئەرەستۆ پاشان لە شێوازی هیگل و لایەنگرانیدا پێگەیەکی گرنگی بەدەست هێنا (کە لە داهاتوو لەگەڵی ئاشنا دەبین). کەوابوو یەکێك لە ڕێگاکانی ناسینی دەوڵەتشار (یا دەوڵەت) وەك بابەتی سەرەکی تۆژینەوەکانی ئەرەستۆ (وەك یەکێك لە تیۆرداڕێژانی سەردەمی دەوڵەتشاری) ئەوەیە کە بزانین دەوڵەتشار بۆ چ مەبەست و چ ئەنجامێك دروستبووە.

دووهەمین شێوازی دەرك پێکردنی هەرشتێك بریتییە لە تۆژینەوەی ((هۆکارە ڕواڵەتییەکانی)) ئەوشتە. هەر شتێك خاوەن پێکهاتەیەکی بینراوە کە پیشاندەری ئەو چین و گرووپەیە کە ئەو شتەی پێوە پەیوەستە. کاتێك کە لەسەر بنەمای شێوازی یاسادانان، بەشداری خەڵك و شێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمێك ئەو سیستەمە پۆلین دەکەین (بۆ وێنە دیموکراسی، تۆتالیتاری) لە ڕاستیدا بەپێی هۆکاری ڕواڵەتی هەوڵی ناسینی ئەو سیستەمەمان داوە. لە ڕوانگەی ئەرستۆوە، هۆکاری ڕواڵەتی، بوونی شتێك دیاریدەکات. ئەگەر هۆکاری کۆتایی وەڵامی بۆچییەتی دیاردەیەك دەداتەوە، ئەوا هۆکاری ڕواڵەتی وەڵامی چییەتی ئەو دیاردەیە دەداتەوە.

پاش پرسیارکردن لە ((بۆچییەتی)) و ((چییەتی)) دیاردەیەك دەگەینە ((چۆنیەتی)) ئەو دیاردەیە. پرسیارکردن لە ((چۆنیەتی)) دیاردەیەك پرسیارە لە ((هۆکاری کارایی)) ئەو دیاردەیە، واتە بە هۆی چ پرۆسەیەکەوە دیاردەیەك بەرەو ئەنجامی تایبەتی و شێوازی تایبەتی هەنگاوی ناوە. هۆکاری کارایی لە پێشەوەی هۆکاری کۆتایی و هۆکاری ڕواڵەتی دایە. لە ئەنجامدا بۆ دەرکپێکردنی هەرشتێك ئاستێکی تر لە ناسین دەمێنێتەوە. ئەم ئاستەش پێوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە ((لەچییەوە)) دروستبووە. ئەم پرسیارەش پێوەندی بە ((هۆکاری مادی)) دیاردەکەوە هەیە. داری گوێز لە تۆوی بەڕوو شین نابێ. بەم جۆرەش سیستەمی بەهایی و یاسایی کۆمەڵگاش لەو چینانە دروست دەبێ کە کۆمەڵگایان پێکهێناوە.

له دەوڵەتشارێك كە لە بنەڕەتدا لە كرێكاران و هەژاران پێكهاتووە یا لە دەوڵەتێك كە دەوڵەمەندان بەسەریدا زاڵن ناتوانرێ كۆمەڵگایەكی ساخلەم دروستبكرێت. لە سیستەمێكی ساخلەمدا دەبێ هاوسەنگییەك لە بارودۆخی چینایەتی شار لە ئارادا بێت.

هەموو دیاردەكان لە حاڵی «بوون»دان. بوون بەكردەییكردنی ئەو هێزەیە كە لە ناو شتەكاندایە. كاتێك ئێمە وەڵامی چوار پرسیارمان لەمەڕ هەر شتێك دایەوە كە بریتیین لە «چی» (هۆكاری كارایی)، «بۆچی» «هۆكاری كۆتایی»، «چۆن» (هۆكاری رواڵەتی)، و «لەچییەوە» (هۆكاری مادی) مانای وایە بەدروستی دەركمان بەو دیاردەیە كردووە. بۆ دەرك پێكردنی سیستەمە سیاسییەكان و دەوڵەتەكان و دەوڵەتشارەكانیش هەردەبێ بەم شێوازە بجووڵێینەوە. ئەرەستۆ بەم شێوەیە لێكۆڵینەوەكەی خۆی رێكدەخات. ئێمەش هەوڵدەدەین بۆ ناساندنی تیۆرییەكانی ئەرەستۆ هەر لەسەر ئەم بنەمایە هەنگاو بنێین و بەم شێوازە بەرەو پێشەوە بڕۆین.

## ١- سەرهەڵدانی دەوڵەتشار

### ناوەڕۆكی دەوڵەتشار

هەروەك ئاماژەی پێكرا دەوڵەتشار بەتەوەری سەرەكی باسە سیاسییەكانی ئەرەستۆ دادەنرێت. بنەمای هەرباسێك لەمەڕ دەوڵەتشار ئەمەیە كە بزانین دەوڵەت چۆن و بۆچی دروستبووە. ئەرەستۆ دەوڵەت یا دەوڵەتشار (كە ئێمە لەم باسەدا بەیەك واتا وەریان دەگرین) هەم لەسەر بنەمای هۆكاری كارایی (چۆن) و هەم لەسەر بنەمای هۆكاری كۆتایی (بۆچی) دەخاتە بەرباس و شیكردنەوەو لەسەر بنەمای ئەم شیكردنەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامە كە دەوڵەت ((شتێكی سروشتی))یە. ئەرەستۆ لە ئەنجامدا مرۆڤ بە بوونەوەرێكی سیاسی لە قەڵەم دەدات كە بەپێی سروشتەكەی دەبێ لە دەوڵەتشاردا ژیان بەسەرببات.

### * سەرچاوەی دەوڵەت

ئەفلاتوون باسەكەی لە شێوازی سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە دەستپێدەكات. بەرای ئەو دوو شێوازی سەرەكی لە پێوەندی مرۆڤەكاندا هەیە یەكەم پێوەندی نێوان ژن و پیاوە بۆ زاووزێ و ئەویتر پێوەندی نێوان كۆیلەدار و «كۆیلەی سروشتی»یە بۆ پاراستنی یەكتر (كە دوایی روونكردنەوەی پتری لەسەر دەدەین). لەم دوو پێوەندییە بنەماڵە دروستدەبێ. بە پەیوەست بوون و كۆبوونەوەی نێوان بنەماڵەكان گوندەكان دروستدەبن و لە ئەنجامی پەیوەستبوونی گوندەكان شار (یا پۆلیس بەواتای یۆنانی) دروستدەبێ. شێوازە سەرەتاییەكان، وەك گوند و بنەماڵە ناتوانن



لەسەر پێی خۆیان راوەستن و بۆ راوەستان لەسەرپێی خۆیان دەبێ بەرەو قۆناغێكی بەرزتر واتە بەرەو لووتكەی خۆیان هەڵبكشێن.

لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە دەوڵەتشار بوونی نەبووە. پێوەندییە بنەماڵەییەكان و گرووپە سەرەتاییە گوندنشینەكان ئەو قۆناغانەن كە سیستەمی ژیان بۆ گەیشتن بە دەوڵەتشار پیایاندا تێپەڕیوە. كەوابوو بنەماڵە، گوند و دەوڵەتشار یەك لەدوای یەك بە قۆناغەكانی وەرچەرخانێكی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێن.

ئەم ناسینە دەمانگەیەنێتە هۆكاری كارایی سەرهەڵدانی دەوڵەتشار. بەڵام دەتوانین پرسیار لە ئامانجی ئەم بزاوتەش بكەین، واتە بپرسین دەوڵەتشار بە چ مەبەستێك دروستبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەمەیە كە ئەم رێڕەو و وەرچەرخانە بۆ بەدیهاتنی بەرزترین تواناى كۆمەڵگای مرۆیی لە بزاوتی بەرەو بەختەوەری ئەنجام دەدرێ. هەر توێژێكی وەرچەرخان پشكێك لە بەختەوەری تێدایە و بەرزترین پشكی بەختەوەری لە دەوڵەتشاردا كۆ دەبێتەوە. ئامانجی ژیان تەنیا بوون نییە بەڵكو ئەوەی كە مەبەستە بوونێكی باشترە. دەوڵەتشار لووتكەی رەوتی بزاوتە لە كۆمەڵگا پێشینەكانەوە بۆ كۆمەڵگا گەشە كردووەكان كە بە لووتكەی كۆمەڵگا پێشینەكان دادەنرێت.

گوتمان كە بە بۆچوونی ئەرەستۆ و هەروا ئەفلاتوونیش دەوڵەت شتێكی سروشتییە. پرسیار ئەمەیە كە بۆچی دەوڵەت شتێكی سروشتییە و بۆچی مرۆڤ بوونەوەرێكی سیاسییە. ئایا ئەمە پێداویستییەكانی مرۆڤ نییە كە بەرەو كۆمەڵگا جۆراوجۆرەكان لە خوارەوە بۆ سەرەوە پاڵیان پێوە دەنێت؟ رێگامان بدەن زیاتر لەم پرسیارە قووڵ ببینەوە.

### * بۆچی دەوڵەت شتێكی سروشتییە؟

بەڕای ئەرەستۆ دەوڵەت لەدوو ڕووەوە بەشتێكی سروشتی دادەنرێ: یەكەم لە ڕووی هۆكاری سەرهەڵدانییەوە و دووهەم لە ڕووی ئامانجی ڕێڕەوی گەشەكردنییەوە. هۆكاری سەرهەڵدانی دەوڵەت سروشتییە چونكە (ا)- لەگەڵ پێویستی سروشتی ژن و پیاو بۆ زاووزێ كردن و كۆیلە و كۆیلەدار بۆ پاراستنی یەكتر لە پێوەندیدایە و (ب)- بە ئامانجی سروشتی هەموو كۆمەڵگا پێشینەكان دادەنرێت. ئەفلاتوون لەو فەیلەسووفانەیە كە سروشتی هەموو شتێك لە ئامانجی كۆتایی و شێوازی كۆتاییدا دەبینێت. چونكە دەوڵەتشار بەڕەوتی كۆتایی كۆمەڵگا مرۆییەكان و شێوازی كۆتایی ئەم كۆمەڵگایانە دادەنرێت هەر بۆیە لەم رەهەندەوە دەوڵەتشار بۆ خۆی شتێكی سروشتییە. كاتێك كە ئەرەستۆ دەڵێ مرۆڤ بوونەوەرێكی سیاسییە واتاكەی ئەوەیە كە بەپێی سروشتی خۆی بۆ ژیان لە دەوڵەتشاردا دروستكراوە. هەروەك گوتمان ئەفلاتوونیش سەرچاوەی دەوڵەتی بەشتێكی سروشتی دەزانی. بەڵگەهێنانەوەی ئەو لەگەڵ بەڵگەی یەكەمی ئەرەستۆ یەكدەگرێتەوە، بەڵام بەڵگەی دووهەمی ئەرەستۆ تایبەتە بە فەلسەفەی ئەرەستۆ. ئەم بابەتە كە

سروشتی هەرشتێك لە ئامانج و شێوازی کۆتایی ئەو شتەدا رەنگ دەداتەوە شێوازێکی شرۆڤەکردنە کە پاشان هزرڤانانی وەك هیگل، رۆسۆ و کانت لە سیستەمی هزریی خۆیاندا سوودیان لێوەرگرت. لێرەوەبوو کە ئامانجناسی وەك تێڕوانینێکی مەعریفی و بۆچوونی فەلسەفی سەری هەڵدا.

*** دیدگای ئۆرگانیکی**

ئەم شیکردنەوەیەی ئەرەستۆ دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دەوڵەت ئۆرگانێکی هەمەکییە و تاك تەنیا بە بەشێکی دادەنرێت. پێوەندی نێوان تاك و دەوڵەت وەك پێوەندی نێوان ئەندامێکە لەگەڵ جەستەیەکی زیندوو. لە جەستەیەکی زیندوودا تاکە ئەندامێك بەجیا لە هەموو جەستەکە هیچ شوناس و پێگەیەکی نییە. بۆ نموونە دەستێك بهێننە پێش چاو کە لەجەستەی بوونەوەرەکە جیابووەتەوە. ئایا ئەو دەستە بەجیا لە جەستە دەتوانرێت هەر بەدەست دابنرێت؟ بێگومان ئەم ئەندامە کە پێوەندی لەگەڵ جەستەکەدا پچڕاوە بەشتێکی بێ واتا دادەنرێت. یۆنانییەکان نەیاندەتوانی تاك لە دەرەوەی دەوڵەتشاردا وێنا بکەن. دیدگای ئۆرگانیکی ئەرەستۆ بووە هۆی ئەوە کە بە بۆچوونی پاوانخوازی (هەروەك ئەفلاتوون) تۆمەتباربکرێت.

*** فەزیلەت وەك جەوهەری بەختەوەری**

دەوڵەتشار کۆمەڵگایەکی تەواوە کە شێوازە پێشووەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن. یەکەمین پرەنسیپی هەر کۆمەڵگایەکی تەواو خۆڕێکخستن، لەسەر پێی خۆوەستان و پشت بەخۆبەستنە. کۆمەڵگاکانی پێشوو هەر هەموویان ناتەواون. بەڵام دەوڵەتشار بۆ بەختەوەری ئەندامەکانی هەموو شتێکی تێدایە. بەختەوەری تەنیا بە واتای هێمنی و خۆشگوزەرانی مادی نییە. ئەگەر دەوڵەتشار تەنیا بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسایش بێت دەتوانین بڵێین گەلێك لە سەندیکا و گرووپە پیشەییەکان هاوشانی دەوڵەتن.

ئامانجی تایبەتی دەوڵەتشار پەروەردەکردنی خەڵکانێکی باشە. بۆ ئەوەی بزانین کە چ شتێك بۆ مرۆڤ باشە دەبێ بزانین چ چالاکییەك تایبەتە بە مرۆڤ، واتە ئەو شتەی کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە. کاتێك کە ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە عەقڵ ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە ئاژەڵەکان جیادەکاتەوە. هەموو ئاژەڵەکانی دیکەش وەك مرۆڤ خاوەنی هەندێ ئەندامن بۆ جموجۆڵ، خوارادنی و هەستپێکردن. بەڵام تەنیا مرۆڤە کە جگە لە هەموو ئەوانە بە خاوەن عەقڵیش دادەنرێت. کەوابوو بەرژەوەندی مرۆڤ لەوەدایە کە هەرچی زیاتر سوود لە عەقڵ وەربگرێت.



ئەرەستۆ لە نامیلکەی ئەخلاقیاتی خۆیدا دەڵێ تەنیا دەوڵەتە کە دەتوانێ بە چاکترین شێواز زەمینەی لەبار بۆ بەکارهێنانی هێزی عەقڵانی مرۆڤ برەخسێنێ. یەکە بچووکتر و نزمترەکان توانای دابینکردنی ئەم پێداویستییەیان نییە. پێداویستییەکانی مرۆڤ تەنیا لە کۆمەڵگایەکی سیاسی واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە تەنیا رەهەندی ئابووری نییە دابین دەکرێت. ئامانجی عەقڵانی و ئەخلاقی مرۆڤ تەنیا بەگوێرەی کاروباری بەرزتری ژیان واتە ژیانی سیاسی توانای گەشەکردنی بۆ دەڕەخسێ. راستە کە دەوڵەت بۆ مرۆڤ شتێکی سروشتییە هەروەك چۆن کەندوو بۆ مێش هەنگ سروشتییە، بەڵام جیاوازی نێوان مرۆڤ و مێش هەنگ لەوەدایە کە مرۆڤ خاوەنی هێزی عەقڵە و مرۆڤەکان بۆ ئەو یاسایانەی کە بەسەریاندا زاڵە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ و راگۆڕینەوە دەکەن. ئەگەر ئامانجی دەوڵەت تەنیا بەدیهێنانی هەلومەرجی ژیانی ئابووری بوایە کەوابوو گیانلەبەر و کۆیلەکانیش دەیانتوانی دەوڵەت دروستبکەن. ئەگەر دەوڵەتێك لەم ئاستەدا مابێتەوە لە راستیدا دەوڵەت نییە.

*** عەقڵی کردەیی و عەقڵی تیۆریی**

ئەرەستۆ دوو جۆرە عەقڵ لە یەکتر جیادەکاتەوە: عەقڵی تیۆریی و عەقڵی کردەیی. ئامانجی عەقڵی تیۆریی تێگەیشتنە لە پرسە تیۆرییەکان و بابەتی عەقڵی کردەیی کردەوەی ئەخلاقییە. عەقڵی کردەیی پێوەری بژاردە عەقلانییەکان پیشان دەدات. عەقڵی تیۆریی عەقڵێکی پەتییە، بەڵام عەقڵی کردەیی بۆ گەشەکردنی خۆی پێویستی بە کۆمەڵگایە. مرۆڤی دادپەروەر دەبێ لە ناو مرۆڤەکانی تردا بێت تابتوانێ بەدادپەروەریی هەڵسوکەوت بکات و مرۆڤی ئازا دەبێ ئازایەتییەکەی خۆی لە ناو کۆمەڵگادا دەربخات. کۆمەڵگا یا دەوڵەتشار بۆ ئەوە دروستدەبێ کە توانای ژیانی عەقڵی مرۆڤ (لەم حاڵەتەدا واتە عەقڵی کردەیی و فەزیلەتی رەوشتی مرۆڤ) تێیدا گەشە بکات و دەرفەتی ئەوە برەخسێنێ تا لەسەر بنەمای پرەنسیپی میانڕەویی (ناوەنجێتی) هەڵسوکەوت بکات.

*** میانڕەویی و رێسای ناوەنجێتی**

ئەرەستۆ بەپێچەوانەی ئەفلاتوون کە سیاسەت لە حەوزەی زانستە تیۆرییەکان دادەنێ، سیاسەت لە حەوزەی زانستە کردەییەکان پۆلێن دەکات. کەوابوو بەسەرنجدان بە پرەنسیپی کردەیی بوون سیستەمە سیاسییە ئیدیالەکان دەخاتەڕوو و لێیان دەکۆڵێتەوە. هەروەك لە داهاتوودا دەبینین ئەو بنەما ئەخلاقییانەی کە بەلای ئەرەستۆوە مەبەستن لەگەڵ شێوازی سیستەمە ئیدیالەکانیدا هاوئاراستەن. یەکێك لە پرەنسیپە گونجاوەکان بۆ رەفتاری مرۆڤ ئەوەیە کە بەپێی رێسای ناوەنجێتی یا میانڕەویی هەڵسوکەوت بکات. بەڵام ڕێسای ناوەنجێتی چۆنە؟

ئەگەر ئەو رەفتارە ناشیرینانە بەلاوە بنێین کە دەبێ لێیان دوور بکەوینەوە (وەك دزی، کوشتن و ....) لە حاڵەتەکانی دیکە لەم جیهانی گۆڕان و ئەگەرە کە پێوەندییان بەدەستە بژێر کردنەوە هەیە چاکترین ڕێسا پەیڕەو کردنی ڕێسای میانڕەوییە. بۆ وێنە ئێمە لە لایەکەوە ترس و لە لایەکی ترەوە بێباکیمان هەیە و ناوەڕاستی ترس و بێباکی ئازایەتییە. کەوابوو ئازایەتی شتێکی پەسندە. یا لە نێوان دەستقوچاویی و دەستبلاویدا پلەی ناوەنجی بەخشندە بوونە.

ڕێسای پلە ناوەنجێتی ئەرەستۆ بە هیچ بەڵگەهێنانەوەیەکی فەلسەفی پشت ئەستوور نییە. فەزیلەتە باشەکان بە هۆی فێربوونەوە بەدەستنایەن. ئەمانە تەنیا بە کردەوەی بەردەوام بەدەستدێن. دابونەریتی باش تەنیا بە کردەوەی باش دێتەدی.

بەلام چۆن دەتوانین خەڵك لەسەر رەفتاری باش رابهێنین؟ لێرەدایە کە لە حەوزەی ئەخلاقەوە دەچینە حەوزەی سیاسەت. دەبێ سیاسەتمەداران و یاسادانەران هەلومەرجی رەفتاری باش بۆ خەڵك دروستبکەن. ئەوانن کە دەبێ رەفتاری گونجاو لەگەڵ فەزیلەتدا ئۆرگانیزە بکەن. پرسیار ئەمەیە کە ئایا خودی سیاسەتمەداران و یاسادانەران لە کوێوە فەزیلەتیان بەدەستهێناوە؟ ئەفلاتوون بەم جۆرە وەلامی ئەم پرسیارەی دەدایەوە کە لە ڕێگای چالاکی تیۆریی و عەقڵی یا فەلسەفییەوە بەدەستیدەهێنن. بەلام ئەرەستۆ دەڵێ کە دەبێ دەوڵەتشارێکی باش دروستبکەین هەتا هەلومەرج بۆ پەروەردەکردنی ئەندامانی باش و بە فەزیلەت بڕەخسێ.

## ٢- جۆری سیستەمە سیاسییەکان

### زانستی سیستەمە سیاسییەکان

هەروەك بینیمان ئەفلاتوون تەنیا یەك دەوڵەت وەك نموونە بە دەوڵەتی ئیدیال یا دەوڵەتی تەواو دەناسێنێ و پاشان ئەم دەوڵەتە نموونەییە یا دەوڵەتە تەواوە وەك پێوەر و مۆدیل وەردەگرێ و ئینجا جۆرەکانی دیکەی دەوڵەت بەپێی ئەو مەودایەی کە لەگەڵ ئەم نموونە سەرەکییەدا هەیانە وەك جۆرەکانی دەوڵەتی ناتەواو پۆلین دەکات. ئەم شێوازە لەگەڵ لۆژیکی کاری ئەفلاتوون و بنەمای دیدگاکەی ئەودا دەگونجێ. بەلام ئەرەستۆ شێوازێکی جیاوازی هەیە. هەرچەندە ئەرەستۆ بەشێوەیەکی رەها دەوڵەتێك وەك دەوڵەتی ئیدیال دەناسێنێ بەلام بەرووکردنە تۆژینەوە ئەزموونییەکان و راستییە دەرەکییەکان ئەو سیستەمانە دەخاتە بەرباس کە لە هەلومەرجی ئەزموونی تایبەت و لە بارودۆخ و رەوشی جیاوازدا بە سیستەمی ئیدیال دەژمێردرێن.

ئەرەستۆ سەرەڕای ئەوە کە خۆی بە شێوەیەکی رەها سیستەمێکی ئیدیال وەك باشترین سیستەم دەناسێنێ جەخت لەسەر ئەم خاڵەش دەکاتەوە کە ئەم سیستەمە تەنیا لە هەلومەرجی نائاساییدا دێتەدی هەر بۆیە دەبێ ئەو چاکترین سیستەمانە بخرێنە بەر لێکۆڵینەوە کە بۆ



چاکسازیکردن لەو سیستەمانەی ئێستادا وێنا دەکرێن[١]. ئەو لە کتێبی دووهەمی «سیاسەت» دا دەڵێ کە دەیەوێ باس لە هەندێ بابەت بکات وەك جۆری سیستەمەکان، ئەو سیستەمەی کە شیاوی بەدەستهێنانە، سیستەمی باش بەپلەیەك نزمتر لە باشترین سیستەم، ئەو سیستەمەی کە پتر بۆ شارەکان گونجاوە و جۆرەکانی دیکەی سیستەمەکان کە لە ژێر گرووپی سیستەمە دیموکراسی و ئۆلیگارشییەکاندا دەستەبەندی دەکرێن و هەروەها چۆنیەتی ڕێکخستنی دیموکراسییەکان و ئۆلیگارشییەکان و لە کۆتاییدا باس لە هۆکارەکانی مانەوە و لەناوچوونی سیستەمەکان دەکات. بەم جۆرە کتێبی سیاسەت باسێکی تێروتەسەلە لەسەرجۆری سیستەمەکان و سیستەمە ئیدیالەکان لە هەلومەرجی کردەییدا.

ئەرەستۆ لەو باوەڕەدایە کە زانستی سیاسی دەبێ هەم بە شێوەیەکی رەها باس لە باشترین سیستەم و هەم باس لە باشترین سیستەمەکان بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو بکات. چونکە رەنگە باشترین سیستەم بە شێوەیەکی رەها نەیەتەدی. بەڕای ئەرەستۆ نابێ تۆژینەوە بۆ چاکسازیکردن لە سیستەمەکانی ئێستادا بە هەڵواسراویی بهێڵینەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەها بەدوای باشترین سیستەمدا بگەڕێین.

### * چاکترین سیستەم (دەوڵەتی ئیدیال) بە چەمکێکی رەها

دەربارەی ئەو باشترین سیستەمەی کە بەلای ئەرەستۆوە مەبەستە هەندێك ناڕوونی لە کتێبی کۆماریدا هەیە کە ئەمەش بیروبۆچوونی جیاوازی لە نێوان تۆژەراندا دروستکردووە. زۆربەی تۆژەران سیستەمی پۆلیتی بە باشترین سیستەمێك دەزانن کە بەلای ئەرەستۆوە مەبەستە و لە کتێبەکانی حەوتەم و هەشتەمی سیاسەتدا باسیان لێوەکراوە[٢]. بەلام ئەم بۆچوونە لە لایەن هەندێك لە تۆژەرانەوە مشتومڕی لەسەر کراوە کە لەو باوەڕەدان ئەو باشترین سیستەمانەی کە لە کتێبەکانی حەوتەم و هەشتەمی سیاسەتدا باسیان لێوەکراوە لە ڕاستیدا باشترین سیستەمن لە هەلومەرجی دیاریکراو و هەلومەرجی کردەییدا. ئەرەستۆ جۆرێکی دیکە لە باشترین سیستەمی هەیە کە باشترین سیستەمە بە شێوەیەکی رەهاو لە کتێبی سێهەمی سیاسەتدا باسی لێوەکراوە. بەلام ئەرەستۆ بۆ خۆشی دەزانێ کە ئەم سیتەمە لە هەلومەرجی واقیعیدا جێبەجێ ناکرێت.

باشترین سیستەم بە شێوەی رەها هەمان ئەو سیستەمەیە کە لە کتێبی کۆماری ئەفلاتووندا هاتووە. بەم جۆرە دەبینین کە دەربارەی باشترین سیستەم بە شێوەی رەها هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەرەستۆ و ئەفلاتووندا نییە. ناکۆکی لە نێوان بیروبۆچوونەکانی ئەرەستۆ و ئەفلاتوون لەوێوە دەستپێدەکات کە ئەرەستۆ بە هۆی ناکردەیی بوونی ئەم سیستەمە روودەکاتە باشترین سیستەمی کردەیی. باشترین سیستەمی رەها یا سیستەمی باسکراو لە کتێبی کۆماری ئەفلاتووندا سیستەمی پاشایەتییە کە ئەرەستۆ بە سیستەمێکی ئاریستۆکراسی ناوی لێدەبات.

ئەرەستۆ ئەو سیستەمەی کە خەڵك و دەسەڵاتدارەکەی لە باشترینەکانن بە سیستەمی ئاریستۆکراسی ناو دەبات و لە هەمان کاتدا چونکە بە هۆی تاکە کەسێك لە باشترین خەڵکان بەڕێوەدەچێت بەسیستەمی پاشایەتی دادەنرێت. ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای فەزیلەت دامەزراوە. خەڵکی ئەم سیستەمە لە ناخی خۆیاندا باشن لە کاتێکدا لە سیستەمەکانی تر خەڵك بەپێی هەلومەرجی تایبەتی سیستەمەکانیان باشن.

لە باشترین سیستەمی رەهادا فەیلەسووف — شا دەسەلاتی ڕەهای هەیە. یاسا پێویست نییە. ئەم دەسەڵاتدارە وەك فەیلەسووف — شاکەی کتێبی کۆماری ئەفلاتوون دەسەلاتی رەهای هەیە. لێرەدا جیاوازییەکی بچووك لە نێوان ئەرەستۆ و ئەفلاتووندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەرەستۆ دەڵێ دەسەڵاتداران نەك هەردەبێ لە ڕووی فەزیلەتەوە لەسەرووتر بن بەڵکو دەبێ لە سیاسەتی کردەییشدا پسپۆڕ بن.

بۆ سیستەمی ئاریستۆکراسی یا پاشایەتی بەو جۆرەی کە لەسەرەوە باسکرا خەڵکی شار دەبێ لە ڕووی فەزیلەتەوە لە بەرزترین ئاستدا بن و گەشەکردنی هەرچی پتری فەزیلەتی خۆیان لە ملکەچبوون بەرامبەر بە فەیلەسووف — شادا ببینن.

## سیستەمە جیاوازەکان بەگوێرەی هەلومەرجە جیاوازەکان

بەڵام ئەرەستۆ دەڵێ کە سەقامگیرکردنی سیستەمێکی لەو جۆرە بە گەورەبوونی شارەکان ئیدی نایەتەدی. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئەرەستۆ باسی لە باشترین سیستەمی سیاسی کردووە بەبێ ئەوەی هیچ تێبینییەکی پراکتیکی لەبەرچاو بگرێت؟ وەلامەکەی ئەوەیە بۆ ئەوەی واپیشان بدرێت کە ژیانی فەلسەفی باشترین جۆری ژیانە. ئەم سیستەمە لە راستیدا مۆدیلێکە بۆ ژیان. لە راستیدا باسکردن دەربارەی ئەم سیستەمە تەواوکەری باسەکانی دیکەی ئەرەستۆیە لەمەڕ باشترین سیستەمی مومکین.

بەم جۆرە ئەرەستۆ بەسەرنجدان بەوەی کە بەدیهاتنی کۆمەڵگای یۆتۆپیایی (کۆمەڵگای ئیدیال بەدوور لە تێبینییە پراکتیکییەکان) رۆژ بەرۆژ دوورتر دەنوێنێ خەریکی تۆژینەوەی ئەو بنیاتانە دەبێ کە لە جیهانی ئەزموونیدا بە شێوەیەکی رێژەیی بە باش لە قەڵەم دەدرێن.

لێرەدایە کە ئەرەستۆ لە زمانی «دەبێ»کانەوە بەرەو زمانی زەرووەرەت تێدەپەڕێ و بەم پرسیارەوە خەریك دەبێ کە چ جۆرە حکوومەتێك لە هەلومەرجی دیاریکراودا بۆ هەر دەوڵەتشارێك باشە لە تۆژینەوەی ئەم پرسیارەدا سەرنج دەداتە سەر ئەم بابەتە لە شوێنێکدا کە ژمارەی هەژاران ئەوەندە زۆربن کە لە ڕووی چۆنیەتییەوە هاوسەنگی بالا دەستی دەوڵەمەندان بن بە ناچار زەمینەی سەرهەڵدانی دیموکراسی دەڕەخسێ و ئەگەر ئەم هەژارانە کرێکاری رۆژمزبن ئەوا توندڕەوترین دیموکراسییەکان دروستدەبێ. لە شوێنێکدا کە چینی ناوەڕاست لە کۆی



هەردووچینی دەوڵەمەند و هەژار پتر بێت دەتوانین بە سیستەم و حکوومەتێکی سەقامگیر ئومێدەواربین و لە شوێنێکدا کە شار لە کەسانی یەکسان پێکهاتبێ شێوازی دەسەڵاتداریی بە نۆرە بە باشترین سیستەم دادەنرێت.

ئەرەستۆ هەروا بە تێروتەسەلی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەتواندرێ لە هەر رەوشێکی دیاریکراودا و بەسەرنجدان بەپێکهاتەی چینایەتی دەوڵەتشار دەستوورێکی تایبەتی دابنرێت کە خاوەنی زیاترین سەقامگیریی بێت. لە ڕاستیدا لەم بەشەی باسە کەوا ئەرەستۆ جەخت لەسەر هۆکاری مادی دەکاتەوە و لەم پرسە دەکۆڵێتەوە کە دەوڵەتشار لە چ مادەیەك دروستکراوە. واتە جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتە کە لە کۆمەڵگادا چ بەرژەوەندییەکی کۆمەڵایەتی و چ پێکهاتەیەکی چینایەتی و چ داواکارییەکی سیاسی لە ئارادان. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمانە ناتوانین سیستەمێکی دروست لە شاردا بەرپا بکەین. پێکهاتەیەك کە لە رەوشێکی دیاریکراودا دروستە لەوانەیە لە رەوشێکی تردا دروستنەبێت.

### * پۆلێنکردنی سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی

بەسەرنجدانی ئەو تێبینیانەی سەرەوە قازانج و بەرژەوەندی گشتی یەکێك لەو پێوەرانەیە کە دەبێ گرنگی پێبدرێت. ئاستی گرنگیدان بە قازانج و بەرژەوەندی گشتی بە یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکانی حکوومەتی باش لە قەڵەم دەدرێت. لەوانەیە قازانج و بەرژەوەندی گشتی چاکەی رەها نەبێت بەلام لەبەرچاوگرتنی سیستەمەکە لە سیستەمێکی دادپەروەرانە نزیك دەکاتەوە. کەوابوو حکوومەتی نادروست حکوومەتێکە کە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران لەبەرچاو دەگرێت.

ژمارەی دەسەڵاتداران بە پێوەرێکی دیکەی حکوومەت دادەنرێت.

دەسەڵاتداران لەوانەیە لە یەك کەس، چەند کەس یا گرووپێکی زۆر پێکبێن. ئەگەر بێت و بەرژەوەندی گشتی و ژمارەی دەسەڵاتداران پێکەوە لەبەرچاو بگرین دەتوانین سیستەمەکان بەسەر شەش گرووپدا دەستەبەندی بکەین. حکوومەتێك کە قازانج و بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو دەگرێت ئەگەر لە لایەن یەك کەسەوە بەڕێوەبچێت پاشایەتییە، ئەگەر لە لایەن چەند کەسەوە بەڕێوەبچێت ئاریستۆکراسییە و ئەگەر لە لایەن گرووپێکی زۆر لە خەڵك بەڕێوەبچێت ئەوا بە پۆلیتی (جۆرە کۆمارێکی میانڕەو) دادەنرێت.

بەلام ئەو سیستەمانەی کە لە ئاراستەی بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا کاردەکەن، ئەگەر بە هۆی یەك کەس بەڕێوەبچێت تیرانییە (ستەمگەری)، ئەگەر بە هۆی چەند کەسێك بەڕێوەبچێت ئۆلیگارشییە و ئەگەر لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە بەڕێوەبچێت دیموکراسییە.

هەڵبەت ئەم دەستە بەندییە داهێنانی ئەرەستۆ نییە و لەسەردەمی ئەودا ئەم جۆرە دەستەبەندییە باوبووە. بەلام ئەرەستۆ پێوەرێکی دیکە لەسەر هەردوو پێوەری بەرژەوەندی گشتی

و ژمارەی دەسەڵاتداران زیاددەکات کە بریتییە لە سەقامگیری سیستەم. ئەرەستۆ دەڵێ فاکتەرە سەقامگیرەکانی سیستەمیش دەبێ سەرنجیان بدرێتێ. ئەرەستۆ جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە کە دەبێ جیاوازیی بکەین لە نێوان «هاووڵاتی باش» و «مرۆڤی باش»دا. هاووڵاتی باش ئەو کەسەیە کە ئەو ئەرکانە بە دروستی جێبەجێ دەکات کە بۆ هاووڵاتییەك دانراون. ئەو بەم جۆرە یارمەتی مانەوەی سیستەم و دەوڵەتشار دەدات. بەڵام مەرج نییە هاووڵاتی باش مرۆڤێکی باش بێت. تەنیا لە باشترین سیستەمدایە کە مرۆڤی باش و هاووڵاتی باش لەگەڵ یەکدا دێنەوە. ئەم سیستەمەش هەمان سیستەمی فەیلەسووف — شایە کە بەسەر هاووڵاتیانی خاوەن فەزیلەتدا فەرمانڕەوایی دەکات. ئەفلاتوون بەخستنەڕووی پرۆژەی دەوڵەتی یۆتۆپیایی یا دەوڵەتی تەواوی خۆی دەیەوێ ئەم ئیدیالە (لەبەر یەك نانی مرۆڤی باش یا هاووڵاتی باش) بەدی بهێنێ. بەڵام ئەرەستۆ تەنیا دڵ بەرەوشی یۆتۆپیایی خۆش ناکات. کەوابوو لە پاڵ هۆکاری کۆتاییش سەرنج دەداتە سەر مەرجی «مانەوە»ش.

### * چاکترین سیستەم بەسەرنجدان بە هەلومەرجە زاڵەکان

ئەرەستۆ پاش باسکردن لە سیستەمە جۆراوجۆرەکان بەسەرنجدانی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمانە دەگاتە باسکردن لە سیستەمی پۆلیتی (کۆماری) کە بەسەرنجدان بەو هەلومەرجەی لە ئارادایە بە باشترین سیستەم دادەنرێت. لە بەرامبەر سیستەمی پاشایەتی کە بە شێوەیەکی رەها باشترین سیستەمە، سیستەمی پۆلیتی بەسەرنجدان بە مەرجەکانی جێبەجێبوونی بە باشترین سیستەم دادەنرێت. پۆلیتی یا کۆماری لە ڕووی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاوێکە لە دیموکراسی و ئۆلیگارشی و لە کۆمەڵگایەکدا دێتەدی کە تێیدا چینی ناوەنجی لەهەردوو چینی دەوڵەمەند و هەژار زیاتر و بەهێزترە.

ئەم تێبینییەی ئەرەستۆ ئەمڕۆش بەهای زانستی خۆی پاراستووە. لە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆشدا چینی ناوەنجی بە پشتیوانی سەرەکی شێوازەکانی حکوومەتی دیموکراتی دادەنرێت. ئەرەستۆ دەڵێ کە لە سیستەمی پۆلیتیدا پرەنسیپی ئازادی کە توخمێکی حکوومەتی دیموکراتییە لەگەڵ پرەنسیپی ئاستی دارایی کە بەشێکی ئۆلیگارشییە لەگەڵ یەکتردا کۆدەبنەوە. ڕەنگە سیستەمی پۆلیتی لە ئاستی ئامانجەکان نزمتر بێت بەڵام بەسەرنجدانی ئەگەری بەدیهاتن و بەدەستهێنانی بە باشترین جۆری حکوومەت و پەسندترین سیستەم دادەنرێت. پۆلیتی نزیکترین دۆخە لە هۆکاری ڕواڵەتی دەوڵەتشارێکی یۆتۆپیایی، سەرەڕای ئەوەش چاوەڕوانکراوترین شێوازێکە کە کۆمەڵگایەکی مێژوویی و راستەقینە دەتوانێ هەوڵ بۆ بەدیهاتنی بدات.

ئەرەستۆ لە کتێبی رەوشتی نیکۆماخۆسیدا کە ناوەڕۆکەکەی باسی لە بنەما ئەخلاقییەکان دەکات لە ڕێگایەکی دیکەوە دەگاتەوە ئەم خاڵە کە: میانڕەویی بە پێداویستییەکی فەزیلەت



دادەنرێ و بۆ هاووڵاتی پەیڕەویکردن لە ڕێسای ناوەنجێتی (میانڕەویی) باشترین پێوەرە بۆ چاکە و خراپە و هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان. ئەگەر شێوازی ئیدیال لە ژیانی تاکە کەسی پەیڕەوییکردن لە ڕێسای میانڕەویی بێت ئەوا لە شێوازی ژیانی گرووپیشدا (سیستەمی دەوڵەتشار) هەر ئەم ڕێسایە بە شێوازی ئیدیال دادەنرێت.

بەڕای ئەرەستۆ باشترین یاسادانەران لە چینی ناوەنجییەوە دێن. چینی ناوەنجی رەفتار و هەڵسوکەوتی هەردوو چینی دەوڵەمەندان و هەژارانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. هەم وەك دەوڵەمەندان ئاشنایەتییان لەگەڵ شێوازی فەرمانکردندا هەیە و هەم وەك هەژاران بە فەرمانبردن راهاتوون. لە کاتێکدا دەوڵەمەندان لە فەزیلەتی فەرمانبردن و هەژاران لە فەزیلەتی فەرمانکردن بێ بەهرەن. توانایی فەرمانبردن و فەرمانکردن بە شێوەی هاوکات بە یەکێك لە سیفەتە باشەکانی هاووڵاتی دادەنرێت. لە سیستەمی پۆلیتی، هەروەك ئەرەستۆ مەبەستیەتی، هاووڵاتیان بە نۆرە فەرمانڕەوایی دەکەن. بەم خەسڵەتانەوە پۆلیتی لەگەڵ پێوەرێکی تردا کە بریتییە لە سەقامگیری دەگونجێ. ئەرەستۆ لە کتێبەکانی پێنجەم و شەشەمی سیاسەت پاش تۆژینەوە لە هۆکاری شۆڕشەکان باس لە هەلومەرجەکانی ژیانێکی سیاسی هاوسەنگ دەکات. بەڕای ئەو بوونی چینێکی ناوەنجی بە ژمارە زۆر بە مەرجی سەرەکی سیستەمێکی هاوسەنگ و سەقامگیر دادەنرێت. کاتێك کە لە دەوڵەتشارێکدا ژمارەی دەوڵەمەندان کەمبن و ژمارەی هەژاران زیاتربن ئەوا ئەگەری دوو حاڵەت لە حاڵەتەکانی دیکە زیاترە، حاڵەتێکیان ئەوەیە کە دەوڵەمەندان زاڵبن و هەژاران تالانبکەن، حاڵەتی دیکەش ئەوەیە کە هەژاران بەسەر دەوڵەمەنداندا زاڵبن و تالانیانبکەن، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگا سەقامگیر نابێت.

بەسەرنجدانی ئەم تێبینیانە ئەرەستۆ رەوشێکی تایبەتی بۆ هاووڵاتی کۆمارەکەی خۆی بە ئیدیال دەزانێ. هاووڵاتی پۆلیتی کەسێکە کە ئاستێکی دیاریکراوی دارایی هەبێت. ئەم هاووڵاتییە نابێ بەکاری پیشەوەریی و کشتوکاڵییەوە خەریکبێت هەتابتوانێ هەموو کاتی خۆی بۆ بەدەستهێنانی فەزیلەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتشار تەرخانبکات. لە راستیدا چەمکی هاووڵاتی لەگەڵ دۆخی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی شاردا پێناسە دەکرێت. بەم جۆرە پیشەوەران، جووتیاران، ژنان و بیانییەکان بە هاووڵاتی ناژمێردرێن.

## ٣- دادپەروەری، یەکسانی، دیموکراسی

### ئەرەستۆ و پرسی هەمووارکردنی ماڵ و سامان

بەسەرنجدان بەو شتانەی کە دەربارەی ڕۆڵی پۆزەتیڤی چینی ناوەنجی گوترا بۆ سەقامگیریی سیستەم و هەلومەرجی جێگیرکردنی سیستەمی پۆلیتی وەك باشترین سیستەمێك کە شیاوی بەدەستهێنانە وادێتە پێش چاو کە ئەرەستۆش دەبێ هەروەك ئەفلاتوون پشتگیری لە پرۆژەی هەمووارکردنی ماڵ و سامان بکات لە کۆمەڵگادا، بەڵام وەهانییە. ئەرەستۆ وێڕای باسکردن لە هەلومەرجی جێگیرکردنی سیستەمێکی سەقامگیر بە پاڵپشتی چینی ناوەنجی خوازیاری ئەوە نییە کە دەوڵەت لە ڕێگای یاسادانانەوە سامان و دارایی هەمواربکات. ئەو نەهێشتنی جیاوازیی لە ئاستی دارایی بۆ کۆمەڵگا بە زیانبار دەزانێ و لەو باوەڕەدایە کە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ماڵ و سامان بە پاڵنەرێکی گرنگ دادەنرێت بۆ هەوڵ و کۆششی مرۆڤ. ئەرەستۆ لەو باوەڕەدایە کە تەماحکاری دەبێ لە ڕێگای پەروەردەوە کۆنترۆڵ بکرێت نەك لە ڕێگای ڕێکوپێك کردنی پێوەندییە ئابوورییەکان[٣].

### * بۆچوونی ئەرەستۆ لەمەڕ دیموکراسی

ئەرەستۆش هەروەك ئەفلاتوون پێوەندییەکی باشی لەگەڵ حکوومەتی دیموکراسیدا نەبوو. ئەمە وێڕای ئەوەی کە دەربڕی تێڕوانینی ئاریستۆکراتیانەی ئەرەستۆیە بۆ دوو هۆکاری دیکەش دەگەڕێتەوە. هۆی یەکەم کە هۆیەکی سادە و سەرپێیە بۆ کەموکوورییەکانی دیموکراسی دەگەڕێتەوە.

دیموکراسییەکان لەو سەردەمەدا هەندێ خاڵی نیگەتیڤیان لێ بەدەرکەوتبوو کە بریتیبوون لە ناسەقامگیریی، بشێویی و پاشاگەردانی و بێ توانایی دیموکراسییەکان بۆ بەرگرییکردن لە گەیشتنی خەڵکفریودەران بە پلە و پایە بەرزەکانی دەسەڵات. ئەمە بابەتێك بوو کە ئەفلاتوونیش ئاماژەی پێکردبوو. بەڵام جگە لەو زیانانەی کە دیموکراسی بەدەستیانەوە دەیناڵاند (وئێستاش بەدەستیانەوە دەناڵێنێ) بۆچوونی ئەرەستۆ و ئەفلاتوون بۆ تێڕوانینێکی گشتیتر و قووڵتر دەگەڕێتەوە و دەبێ لەم بەشەدا هۆکاری سەرەکی دژایەتیکردنی ئەوان لەگەڵ دیموکراسیدا بدۆزینەوە. لە دیدگای ئەفلاتوون و ئەرەستۆ وەك هەمموو تێڕوانینەکانی چاخی پێش مۆدێرن فەزیلەت بەپلەی یەکەم ئامانجی ژیان بوو نەك ئازادی. ئەو ناکۆکییەی کە لە نێوان فەزیلەت لە لایەکەوە و ئازادی لە لایەکی دیکەوە لە ئارادا بوو هزرڤانانی جیهانی کۆنی بەرەو ئەوە پاڵ پێوەدەنا کە بە قازانجی فەزیلەت چاوپۆشی لە ئازادی بکەن. بەتایبەت بە سەرنجدانی ئەو بنەمایە کە تێڕوانینی پێشینان بۆ فەزیلەت پێوەندی بە بەختەوەری گرووپی یا بەختەوەری کۆمەڵێك



دەوڵەتشار یا نەتەوەیەکەوە هەبووە. بەسەرنجدان بەوەی کە یۆنانییەکان پێوەندی نێوان تاك و دەوڵەتشار یا تاك و کۆمەڵیان بە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی دەبینی (بەو جۆرەی کە لەمەوبەر باسکرا) بەختەوەری تاك و بەختەوەری کۆمەڵگاشیان لە پێوەندییەکی ئۆرگانیکیدا دەبینی. هەروەك لە داهاتوودا دەبینین لەسەردەمی نوێدا ئەم تێڕوانینە کەوتە بەر ڕەخنە و ئازادی تاکە کەسی و بەختەوەری تاکەکەسی لەسەرووی بەختەوەری گرووپییەوە دانران و وا وێناکرا کە بەختەوەری گرووپی بەختەوەری یەکە یەکەی تاکەکانە.

لەو ناکۆکییەی کە لە نێوان فەزیلەت و ئازادی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دەبینرا ئەرەستۆش وەك زۆربەی هزرڤانانی جیهانی کۆن لایەنی فەزیلەتی دەگرت، وێڕای ئەوەی کە فەزیلەت بە بنەمایەکی پەروەردەیی و دروشمێکی ئاریستۆکراتی کۆن دادەنرا.

ئەرەستۆش وەك هەمموو هزرڤانانی بەر لە چاخی مۆدێرن لە فەزیلەتدا بەدوای ئامانجی ژیان دەگەڕا نەك لە ئازادی کە یەکێك لە دروشمە سەرەکییەکانی دیموکراسی بوو[٤].

بەڵام فەزیلەت پێویستی بە پەروەردە و فێرکردن هەیە واتە فۆرم بەخشین بە کەسایەتی و نەریت کە ئەمەش پێویستی بە دەرفەت هەیە کە بەش بەحاڵی خۆی ئاستێك لە دارایی و جۆرێك لەکاری دەوێ کە لەگەڵ دەرفەتدا بگونجێ. بەڵام دیموکراسی لەسەردەمی ئەرەستۆ چۆن دەتواندرێ وێنابکرێت جگە لە حکوومەتی زۆرینەی نەخوێندەوار بەم جۆرە دەبینین کە ئەرەستۆ پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دیموکراسیدا نەبووە.

### * کۆیلەداری و سیستەمی دادپەروەری

ئەرەستۆ پاساوی عەقڵانی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی — ئابووری سەردەمی خۆی دەهێنێتەوە. هەروەك ئاماژەی پێکرا سیستەمی کۆمەڵایەتی — ئابووریی یۆنانی کۆن لەسەر بنەمای کۆیلەداری بنیاتنرابوو. کۆیلەکان کە زۆرینەی توێژی بەرهەمهێنەریان پێکدەهێنا لەهەر چەشنە مافێکی سیاس بێبەشبوون. لە جیهانی کۆندا کۆیلەکانیان لە ریزی ئامراز دادەنا و بۆ پێناسە کردنیان زاراوەی «ئامرازی قسەکەر» یان بەکار دەهێنا.

واتای ئەم پێناسەیە ئەوەیە کە کۆیلە شتێکی هاوشانی ئامرازە، وەك پاچ و گاسن بەو جیاوازییە کە توانای قسەکردنی هەیە.

ئەفلاتوون سیستەمی کۆیلەداری هەند بەڕەوا و سەلمێنراو دەزانێ کە تەنیا بە شێوەیەکی سەرپێی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. بەڵام ئەرەستۆ سەرەڕای ئەوەی کە ئەم سیستەمە بە سروشتی لە قەڵەم دەدات پاساوی عەقڵانیشی بۆ دەهێنێتەوە. بالاّ دەستی عەقڵ بە بنەمای بیرکردنەوەی ئەرەستۆ بۆ پاساوهێنانەوەی سیستەمی کۆیلەداری دادەنرێت. هەروەك بینیمان

ئەرەستۆ بەدەستهێنانی بەرزترین توانای عەقڵانی و گەشەکردنی فەزیلەت بە ئامانجی ژیانی دەوڵەتشار دادەنێت. باڵادەستی بەشی عەقڵانی توخمێکی سەرەکی شێوازی بیرکردنەوەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و گەلێك لە هزرڤانانی جیهانی کۆن بووە. جگە لەمەش ئەرەستۆ بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکانی لە ڕووی توانای عەقڵانییەوە بە جیاواز زانیوە. هەروەك چۆن لەتاکدا دەبێ بەشی ڕۆح و عەقڵ بەسەر جەستەدا فەرمانڕەوایی بکات لە کۆمەڵگاشدا فەرمانڕەوایی ئاوەزمەندەکان (عاقڵەکان) بەسەر ئەو کەسانەی کە توانایی عەقڵییان کەمترە، بەڵام توانای جەستەییان پترە بەشتێکی سروشتی و پێویست دادەنرێت و لەبەرژەوەندی کۆمەڵگادایە. بەرژەوەندی کۆیلەکان لەوەدایە کە سوود لە توانای عەقڵی کۆیلەدارەکان وەربگرن هەروەك چۆن بەرژەوەندیی کۆیلەدارەکان لەوەدایە کە سوود لە کاری جەستەیی کۆیلەکان وەربگرن. ئەم دۆخە دابەشکارییەکی سروشتییە و لەگەڵ بەرژەوەندی هەمووواندا یەکدەگرێتەوە. یەکسانی نێوان کۆیلە و ئازاد پێچەوانەی دادپەروەرییە. یەکسانی بریتییە لە هەڵسوکەوتی یەکسان لەگەڵ کەسانی وەك یەك. بەڵام لەو شوێنەی کە تاکەکان بە شێوەیەکی سروشتی هەندێکیان لەسەرووی ئەوانی ترەوەن لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی یەکسانی بە نادادپەروەری و نایەکسانی لە قەڵەم دەدرێت. بەهەرحاڵ پێشینان دادپەروەرییان بەوە زانیوە کە هەرشتێك لە جێگای خۆیدا بێت. ئازادەکان لەجێی خۆیاندا بن، کۆیلەکانیش لەجێی خۆیاندا بن.

هەڵبەت ئەم وتەیەی ئەرەستۆ لەگەڵ راستییە دەرەکییەکاندا یەك ناگرێتەوە. لە ئەسینا کۆیلەی وا هەبوون کە گەلێك لە کۆیلەدارەکان بەهرەدارتر بوون. ئەرەستۆش بۆ خۆی ئەم راستییەی دەزانی. لەم حاڵەتەدا ئەرەستۆ دەیگوت راستە کە هەندێ کەس لە ڕووی جەستییەوە ئازادن، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە لە ڕووی رۆحیشەوە ئازاد بن و بەپێچەوانەوە.

بە بۆچوونی ئەرەستۆ بوونی سیستەمی کۆیلەداری بۆ کۆمەڵگا بە پێویست دادەنرێت، چونکە بوونی کۆیلەکان ئەم دەرفەتە بۆ ئازادەکان دەڕەخسێنێ تا بەدوور لە کارە قورسە جەستەییەکان گەشە بە فەزیلەتە رەوشتی و ئاوەزییەکانی خۆیان بدەن و دەوڵەتشار بەڕێوەببەن. ئەرەستۆ لەو باوەڕەدا نەبوو کە کۆیلەکان لە هەموو فەزیلەتێك بێبەش بن بەڵکو ئەوانی لە ڕووی فەزیلەتەوە بەنزمتر لە کۆیلەدارەکان دەزانی.

چونکە زۆربەی کۆیلەکان بە هۆی سەرکەوتنی لایەنی بەرامبەر لە جەنگدا تووشی کۆیلەیی دەهاتن ئەم پرسیارە دەهاتە گۆڕێ کە سەرکەوتن لە جەنگ چ پێوەندییەکی بە باڵادەستی سروشتییەوە هەیە؟ ئایا ئەو کەسانەی کە لە جەنگدا سەردەکەون لە ڕووی سروشتییەوە لە شکست خواردووەکان باڵادەستترن. لە رواڵەتدا وا دیارە کە ئەرەستۆش وەك گەلێك لە لایەنگرانی سیستەمی کۆیلەداری لەو باوەڕەدا بووە کە دەسەڵات و زاڵبوون لە جەنگدا پشت بە باڵا دەستییەکی دەروونی دەبەستێ. ناتوانین دەسەڵاتی رواڵەتی بە دوور لەهەر توخمێکی باش بزانین.



بەڵام دەتوانین بەم جۆرە رەخنە لەم بەڵگەهێنانەوەیە بگرین و بڵێین ئەگەر ژێرکەوتووانی مەیدانی جەنگ شیاوی کۆیلەیی بن ئەی منداڵەکانیان لەسەر چ بنەمایەك دەبێ کۆیلە بن؟ ئایا ئەوان مافی ئەوەیان نییە کە ئازاد بن و هەردەبێ بە کۆیلەیی بمێننەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڵگەهێنانەوەی ئەرەستۆش وەك بەڵگەهێنانەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی کە لایەنگری لە سیستەمێکی تایبەتی دەکەن زۆر سەرپێیە. لە کۆتاییدا ئەرەستۆ هیچ شتێکی تری نییە جگە لەوەی کە بڵێ «بیانی دەبێ هەمیشە خزمەتی یۆنانی بکات. ئێمە ئازادین و ئەوان کۆیلەن»[٥].

## پەراوێزەکان

1- Anne Alexander, “The Best Regims of Anistotle’s Politics, “History of Political Thought. Vol XXI. No2 Summer 2000 PP 184-216.

2- Thomas Lindsay, “The God-Like Man Versus The “Best Laws” The Review of Politics, Vol 53 (1991) PP 488-509.

– W.R. Newell. “SuperLative Virtue: The Problem of Monarchy in Aristot Le’s Politics” Western Quarterly, 40 (1987), PP 159-78.

٣- رجوع کنید به اریك لیومان، تاریخ عقاید سیاسی، ترجمە: سعید مقدم، تهران، نشردانش، ١٣٨١، ص٣٨.

٤- لئو اشتراوس، فلسفه سیاسی چیست، ترجمە: فرهنگ رجایی، نشر علمی و فرهنگی، ١٣٧٣، ص٤٠.

٥- تئودورگمپرتس، متفکران یونان، ترجمە: محمد حسن **لطفی**، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٧٥، ج سوم، ص١٥٦٧.

# بەشی دووەم

## تێپەڕبوون لەسەردەمی دەوڵەتشاریی بەرەو سەردەمی دەوڵەتی جیهانی، هزری سیاسی لەسەردەمی هیلینیزم و دەوڵەتی ڕۆمی

## بەشی ٥ کۆتایی فەلسەفەی دەوڵەتشاریی و سەرەتای هزری جیهان نیشتمانی

### تاك و دەوڵەتشار

هەروەك گوتمان هزری سیاسی لە یۆنانی کۆن و لەسەردەمێکدا کە لە رۆژئاوا بەسەردەمی کلاسیك بەناوبانگە لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ ژیانی دەوڵەتشاریی، سیستەمی دەوڵەتشاریی و دامەزراوەکانیدا لە پێوەندیدایە. هزرڤانانی یۆنانی کۆن و هەرە گەورەکانیان وەك ئەفلاتوون و ئەرەستۆ فەلسەفەی سیاسی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ سەرەکیترین پرسەکانی سەردەمی دەوڵەتشاریدا خستەڕوو . بەدەستپێکردنی داگیرگاریی ئەسکەندەر سەردەمی دەوڵەتشاریی کۆتایی پێهات و ژیانێکی نوێ دەستیپێکرد. رووخانی ژیانی دەوڵەتشاریی بووە هۆی گۆڕانکارییەکی مەزن لە ژیانی سیاسی و رەفتاری سیاسیدا.

لەسەردەمی دەوڵەتشاریدا فەزیلەتی شارستانی گەیشتە لووتکەی خۆی. تاك خۆی لە گرووپ جیانەدەکردەوە. هیچ جیاوازییەك لە نێوان رەوشتی تاکە کەسی و رەوشتی سیاسیدا نەبوو. هەر یۆنانییەکی ئەندامی دەوڵەتشار زیاتر لە دوو حاڵەتی لەبەردەمدانییە. یان یاسای دەوڵەت لەگەڵ بەرزترین پێوەرەکانی ژیانی مرۆییدا دەگونجا کە لەم حاڵەتەدا رەوشتی تاکەکەسی و رەوشتی سیاسی دەبوونە یەك و بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕانەوە: یاسای دەوڵەتشار. لەم حاڵەتەدا یاسای شار بە تەواوی لەگەڵ یاسای سروشتیدا سازگار بوو. حاڵەتی دووهەم ئەوە بوو کە یاسای شار لەگەڵ بەرزترین پێوەری ژیان و سیستەمی سروشتدا نا سازگار بێت. لەم حاڵەتەدا تاك لە هەموو پاڵپشتێك بێبەش دەبوو. لە ئەنجامدا گێژاوێك لە نێوان یاسای سروشت و یاسای شار لە لایەکەوەو تاك و گرووپ لە لایەکی ترەوە دروست دەبوو. لەسەردەمی گەشە کردوویی ژیانی دەوڵەتشارییدا تێڕوانینی یۆنانی بۆ دەوڵەت لەسەر بنەمای پێوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ بوو نەك پێوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدار، چونکە هاووڵاتی یۆنانی خۆی بە بەشێکی جیانەکراوە لە سیستەمی شار دەزانی. لە تێڕوانینی یۆنانیدا دەسەڵاتی کۆتایی بۆ یاسا دەگەڕایەوە نەك بۆ کەسەکان و سیستەمی بنیاتنراو لەسەر یاسای سروشتی پێوەندی نێوان تاکەکانی دیاریدەکرد. فۆرمە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتیش بە شێوازەکانی چۆنێتی بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵ لە قەڵەم دەدران.

لە هزری سیاسی سەردەمی دەوڵەتشاریدا دەگوترا کە مرۆڤ تەنیا لە کۆمەڵگادا دەتوانێ بگاتە لووتکەی خۆی. دەوڵەتشار بە شوێنێکی گونجاو بۆ توانای سروشتی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرا



بۆ بەدەستهێنانی زانست و گەیشتن بە فەزیلەت. لە دەوڵەتشاردا کە هەمووان یەکتریان دەناسی و بە شێوەیەکی بەرامبەر یەکتریان کۆنترۆڵ دەکرد زەمینە بۆ بەدەستهێنانی فەزیلەتەکان لەباربوو. ئەگەر لە دەوڵەتشاردا نەبێ ڕەنگە مرۆڤ نەتوانێ بەرهەڵستی خواستە جەستەییەکانی بکات. بەم جۆرە دەگوترا کە بەدیهاتنی تەواوی مرۆڤایەتی تاك تەنیا بە هاووڵاتیبوونێکی ئەکتیڤ و بەشداری چالاکانە لە کاروباری گشتیدا مەیسەردەبێ. هاووڵاتی باش هاووڵاتی چالاکە. سیاسەت و کاروباری گشتیش گۆڕەپانێکە کە تێیدا گەشەکردنی مرۆڤ لە بەرزترین ئاستدا ئەنجامدەدرێ. بەم جۆرە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بگاتە بەرزترین پلەی پێگەیشتوویی دەبێ لە باشترین جۆری کۆمەڵگادا بژی کە بەرەو گەشەکردن رێنوێنی بکات.

بەرووخانی سیستەمی دەوڵەتشاریی و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆرییە جیهانگیرەکان هەموو شتێك گۆڕاو رەوشت و هزرێك گەشەیکرد کە رێك بەپێچەوانەی بەهاکانی سەرەوە بوون.

### بەرەو چاخی هیلینیزم

بەڕووخانی ژیان و شارستانیەتی سەردەمی دەوڵەتشاریی چاخێکی نوێ لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگی رۆژئاوا دەستیپێکرد کە بە چاخی هیلینیزم بەناوبانگە. ئەو چاخەی کە بە چاخی هیلینیزم بەناوبانگە لە کاتی مەرگی ئەسکەندەرەوە هەتا لکاندنی میسر بە ئیمپراتۆری رۆم بەردەوامدەبێت. بەم جۆرە ئەو سەردەمەی کە لەدەیەی سێهەمی سەدەی چوارەمی بەر لە زایین دەستپێدەکات و سێ دەیە بەر لە دەستپێکردنی زایینی مەسیح کۆتایی پێدێت بە چاخی هیلینیزم بەناوبانگە. ئەم چاخە بە قۆناغێکی تێپەڕبوون لە یۆنانی کۆنەوە بەرەو جیهانی مەسیحییەت ناسراوە. تۆژەران شوناسێکی تایبەتییان بەم چاخە بەخشیوەو بە سەردەمی هیلینیزم ناوزەدیان کردووە. ئەم سەردەمە لە ڕووی هزری سیاسییەوە خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە کە بابەتی باسی ئەم بەشە لە کتێبەکە پێکدەهێنێ. سەردەمی هیلینیزم هاوکاتە لەگەڵ حکوومەتەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشایانی مەکدۆنیا و پەرەسەندنی فەرهەنگی یۆنانی بەرەو رۆژهەڵات، تێکەڵ بوونی فەرهەنگی رۆژئاوایی لەگەڵ توخمەکانی فەرهەنگی رۆژهەڵاتی و سەرهەڵدان و شکۆمەندیی و لەناوچوونی دەوڵەتی رۆم.

بەدرێژایی ئەم سەردەمە لە پانتاییەکی گەورەی جیهان لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا لە نێوان چینە بەرزەکاندا هەندێ رەهەندی کەلتووری یۆنانی و تەنانەت شێوەزارێك لە یەکێك لە زمانەکانی یۆنان لە برەودابوو. ئیدی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بۆ تاکی دوورکەوتوو لە

جیهانی دەوڵەتشار واتایەکی ئەوتۆی نەبوو. پێویستی پێوەرە نوێیەکان بۆ ژیان گەشەی کردبوو. هەندێ فەلسەفەی وا سەریان هەڵدا کە بە پلەی یەکەم دەتوانین بڵێین فەلسەفەی ئەخلاقی بوون و خەڵکیان فێری ئەوە دەکرد کە پتر لەهەر شتێك بەدوای بەدەستهێنانی شادی، ئارامی ڕۆح و دوورکەوتنەوە لە ڕەنج و ئازار بن. یەکێك لەم قوتابخانانە قوتابخانەی سینیسیزم (کلبی) بوو کە لە لایەن (دیۆژانۆس)ەوە بنیاتنرابوو. دیۆژانۆس خەڵکی بۆ پشت بەخۆ بەستنێکی سەرەتایی و بەلاوەنانی هەموو ڕازاوەیی و خۆشییەکانی ژیان ئامۆژگاریی دەکرد.

لە بۆچوونی توندڕەوانەی ئەم قوتابخانەیە ڕێبازی گومانگەرایی سەری هەڵدا کە گومانیان لە هەموو شتێك و هەموو زانستێك دەکرد و سەرئەنجام گەیشتە پووچگەرایی تەواو. دوو قوتابخانەی هزریی دیکە بریتیبوون لە قوتابخانەی ئیپیکوری و قوتابخانەی هەیوانی (ڕەواقی) کە ئەوانیش لەجیاتی گەڕان بۆ دۆزینەوەی ڕاستی، فێرکردنی تاکیان کردە بەرنامەی کاری خۆیان بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی تاکە کەسی. ئێمە لە داهاتوودا پتر باس لە هزری سیاسی پەیوەست بەم دوو قوتابخانەیە دەکەین. بەگشتی خاڵە بەرجەستەکانی سەردەمی هیلینیزم (ڕێك بەرامبەر بە سەردەمی دەوڵەتشاریی) بایەخدانە بەرەوشتی تاکە کەسی و بەختەوەریی تاکەکەسی.

## ١- قوتابخانەی ئپیکوری

### گۆشەگیری لە سیاسەت

### چێژخوازی

قوتابخانەی ئیپیکوری یەکێکە لە دوو قوتابخانە گەورەکەی سەردەمی هیلینیزم. دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە فەیلەسووفێکی یۆنانی خەڵکی (سامۆس)ە کە لە نێوان ساڵانی ٢٧٠-٣٤١ ب. ز دەژیا. ئیپیکور خوێندنگەیەکی لە ئەسینادا دامەزراند و بە پەروەردەکردنی قوتابیان و پەرەپێدانی بیروباوەڕەکانی خۆیەوە خەریکبوو. لە خوێندنگەکەی ئیپیکوردا بەپێچەوانەی خوێندنگەکانی تر ژنانیش وەك پیاوان خەریکی خوێندن بوون. ئیپیکور بە هۆی بیروباوەڕ و فێرکراوەکانییەوە نازناوی ڕزگاری بەخشی ڕۆحی پێدرابوو.

بۆچوونی فەلسەفی ئیپیکور پتر بایەخ بە ئەخلاق دەدات. ئەو، تۆژینەوەیەکی بەرچاوی لە بواری فیزیاشدا هەیە کە ئەویش هەر بە مەبەستی دۆزینەوەی بنەما ئەخلاقییەکان ئەنجامدراون. لە فیزیادا تیۆری ئاتۆمی دیمۆکریتۆس/ Demokritos (٤٦٠-٣٧٠ ب.ز) بنەمای بیرکردنەوەی



ئیپیکور پێك دەهێنێ. هەموو تۆژینەوەکانی ئیپیکور بایەخیان بە بنەمایەکی ئەخلاقی دەدا کە دەتوانین بە ((ئارامی زەین)) ناوی ببەین. ئیپیکور دەیگوت هەست پێوەری مرۆڤە بۆ دیاریکردنی چاکی و خراپی شتەکان. بەڕای ئەو چێژ سەرەتا و کۆتایی ژیانە. چێژ بە یەکەمین خێر و خێری سروشتی دادەنرێت. هەر هەڵبژاردن و وێناکردنێك لێرەوە دەستپێدەکات. هەرچەندە هەر چێژێك لە ناخی خۆیدا باشە بەلاّم مرۆڤ هەموو چێژێك هەڵنابژێرێت، چونکە گەلێك لە چێژەکان بە هۆی ئەو شتانەوە بەدەستدێن کە ئازارێکی زیاتری بەدواوە دەبێت. دەرککردنی دروستی چێژ ڕێگای دروستی ژیانمان پیشاندەدات. بەبێ ژیانێکی ئاوەزمەندانە ناتوانین ژیانێکی چێژ بەخشمان هەبێت.

گەلێك لە تۆژەران قوتابخانەی ئیپیکور بە ((قوتابخانەی چێژخوازی)) Hedonistic لە قەڵەم دەدەن. بەلاّم ژمارەیەکی تر لە تۆژەران ئەم لێکدانەوەیە پەسندناکەن. ئەم تۆژەرانە دەڵێن ئەو چێژەی کە بەلای ئیپیکورەوە مەبەستە پتر لەوەی کە چێژخوازییەکی چالاك بێت دوورکەوتنەوەیە لە ئێش و ئازار. ئیپیکور لە ناو ئارامی زەیندا بەدوای چێژ و بەختەوەری دەگەڕاو بەم جۆرە نەهێشتنی نیگەرانی و نائارامی زەین تەوەرەی بایەخی ئەوبوو.

دیدگای ئیپیکور لە ڕووی بوونناسییەوە ماتریالیستی (مادە گەڕایانە) بوو. بەلاّم سەرەڕای ئەمەش نکۆڵی لە بوونی خودایان نەدەکرد، بەڵکو ئەوانی لە جیهانی مرۆڤەکان دوور دەخستەوە و بۆچوونی ڕەشۆکیانەی ئەو سەردەمەی ڕەتدەکردەوە کە دەیگوت گوایە خوداکان بەرامبەر بە هەندێ کەس میهرەبانن و بەرامبەر بە هەندێکی تر دڵڕەقن و بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایی دەکەن. قوتابخانەی ئیپیکور تا سەدەی چوارەمی زایینی لایەنگری هەبوو و لە نێو قوتابییەکانیدا بەردەوام بوو.

لوکورتیۆس شاعیری بەناوبانگی ڕۆم لە شیعرەکانی خۆیدا باسی بیروبۆچوونەکانی ئەو دەکات. تایبەتمەندیی بەرجەستەی ئیپیکورییەکان بریتییە لە گۆشەگیریی لە جیهان و لەخۆدا نوقمبوون کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کەنارگیریی لە سیاسەت.

*** قوتابخانەی ئیپیکوری، سوود گەرایی و گرێبەستگەرایی**

هەرچەندە قوتابخانەی ئیپیکوری بانگەشەی بۆ دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و بەگشتی کەنارگیریی لە پرسەکانی جیهان دەکرد، بەلاّم هەندێك ڕەهەندی هزری ئیپیکوری لە بواری هزری سیاسیدا پێگەیەکی مێژوویی بایەخداری هەیە. لەم ڕەهەندانە دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونی سوودگەرایی و گرێبەستگەرایی بکەین، کە هەروەك لە داهاتوودا دەبینین، لەسەردەمێکی گرنگی

گەشەکردنی هزری سیاسیدا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە. قوتابخانەی ئیپیکوری لەشێوازە بەرجەستەکانی قوتابخانەی ماتریالیستییە و ئەفلاتوون ماتریالیزمی بە بناغەی بیروباوەڕی گرێبەستگەرایی دەزانی. بەڵگە هێنانەوەی ئیپیکور دەربارەی پرەنسیپی سوودگەرایی بەم جۆرەیە: بۆ ئەوەی کە بزانین چ شتێك باشە دەبێ بزانین چ شتێك سەربەخۆ و بەدوور لەهەر بیروباوەڕێك و بەتایبەت سەربەخۆ لە هەر گرێبەستێك هەست بەچاك بوونی دەکرێت. ئەو شتەی کە لە بنەڕەتدا باش بێت بەر لەهەر لێکدانەوە، بیرکردنەوە، ناچارکردن و ڕێککارییەك دەبێ باش بوونەکەی ئاشکرا بێت. ئەگەر بە جوانی سەیر بکەین دەبینین کە شتی چێژبەخش تەنیا شتێکە کە بەو واتایە بە چاك لە قەڵەم دەدرێت. چێژ تەنیا شتێکە کە باش بوونەکەی بەبێ هۆ هەستی پێدەکرێت. کەوابوو چێژی جەستەیی یەکەمین چێژە. ژیریی، خۆش ڕەفتاری و ئازایەتی بە هۆی ئەنجامە سروشتییەکانی خۆیان چێژبەخشن، بەڵام دادپەروەریی بە هۆی گرێبەست و ئەو چاوەڕوانییەی کە لێی دەکەین لەوانەیە چێژبەخش بێت.

ئیپیکورییەکان ژیانی سیاسییان بە بارێك دەزانی لەسەرشانی تاك و لەو باوەڕەدا بوون کە مرۆڤی ژیر بەشداری لە سیاسەت ناکات، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێت کە بەرژەوەندییەکانی بەو جۆرە بخوازێت. ئەوان خەڵکیان فێردەکرد کە ملکەچی هەر حکوومەتێك بن کە ئاشتی و ڕێکوپێکی بەرپابکات. ئەوان جیاوازییان لە نێوان تاکڕەویی شایستە و دیموکراسیدا نەدەکرد.

## ١- قوتابخانەی هەیوانی (ڕەواقی)؛

### دەوڵەتی جیهانی، هاووڵاتی جیهانی

### فەلسەفەی هەیوانی

فەلسەفەی هەیوانی باوترین و دەستڕۆترین فەلسەفەی سەردەمی هیلینیزم بووە. ئەم فەلسەفەیە لەسەردەمی خۆیدا پتر لە فەلسەفەی ئیپیکوری کاریگەریی لەسەر بواری هزری سیاسییدا هەبووە. فەلسەفەی هەیوانی لە لایەن هزرڤانێکی فنیقییەوە بەناوی (زنۆ) لە ئەسینا دامەزرا. هەیوانییەکان تیۆری هێراکلیتۆس لەمەڕ ((لۆگۆس)) یان (کە لەمەو پێش باسی لێوەکراوە) کردە بناغەی جیهانبینی خۆیان. لە فەلسەفەی هەیوانیدا ((لۆگۆس)) بە سروشت یا چارەنووسێك لێکدرایەوە کەوەك یاسایەکی ئەزەلی و هەتایی بەسەر هەموو جیهانی گەردوون و گەندەڵیدا زاڵە. لە ڕاستیدا لۆگۆس بە ڕۆحی مادیی کاریگەر و گشتگیری جیهان لە قەڵەمدرا.



ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هزری هەیوانی، لەوانەش فەلسەفەی ئەخلاق و تیۆری جیهان نیشتمانیی هەیوانییەکان لەم جیهان بینییەوە وەرگیراون. هزری مەزنی برایەتی جیهانی بە بیروباوەڕێکی گرنگی فەلسەفەی هەیوانی دادەنرێت. فەلسەفەی هەیوانی کە هەندێ جاریش وەك ئایینزایەك باسی لێوە دەکرێ لە ناوەندی ڕێگای نێوان فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان و ئایینی مەسیح دایە. قوتابخانەی هەیوانی یا ئایینزای ڕێگای هەیوانی ڕێگای بۆ سەرهەڵدانی هزرێکی نوێ لە مێژوودا کردەوەکە بە مەسیحییەت ناسراوە. بەم جۆرە هزری هەیوانی وەك گوێزەرەوەیەك لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانەوە بەرەو هزری مەسیحییەت ڕۆڵی خۆی گێڕا. سەردەمی هیلینیزم کە بە هزری عەقلانییەوە دەستیپێکردبوو سەرئەنجام بە هزری ئایینی و تەنانەت عیرفانی کۆتایی پێهات. بیروباوەڕە ئایینییە کۆنەکانی یۆنان نەیدەتوانی لەو هەلومەرجە نوێیەی کە سەریهەڵدا بوو وەڵامگۆی پێداویستییەکانی ئەو خەڵکە بێت کە بەدوای بەختەوەری تاك و ڕزگاریی ئاخیرەتدا دەگەڕان. لە بۆچوونە ئایینییەکانی یۆناندا باوەڕ بە فرەخودایی بەرەو تاك خودایی لە گۆڕاندا بوو. یۆنانییەکان لە تێکەڵاو بوونیاندا لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات و بیروباوەڕە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، هزرەکانی خۆیان لەمەڕ سروشتی خوداکان دەگۆڕی و خودا بیانییەکانیان دەخستە ناو چوارچێوەی خوداکانی خۆیانەوە.

### * یاسای گشتی، هاووڵاتی گشتی

هەروەك بە واتایەکی تر گوترا هەیوانییەکان سروشتیان وەك ڕەنگدانەوەی یاسایەکی گشتی، واتە یاسایەکی جیهانگیر و بەربلاو لە قەڵەم دەدا کە هەموو شتێك دەگرێتەوە. پرسیارێك کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئێمە چۆن ئەم یاسا گشتییە وەردەگرین و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی چییە؟ بەم جۆرە دەتوانین لەناو هزری هەیوانییەکاندا وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە کە عەقڵی مرۆیی دەتوانێ یاسای گشتی و نەگۆڕی سروشت وەربگرێت. یاسای سروشتی ڕەنگدانەوەی پرۆسە سروشتییەکانە لە هاوئاهەنگی لەگەڵ عەقڵی مرۆییدا. ئەم وەڵامە بۆ خۆی پرسیارێکی تر دەورووژێنێ. ئەگەر عەقڵی مرۆڤ یاسای سروشتی ئاشکرا دەکات ئەی بۆچی ئەم هەموو تێگەیشتنە جیاوازە بۆ یاسا لە ئارادایە؟ ئایا ئەوشتەی کە عەقڵی من وەك یاسای سروشتی وەریدەگرێ لە ڕاستیدا یاسای سروشتییە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە لە ڕوانگەی هەیوانییەکانەوە مەبەست لە عەقڵی مرۆیی، کە بە سەرچاوەی یاسای سروشتی لە قەڵەم دەدەن، هەمان عەقڵی سەربەخۆی تاك نییە بەڵکو ناوبژیوانی هاوبەشی جۆری مرۆڤە.

جگە لەمەش عەقڵی ژیرەکان یاسای سروشت ئاشکرادەکات. بۆ ئەوەی بزانین چ شتێك باشە، واتە لەگەڵ یاسای سروشتیدا دەگونجێ، دەبێ بۆ لای ژیرەکان بچین، هەروەك چۆن پزیشك دەزانێ چ شتێك بە شێوەی سروشتی بۆ جەستە باشە.

ئەم تێگەیشتنە لە تیۆری سیاسی جیهان نیشتمانییەوە سەر دەردەکات. هەیوانییەکان لەو باوەڕەدابوون کە هەموو مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی یەکسانن و هاوولاّتی کۆمارێکی جیهانین. هەیوانییەکان بە پێچەوانەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لەو باوەڕەدابوون کە هەموو مرۆڤەکان بەپێی سروشتی خۆیان توانای بەدەستهێنانی فەزیلەت و پێشکەوتنیان بەرەو لووتکە هەیە. هەروەك بینیمان، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ، وێڕای ئەوەی کە دەیانگوت هەموو مرۆڤە ئاساییەکان توانای بەدەستهێنانی فەزیلەتیان هەیە بەلاّم ئەوەشیان زیاد دەکرد و دەیانگوت کە هەندێك پێویستیان بە ڕێنمایی هەندێکی تر هەیە و هەندێکیش بە ئاستێکی کەمتر بەهرەی بزاوتنی جدییان بەرەو لووتکە هەیە. هەر بەپێی ئەم جیاوازییە سروشتی و بنەڕەتییە هەندێك دەبێ بەسەر هەندێکی تردا فەرمانڕەوایی بکەن. هەندێك دەبێ کۆیلە بن و هەندێکی تریش دەبێ هاوولاّتی (خاوەنی مافی تەواوی بەشداریکردن) بن. وتەی بەناوبانگ ئەمەیە کە هەیوانییەکان بە پەسندکردنی هزری یەکسانی و برایەتی مرۆڤەکان، لانی کەم لە بنەمای هزریی خۆیاندا، دژ بە کۆیلایەتی بوون.

*** دەوڵەتی جیهانی**

پاش تێکشکانی سنوورەکانی نێوان یۆنانی و بەربەر لە لایەن ئەسکەندەرەوە و لەناوچوونی جیاوازیی کۆمەلاّیەتی و سیاسی لە چوارچێوەی تەسکی دەوڵەتشاردا خەڵکانێکی جۆراوجۆر وەك ئەندامانی سیستەمێکی سیاسی یەکگرتوو و جیهانی ناسراون. هەیوانییەکان دەیانگوت بە سەرنجدان بە جۆراوجۆر بوونی یاسای دەوڵەتشارەکان ناتوانین بڵێین ئەم یاسایانە ڕەنگدانەوەی یاسا سروشتییەکانن. هەر شارێك یاسای تایبەت بەخۆی هەیە و دەوڵەتشارەکان لەگەڵ یەکتردا لە جەنگدان. لەم بارودۆخەدا، هەروەك دەبینین، مرۆڤێك دەبێتە دوژمنی مرۆڤێکی تر. هاوولاّتییەك کە دوژمنی هاوولاّتییەکی تر بێت چۆن دەتوانێت بە شێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت بکات؟ کەوابوو بۆ پێشگیریکردن لە کاولکردنی شارەکان و نەهێشتنی دوژمنایەتی لە نێوان مرۆڤەکاندا پێویستە دەوڵەتێکی جیهانی هەبێت.



پرسیار ئەمەیە کە چ کەسێك دەبێت لەم دەوڵەتە جیهانییەدا فەرمانڕەوایی بکات؟ هەیوانییەکان لەو باوەڕە دابوون کە تەنیا خوداوەند دەتوانێ بەسەر ئەم دەوڵەتە جیهانییەدا فەمانڕەوایی بکات. کەوابوو ئایا دەتوانین بڵێین کە هەیوانییەکان خوازیاری نەهێشتنی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمەو لەوانەش دەوڵەتی مەزنی ڕۆم بوون؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە نێگەتیڤە.

هەیوانییەکان ئەو شۆڕشگێڕانە نەبوون کە مەبەستیان ڕووخاندنی سیستەمەکانی ئەو کاتە و جێگیرکردنی حکوومەتێکی جیهانی داخراوبێت. ئەوان پەیوەستبوون بە ولاّتان و حکوومەتەکانی ئەو سەردەمەیان دژ بە پەیوەستبوون بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی جیهانی نەدەزانی. ئەوان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لە نێوان بەختەوەری تاك و بەختەوەری کۆمەلاّیەتیدا بەدی نەدەکرد. هەیوانییەکانیش هەروەك ئپیکۆرییەکان بانگەشەیان بۆ شادی و بەختەوەری تاك دەکرد. جیاوازیی ئەوان لەگەڵ ئپیکورییەکان لەوەدابوو کە ئپیکورییەکان بەرگرییان لە تێرکردنی ئارەزووە هەستی و هزرییەکان دەکرد لە کاتێکدا کە هەیوانییەکان خوازیاری کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە هەستییەکان و هەروا ملکەچبوونی ئارەزووە نا ئەخلاقییەکان بوون لە عەقڵ.

بڕوا بوون بە دەوڵەتی جیهانی بە هۆی ئەو جیاوازییەوە بوو کە یاسای سروشتی و عەقڵی لەگەڵ یاسای شاردا هەیانبوو.

# هزری سیاسی رۆم
# گەشەکردنی بیروبۆچوونە یاساییەکان

## دامەزراوە سیاسییەکانی رۆم

پشکی رۆم لە گەشەکردنی هزری سیاسیدا زۆربەرچاو نەبوو، بەڵام هەندێك لە دامەزراوەکان و سیستەمی یاسایی رۆم کاریگەریی بەرچاویان لە گەشەکردنی هزری سیاسیدا هەبوو. لە سەرەتادا رۆم دەوڵەتشارێك بوو وەك دەوڵەتشارەکانی یۆنان کە لە یەکگرتنەوەی چەند هۆزێکی دراوسێ پێکهاتبوو. لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا سیستەمی فەرمانڕەوایی رۆم پێکدەهات لە پاشا و ئەنجومەنێك کە لە لایەن پاشاوە هەڵدەبژێردرا و ئەنجوومەنێکی پیران کە کاری راوێژکاریی لە ئەستۆدا بوو.

لە سەرەتادا تەنیا بنەماڵە ئاریستۆکراتەکان کە بە «پاتریسییەن» ناو دەبران بەشدارییان لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەکرد. بەڵام پاشان هاووڵاتیانی ئاساییش کە بە «پلەبین» ناودەبران لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتشاردا بەشدار بوون.

لە رۆمیش وەکو یۆنان دەوڵەتشارەکان بەرەو شێوازەکانی حکوومەتی دیموکراتی هەنگاویان دەنا. لەسەدەی پێنجەمی بەر لە زایین سیستەمێکی کۆماری لە رۆمدا جێگیربوو کە تێیدا پلەبینەکان توانییان بە خەباتێکی بەردەوام مافی بەشداریکردنی سیاسی بەدەستبهێنن. لە سیستەمی کۆماریدا لە جیاتی پاشا، دوو کونسول لەسەرووی حکوومەتەوە دانران کە لە لایەن ئەنجوومەنەوە بۆ ماوەی ساڵێك هەڵدەبژێردران. ئەرکی یاسادانانیش سپێردرا بە ئەنجوومەنی پلەبینەکان کە بە «تریبوت» ناو دەبرا. ئەنجوومەنی پیرانیش (سینات) کە لە کاربەدەستانی پایەبەرزی حکوومەت پێکدەهات هەروەك جاران تایبەتمەندیی ئاریستۆکراتییانەی خۆی پاراست. کاری سینات بەڕواڵەت راوێژکاریی بوو بەڵام بەکردەوە دەسەڵاتێکی زۆری هەبوو.

رۆم قۆناغەکانی گەشەکردنی بەردەوامی خۆی بڕی و بەرەبەرە بە پەیوەست بوونی دەوڵەتشارەکان و سەرزەوییەکانی دەوروپشتی بووە دەوڵەتێکی گەورە. تا ناوەڕاستی سەدەی دووەمی بەر لە زایین بەشێکی زۆر لەو ناوچە رۆژهەڵاتییانەی کە لە لایەن ئەسکەندەرەوە داگیرکرابوون لە لایەن رۆمییەکانەوە دەستیان بەسەرداگیرا و یۆنان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی رۆمییەکان. لەسەدەی یەکەمی بەر لەزایین بەشێکی بەرچاوی سەرزەوییە خاوەن



شارستانییەتەکانی رۆژئاوا لە بریتانیاوە هەتا فورات کەوتنە ژێر دەسەڵاتی رۆم. رۆمییەکان سەرزەوییە دەست بەسەراگیراوەکانیان لە چوارچێوەی هەرێمێك (ویلایەت) دەدایە دەستی پرۆکونسولێك و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی تەواویان پێدەبەخشی.

### * پشکی رۆم لە هزری سیاسیدا

بەگشتی رۆمییەکان هزرە فەلسەفییەکانی خۆیان و لەوانەش هزری سیاسیان لە یۆنانییەکانەوە وەرگرت. هزر و بیروبۆچوونی هەیوانییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر رۆمییەکان هەبوو. کۆماری رۆم و ئیمپراتۆری رۆم نەیانتوانیبوو فەلسەفەیەکی سیاسی رێکوپێك وەك فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بۆ خۆیان دروستبکەن. ئەوان هەندێك لە زاراوەکانی هزری سیاسی یۆنانییان بۆ روونکردنەوەی ژیانی سیاسی خۆیان بەکاردەهێنا.

بەم حاڵەش سیستەمی یاسای رۆم هەندێ نوێخوازی بەرچاوی تێدابەدی دەکراو لەچاو سیستەمی یاسایی یۆنانی پێشکەوتنێکی گرنگی بەخۆیەوە بینیبوو. لەوانەش دەتوانین ئاماژە بە هزری یاسای دانراو بکەین. لە راستیدا هزری یاسای دانراو کاتێك دروستدەبێت کە سیاسەت لە ئەخلاق جیاببێتەوە و دەوڵەت وەك ئۆرگانێکی جودا لە کۆمەڵگا و وەك چەمکێکی ئابستراکت سەرهەڵبدات. لە دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆندا ئەخلاق و سیاسەت لە یەکتر جیانەبوون. دەوڵەت و کۆمەڵگا و گرووپ دەستەیەکی یەکگرتوویان پێکدەهێنا و جیاوازی لە نێوانیاندا بۆ مرۆڤی یۆنانی واتایەکی نەبوو. ئایین و سیاسەت و ئەخلاق لە دەوڵەتشاردا لە یەکتر جیانەبوون. جگە لەمەش، هێشتا چەمکی تاك وەك کەسایەتییەکی یاسایی سەری هەڵنەدابوو.

لە ئەزموونی ژیانی رۆمی کە پاش رووخانی سیستەمی دەوڵەتشاریی روویدا دەوڵەت و تاك لە یەکتر جیاکرانەوە و هەریەکەیان ئەرك و مافی جیاوازیان بۆ دەستنیشانکرا. بەگەشەکردنی رەوشتی تاکەکەسی کە لەمەو پێش ئاماژەی پێکرا لەبری ئەوەی دەوڵەت ببێتە تەوەری هزری یاسایی تاك لە چەقی هزری یاساییدا جێگیرکرا. دەوڵەت بە کەسایەتییەکی یاسایی لە قەڵەمدرا کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خاوەنی توانایی و دەسەڵات بوو و پاراستنی مافەکانی تاك هۆکاری بوونی ئەویان پێکدەهێنا. هەروا ئەم هزرە گەشەی کرد کە هاووڵاتی کەسایەتییەکی یاساییە کە دەبێ لە بەرامبەر دەستدرێژیی نایاساییدا بپارێزرێت. سیستەمی یاسایی رۆم کە بە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەم شارستانییەتە لە قەڵەم دەدرێ لە هەلومەرجێکی وەهادا دروستبوو.

*** تیۆری یاسا لە رۆمدا**

بەسەرنجدان بەوەی کە هزروکاری یاسایی لە ئەوروپای مۆدێرن و جیهانی مۆدێرندا میراتگری سیستەمی یاسایی رۆمە، جێی خۆیەتی کە لێرەدا ئاماژەیەك بە چۆنێتی گەشەکردنی تیۆری یاسا بکەین لە رۆمدا. لەناو رۆمییەکانیشدا وەك گەلێك لە خەڵکی کۆن سەرچاوەو رەگوڕیشەی یاسا سەرەتا بۆ بڕیارە ئایینییەکان، دابونەریت و تێگەیشتنی گشتی لە دادپەروەری دەگەڕایەوە. لەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا پێشێلکردنی سیستەمی گشتی بە پێشێلکردنی فەرمانە خوداییەکان و بە گوناە دادەنرا نەك بە تاوان دژ بە یاسا حکومییەکان. بۆ ئەوەی تیۆری یاسا لە شێوازە گەشە کردووەکەی خۆیدا دروستببێ دەبێ چەمکی یاسا لە ئەرکە خوداییەکان و چەمکی تاوان لە گوناە جیابکرێتەوە. پڕۆسەی جیاکردنەوەی یاسا دانراوەکان لە بڕیارە ئایینییەکان لە یۆنانی کۆنەوە دەستیپێکرد و لە رۆم گەشەیکرد. سەرەتا لە یۆناندا ئەو بڕیارانەی کە بە شێوەیەکی لۆژیکی سەرچاوەیان لەناو دابونەریتی خەڵکدابوو لەو بڕیارانە جیاکرانەوە کە بە فەرمانی راستەوخۆی خوداوەندیی دەژمێردران. لە قۆناغەکانی دواتردا یاسا وەك ویستی دەوڵەت نەك ویستی خودایی ناسراو ئەم بۆچوونە جێگای خۆی کردەوە کە یاسا ویستی دەوڵەتە کە لە لایەن دامەزراوەی جەماوەریی وەك ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دادەنرێت.

هەروا لە رۆمدا هەندێ پلەوپایە بۆ چاکسازی لە بنەما یاساییەکان لە کاتی بەکارهێنانیدا دانران و جگە لەمەش داواکاری گشتی بە ئەزموون دانرا بۆ لێکۆڵینەوە لە داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکان کە ئەمەش بەش بەحاڵی خۆی یارمەتیدەر بوو بۆ دروستبوونی زنجیرەیەك لە بنەما و رێسا یاساییەکان. بەرەبەرە ئەم تیۆرییە گەشەیکرد کە دەبێ لە پشت هەر رێسایەکی یاسایی دیار و تایبەتەوە هەندێ بنەمای ئەبستراکت و گشتی هەبن، ئەو بنەمایانەی کە لە یاسای گشتی سروشتییەوە سەرچاوە دەگرن. هزری یاسای سروشتی لە رۆم رۆیشتە ناو هزر و ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاست و لەگەڵ بیروباوەڕی مەسیحی لەمەڕ یاسای گشتی خودایی کە خودا لە ناو دڵی مرۆڤی داناوە تێکەڵ بوو و سیستەمی یاسای شەرعی لە کەلیسای کاسۆلیکیدا بەدی هێنا. لە چەرخی نوێدا پرەنسیپی یاسای سروشتی و خولقاندنی ئازادانەی مرۆڤ لەگەڵ بۆچوونی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا (لە بۆچوونە نوێیەکان) لێك گرێدران.

*** پۆلی بیۆس، پرەنسیپی هاوسەنگی لە دامەزراوە حکومییەکاندا**

پۆلی بیۆس (١٢٢-٢٠٤ ب. ز) بە یەکێك لە مێژوونووسان و تیۆردارێژانی رۆم لە سەردەمی کۆماری دادەنرێت. پۆلی بیۆس لە بنەڕەتدا یۆنانی بوو. ئەو لەسەردەمی گەشەکردن و شکۆمەندی کۆماری رۆمدا دەژیا و تۆژینەوەی لەمەڕ هۆکارەکانی شکۆمەندی کۆماری رۆم



کردووە. پۆلی بیۆس هەوڵی دەدا ئەو هۆکار و رێگایانە روون بکاتەوە کە رۆمیان کردبووە زلهێزی جیهان. بەڕای ئەو یەکێك لەو هۆکارە گرنگانەی کە رۆمی گەیاندبووە ئەم پێگەیە توانای سیستەمی سیاسی رۆم بوو بۆ سوودوەرگرتن لە باشترین تایبەتمەندییەکانی سیستەمە جیاوازییەکانی فەرمانڕەوایی و دروستکردنی سیستەمێکی هاوسەنگ لە نێوان دامەزراوە جۆراوجۆرە حکوومییەکاندا. بەر لە ئەویش ئەرەستۆ لەم بوارەدا هەندێ باسی کردووە بەڵام پۆلی بیۆس بە یەکەمین هزرڤان دادەنرێت کە بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم بابەتە دوابێت.

*** بەدوای یەکداهاتنی شێوازەکانی حکوومەت**

پۆلی بیۆس باسەکەی خۆی لەمەڕ هۆکارەکانی شکۆمەندی رۆم لە سەرچاوەی پەیدابوونی دەوڵەتەوە دەستپێدەکات. ئینجا حکوومەتەکان بەسەر چەند جۆری چۆن هەریەك لە شێوازەکانی حکوومەت بە هۆی گەشەکردنی ناوخۆیی خۆیانەوە تووشی لەناوچوون و گەندەڵی دەبن و لە ئەنجامدا جێگای خۆیان دەدەنە شێوازێکی تری حکوومەت و لە کۆتاییدا چەند شێوازێکی حکوومەتیی بە شێوەیەکی خولەکی هەریەکەیان دەبنە جێگرەوەی ئەویتر و ئەم خولە بە شێوەیەکی سروشتی دووبارە دەبێتەوە. پۆلی بیۆس لەو باوەڕەدایە کە کۆماری رۆم توانیویەتی بە هۆی دروستکردنی سیستەمێکی هاوسەنگ لە نێوان دامەزراوەکان و شێوازە جۆراوجۆرەکانی حکوومەتدا خۆی لەو لەناوچوونە بپارێزێت کە بەپێی زەرووڕەتێکی ناچاریی سیستەمە ساکارترەکان بەرەو رووخان و لەناوچوون پاڵ پێوە دەنێت.

دەستەبەندییەکەی پۆلی بیۆس لەگەڵ هەمان ئەو دابەشکردنە باوەی حکوومەتەکاندا دەگونجێ کە لە یۆناندا باوبووە. شێوازە سادەکانی حکوومەت بەپێی ئەم دابەشکردنە بریتیبوون لە حکوومەتی پاشایەتی، حکوومەتی ئاریستۆکراسی و دیموکراسی. هەریەك لەم شێوازانە جۆری ساخلەم و جۆری گەندەڵیان هەیە. بەپێی بەدوای یەکدا هاتنێکی سروشتی جۆری ساخلەم بۆ جۆری گەندەڵ و شێوازێك بۆ شێوازێکی تر دەگۆڕێ چونکە هەریەك لە شێوازەکانی حکوومەت تۆوی لەناوچوونی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە.

یەکەمین جۆری حکوومەتەکان پاشایەتییە. ئەم شێوازە لە حکوومەت لە ناو ئەو خەڵکانەدا پەیدا دەبێت کە بە هۆی غەریزە سروشتییەکانەوە لەگەڵ یەکتردا پێوەندییان هەیە. کاتێك کە خەڵك بە شێوەیەکی هۆشیارانە دان بە پێویستی حکوومەت و دادپەروەری و ئەخلاق دابنێن، ئەم شێوازە لە حکوومەت بۆ شێوازی دروستی حکوومەتی پاشایەتی دەگۆڕێت. بەڵام ئەم شێوازەی حکوومەت لەبەردەم ئەگەری ئەم گەندەڵییەدایە کە پاشا رێگای تاکڕەویی بگرێتە بەرو بە نادادپەروەری بجووڵێتەوە. ئینجا حکوومەتی پاشایەتی بۆ جۆرە گەندەڵەکەی دەگۆڕێت و دەبێتە حکوومەتی تیرانی.

حکوومەتی تیرانیش ناتوانێت سەقامگیر و هەتایی بێت. لەم جۆرە حکوومەتەشدا کە ڕێگای تۆتالیستاری دەگرێتە بەر گرووپێك لە خەڵکی زانا لە ناو گەورەکاندا رادەپەڕن و دەسەڵاتداری تاکڕەو دەڕووخێنن. ئینجا حکوومەتی ئاریستۆکراسی لەسەردەستی ئەم زانا مەزنانە سەقامگیردەبێت. بەڵام ئەم حکوومەتەش تۆوی لەناوچوون لە ناخی خۆیدا پەروەردە دەکات و گرووپێکی دەوڵەمەند نەك بە هۆی فەزیلەت بەڵکو لەبەر ماڵ و سامان بەسەر کۆمەڵگادا زاڵدەبن. بەم جۆرە حکوومەتی ئاریستۆکراسی لە ناو دەچێ و حکوومەتی ئۆلیگارشی جێگای دەگرێتەوە. حکوومەتی ئۆلیگارشیش بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی ناڕازیبوون و خەڵکی ناڕازی بەڕاپەڕینی خۆیان دەیڕووخێنن و حکوومەتی دیموکراسی لە جێی ئەو دادەنێن. لەناوچوونی دیموکراسیش بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی رەشۆکی (عەوام) بەرەبەرە بەسەر گۆڕەپانی دەوڵەتدا زاڵدەبن و ئەوان ڕێبەرانی ئازا زاڵدەکەن و ئەم ڕێبەرانەش بەرەو شێوازی دەسەڵاتخوازی هەنگاو دەنێن و ئەم سوورە بەم جۆرە هەر دووبارە دەبێتەوە.

*** پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان**

بۆ بەرگیریکردن لە دووبارە بوونەوەی ئەم سوورە و جێگیربوونی سەقامگیریی دەبێ باشترین توخمەکانی هەریەك لەم شێوازانە وەربگرین و لەگەڵ یەکدا تێکەڵیان بکەین. پۆلی بیۆس لەو باوەڕەدایە کە (لوگرگۆس) یاسادانەری ئیسپارت ئامادەکارییەکی لەم جۆرەی بۆ سیستەمی حکوومی ئیسپارت لەبەرچاو گرتووە. ئەو هەروا ئەوەش روون دەکاتەوە کە کۆماری رۆم بە ئەزموون ئەم کارەی بە باشترین شێواز ئەنجامداوە. لە سیستەمی رۆمیدا بوونی ئۆرگانی کونسولی بە سەمبولی توخمی پاشایەتی دادەنرێ، ئەنجوومەنی پیران (سینات) سەمبولی توخمی ئاریستۆکراتییە و ئەنجوومەنەکانی گەل نوێنەری توخمی دیموکراتین. ئەم توخم و دامەزراوانە هەریەکەیان دەسەڵاتی ئەویتر هاوسەنگ دەکەن و هیچ کامیان ناتوانن بەبێ رەزامەندی ئەویتر دەسەڵاتێکی کاریگەریان هەبێت. بەم جۆرە سیستەمی کۆماریی رۆم بە تێکەڵکردنی باشترین توخمەکان لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت گەیشتۆتە سەقامگیریی. هەر بەم هۆیەوە بوو کە رۆم توانی بگاتە لووتکەی زلهێزیی لە جیهاندا.

هەروەك لە داهاتوودا روونی دەکەینەوە پرەنسیپی هاوسەنگی هێزەکان و کۆنترۆڵی بەرامبەری دامەزراوەکان لە سیستەمێکی سیاسیدا یەکێکە لەو تیۆرییانەی کە لە لایەن هزرڤانانی چەرخی نوێوە بە تێروتەسەلی باسی لێوەکراوە و وەك ئامادەکارییەك بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر لە لایەن بەشێکی زۆری هزرڤانانەوە بایەخی پێدراوە.



## سیسرۆن – پەرەپێدانی یاسای سروشتی و مافی سروشتی

سیسرۆن بەبێژی راستەقینەی چیچرۆ (٤٣-١٠٦ ب.ز) بە یەکێك لە گەورەترین وتاربێژان و هزرڤانانی رۆم دادەنرێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی ئاریستۆکراتی بوو و بە پیشەی پارێزەرییەوە خەریکبوو و بە یەکێك لە لایەنگرانی سەرسەختی کۆماری دادەنرا لەسەردەمی گۆڕانی ئەم سیستەمە بۆ ئیمپراتۆری. دوو لە نووسراوەکانی بەناونیشانی (کۆمار) و (یاساکان) پێوەندییان بەهزری سیاسییەوە هەیە. ئەم دوو کتێبە لەسەر شێوازی دیالۆگە سوکراتییەکانی بەرهەمی ئەفلاتوون نووسراون. ئەو لە هزری سیاسیدا بنیاتنەری قوتابخانەیەکی هزریی نوێ نییە بەڵکو پتر بە درێژەپێدەر و راڤەکاری هزری پێشینان دادەنرێت. بەم حاڵەش لە پەرەپێدانی تیۆری یاسای سروشتی و مافی سروشتی هەیوانییەکان و گرێدانی بەهەندێ هزری دەربارەی دەوڵەت و تیۆرییە سیاسییەکان پێگەیەکی گرنگی هەیە. هەیوانییە سەرەتاییەکان بایەخیان بە سیاسەت نەدەدا و بۆچوونەکانیان پتر لەگەڵ گۆشەگیری لە سیاسەت دەگونجا بەڵام سیسرۆن هزری هەیوانی بۆ حەوزەی سیاسەت و تیۆرداڕێژی لەمەڕ دەوڵەت و دادپەروەری پەلکێشکرد و ئەم قوتابخانەیەی خستە سەر رێڕەوێکی نوێ. لەم بەشەدا سەیری هەندێك لە بۆچوونەکانی سیسرۆن دەکەین کە هەڵگری هەندێ خاڵی نوێن لە بواری هزری سیاسیدا.

*** یاسای سروشتی**

چەمکی یاسای سروشتی لە هزری هەیوانییەکان و سیسرۆندا بایەخێکی سەرەکی هەیە. بەشەکانی تیۆری سیاسی سیسرۆن وەك سەرچاوەی دەوڵەت، ناوەڕۆکی دەوڵەت و مافی تاکەکان لەم هزرەوە وەرگیراون.

یاسای سروشتی یاسایەکی گشتی یا سیستەمێکی یەکگرتووە لە یاسا گشتییەکان کە بەسەر هەموو بوونەوەرەکاندا دەچەسپێ. هەموو بەشەکانی جیهان پەیڕەویی لەم یاسا گشتییە دەکەن. شتە بێ گیانەکان بەپێی زەروورەت، ئاژەڵەکان بەپێی غەریزە و مرۆڤ بە فەرمانی عەقڵ لە بەرامبەر ئەم یاسایەدا ملکەچن. عەقڵی مرۆڤ ئەم توانایەی هەیە کە پەی بە یاسا سروشتییەکان ببات. کاتێك کە مرۆڤ بە یارمەتی عەقڵ دەرك بەم یاسایانە بکات و بەپێی ویست بەسەر کارەکانی خۆیدا زاڵبکات دەگاتە ڕێکوپێکی دروست. سیسرۆن لە جێگایەکدا دەڵێت کە یاسا هزری ئەزەلی خوداوەندە[1]. یاسای سروشتی لە ناخی هەموو یاساکانی و دابونەریتە مرۆییەکاندا هەیە. کەوابوو یاسا دروستکراوی هزری خەڵك نییە بەڵکو بوونەکەی لەسەر بنەمای حیکمەتێکی ئەزەلییە. یاسا بریتییە لە بڕیارێك کە عەقڵی ساخلەم بە سازگارییەکی تەواو لەگەڵ سروشتدا دروستیدەکات. ئەم یاسایە هەمیشە کاریگەریی لەسەر ئەو سروشتانە هەیە کە بە هۆی نەریتە

خراپەکانەوە تووشی گەندەڵی نەهاتوون. ئەو مرۆڤانەی کە ملکەچی یاسای سروشتین لە راستیدا پەیڕەویی لە سروشتی مرۆیی خۆیان دەکەن.

بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی لە نێو مرۆڤەکاندا بینەری کرداری نادروستین؟ ئایا کرداری نادروستیش بەشێکە لە یاسای سروشتی؟ وەڵامی سیسرۆن ئەوەیە کە لە یاسای سروشتیدا شتی خراپ بوونی نییە. کرداری خراپ بە هۆی بەدەستهێنانی ئەو نەریتە خراپانەوە دروستدەبن کە سروشتی مرۆیی تاکیان تووشی گەندەڵی کردووەو ئاوێنەی سروشتی مرۆیی ئەویان تاریك کردووە.

*** یەکسانی سروشتی**

هزری سیسرۆن کە بۆ خۆی هەیوانی بوو و هزری هەیوانی لەرۆمدا پەرەپێدا لە باسکردنی یاسای سروشتیدا روون و بەناوبانگە. تیۆری سیسرۆن لەمەڕ یەکسانی سروشتیش تیۆرییەکی بەناوبانگە. وتەی سیسرۆن لەم بارەیەوە روون و ئاشکرایە. سیسرۆن بە پێچەوانەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لەو باوەڕەدایە کە هەرچەند لەوانەیە مرۆڤەکان لە ڕووی پلەوپایەی فەزیلەتەوە جیاواز بن بەڵام هەموویان لە رووی جۆرەوە یەکسانن، چونکە هەموویان خاوەنی بەهرەی عەقڵن.

هەروەك ئاماژەی پێکرا، ئەرەستۆ مرۆڤی دەخستە ناو زنجیرە پۆلینێکی سروشتییەوە کە چۆنێتی و ئاستی عەقڵی هەرکەسێك بە شێوەیەکی سەرەکی پلەی ئەو کەسەی دیاریدەکرد. لە بەرزترین پلەدا ئەو کەسانە دانراون کە خاوەنی بەرزترین توانای تێگەیشتنن و زانا و فەیلەسووفەکان لە ریزی ئەو کەسانەدان. پلەیەك نزمتر ئەو کەسانەن کە توانای دادوەریکردنی باشتریان هەیە و شایستەی ئەوەن کە بەسەر کەسانی تردا فەرمانڕەوایی بکەن. هاووڵاتیان تەنیا ئەوەندە بەهرەیان لەژیری هەیە کە بە یارمەتی هاوکارانی دیکەی خۆیان کاروباری سیاسی دەوڵەتشار رێکوپێك بکەن. پلەیەك نزمتر خاوەن پیشە و کرێکارە سروشتییەکانن کە نابێ دەست لە کاروباری سیاسی وەربدەن. لە نزمترین پلەدا کۆیلەکان جێگیرن کە تەنیا دەتوانن خزمەتی کەسانی دیکە بکەن. کەوابوو ئەرەستۆ بەپێی پلەی عەقڵ مرۆڤەکان دەستەبەندی دەکات. ئەو پیشەوەر و کرێکارەکان بە مرۆڤی پلە دوو ناو دەبات و کۆیلەکانیش هەر بە مرۆڤ لە قەڵەم نادات[٢].

بەڵام بە بۆچوونی سیسرۆن تەنیا بەهرەمەند بوون لە عەقڵ بەسە بۆ یەکسانی هەموو مرۆڤەکان. لە روانگەی سیسرۆنەوە کۆیلەکانیش وەکو خەڵکی تر خاوەنی عەقڵن و لەم رووەوە لەگەڵ ئەوانیتردا یەکسانن. کەوابوو لە روانگەی سیسرۆنەوە سیستەمی کۆیلەداری سیستەمێکی



نادروستە. توانای هزر و دادوەریکردنی عەقڵانی کە مرۆڤ لە ئاژەڵەکان جیادەکاتەوە لە ناو هەموو مرۆڤەکاندا هاوبەشە.

*** دەوڵەت و یاسای سروشتی**

سیسرۆنیش وەك ئەفلاتوون و ئەرەستۆ دەوڵەت بە دەرەنجامی غەریزە سروشتییەکانی مرۆڤ لە قەڵەم دەدات و بەپێچەوانەی هەیوانییە سەرەتاییەکان نە تەنیا پڕوپاگەندە بۆ گۆشەگیری لە سیاسەت ناکات بەڵکو بەشداری لە ڕێکخستنی دەوڵەت بە بەرزترین ئەرکی مرۆڤ دەزانێ. سیسرۆن بەپێچەوانەی ئیپیکورییەکان دەوڵەت بەدیاردەیەکی دەستکرد و دەرەنجامی دروستکردنی مرۆڤ و سەرچاوە گرتوو لە بەرژەوەندییەکانی تاك لە قەڵەم نادات بەڵکو بە دامەزراوەیەکی عەقڵانی دەژمێرێت کە ڕەنگدانەوەی یاسای سروشتییە.

سیسرۆن لەو باوەڕەدایە کە یاسای دەوڵەت یا یاسای وڵات دەبێ ڕەنگدانەوەی یاسای سروشتی بێت. یاساکانی وڵات کاتێك لە ڕووی ئەخلاقییەوە پابەندراو و پێ سپێردراون (ملزم و مکلف) کە لەگەڵ یاسا سروشتییەکاندا هاوئاهەنگ بن. بەڵام ئایا هەموو یاساکانی وڵات لەگەڵ یاسای سروشتیدا هاوئاهەنگن؟ ئاشکرایە کە لە جیهانی مرۆییدا گەلێك یاسای وڵات هەیە کە لەگەڵ یاسا سروشتییەکاندا یەك ناگرنەوە. پرسیار ئەمەیە ئەگەر یاساکانی وڵات پێچەوانەی یاسا سروشتییەکان بن لەم حاڵەتەدا ئەرکی هاووڵاتی چییە؟ وەڵامی سیسرۆن ئەمەیە کە هاووڵاتی لە ڕووی ئەخلاقییەوە لەسەری نییە پەیڕەویی لێبکات. بەڵام وڵاتان یاساکانی خۆیان بەڕێ و شوێنێکی پابەندراو (ملزم) جێبەجێ دەکەن. ئایا هاووڵاتی دەبێ بەرهەڵستی ئیلزامی دەوڵەت بکات؟ سیسرۆن ئامۆژگارییەکی لەم جۆرە ناکات. لە ڕووی ئەخلاقییەوە تاك لەسەری نییە ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە پێچەوانەی یاسای گشتی سروشتین. بەڵام ئەگەر ناچار بکرێت کە ملکەچ بێت لەبەر ئەوەی هێزی سەپێنەر لە ئارادایە ئیدی هاووڵاتی بەرپرس نابێت.

بەم جۆرە لە تیۆری سیسرۆندا ناکۆکی لە نێوان ئەرکی ئەخلاقی و ئەرکی مەدەنی یا ئەرکی سیاسی هاووڵاتیدا دروستدەبێ. سیسرۆن لەبنەڕەتدا ئەو دەوڵەتە هەر بە دەوڵەت دانانێت کە پەیڕەویی لە یاسای سروشتی ناکات و یاسا دانراوەکانی لە یاسای سروشتییەوە وەرنەگیراون. جیاوازی دەوڵەت لەگەڵ دەستەیەکی ڕێگر هەر لێرەدایە. دەستەیەکی ڕێگریش بۆ خۆیان هەندێ یاسا دادەنێن. بەڵام ئایا تەنیا لەبەر ئەوەی کە یاسایەکیان بۆ خۆیان داناوە دەتوانین ناوی دەوڵەتیان لێبنەین؟ بێگومان ناتوانین پێکهاتەیەکی لەم جۆرە بە دەوڵەت ناوببەین. ئەو دەوڵەتانەی کە یاسای نادروست و نادادگەرانە جێبەجێ دەکەن تەنیا بە ناو دەوڵەتن و لە راستیدا

لە دەستەیەکی ڕێگر بەولاوە هیچی ترنین. بۆ وێنە ئەگەر گرووپێکی ناشارەزا لە بواری پزیشکی هەستن بە چارەسەرکردنی نەخۆشەکان ناتوانن کارەکەی ئەوان بە کاری پزیشکی ناوەزد بکەین.

*** دەوڵەتی جیهانی و مافی مرۆڤ**

ئەگەر ئەمە قبوولْ بکەین کە یاسایەکی گشتی هەیە و بەسەر هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا گشتگیر دەکرێ کەوابوو دەبێ بە شێوەیەکی لۆژیکی ئەمەش قبوولْ بکەین کە هەر بە هۆی ئەم یاسا هاوبەشەوە هەموو ئادەمیزادەکان ئەندامی کۆمەڵگایەکی گەورەتری مرۆیین کە تێیدا خاوەنی مافی یەکسانن. بەڕای سیسرۆن ئەوانەی کە لە یاسادا هاوبەشن لە دادپەروەریشدا هاوبەشن و ئەوانەی کە یاسا و دادپەروەری هاوبەشیان هەیە دەبێ وەك ئەندامانی کۆمەڵگایەکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش سەیربکرێن. جیهانی بوون بە قەڵەمڕەوی هاوبەشی ئادەمیزادەکان و خواکان دادەنرێت. تاکە مرۆییەکان هەرچەندە بە هۆی ڕەوشی جوگرافیایی لە قەڵەمڕەوی دەوڵەتە جیاوازەکاندا دەژین بەڵام دیسان بە هۆی سروشت پێوەندییان بە دەوڵەتێکی گەورەی جیهانییەوە هەیە، دەوڵەتێك کە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

ئەم بۆچوونەی سیسرۆن لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەی ئەرەستۆدا ڕادەوەستێ کە دەڵێ تاك، تەنیا لەگەڵ ئەو تاکانەی کە خاوەن پلەیەکی یەکسانن و لە دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەژین خاوەن دۆخێکی شارستانی هاوبەشە و باوەڕمەندی بە نایەکسانی سروشتی مرۆڤەکان لە هزری ئەرەستۆدا بەم بۆچوونە کۆتایی پێدێت. ئەرەستۆ لەو باوەڕەدایە کە هاووڵاتی، واتە ئەو کەسەی کە دۆخێکی شارستانی هەیە، لەگەڵ دانیشتووانی شاردا یەکسان نییە. بیانییەکان و کۆیلەکان و ئافرەتانیش بەدانیشتووانی شار دادەنرێن، بەڵام بە هاووڵاتی دانانرێن، واتە خاوەن مافی سیاسی نین. هاووڵاتی واتە ئەو کەسەی کەشایستەیی ئەوەی هەیە بەشداری لە بەکارهێنانی دەسەڵاتداریتیدا بکات(٣).

بەڵام لە تیۆری سیسرۆندا باوەڕمەندیی بە یەکسانی سروشتی مرۆڤەکان لە ڕووی لۆژیکییەوە بە تیۆری پەیوەستبوونی هەمووان بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی جیهانی و مافی یەکسانی هەموو تاکەکانی مرۆڤ کۆتایی پێدێت.

*** مافی نەتەوەکان**

باوەڕمەندی بە یاسایەکی گشتی جیهانی و پەیوەستبوونی هەمووان بە یاسایەکی گشتی و هەروا باوەڕمەندی بە دەوڵەتێکی جیهانی و هاووڵاتی بوونی جیهانی ڕێگای بۆ هزری مافی نەتەوەکان لە تیۆری سیاسی و یاساییدا کردەوە. ئەزموون و گۆڕانکاریی مێژوویی دەوڵەتی ڕۆم لەگەڵ دەوڵەتانی ژێرکەوتوو و بندەستی ئیمپراتۆری ڕۆم بوونە هۆی دروستبوونی ئەم هزرە.



ڕۆمییەکان لە پێشدا باوەڕیان بەم پرەنسیپە سەرەتاییە هەبوو کە جەنگ پێوەندی سروشتی نێوان دەوڵەتەکانە. پاش پەرەسەندنی ئیمپراتۆری ڕۆم و لکاندنی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان بەم ئیمپراتۆرییەوە لەو بەڵێننامانەی کە لەگەڵ دەوڵەتە ژێر کەوتووەکاندا دەیانبەست وێڕای کۆتایی هێنان بە بارودۆخی جەنگ جۆرە پەیمانێکی یەکگرتنیشیان لەگەڵدا دەبەستن. دەربارەی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی گەورەی دراوسێ وەك ئێران و هیندستانیش وێڕای ئەوەی کە پێوەندی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا هەبوو لە ڕووی یاساییەوە ئەوانیان بە نەبوو لە قەڵەم دەدا. ڕۆمییەکان تەنیا خۆیانیان بە شارستانی دەزانی و هیچ پێوەندییەکیان لەگەڵ ناشارستانییەکان بە فەرمی نەدەناسی(٤).

بەڵام لە قۆناغەکانی دواتری ئیمپراتۆری بەسەرنجدانی ئەو پەرەسەندنەی کە ئیمپراتۆری بەخۆیەوە بینیبووی و نەتەوەی جۆراوجۆر کەوتبوونە ژێردەستی ئەم دەوڵەتە و لەگەڵیا یەکیانگرتبوو، جۆرە مافێکی هاووڵاتیبوونیان بۆ هەموو دانیشتووانی ئیمپراتۆری پەسندکرد و بەرەبەرە ئەم هزرەیان بەلاوەنا کە بیانییەکان لە ڕۆمییەکان نزمترن و شایستەی مافی یەکسان نین لەگەڵ ئەواندا. بەم جۆرە لە قۆناغەکانی دواتری ئیمپراتۆرییدا یاساناسانی ڕۆمی بنەما گشتییەکانی مافی مرۆڤیان وەك یاسای سروشتی بۆ هەمووان بە فەرمی ناسی. ئەم هزرە لە سەدەکانی ناوەڕاستیش بەردەوام بوو و بناغەکانی هزری یاسای نێو دەوڵەتییان پێکهێنا.

## پەراوێزەکان

١- مایکل فاستر، خداوندان اندیشه سیاسی، ترجمه جواد شیخ الاسلامی، تهران، امیرکبیر، ١٣٨٠، ص٣٢٤.

٢- گلن تیندل، ترجمه محمود صدری، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، ص٥٥-٥٤.

٣- تئودور گمپرتس، متفکران یونانی، ترجمه حسن **لطفی**، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٧٥، جلد سوم، ص ١٥٨٢.

4- Lawrence WanLass, History of Political Thought, London, AlLen and Unvin LTD, 1964, P 88.

# کۆتایی هزری سیاسی کلاسیك

## سێنت ئاگۆستین؛ دەوڵەتی ئاسمانی لەسەرووی دەوڵەتی زەمنییەوە

### ژیان و بەرهەمەکانی سێنت ئاگۆستین

سێنت ئاگۆستین یا ئاگۆستینوسی قدیس لە خولگەیەکی گرنگی هزری سیاسیدا هەڵکەوتووە و لە مێژووی هزری سیاسیدا دامەزرێنەری شێوازێکی نوێی بیرکردنەوەیە کە کاریگەرییەکی بەربلاوی هەبووە.

ئاگۆستین لە ساڵی ٣٥٤ زایینی لە یەکێك لە شارەکانی ئەفریقیای باکووری بندەستی ئیمپراتۆری رۆم لە دایکبووە. هەرچەندە ئیمپراتۆری رۆم لەم سەردەمەدا هێشتا بەسەر پانتاییەکی فراوانی جیهانی شارستانی رۆژئاوادا زاڵبووە بەلاّم سەردەمی لەناوچوونی دەسەلاّتی خۆی تێدەپەڕاند. ئیمپراتۆری رۆم کەوتبووە بەر هێرشی بەردەوام و بێپچڕانی هۆزە وەحشییەکانی باکووری ئەوروپا و تووشی گەلێك شکستی سەرشۆڕانە هاتبوو. ٤٥ ساڵ لە تەمەنی ئاگۆستین تێپەڕیبوو کە شاری رۆم بە هۆی هێرشی کاولکارانەی هۆزەکانی گوت رووخا و تێك و پێکدرا.

ئاگۆستین لە بنەماڵەیەکی گەورەی نزیك لە دامودەزگای حکوومەتی رۆم لە دایکبوو و دەرفەتی خوێندنێکی باشی بۆ رەخسا. بەباشی لەگەڵ فەلسەفەی یۆنان و رۆمی کۆندا ئاشنا بوو. لەسەردەمی لاوێتیدا لەسەر ئایینی بتپەرەستی بوو و پاشان رووی کردە مانەوییەت و سەرئەنجام هاتە سەر ئایینی مەسیح کە ئایینی دایکی بوو. لە نێو مەسیحییەکاندا زۆر زوو گەشەیکرد و بەخێرایی قۆناغەکانی پێشکەوتنی پلەوپایەی ئایینی بڕی و گەیشتە پلەی ئوسقوفی شاری هیپۆ. ئاگۆستین ماوەیەکی زۆری بە نووسین و لێکۆڵینەوە بەسەربرد. کتێبی (دان پێدانان) کە ژیاننامەی خۆیەتی بە یەکەمین نووسراوی لەم جۆرە دادەنرێت. کتێبی (شاری خودا) بە گرنگترین بەرهەمی ئەو دادەنرێت کە هزرە وتەبێژیی و فەلسەفییەکانی ئەو دەگرێتەوە.

ئەم کتێبە گەلێك بابەتی بەربلاّو لە پرسە جۆراوجۆرە شەرعی و وتەبێژییەکانی ئایینی مەسیح لەخۆ دەگرێت کە ئاگۆستین سێزدە ساڵ بە نووسینیانەوە خەریکبووە. لەم پاژەدا باس لە هەندێك لە بابەتەکانی ئەم کتێبە دەکەین کە هزری سیاسی ئاگۆستین لەخۆ دەگرێت.





### خولگەی هزری سیاسی

هزری سیاسی و بەگشتی هزری ئاگۆستین بەلاپەڕەیەکی نوێ لە ڕێڕەوی هزری سیاسی دادەنرێت. ئاگۆستین بە خاڵی لێکگرێدانی هزری یۆنانی کۆن و رۆمی کۆن لەگەڵ هزری سەدەکانی ناوەڕاست دادەنرێت. ئاگۆستین ئەو کەلەپوورە گەورە هزرییەی کە لە یۆنانی کۆندا گەشەی کردبوو و لەسەردەمی هیلینیزمدا کەوتبووە سەر ڕێڕەوی وەرچەرخانێکی نوێ هەنگاوێکی تر بەرەو ئاراستەی گۆڕان بەرەو پێشەوەی برد و خستییە سەر ڕێڕەوێکی تازە. ئەفلاتوون دەوڵەتی وەك دەزگایەکی گەورەی پەروەردەیی پیشاندابوو. ئەو دەزگایەی کە ئەفلاتوون بۆ سیستەمە پەروەردەییەکەی خۆی داڕشتبوو لە راستیدا وەك دەزگایەکی زاڵ بەسەر رۆحی مرۆڤدا وێنا دەکرا. و ئەمەش هەر ئەو دەوڵەتە بوو کە دواتر کلێسا بانگەشەی بەدیهێنانی دەکرد. ئاگۆستین بنیاتی ئەم هزرەی داڕشت. هەیوانییەکان بەنۆرەی خۆیان هەنگاوێکی تر هزری ئەفلاتوونییان لەسەر مەنزڵی هزری مەسیحی نزیك کردبووەوە. لە روانگەی هەیوانییەکانەوە هەموو بوونەوەرەکان رەهەندێکی خوداییان هەیە. سیستەمی خودایی ئەرك و شێوازی پێوەندی مرۆڤەکانیان پێ ڕادەگەیەنێت. مرۆڤ بە هۆی یەکبوونی لەگەڵ خوداوەند لەگەڵ ئەوانیتریش یەکدەبێت. جیاوازی ئەم هزرە لەگەڵ هزری مەسیحی لە قۆناغی گەشەکردوویی خۆیدا تەنیا لەم خاڵەدایە کە لە هزری هەیوانیدا خوداوەند بوونێکی ناکارایە و تەنیا بوونی هەیە بەلاّم لە تێڕوانینی مەسیحیدا خوداوەندکارایە. بەم جۆرە تێڕوانینی مەسیحی لەمەڕ یەکبوونی مرۆڤەکان لە کەناڵی یەکبوونی ئەوانەوە لەگەڵ خوداوەند لە راستیدا تێڕوانینێکە کە بۆ هزری هیلنی دەگەڕێتەوە. خستنەڕووی ئەم بابەتە بەواتای ئەوە نییە کە چاوپۆشی لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم دوو هزرە بکرێت. دیدگای مەسیحییەت لەمەڕ پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ خوداوەند جیاوازییەکی گرنگی لەگەڵ ئەو دیدگایەدا هەیە کە بە تایبەتمەندیی فەلسەفەی یۆنانی دادەنرێت. لە دیدگای یۆنانیدا دەگوترێ کە مرۆڤ لە ڕێگای عەقڵەوە دەتوانێ بەرەو بارەگای خودایی سەربکەوێ. بەلاّم لە رەهەندی رەسەنی دیدگای مەسیحییەتدا سەرکەوتنی مرۆڤ بەبێ خواستی خوداوەندیی نایەتەدی. چیرۆکی یەکەمین گوناه کە باسی لێوەدەکەین نیشاندەری بێ توانایی مرۆڤە. مرۆڤی سەرەتایی بەبێ لوتفی خوداوەندیی توانای رزگاربوونی لە دنیاو ئاخیرەتدا نییە.

*** دەوڵەتی جیهانی و دەوڵەتی ئاسمانی**

هەرچەندە هزری سێنت ئاگۆستین بەلاپەڕەیەکی نویٔ لەڕەوتی هزریی مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت بەڵام هزرێك نییە کە لەناکاو سەری هەڵدابێت و لەگەڵ ئەو ڕێڕەوە لە پێوەندیدا نەبێت کە هزری سیاسی لە ڕەوتی گەشەکردنی خۆیدا بڕیویەتی. گەلێك لە توخمە سەرەکییەکانی هزری ئاگۆستین درێژەپێدەر و هاوئاراستەی گەشەکردنی هزری ئەفلاتوون و هەیوانییەکانە کە لەوانەش بۆچوونی سیسرۆنە لەمەڕ بیٔ هاوتابوونی مرۆڤ، یەکگرتنی جۆری مرۆڤ و پەیوەستبوونی هەمووان بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی جیهانییەوە. «شاری ئاسمانی» یا کۆمەڵگای بەهەشتی ئاگۆستین، کە پاشان ڕوونکردنەوەی پتری لە سەر دەدەین، گەلێك ڕەهەندی هاوبەشی لەگەڵ بۆچوونی تایبەت بە دەوڵەتی جیهانی هەیە. لە شاری ئاسمانی یا کۆمەڵگای بەهەشتی ئاگۆستین هەمووان بەبیٔ جیاوازیی ڕەگەزیی، چینایەتی و ئەتنیکی و هتد جێگایان دەبێتەوە.

یەکەمین بانگەشەکارانی مەسیحی هزری جیهان نیشتمانییان پەسندکردبوو کە لە ناو هزرڤانانی دواتری یۆنان و چاخی هیلینیزم دەربارەی یەکسانی مرۆڤەکان لە ئارادابووە. دەتوانین بڵێین هزری یەکتاپەرستی و ئەم هزرە کە خوداوەند باوکی هەموانە بۆ هزری یەکسانی سروشتی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی جیهان و پشت بەستن بە یەکسانی مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە.

## ٢- نەخشەی گشتی هزری ئاگۆستین و ڕێبازەکەی

### یاسا خوداییەکان و یاسا هۆکارییەکان

هزری سیاسی و فەلسەفەی ئاگۆستین دەرەنجامی گەشەکردنی هزری فەلسەفی یۆنان و تێکەلاٰو بوونیەتی لەگەڵ جیهانبینی یەکتاپەرستی عیبرانی. پێوەندی ڕۆژهەلاٰت و ڕۆژئاوا بە هۆی پەرەسەندنی ئیمپراتۆری ئەسکەندەر و ئیمپراتۆری ڕۆم لە لایەکەوە و ئەو ئەزموون و ڕووداوانەی کە پاش هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەوڵەتشاریی و سەرهەڵدانی یەکە گەورە سیاسییەکان بەسەر خەڵکدا هاتبوون لە لایەکی ترەوە زەمینەیان بۆ تێکەلاٰوبوونی هزری ڕۆژئاوایی و جیهانبینی ڕۆژهەلاٰتی (لەوانەش یەهوودییەت) خۆشکرد. تیۆری سیاسی ئاگۆستین تێکەڵەیەکی نوێیە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە بۆ پرسە سیاسییەکان. ئاگۆستین لە لایەکەوە وەك وتاربێژێکی مەسیحی هەموو پرسەکان لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی خوداییدا دەبینیٔ و هەموو شتێك بە ملکەچی ویستی خوداوەندی دەزانیٔ، لە لایەکی ترەوە هەڵسوکەوتی سیاسی و وەرچەرخانە سیاسییەکانی جیهانی ئێستا و واقیعی لە چوارچێوەی هۆکارێتی و پێوەندی هۆکاری و هۆکردیدا دەبینیٔ. بەم جۆرە لە تیۆری سیاسی ئاگۆستیندا وێڕای ئەوە کە پرۆژەیەکی گشتی



خودایی بەسەر هەموو شتدا زاڵە، لە هەمان کاتدا ڕووداوەکانی جیهانی ڕاستینە واتە ئەو جیهانەی کە مرۆڤەکانی تێدان پەیڕەوی لە یاساکانی هۆکارێتی و شیاوی پشکنین دەکەن.

ئاگۆستین سەرەتا بۆ سەرچاوەی وەحی و کتێبە پیرۆزەکان (تەورات و ئینجیل) دەگەڕێتەوە و هێڵی گشتی هزری خۆی لەوێوە وەردەگریٔ و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ جیهان ڕاستینە کە دروستکراوی مرۆڤە و وێڕای ئەوەی کە ئەوان لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی گشتی خوداوەندیدا دەبینیٔ بەدوای پێوەندی هۆکار و هۆکرد و هۆکارێتیش دەگەڕێت بۆیان و هەوڵدەدات هۆکار و فاکتەرە سروشتییەکانی جۆری ڕەفتاری مرۆڤەکان و ڕووداوە مێژووییەکانی جیهانی ئەوان بخاتە بەر تۆژینەوە. بەم جۆرە ئەو وێڕای ئەوەی کە وتاربێژێکی مەسیحییە و چوارچێوەی هزریی خۆی لە کتێبە پیرۆزەکانەوە وەردەگریٔ بنیاتەکانی جۆرێك لە واقیعگەرایی بۆ تێڕوانین لە پرسە سیاسییەکاندا دادەڕێژێت. لەم بوارەدا ئەو وەك هزرڤانێکی واقیعگەرا بیردەکاتەوە نەك وتاربێژێکی ئامانجگەرا. لەم پلەیەدا ئەو هزرڤانێکە کە سیاسەت لە چوارچێوەی ئەخلاق و حەزی لووتکە خوازیی مرۆڤدا سەیر ناکات بەڵکو لە چوارچێوەی ململانێی دەسەلاٰتدا دەیبینیٔ.

تەوەرەی سەرەکی تیۆری سیاسی ئاگۆستین بریتییە لە جیاکردنەوەی هەردوو کۆمەڵگای خاکی و کۆمەڵگای ئاسمانی لە یەکتر. کۆمەڵگای خاکی یا زەمینی لە یاخیبوونی مرۆڤ لە بەرامبەر فەرمانەکانی خوداوەنددا دروستبووە. ئەم کۆمەڵگایە دیلی ئەم یاخیبوونەیە و ناتوانیٔ هەتا سەر ڕێگای رزگاری بپێوێت. کۆمەڵگایەك کە بەرهەمی یاخیبوونە لە بەرامبەر خوداوەند چۆن دەتوانیٔ بەبیٔ سەرنجی تایبەتی خوداوەند بگاتە رزگاریی؟ رزگاریی مرۆڤ تەنیا لەدوا کۆمەڵگا کە کۆمەڵگایەکی ئاسمانییە و بەخواستی خوداوەند دروستدەبیٔ دێتەدی. کۆمەڵگای زەمینی لەبەر ئەو خراپەیەی کە بە هۆی یاخیبوونەوە بە ڕۆکی پێگرتووە پەیڕەویی لە پرۆسە و یاسا تایبەتییەکانی خۆی دەکات. ئەوپەڕی کارێك کە مرۆڤ دەتوانیٔ لەم کۆمەڵگایەدا ئەنجامیبدات خراپەی کەمترە. کۆمەڵگای ئیدیال تەنیا لە شاری ئاسمانیدا دێتەدی.

*** دوو فاقبوونی سروشتی مرۆڤ**

سروشتی مرۆڤ لە دووبەش پێکهاتووە: بەشی جەستەیی و بەشی ڕۆحانی یا بە وتەیەکی تر بەشی خاکی و بەشی ئاسمانی (جیهانی دیکە). مرۆڤ بەسەرنجدان بەوەی کە بە کام بەشی سروشتی خۆی دەجوولێتەوە پێوەندی بە دووشار یا دوو کۆمەڵگاوە هەیە و هاوولاٰتی دوو شارە: شاری دنیایی و شاری بەهەشتی یا ئاسمانی. دەتواندریٔ بە ڕاڤەکردنی جەنگی نێوان ئەم دوو شارە یا دوو کۆمەڵگایە مێژووی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە. ئەوەی کە لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت سەرەتا جەستەیی و خراپە و ئەگەربێت و بکەوێتە بەر ڕەحمەتی خوداوەند ئەوا دەبێتە ڕۆحانی و

باش. لەسەرەتای ئافراندندا هەموو ئەندامی شاری خودایی یا شاری بەهەشتی بوون. پاش ئەو گوناهەی کە مرۆڤ بە هۆی نافەرمانی ئەنجامیدا لە شاری بەهەشتی دەرکرا. لەمەو بەدوا تەنیا بە هۆی رەحمەتی خوداوەند جارێکی تر دەتوانێ بڕواتەوە بۆ شاری بەهەشتی. هەڵکشان بەرەو ئەم کۆمەڵگایە پێوەندی بەرەگەز، چین یا ولاٌتێکی تایبەتەوە نییە. لە کۆمەڵگای بەهەشتی یا شاری خودادا دوو ئیدیالی گەورەی مرۆیی واتە ئاشتی و دادپەروەری دێنەدی.

### * جیهانبینی و شێوازی شیکردنەوەی ئاگۆستین

دەقە ئایینییەکان بەسەرچاوەی جیهانبینی ئاگۆستین وەك هزرڤانێکی مەسیحی دادەنرێت. ئاگۆستین دەیەوێ بەگەڕانەوە بۆ ئەم دەقانە و بە ئیلهام وەرگرتن لە عەقڵی خودایی کە سەرچاوەی خولقاندنی هەموو شتەکانە وەلاٌمی ئەو پرسیارە جۆراوجۆرانە بدۆزێتەوە کە لەبەردەمی ئەو و مەسیحییەکاندان. یەکێك لەو پرسیارانەی کە بووە بنەمای کاری ئەو بۆ نووسینی کتێبی شاری خودا ئەم تۆمەتەی کافرەکان بوو کە هۆکاری کارەسات و شکستەکانی ڕۆمیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە وازیان لە خوداکانی کۆن هێناوە و ڕوویان کردۆتە ئایینی مەسیح.

ئاگۆستین کتێبەکەی خۆی بۆ ڕەتدانەوەی ئەم تۆمەتە دەنووسێ و هەر لەسەر ئەم بنەمایە تەوەرەی تیۆرییەکەی خۆی دادەڕێژێ کە بریتییە لە دابەشکردنی مێژووی مرۆڤ بۆ دوو شار و جەنگی نێوان ئەم دوو شارە.

شێوازی شیکردنەوەی ئاگۆستین لەسەردەمی خۆیدا بە داهێنانێکی نوێ لە قەڵەم دەدرێت. ئەو بۆ یەکەم جار شیکردنەوە و تیۆری سیاسی خۆی لەسەر شێوازی فەلسەفەی مێژوو دەخاتە ڕوو. پاشان فەلسەفەی مێژوو لە لایەن هیگڵ، مارکس، ئیشپنگلر و ئەوانیترەوە بەکارهات و گەشەیکرد. بەپێی ئەم شێوازە ڕووداوەکان وەك پرۆسەیەکی خاوەن سەرەتا، گەشەکردن و کۆتایی سەیردەکرێن. ئەم ڕووداوانە هەر لەسەرەتاوە هەتا کۆتایی خاوەن واتایەکی تایبەتین کە لە زۆربەیاندا تێگەیشتین لە پرۆسەیەکی ئامانجداری مێژوویی بەدی دەکرێت. بەر لە ئاگۆستین هزری زاڵ لە ناو نووسەرانی یۆنانیدا ئەمەبوو کە مێژوو سەرەتا و کۆتایی نییە و شتێك نییە جگە لە سووڕی دووبارە بوونەوەی لە دایکبوون، گەشەکردن و مەرگ. هەروەك بینیمان ئەرەستۆ لە دیاردەکاندا ڕواڵەتی وەك ئەنجام لەبەرچاو دەگرت و بەم جۆرە لە ڕوویەکەوە خاوەن تێڕوانینی ئەنجام گەرایانەبوو. تێڕوانینی ئەنجام گەرایانە مێژوو بە خاوەن ڕێڕەو و ئامانجێکی تایبەتی دەزانێ. بەلاٌم ئەرەستۆ تەنیا پڕۆسە جیاوازەکانی جیهانی بە خاوەن ئامانج و مەبەست دەزانی و هەموو مێژووی بە خاوەن واتایەکی تایبەتی نەدەزانی. لە تیۆری ئەرەستۆدا دەوڵەتی ئیدیال بە ئەنجامێکی زەروریی مێژوویی لە قەڵەم نادرێت کە بەناچار هەردەبێ ڕۆژێك بەدیبێت. ئەو وەکو



زۆرینەی هزرڤانانی یۆنانی وا بیریدەکردەوە کە بەزۆری کۆمەڵگا پاش گەیشتن بە قۆناغی لووتکە دیسان ڕێگای لەناوچوون دەگرێتەوەبەر.

بەلاٌم پەسلاٌن ناسی (ڕۆژیی دوایی) مەسیحی — جوولەکە واتە باوەڕمەندیی بەو ڕۆژەی کە مرۆڤەکان رزگاردەبن توخمێکی هزریی بوو کە ئەو دەرفەتەی دەڕەخساند کە لە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژووەوە سەیری سیاسەت بکرێت. دوابەدوای جیهانبینی جوولەکە، مەسیحییەکانیش لەو باوەڕەدابوون کە مێژوو بریتییە لە بەسەرهاتی هەندێ ڕووداوی وەك ئافراندن، دابەزین، ئازارکێشان و سەرئەنجام رزگاربوونی هەندێك (ئەو بڕوادارانەی کە جێگای بایەخن) و بێبەشبوونی هەندێکی تر (کافرەکان).

ئەم جیهان بینییە ئەو دەرفەتەی بۆ ئاگۆستین رەخساند کە مەعریفەی سیاسی بخاتە چوارچێوەی فەلسەفەی مێژووەوە و لەم چوارچێوەیەدا هەم پرۆژە و پلانی خودایی و هەم ڕێسای هۆکاریی و هۆکردیی هەڵسوکەوتی سیاسی و ڕووداوە مێژووییەکان تێبینی بکات. ئەو لە سیاسەتی راستەقینەدا شانازیخوازی بە پاڵنەری سەرەکی هەڵسوکەوتی سیاسی مرۆڤ و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدات. تێڕامانی ئەو بۆ پرسە سیاسییەکان لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا نەبوو کە لە گۆشەنیگای لووتکە خوازییەوە سەیر دەکرا بەڵکو لە چوارچێوەی واقیعگەرایی سیاسیەوە سەیری دەکرد.

## ٣- کۆمەڵگای زەمینی و کۆمەڵگای بەهەشتی

### فەلسەفەی مێژووی ئاگۆستین

قەیرانی ئیمپراتۆری ڕۆم و ئەوەی کە بۆچی ڕۆم تووشی ئەم کارەساتە هاتووە ئەو پرسیارە سەرەکییە بوو کە ئاگۆستین هزر و تێڕامانی خۆی لەوێوە دەستپێکرد. هەروەك گوتمان کتێبی (شاری خودا) هەوڵێك بوو بۆ وەلاٌمدانەوەی ئەم پرسیارە. ئاگۆستین بۆ گەڕان بەدوای وەلاٌمی ئەم پرسیارە توخنی وەحی دەکەوێ، چونکە خوداوەند لە دەقە پیرۆزەکاندا پەیامی خۆی لە زمانی پێغەمبەرەکانەوە ڕاگەیاندووە. ئەو بە گەڕانەوە بۆ پەیامی خوداوەند هزری ئافراندن وەك بنیاتی هزرەکەی خۆی وەردەگرێ. ئاگۆستین لەو باوەڕەدایە کە سروشتی خودایی بەر لە دەستپێکردنی زەمەن بوونی هەبووەو لە کاتی ئافراندندا بووەتە هۆی دروستبوونی جیهان. مەبەستی خوداوەند لە ئافراندن ڕەحمەت بووە. خودا مرۆڤی خولقاند و ویستی چاکەی پێ بەخشی.

لەم خاڵەدا فەلسەفەی ئاگۆستین لە فەلسەفەی کلاسیك کە پشتی بە عەقڵ دەبەست نەك ویست جیادەبێتەوە.

هەر ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە پشتبەستن بەویست لە جیاتی پشتبەستن بە عەقڵ تیۆری سیاسی ئاگۆستین بۆ ڕێڕەوێکی تەواو جیاواز ڕێنوێنی دەکات. ئاگۆستین نکۆڵی لە بەهرەی عەقڵ ناکات لە مرۆڤدا بەڵام لەو باوەڕەدایە کە عەقڵ بە هاوڕێیەتی ویستی چاك دەتوانێ جیاکەرەوەی مرۆڤی چاك و خراپ بێت لە یەکتر. چاکبوونی ویستی مرۆڤە کە بەرەو لووتکەی تایبەتی خۆی ڕێنومایی دەکات. خۆشییەکانی ئەم جیهانە کاتین و بەختەوەری مرۆڤ لە جیهانێکی سەرووی جیهانی هەستپێکراوەکاندایە. ئامانج لە ئافراندن ئەوەبوو کە مرۆڤ ببێتە خاوەنی مەعریفە و هەتاییبوونی خوداوەند. بەختەوەری مرۆڤ لەوەدایە کە هۆشیارانە و بەپێی ویست ملکەچبێت.

*** دابەزین**

بەڵام مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی خۆی و نەك بەجێ هێنانی فەرمانی خوداوەند کەڵکی لەویستی ئازادانەی خۆی وەرگرت. ئەم خۆبەزل زانینەی مرۆڤ بووە مایەی نەهامەتی بۆ ئەو. مرۆڤ لەبەر ئەوە تووشی ئەم خۆبەزل زانینە هات چونکە لە هیچەوە دروستبووە. مرۆڤ چاوپۆشی لە ڕێنومایی عەقڵی سروشتی کردو بەرەو یاخیبوون ملینا. هەربۆیە لە ژیانی هەتاییەوە بە ژیانی کاتی لەم خاکدانە سزا درا. بەڵام خوداوەند نەیدەویست مرۆڤ بە ئازارێکی هەتایی سزا بدات هەر بۆیە مەسیحی ڕزگاری بەخشی نارد هەتا ئەو هەلە بۆ مرۆڤ بڕەخسێنێ کە هەڵەکەی خۆی قەرەبوو بکاتەوە.

*** گوناهی یەکەم**

گوناهی یەکەم بە یەکێك لە بنەماکانی تیۆری سیاسی ئاگۆستین دادەنرێ. بەڕای ئاگۆستین دووبەرەکی و نامۆبوون و ستەم لەناوخودی مرۆڤەکاندا نییە. خوداوەند نایەوێ کە مرۆڤەکان لە دۆخێکی ناکۆکدا بژین. ئەم دۆخەی کە کۆمەڵگای مرۆیی بەدەستییەوە دەناڵێنێ لە خودی مرۆیی ئەوەوە کە ئافرێنراوی خودایە سەرچاوە ناگرێ. مرۆڤ بۆیە تووشی ئەم کارەساتە بووە چونکە خیانەتی لە جەوهەری مرۆیی خۆی کردووە. ئەم خیانەتە بە «گوناهی یەکەم» ناودەبرێت. دوورکەوتنەوە لە خودی یەزدانی مرۆڤی تووشی ئەم گۆڕانکارییە کردووە. ڕزگاربوون لەم دۆخە تەنیا بە ڕەحمەتی خوداوەندی دێتەدی.

ئەم دیدگایە کاریگەریی هەبووە لەسەر بەشەکانی دیکەی هزری سیاسی ئاگۆستین، لەوانەش تیۆریی دەوڵەتی ئاگۆستین. بەپێی بۆچوونی ئاگۆستین لەمەڕ دەوڵەت چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی یاخی و ترسناکە ئەو دامەزراوە سیاسیانەی کە لە ئارادان هەرچەندە کەموکوڕیشیان تێدابێت بەڵام هەرئەوەندە کە بتوانن گەرەنتی جۆرێك لە ڕێکوپێکی بکەن شایستەی ستایشکردنن. بەڵام



لێرەدا دەتوانین ئەم پرسیارە و ئەم رەخنەیە بخەینەڕوو کە بەسەرنجدان لە یاخیبوونی مرۆڤەکان چۆن دەتوانین هەندێکیان بکەینە خاوەنی دەسەلاتی سیاسی؟

بەپێچەوانەی هزری سیاسی یۆنانی کۆن کە مرۆڤ بە یاسادانەرێکی خاوەن عەقڵ دەزانێ ئاگۆستین ئەو بە بوونەوەرێك دەزانێ کە لە بەرامبەر سیستەمی عەقلانیدا سەر دانانەوێنێ. کەواتبوو ناتوانین مرۆڤ بەرەو فەزیلەتی سیاسی و کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری ڕێنومایی بکەین. کەواتە ڕزگاربوون و کۆمەڵگای ئیدیال لە کۆمەڵگای زەمینیدا نایەتەدی. ڕزگاربوون لە کۆمەڵگای بەهەشتییدا دێتەدی.

## شاری دنیایی

لە تیۆرەکەی ئاگۆستیندا شاری دنیایی یاخود شاری ئەم جیهانە بێبەشە لەو سیستەمە ئیدیالەی کە بتوانێ هەلومەرجی پێویستی فەراهەمبکات بۆ بە کەماڵ گەیشتنی مرۆڤ. ئاگۆستین کۆمەڵگایی یۆتۆپیایی ئەفلاتوون لە زەوییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاسمان. بەم جۆرە ئەم پرسیارە دێتەپێش کە ئایا شاری دنیایی یان بەواتایەکی تر دەوڵەتی ئەم جیهانە هیچ سوودێکی هەیە؟ ئەرکی بڕوادار چییە لە بەرامبەر دەوڵەتی دنیاییدا؟ دەوڵەتی دنیایی چ پێگەیەکی هەیە لە لای ئاگۆستین؟

مەبەستی شاری دنیایی و دەوڵەتی دنیایی هەروەکو دەوڵەتی بەهەشتی دابینکردنی ئاشتی و ئارامییە. جیاوازی نێوان دەوڵەتی دنیایی و دەوڵەتی بەهەشتی تەنیا لە جۆری ئەو ئارامییە دایە کە هەریەك لەودووە خوازیارین. مەبەستی کۆمەڵگای دنیایی بریتییە لە پێکهێنانی ڕێکەوتن لە نێوان مرۆڤەکانداو هەوڵدەدا ئەم ڕێکەوتنە پراکتیزە بکات لەگەڵ سەقامگیرکردنی ئەو سیستەمەی کە زاڵە بەسەر پەیوەندییەکانی ئەندامانی شاری دنیاییدا. بەڵام مەبەستی کۆمەڵگای بەهەشتی بریتییە لە گەیشتن بە ئاشتی و ئارامی یەزدانی.

ئەو ئاشتییەی کە دەوڵەتی دنیایی دەیخاتەڕوو نەك تەنها باشە بۆ ئەندامانی شاری دنیایی بەڵکو بۆ ئەندامانی شاری خوداش باشە کە بۆ ماوەیەك لە پارچە خاکێکدا ژیان بەسەردەبەن، چونکە ئەم ڕێبوارانەی شاری خودا پێویستیان بەو ئاسایشە هەیە کە دەوڵەتی دنیایی فەراهەمیدەکات تا لەو ڕێگەیەوە لە ئەشکەنجە و ئازار پارێزراو بن و بتوانن ئەرکە ئایینییەکانی خۆیان بەجۆرێکی خوازراو ئەنجام بدەن. تەنانەت بۆ خەڵکانی شاری دنیاییش خودا داوای کردووە کە لە قۆناغی ژیانەی دنیاییدا سوودمەندبن لە نیعمەتی گەورەی ئاسایش.

## بەهای سیستەمی دنیایی

لە تیۆرەکەی ئاگۆستیندا سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دنیای ماددییدا لەسەر بناغەی پێویستییە ماددییەکان بونیادنراوە. شاری دنیایی چەند گرێبەندێکی داناوە بۆ دروستکردنی ئاسایش کە خەڵکانی شاری خودایش پەسەندی دەکەن. هەڵبەتە بەو مەرجەی کە ئەم گرێبەند و یاسایانە کەرەستەی پێویست دابین بکەن بۆ ژیانی ئەم جیهانە. بۆیە رێبوارانی شاری خودا هاوکاری دانیشتووانی شاری دنیایی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئاسایش و ئاشتی و ئارامی. کەواتە دەتوانین بڵێین کە سیاسەت لە تیۆرەکەی ئاگۆستیندا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی بەر تەسکە نەك بۆ بەها بەرزەکان. هەروەها ئاگۆستین تا ئاستی رۆڵێکی سوودبینانە سیستەمی ئیدیالی دنیایی دادەبەزێنێ.

لێرەدا ئاگۆستین جیادەبێتەوە لە بیرمەندانی پێش خۆی (بیرمەندانی یۆنان و بیرمەندانی رۆمی کۆن). بیرمەندانی یۆنان و رۆمی کۆن لە ئەفلاتوونەوە تا سیرۆن دەوڵەت و دەوڵەتشار بە پێگەیەك دادەنێن بۆ دابینکردنی پێداویستییە مادی و واتاییەکان. لە جۆری تێڕوانینی ئەواندا پێویست بوو کە سیستەمی ژیانی سیاسی هەلومەرجی گەشەکردنی فەزیلەت و کەماڵی مرۆیی و خۆشبەختی مادی و واتایی فەراهەم بکات. بەڵام ئاگۆستین تەنها کاری دابینکردنی خۆشگوزەرانیی مادی دەدایە دەست دەوڵەتی دنیایی و پێی وابوو کە لە کۆمەڵگای دنیاییدا شوێنێك نییە بۆ لایەنە واتاییەکانی ژیان. لە راستیدا ئاگۆستین بەردی بناغەی جیاوازیی لە نێوان بواری سیاسی و بواری ئایینی دادەنێت، هەرچەند کە ئەم جۆرە تێڕوانینە بە شێوازێکی خاو لە بیروباوەڕی یەکەمین بنیاتنەرانی ئایینی مەسیحییەت و کڵێسا دەبینرێ.

## پۆلینکردنی دەوڵەت

لە روونکردنەوەی هزری سیاسی ئەو بیرمەندانەی کە تا بە ئێرە باسمانکردن بەردەوام باسمان لەو بەشەی تیۆرەکانیان کردووە کە پەیوەستن بە پۆلینکردنی دەوڵەتەکانەوە پێویستە سەبارەت بە ئاگۆستین بڵێین کە ئەو دووجۆر دەوڵەت لێك جیادەکاتەوە: دەوڵەتی دنیایی و دەوڵەتی بەهەشتی. هەروەها دەڵێ ئەگەر دادپەروەری بە بەرزترین ئەدگاری کۆمەڵگایەك دابنێین ئەوا هیچییەك لە کۆمەڵگا دنیاییەکان بە کۆمەڵگای دادپەروەر لە قەڵەم نادرێن، چونکە دادپەروەریی فەزیلەتێکە کە مافی هەموو کەسەکان دەدات. لە کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان خودای راستەقینە فەرامۆشبکەن ئیدی چۆن دەتوانرێ باس لە دادپەروەری بکرێت. ئەو شارە دنیاییەی کە تیایدا خودای راستەقینە ناپەرسترێ ناتوانرێ بەپێی دادپەروەری و فەزیلەتی ئەخلاقی بێ. بەم جۆرە هیچ فۆرمێکی حکوومەتی شاری دنیایی لە پێشتر نییە لەچاو فۆرمێکی تردا. نابێ جگە لە دابینکردنی ئاشتی و ئارامی شتێکی تر لە کۆمەڵگای دنیایی و دەوڵەتی دنیایی چاوەڕوان بکرێت.



## رێبوارانی شاری بەهەشتی و دەوڵەتی دنیایی

وتمان کە بە بۆچوونی ئاگۆستین مەبەستی سەرەکی لە کۆمەڵگای دنیایی و دەوڵەتی دنیایی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئارامییە تاوەکو بڕواداران یان رێبوارانی کۆمەڵگای بەهەشتی بتوانن تیایدا بە ئازادی ئەرکە ئایینییەکانی خۆیان ئەنجامبدەن. دەکرێ لێرەدا پرسیارێك بخرێتەڕوو سەبارەت بەوەی کە ئەگەر دەوڵەتی ئەم جیهانە نەتوانێ ئازادی پەرستنی بڕواداران دابینبکات چارەنوسی ئەم بڕوادارانە چیدەبێ؟ ئایا دەبێ لە بەرامبەر ئەو حکوومەتەی کە ستەمکاریی کردووەتە بەرنامە راپەڕن؟ ئاگۆستین هیچ ئامۆژگارییەکی نییە دەربارەی راپەڕین دژ بەو حکوومەتەی کە ئازادی ئایینی پێشێل دەکات. ئاگۆستین دەڵێ بڕواداری مەسیحی هیچ پاڵنەرێکی نییە بۆ لەناوبردنی ستەمکاران و دەسەڵاتی ستەمکاران سزای تاوانێکە کە مرۆڤ بە هۆی «گوناهی یەکەم»ەوە تووشیهاتووە. ئەو کەسە نادادپەروەرانەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی نا دادپەروەراندا دەژین بە هۆی گوناهباری خۆیانەوەیە کە تووشی ئەم بەڵایە هاتوون و کەسانی دادپەروەریش ئەم ستەمانە بە تاقیکردنەوەی مەزنی فەزیلەتی خۆیان لە قەڵەم دەدەن.

تاکی مەسیحی لە هیچ کاتێکدا کاری بە بەرگریکردنەوە نییە و دەبێ لە بەرامبەر پاشا و فەرمانڕەوا ستەمکارەکاندا تەنها بپارێتەوە کە خوا بەرەو دادپەروەری رێنماییان بکا. تاکی مەسیحی تەنها بەرپرسی کاری خۆیەتی کە زیان بە کەس نەگەیەنێ، باشە لەگەڵ هەمداندا بکات و دراوسێکانیشی وەکو خۆی خۆشبوونی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و سەرچاوەی دەوڵەت لەوەدایە کە هەردوو بەرهەمی گوناهن. دەوڵەتی دنیایی زۆر جیاواز نییە لە کۆمەڵە رێگرێك بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوەن. دەوڵەتی دنیایی تەنها دەکرێ باسی لێوە بکرێ و ناتوانرێ بەرنامەی کاری بۆ پێشنیار بکرێ.

ئەگەر وایە ئایا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگای دنیاییدا شوێنکەوتوی رێکەوتە ئایا بە هۆی رێکەوتە کە کۆمەڵێك خاوەنی دەسەڵات و کۆمەڵێکی تر بێبەشن لێی؟ ئایا پەیدابوون و رووخانی دەوڵەت و گەشەکردن و دابەزینی ئیمپراتۆرییەکان پەیڕەویی لە هیچ رێسایەکی پێویست ناکات و تەنها رێکەوت زاڵە بەسەریدا؟

## هۆکاری دروستبوون و رووخانی ئیمپراتۆرییەکان

وتمان کە ئاگۆستین کاری خۆی بە نووسینی کتێبی «شاری خودا» دەستپێکرد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگەی کە سەبارەت بەقەیرانی ئیمپراتۆریەتی رۆم لە ئارادابوو. لە ساڵی ٤١٠دا شاری رۆم لە لایەن هۆزەکانی گۆتەوە داگیرکراو وێرانیانکرد و ئەم رووداوە بە توندی دنیای ئەوکاتی هەژاند. رۆمییەکان دەوڵەتەکەی خۆیانیان بە نەمر دەزانی، کەچی ئێستا بەدەستی کۆمەڵێك بەربەرەوە داگیر و تاڵان کرابوو بۆ گێڕانەوەی ئەو بەڵایەی کە یەخەی

ڕۆمییەکانی گرتبوو کەسانێکی زۆر لە ڕۆمییەکان گەڕانەوە بۆ لای خوای باوباپیرانی خۆیانیان (لەبڕی خوای مەسیح) خستەڕوو. ئاگۆستین بۆ بەرگریکردن لە مەسیحییەت لە بەرامبەر ئەم تۆمەتە و لە بەرامبەر بیبڕوایاندا تیۆرێکی نوێی خستەڕوو سەبارەت بەهۆکاری دروستبوون و لە ناوچوونی حکوومەتەکان و کۆمەڵگا سیاسیە دروستکراوەکانی مرۆڤ و ئەو خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە خوا بەپێی چ دیسپلینێك دەسەڵات دەبەخشێتە کەسانێك و کەسانێکی تری لێ بێبەشدەکا.

ئاگۆستین دابەشبوونی دەسەڵات و سەرهەڵدان و ڕووخانی دەسەڵاتەکان بەشتێکی ڕێکەوت نازانێ بەڵکو بە پەیڕەوی یاسامەندییەکی پێویست و شیاوی ناسینەوەی لە قەڵەم دەدات. ئایا پەسەندکردنی یاسامەندی پێویست بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ناکۆك نییە لەگەڵ بڕوابوون بە پەیڕەوییکردنی هەموو شتەکان لەویستی خوداوەند؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە! چونکە ویستی خودا کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی هۆکارە سروشتییەکان. ویست و ئیرادەی مرۆڤەکانیش بەشێکن لە سیستەمی هۆ و هۆکردەی کە زانراوە لە لای خودا. خودا زانستی کۆنی هەیە سەبارەت بە هەموو هۆکارەکان. بەم شێوەیە ئاگۆستین بۆ ڕوونکردنەوەی بابەت و پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای مرۆیی لە سنووری باسە میتافیزیکییەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سنووری باسە زانستی و ئەزموونییەکان. هەڵبەتە ئەم باسانەی جیهانی ئەزموونی و ئەم دنیایە لە ئاکامدا لە خواری باسە باڵاکان جێیان دەبێتەوە.

ئێستا کەوابوو دەبێ بەدوای مەبەستی مرۆڤەکاندا بچین لە بەدەستهێنانی دەسەڵات. چ مەبەستێك مرۆڤەکان پاڵدەنێ بۆ گەڕان بەدوای دەسەڵاتدا؟ وەڵامی ئاگۆستین بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە گەڕان بەدوای ناوبانگ و گەورەیی و شانازی بناغەی گەڕانە بەدوای دەسەڵاتدا. ئەم پاڵنەرە بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆم. ڕۆمییەکان بە خۆشی پیانازینی فەرمانڕەواییکردنی ڕۆم و پاشتر فەرمانڕەواییکردنی خەڵکانی تر دەستیان دایە دروستکردنی دەسەڵاتێکی وەکو ئیمپراتۆریەتی ڕۆم. بە وتەیەکی تر ئەم کارە دەسەڵاتخوازیی نوخبەگەلێکی زانای بەرجەستەبوو کە بەرەو بنیاتنانی ئەم ئیمپراتۆرییە گەورەیە هانیدان. کەسانێکی وەك جۆلیۆسی پاشا کە زیرەکییەکی باشی سەربازیان هەبوو و دەیانویست سوپایەکی گەورە دروستبکەن، هەلومەرجی پێشوەختی سنووری فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ڕۆمیان فەراهەم کرد. بەم جۆرە سەرەتا لە دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا حەزکردن بە شکۆ و شانازی بووە هۆی داواکردنی ئازادی و پاشتر دوابەدوای ئەمە ئەم کارە بەرەو بنیاتنانی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە هەنگاوی نا.

هەڵبەتە پاڵنەری شانازی خوازیی وەکو پێویست لە فۆرم و ڕوخسارێکی دیار و تایبەتییدا خۆی وەدەرنەدەخست. شکۆمەندیخواز دەبێ دیسپلینێکی گیانی تایبەتی بەسەرخۆیدا بسەپێنێ. تەنانەت ڕەنگە وەها خۆی نیشانبدات کە بە هیچ جۆرێك کەسێکی خۆویست نییە و هەموو کات گرنگی بە کاروبارە گشتییەکان دەدا و ڕەنگە لە ڕاستیدا بەدوای سامان و جوانکاریدا نەبێ.



بەڵام نابێ فریوی ڕوخسار بخۆین و نابێ پاڵنەری گەورەیی و شکۆمەندی بانگەواز بۆ خۆی بکات. بەهەرحاڵ تەنها کەسانێکی کەم دەتوانن بۆ گەیشتن بە شانازی سیستەم و دیسپلینێکی تایبەت بەسەرخۆیاندا بسەپێنن و هەموو کەسێ ئەم فەزیلەتەی تیادانییە. کۆمەڵە فراوانترەکانی خەڵکی کە توانای پێشکەوتنیان نییە لە ڕێگەی شانازیدا بۆیە بەترسەوە کاردەکەن و لەم ڕووەوە دەکەونە خزمەتکردنی مەبەستەکانی کۆمەڵەی یەکەم.

کاتێك کە دەسەڵات سەقامگیر بوو بۆ خۆی ڕێکدەخا. کاتێك کە کۆماری ڕۆم ڕاپەڕی سەرەڕای هەبوونی گەندەڵی لە کارەکانی ڕابەرانی پاشتردا (بە هۆی گرفتاربوونیان بەکاری جوانی پەرستی و ڕازانەوە) درێژەی بە ژیانی خۆیدا. بەڵام شانازیخوازی لە فۆرمی خۆبەزلزانین و لووتبەرزی دەبێتە هۆی جیابوونەوەو پەرتوبڵاوی و لاوازی و لەناوچوون. سەبارەت بە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیش بەراستی هەروەها بوو. ئەمە چارەنووسی هەموو حکوومەتەکانە. کاتێك کە دەسەڵات لە ئاستی خۆی تێدەپەڕێ ئیدی کارەسات و فەوتاندنی بەدوا دادێ.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە حکوومەتی دنیایی لەسەر بنەمای چەند سۆزدارییەك دروستدەبێ کە لە بنەڕەتدا نادروستن و لە ڕێگەی ڕاست دوور کەوتونەتەوە. ئەگەر هەموو مرۆڤەکان پاك بوونایە یاخود جارێکی تر زانایی و هۆشیاری بەدەستبێننەوە و بگەڕێنەوە ڕێگەی ڕاست ئەو کات پێویستیی دەسەڵاتخوازی و فەرمانڕەوایی کەسانێك بەسەر کەسانێکی ترەوە دروستنابێ. تەنها مرۆڤە سەرکێش و ستەمکارەکان هەوڵدەدەن لەبری فەرمانەکانی خوا فەرمانەکانی خۆیان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن. بەڵام هەر لەم کۆمەڵگا جیهانی و لەم سیستەمەی دەسەڵاتیشدا هەندێك لە شەرم و ئابڕووخوازییەکان ڕێزدارترن لە هەندێکی تر. ئەو ئابڕووخوازانەی کە دەیانەوێ خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن جیاوازن لەو لوتبەرزانەی کە دەیانەوێ بۆ خزمەتکردن بە خۆیان زاڵبن بەسەرخەڵکیدا.

## شوێنی بەدکرداری لە یاسای خوداییدا

بەو جۆرەی کە باسمانکرد ئایا دەکرێ جیهانی پەیڕەوی بەدکرداری بخرێتە دەرەوەی سیستەمی خواییەوە؟ بەواتایەکی تر ئایا ئەو بەشەی جیهان کە پەیڕەویی یاسامەندی سیستەمی ئەم جیهانەیە لە سیستەمی خوایی بەدەرە؟ وەڵامی ئاگۆستین بۆ ئەم پرسیارە نەخێرە. لە تیۆرەکەی ئەودا هەموو شتێك پەیڕەوی ئیرادەی خواییە و یاساکانی جیهانی پەیڕەویی بەدکرداریش لە سیستەمی خواییدا جێی بوەتەوە. ئەگەر دروستبوون و ڕووخانی حکوومەتەکان و ئیمپراتۆرییەکان لە ڕوویەکەوە پەیڕەوی هۆکاری سروشتییە ئەوا لە ڕوویەکی ترەوە بەستراوەتەوە بەو یاسایەی کە خوا لە سروشتیاندا دایناوە.

## سیستەمی کۆیلایەتی لە دەرەنجامەکانی کۆمەڵگای دنیاییە

ئاگۆستین وەکو زۆربەی بیرمەندە گەورەکانی تری هاوشێوەی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لەسەردەمی خۆیدا دەژیا سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ سەرەکیترین لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمەکەی و ئەو دیاردانەی کە دەبوو سەیر و ناپەسەند بن بەلایەوە بە شێوەیەکی تر لێی دەڕوانین. یەکێك لەو دیاردانە سیستەمی کۆیلایەتی بوو. لەسەردەمی ئاگۆستیندا یەکێك بوو لە لایەنە دامەزراوە و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتی ڕۆم دەوڵەتێکی کۆیلەدار بوو زیاتر کۆیلەکانی باری بەرهەمهێنانیان هەڵدەسوڕاند. ئاگۆستینیش هەروەکو ئەرەستۆ و ئەفلاتوون لە شوێنی خۆیدا پاسا و بۆ کاری کۆیلایەتی دەهێنێتەوە.

ئاگۆستین لە باسە هەمەلایەنەکانی خۆیدا دەربارەی هەموولایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و بەراوردکردنی لەگەڵ پێوەرەکانی ئایینی مەسیح دەبوو ئاماژەیەکی بە بابەتی کۆیلایەتیش بکردبا. دەبو ئاگۆستین وەکو مەسیحییەك بەو حوکمەی ئینجیل کە دەڵێ دراوسێکەت وەکو خۆت خۆشبوێ، هەروەها بەو بنەڕەتە سەرەتاییەی ئایینی مەسیح کە هەمووان بە یەکسان دادەنێ بەبێ جیاوازییە ڕەگەزی و توانایی و چینایەتییەکان سیستەمی کۆیلایەتیی ڕەت بکردایەتەوە. بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی ئەرەستۆی ڕەتبکردایەتەوە کە بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان بە نایەکسان دادەنێ و پێیوایە کە هەندێ کەس هەر بە خواستی سروشت بەکۆیلەیی ئەفرێنراون. بەڵام ئاگۆستینیش سەرەڕای بڕوابوونی بە یەکسانی مرۆڤەکان کۆیلایەتیشی پەسەند کرد و بەڵگەی هێنایەوە بۆ ئاراستەکردنی.

تیۆرەکەی ئاگۆستین سەبارەت بە کۆیلایەتی درێژەی تیۆرێکی تریەتی سەبارەت بە ناوەڕۆکی بوونی دەوڵەت. سیستەمی کۆیلایەتیش هەروەکو زەرووڕەتی دەوڵەت لە گوناهی یەکەمەوە سەرچاوەدەگرێ. پاش نزمبوونەوە، ئازار و سەختی و دەسەلاَت و ستەم بۆ کۆمەڵگای دنیایی دیاریکرا. بەر لە نزمبوونەوە خواستی خوا وابوو کە مرۆڤ فەرمانڕەوایی مرۆڤ نەکا و مرۆڤ تەنها فەرمانڕەوایی گیانداران بکا. بەڵام تووشبوونی گوناهو سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خوا بووە هۆی ئەوەی کە نەخشەکەی خوا گۆڕانی بەسەردابێ و بوونی سیستەمی کۆیلایەتیش لەو سزایانەیە کە بۆ کۆمەڵگای دنیایی دانراوە. بۆیە ئاگۆستین ئامۆژگاری کۆیلەکان دەکا کە ناڕازی نەبن لە ژیانی خۆیان چونکە ئازار و سوکایەتی پێکردنی پاکی دەکاتەوەو لە یەزدانیشی نزیك دەکاتەوە. و داوا لە کۆیلەکان دەکا کە بە نیەتپاکی و ڕوخۆشی خزمەت بە گەورە و خاوەنەکانیان بکەن و بەڵێنیانپێدەدا کە سەرئەنجام لە کۆمەڵگای بەهەشتیدا قۆناغی نایەکسانی و دەسەلاَتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە کۆتایی دێ.



بەڵگەهێنانەوەی ئاگۆستین بۆ ڕوونکردنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی هێندە لاوازە کە هیچ شوێنی گومانێك ناهێڵێتەوە کە خۆیشی لایەنگری ئەم کارەیە و سیستەمی کۆیلایەتی دەبەستێتەوە بە «گوناهی یەکەم». بەڵام بە پەسەندکردنی ئەم حوکمەیش دووبارە ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە ئەگەر سیستەمی کۆیلایەتی وەکو سزای بە کۆمەڵی گوناهی مرۆڤ دیاریکراوە ئەی بۆچی هەندێك کۆیلەن و هەندێکی تر ئازادن. سزایەك کە خوا دایناوە سزایەکی بە کۆمەڵە و بۆ هەموو مرۆڤە. بەڵام لە هەلومەرجی سیستەمی کۆیلایەتیدا کۆمەڵێك کۆیلەن و زیاتر لەوانەی کە ئازادن ئازار دەچێژن. بۆ ئەوەی بەڕەوای بزانین کە پێویستە کۆمەڵێك ئازاری زیاتر بچێژن دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە ئەوانە گوناهکارترن لەوانی تر و ئاگۆستین خۆی بە دوردەگرێ لە ئەنجامدانی ئەم کارە.

## سیستەمی دادپەروەری و سیستەمی دنیایی

دادپەروەری بریتییە لە هاوشێوەبوونی ڕێکی و هەر کۆمەڵگایەك بۆ خۆی سیستەم و ڕێکییەکی هەیە. خێزان وەکو بچووکترین کۆمەڵێك کە تاك پەیوەستە بەو، خاوەن سیستەمێکە کە بە تێکدانی شیرازەکەی لێکدەترازێ. بەهەمان شێوە دەوڵەتیش کە کۆمەڵێك خێزان لەخۆ دەگرێ سیستەمێکی هەیە کە پێویستە خێزانەکان پەیڕەویی لێبکەن. بەڵام دەوڵەتیش دوایین کۆمەڵگا نییە لە زنجیرە پلەکانی کۆمەڵگای جیهانیبوون. کۆمەڵگای جیهانی کۆمەڵگایەکە بەرزتر لە دەوڵەت و هەموو ئەو کۆمەڵگا بچووکانەی کە لەژێر دەسەلاَتی خودان و هەموو کۆمەڵگایەك پێویستە پەیڕەویی سیستەمی کۆمەڵگای سەرووتر بکا. واتە پێویستە تاك پەیڕەویی لە سیستەمی خێزان و خێزانیش پەیڕەویی لە سیستەمی دەوڵەت و دەوڵەتیش پەیڕەویی لە سیستەمی خوایی بکا تاوەکو بە دادپەروەر لە قەڵەم بدرێ. ئەگەر دەوڵەت پەیڕەویی لە سیستەمی خوایی بکا دەبێتە دەوڵەتێکی دادپەروەرو بەپێچەوانەی ئەمەیشەوە دەبێتە نادادپەروەر. پەیڕەویکردنی خەڵکی لە دەوڵەتێکی نادادپەروەر بەنسبەت ئەم دەوڵەتەوە دادپەروەرانەیە بەڵام بە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە کارێکی نادادپەروەرانەیە. دەوڵەتی نادادپەروەریش هەر دەوڵەتە بەڵام دەزگایەکە دەستدرێژیکردووەتە سەر سیستەمی خوایی. ملکەچیکردنی دەوڵەتی دادپەروەریش ملکەچیکردنی فەرمانەکانی خوایە و ملکەچیکردنی دەوڵەتی نادادپەروەریش نادادپەروەرییە.

لەگەڵ ئەمەیشدا هەروەك وتمان ئاگۆستین لە کۆتاییدا دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەی خوایی و هەرچەندە بەهاوشێوەی دادپەروەری ڕەهای دانانێ بەڵام ملکەچینەکردنی قبووڵ ناکا. لێرەدا ئاگۆستین لەم بارەیەوە لە فەیلەسووفە سیاسییەکانی یۆنانی کۆن جیادەبێتەوە کە

دەوڵەتشاریان بەسەرچاوەی بەرزی دادپەروەری دادەنا و سەرچاوەیەکی بەرزتر لە دەوڵەتی دنیایی دەستنیشاندەکا وەکو بەرزترین دەسەڵاتدار. لە تیۆرەکەی ئەفلاتووندا دەوڵەت شوێنکەوتووی سیستەمێکی بەرزتر لە خۆی نییە بۆیە دەکرێ دەوڵەت بەرزترین دەسەڵاتی هەبێ و لە هەمان کاتیشدا دادپەروەرانە بێ. لە تیۆرەکەی ئاگۆستینیدا تاکەکان پەیوەستن بە کۆمەڵگای بەرزترەوە کە دەوڵەت بەشێکە لەو کۆمەڵگایە. بە بۆچوونی ئەفلاتوون هیچ یاسایەك بەرزتر نییە لە یاسای دەوڵەت، لەکاتێکدا کە لە تیۆرەکەی ئاگۆستین تاك بەشێکە لە کۆمەڵگایەکی نەمر کە یاساکانی زاڵن بەسەر هەموو گەردووندا.

## جیاکردنەوەی بواری ئایین لە بواری سیاسی

ئەم تێڕوانینە بەرەو جیاکردنەوەی بواری سیاسی و ئایین لە یەکتر هەنگاو دەنێ. فەیلەسووفە سیاسییەکانی یۆنانی کۆن جیاوازییان نەدەکرد لە نێوان بواری سیاسی و ئاییندا. بەلای ئەوانەوە دەوڵەتشار هەموو شتێك بوو. ئەو خوایانەی کە دەپەرستران هەمان خوایەکانی دەوڵەتشاربوون و یۆنانییەکان بڕوایان بەسەرچاوەیەکی بەرزتر لە پایەکانی دەوڵەتشار نەبوو. بە بۆچوونی خەڵکی بەشداریکردن لە دەوڵەتشاردا بەواتای بەشداریکردن بوو لە هەموو دامەزراوە ئایینی و دنیاییەکانی.

لەگەڵ ئەمەیشدا تیۆرەکەی ئەفلاتوون لە «کۆمار»دا و ئەو ڕۆڵەی کە بۆ فەیلەسووف شای لەبەرچاوگرتووە بۆ خۆی هەڵگری روخسارێکە کە سەرچاوەی بیرۆکەی جیاوازی نێوان ئایینی و سیاسی تیادا بەدی دەکرێ. لە تیۆرەکەی ئەفلاتووندا فەیلەسووف — شا خاوەن پێگەیەکی تایبەتە کە دەتوانێ بۆ ناسینی خۆی لە بواری ئاسایی ژیانی سیاسی دەربچێ و مەسیحییەت ئەم پێگە تایبەتییەی ئەفلاتوونی ( کە بۆ فەلسەفە لەبەرچاوی گرتبوو) گواستەوە بۆ ئایین. بەپێی دیکترینەکانی مەسیحی مرۆڤەکان تەنها لە بەرامبەر دەسەڵاتی مەدەنیدا ناچاری ملکەچی نین، لەبەرامبەر هێزێکی بەرزتردا واتە سیستەمی خوایی چەند ئەرکێکی دیاریکراویان هەیە.

جیاکردنەوەی بواری ئایین لە سیاسی رابردوویەکی دووری هەیە لە نێوان بیرمەندانی مەسیحیدا. ڕێبازی پڕۆتستان کە فۆرمی پاشترە تەنها لە رووی رەهەندەکانی ئەم جیاکردنەوەیەوە جیاوازە لە ڕێبازی کاسۆلیك. کاسۆلیکەکان جیاوازی دادەنێن لە نێوان کرداری ئایینی و دنیایی و بەشی ئایینیی کردارەکانی مرۆڤیش دەگوازنەوە بۆ سەرچاوەیەکی دیکەی جیا لە دەوڵەت. لەکاتێکدا کە پڕۆتستانتەکان دەڵێن ئایین هیچ تێڕوانینێکی نییە سەبارەت بە کردارە دەرەکییەکانی مرۆڤ و ئەم کردارانە سپێردراون بەسنووری سیاسی.



بەهەرحاڵ جیاکردنەوەی سنووری ئایین و سیاسی یەکێکە لە گەورەترین دەستکەوتەکانی بواری مێژوویی هزری سیاسی و دەبێ ئەم دەستکەوتەیش بەهی ئاگۆستین دابنرێ. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر سیاسی کۆلگا ئەوروپییەکان و لەوانە دوورخستنەوەی دەستی دەوڵەت لە سنووری هزر و بۆچوونە تایبەتییەکانی خەڵکی و وەها کارێك بۆ خۆی بەهەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێ لە کامڵبوونی هزری دیموکراسی ئەوروپادا.

دواتر بابەتی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی بووە بابەتێکی گرنگی هزر و کردەی سیاسی (پاشتر بەدرێژی قسەی لەسەر دەکەین). بەهەرحاڵ دیاریکردنی سنووری مادی و واتایی کە یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و دووەمیش بۆ ئایین کارێکی ئاڵۆزە. لێکدانەوەی ئەم رەوشە هزرییە بووە بابەتی گفتوگۆی درێژی نێوان کلێسا و پاشاکان لەسەردەمێکدا. دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییە نوێیەکان و دەوڵەت لە چەمکە نوێیەکەیدا پەیوەستبوو بە پەیڕەویکردنی دەسەڵاتی کلێسا بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت.

## هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگای بەهەشتیی ئاگۆستین

تیۆرەکەی ئاگۆستین سەبارەت بەوەی کە ئەندامانی شاری خواکێن بۆ خۆی نادیار و جێی پرسیارە. شاری خوایان کۆمەڵگای بەهەشتی تەنها هی ئەو کەسانە نییە کە پاش زیندوبوونەوە بەشێك دەبن لە رزگاربووەکان و دەگەنە ژیانێکی نەمر لە بەهەشتی بەریندا. هەر لەم دنیایەشدا شاری خواو کۆمەڵگای بەهەشتی ئەندامگەلێکی هەیە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەمانە چۆن و بەیارمەتی کامە دەستە لە فاکتەرەکان لەگەڵ یەکدا کۆدەبنەوەو کۆمەڵگایەك دروستدەکەن. هەندێك لە راڤەکاران وتوویانە کە ئەندامانی شاری خوا لە خۆشەویستانی خوا پێکدێ و هەر بە هۆی ئەم سیفەتەوە زنجیرەیەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونەیش پەسەندبکەین ئەوکات ئەم رەخنەیە دروستدەبێ کە بۆچی خۆشەویستانی خوا کۆمەڵگایەك پێکدەهێنن؟ بەواتایەکی تر ئایا خۆشەویستی خوا بۆ خۆی دەتوانێ ببێتە زنجیرەیەك کە ئەندامانی کۆمەڵگایەك بەیەکەوە ببەستێ؟ ئاگۆستین لە هیچ شوێنێکدا ئەم باسەی روون نەکردووەتەوە. ڕەنگە کەسانێك کە پەرستراوێك دەپەرستن پەیوەندێکی هەستی و دەروونییان هەبێ لەگەڵ یەکتردا بەڵام ناتوانین بڵێین تەنها بە هۆی ئەم خاڵەوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوانیاندا هەیە.

شاری خوایان کۆمەڵگای بەهەشتی یەکسان نییە بەکلێسای کاسۆلیك، چونکە بەو شێوەیەی کە ئاگۆستین باسیکردووە شاری خوا کەسانێکی دیکەی جیا لە ئەندامانی کلێسای کاسۆلیکیش دەگرێتەوە. جگە لەمە ڕەنگە بەشێك لە ئەندامانی کلێسای کاسۆلیك نەکەونەبەر کۆمەڵگای بەهەشتی. هەڵبەتە پەیوەندییەکی نزیك هەیە لە نێوان شاری خواو کلێسای کاسۆلیك، چونکە پێویستییەکی بەدەستهێنانی شاری خوا بریتییە لە بەدەستهێنانی سۆزی خواو سروشتیترین ڕێگە بۆ گەیشتن بەم خاڵە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەو ڕەوشە ئایینییانەی کە لە کلێسادا ئەنجامدەدرێن. بەندە هەڵبژێردراوەکانی خوا بەرلەوەی بەرەو دنیای فریشتەکان بڕۆن ماوەیەك لە زبڵدانی زەویدا دەمێننەوەو لەم ماوەیەدا جگە لەوەی کە پێویستییان بەهێمنی و ئارامی هەیە دەبێ بکەونە پەرستن تاوەکو ئومێدەواربن لە بەدەستهێنانی سۆزی خوا.

# بەشی سێیەم

## ئاوێتەبوونی سیستەمی خوایی و سیستەمی مرۆیی لە هزری سیاسیدا

# بەرگریکارانی سیستەمی خودایی

## سەرەتای قۆناغێکی نوێ

کاتێك کە ئیمپراتۆریەتی رۆم روخا و هۆزە بەربەرییەکان دەستیانگرت بە سەر دەستکەوتەکانی ئەم ئیمپراتۆریەداو دوو کۆمەڵە دامەزراوە، یەکەم دنیایی و ئەویتر ئایینی هاوتەریببیەك لە کۆمەڵگای گۆڕاوی ئەوروپییدا گەشەیانکرد. هۆزە بەربەرییەکان کە ئیمپراتۆریەتی رۆمیان تێکشکاندبوو شانشین و نیمچە ئیمپراتۆرییەکانی خۆیا پێکهێنا و کلێساکانیش بۆ دروستکردنی تۆڕێکی بەربلاو و بەهێز بەخێرایی بەرەو پێشەوە هەنگاویان نا. ئەو شانشینانەی کە هۆزە سەرکەوتووەکان لە ناوچە جیاوازەکانی ئەوروپادا دروستیانکرد لەسەر بنەمای دابونەریتی خێڵەکیی ئەو هۆزە جیاوازانە بوو کە لە ناوچە جیاوازەکانی ئەوروپادا جێگیربوو بوون. ئەم هۆزانە پلە بەپلە پاشماوەگەلێکی کەمی شارستانییەتی رۆمیان وەرگرت، بەلاّم ئەوەی لە بواری سیاسی و فەرمانڕەواییدا کاری پێکرا سیستەمە شانشینەکانی ئەم هۆزانە بوو بە پاڵپشتی نەریتە خێڵەکییەکانیان.

لەو بەریشەوە دێرو پەرستگاکان وەکو شێوەیەك لە ژیان زۆر گەشەیانکرد و پلە بەپلە تۆڕێکی بەهێزی فەرمانڕەوایی کلێسایی بە لەبەرگرتنەوەی سیستەمی ئیداریی ئیمپراتۆریەتی رۆم بلاوەیکرد. لەماوەی سەدەی شەشەم تا هەشتەمی زاینیشدا ئەو شانشینانەی کە هۆزە جیاوازەکانی وەکو فرانکەکان (لە ناوچەی گیل) و لۆمباردەکان (لە ئیتالیا) و ئەنگلۆساکسۆنەکان ( لە بریتانیا) پێکیانهێنابوو بڕوایان بە ئایینی مەسیحی هێناو ڕوویانکردە ڕێبازی کاسۆلیك.

بەلاّم لە لایەن نەریتی هزرییەوە دوو کۆمەڵە سەرچاوەی گرنگ کەوتە بەردەست بیرمەندانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. یەکێکیان کۆمەڵە یاسای ناسراو بە یاساکانی ژوستینین بوو کە لە سەدەی شەشەمدا لە لایەن کەسێکەوە بەهەمان ناو (واتە ژوستینین) لە یاساکان و فۆرمە



قەزاییەکانی رۆم کۆکرابوویەوە. ئەم کۆمەڵەیە سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ لێکۆڵینەوە لە یاسا. سەرچاوەکەی تر فەلسەفەی یۆنانی بوو کە لە لایەن موسڵمانەکانەوە گواسترایەوە ئەوروپا. موسڵمانەکان لە سەدەی هەشتەمەوە چەند بەشێکی باشووری ئیسپانیایان خستە ژێر دەسەلاّتی خۆیانەوە. موسڵمانەکان کە بەشێکی زۆری نەریتە فەلسەفییەکانی یۆنانیان پاراستبوو ئەو بەشەیان بۆ ئەوروپا گواستەوەو ئەوروپییەکانیش کە تا ئەوکات بێ ئاگابوون لە نەریتی فەلسەفەی یۆنان لە لایەن موسڵمانەکانەوە دەستیان بەم نەریتە گەیشت. گەیشتن بەم نەریتە و (بەتایبەتی لە سەدەی پازدەیەمەوەو) یارمەتی گەشەسەندنی هزر و فەلسەفەیدا لە نێوان ئەوروپییەکاندا. بەم شێوەیە باسگەلێك دەربارەی چەند یەکەیەکی هزری سیاسی وەکو ماف، عورف، فەرمانڕەوایی و شوێنکەوتوویی، سەرچاوەی رەوایی دەسەلاّتی گشتی، رازی بوون و گرێبەند، پەیوەندی نێوان تاك و دامەزراوە گشتییەکان و پەیوەندی نێوان ئایین و دامەزراوە عورفییەکان دەستپێکرد و گەشەیکرد.

بەلاّم تەواوی ئەم باسانە ئاوێتەبوو لەگەڵ گیانی ئایینی مەسیحیدا. بە واتایەکی تر هزری سیاسی لەگەڵ وتاریبێژیدا ئاوێتەبوو. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی نوێ بوو کە هزری سیاسی بەرەو سەربەخۆیی هەنگاوی نا.

## یەکەمین مەسیحی و حەوارییەکان

یەکەمین بڕوادارانی ئایینی مەسیحی حەز و ئارەزوویەکی زۆریان نەبوو سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان. لە فێرکردنە سەرەتاییەکانی مەسیحییەکاندا زیاتر جەخت لەسەر ئەخلاقی تاکەکان دەکرایەوەو گرنگییەکی زۆر بە حکوومەت وەکو سەرچاوەی دەسەلاّتی گشتی نەدەدرا. مەسیحییەکان لەم قۆناغەدا دنیای واتاییان لە دەسەلاّتی دنیایی جیادەکردەوەو ڕاشکاوانە دەیانوت کە هیچ کارێکیان بە کاروبارە دنیاییەکانەوە نییە. لە ڕاستیدا ئەوان جۆرێك شوێنکەوتنی کارلێکراویان لە فێرکردنەکانی خۆیاندا گەشەپێدەدا.

بەم حاڵەشەوە لە بیرکردنەوەی سەرەتایی نووسەرە مەسیحییەکاندا چەند ڕەگەزێکی سیاسی بەرچاو دەکەوتن. ئەم ڕەگەزانەیش زیاتر لە هزری باوی ئەو سەردەمە وەرگیرابوو، و بەشێك بوو لە بنەڕەتی فەلسەفەی هەیوانییەکان (رەواقییەکان). بابەتەکانی مافە سروشتییەکان و یەکسانی مرۆڤەکان و سروشتی حکوومەت لەم دەستەیەن. قدیس پوترس باسی لەو یاسایە دەکرد کە لە

دڵی مرۆڤەکاندا چەسپێندراوەو عەقڵ ئاشکرای دەکا و ئەم تێڕوانینەیش یەکسانە لەگەڵ فەلسەفەی هەیوانییەکاندا.

دامەزرێنەرانی کلێسا هزری یاسای سروشتیان پەسەندکرد و گۆڕییان بۆ بنەماکانی هزری سەدەکانی ناوەڕاست. هەروەها ئەوان هەڵگری بیرۆکەی جیهان نیشتمانی بوون کە لە سەردەمی یۆنانییەکاندا گەشەی کردبوو. بیرۆکەی یەکتاپەرستی و ئەو بڕوایەی کە پێی وایە خواوەند باوکی هەمووانە پەیوەستبوو بە هزری یەکسانی سروشتی مرۆڤەکان و یەکسانی نێوانیان.

حەوارییەکان حکوومەتی مەدەنیان بە ئۆرگانێکی خوایی دەزانی کە دەسەڵاتی خۆی لە خواوە وەردەگرێ. بۆیە ملکەچیکردنی دەوڵەتیان بە ئەرکێکی ئایینی دەزانی. حەوارییەکان خۆیان لەرووکردە ئانارشستییەکانی مەسیحییە سەرەتاییەکان بەدوورگرت و هەوڵیاندا کە چاکسازیبکەن لە پەیوەندی نێوان کلێسا و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا. لە هەمان کاتدا تیۆرییەکەیان هاوشێوە بووە لەگەڵ هزری هەیوانییەکانی قۆناغەکانی پاشتری گەشەی ئەم ڕێبازە کە بوونی دەوڵەتی بەپێویست دەزانی بۆ گەشەی مرۆڤ. لەراستیدا ئەوان بە پەسەندکردنی تیۆریی هەیوانییەکان و زیادکردنی چەمکی سیستەمی خوایی بە کۆمەڵگای مرۆیی بنەمای جۆرێکی نوێی تێڕوانینیان بونیادنا دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگا و حکوومەت.

## باوکانی کلێسا

یەکەمین دامەزرێنەرانی کلێسا کە بە «باوکانی کلێسا» ناسراون پەیڕەوی بیرۆکەی حەوارییەکانیان دەکردو بۆچوونەکەی ئەوانیان بەرەو پێشبرد. لەوانە بیرۆکەی مافە سروشتییەکان بەو شێوەیەی کە سیسرۆن دایناوبو و قدیس پوترس خستبویەڕوو پەسەندیانکرد و وەهایان وەرگرت کە مرۆڤەکان بەپێی سروشت ئازاد و یەکسانن. هەڵبەتە ئەم کارە ئەوانی لەوە نەگێڕایەوە کە کۆیلەچییەتی وەکو دامەزراوەیەکی یاسایی و تەنانەت پێویست بخەنەڕوو، و کۆیلایەتییان بەسزای گوناهی یەکەم لە قەڵەم دەدا. هەروەها باوکانی کلێسا دەوڵەتیشیان وەکو دامەزراوەیەکی خوایی ناساند و رایانگەیاند کە پێویستە لە خودا (وەکو ئافرێنەری هەموو شتەکان) بۆ دەسەڵاتی شاراوەی حکوومەت بگەڕێین. ئەوان بەو شێوەیەی کە دەربارەی قدیس ئاگۆستین وتمان پاش ڕاگەیاندنی بۆچوونەکەی سەرەوە ئەمەشیان زیادکرد کە حکوومەت ئەنجامی نزمبوونەوەی مرۆڤ و دوورکەوتنەوەیەتی لە پاکێتی یەکەم. نزمبوونەوەی مرۆڤ بوونی



دەسەڵاتێکی زاڵ و سەرکێش دەکاتە کارێکی پێویست. بەم پێیە حکوومەت دەرمانێکە بۆ بەدیی و شەڕخوازی مرۆڤ و لێرەیشەوە پێویستە بوترێ کە حکوومەت خراپەیەکی پێویستە.

## گەشەی دەسەڵاتی کلێسا

کاتێك کە قستەنتین (کنستانتین) بڕوای بە مەسیحییەت هێنا (٣١٣ز) کلێسا چووە فۆرمی ڕێکخراوێکی نیمچە سیاسی و خاوەن دەسەڵات و سیستەمی پەیڤی تایبەت و لەڕووی هزری سیاسی و کرداری سیاسیەوە چەند ئاراستەیەکی نوێی تیادا پەیدابوو. کلێسا بەرەبەرە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کە خۆی بەهاوشانی پاشاکان دابنێ. پێشەواکانی ڕۆم کاریگەرییەکی واتاییان پەیداکرد لەسەر ئیمپراتۆر و پاشاکان و بەشێك لە سنوورەکانی کلێسایان بەجیا زانی لە دەستتێوەردانەکانی دەوڵەت. کلێسایش هەر زوو بە ئاگا هات و خوازیاری سەربەخۆیی زیاتری کرد و هێڵی جیاکەرەوە کێشرا لە نێوان مەرجەعییەتی کلێسا و دەسەڵاتی حکوومەتدا.

کلێسا وردە وردە گەشەیکرد بۆ دامەزراوەیەکی زنجیرەیی پلە بە پلە بە ماف و دیاریکراو. باڵاترین پلەی کلێسا لەهەر شارێکدا بەپلەی ئوسقوف ناسرا (= پلەیەکی بەرزتر لە قەشە) و ئوسقوفەکانی شارە گەورەکان چاودێری و دەسەڵاتیان پیادە دەکرد بەسەر ئوسقوفەکانی ناوچە بچوکترەکاندا. ئەم پرۆسەیە بەوە کۆتایی هات کە پێشەوای پایتەخت دەستیگرت بەسەر تەواوی دامەزراوی کلێسادا. پاش جیابوونەوەی کلێسای ڕۆمی ڕۆژئاوا لە ڕۆمی ڕۆژهەڵات ئوسقوفی ڕۆم وەکو پاپای بەرزترین پلەی کلێسایی دەستنیشانکرا.

سەرەتا پاپاکان لە لایەن خەڵکی و پیاوە ئایینییەکانەوە هەڵدەبژێردران. بەزۆری هەڵبژاردنی پاپای نوێ هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی بشێوی و نائارامی. لە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم ئەم پلەیە کەوتە دەست بنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار کە دەستیانگرتبوو بەسەر شاری ڕۆمدا. لەم هەلومەرجەدا هەندێ کات کەسانێکی ریسوا ئەم پلەیەیان بەدەستدەهێنا. ئەم بشێوییە وایکرد کە هەڵبژاردنی پاپا بسپێردرێ بەدەستەیەك لە کاردیناڵە ( قەشە گەورە)کانی سنووری ڕۆم و پاشتر بە سنوورێکی فراوانتر. سەرەنجام هەڵبژاردنی پاپا جیابووەوە لە سیاسەتە لۆکاڵییەکان و گرنگییەکانی زیاتر کرا.

## پاشایەتی پاپایی

کلێسای ڕۆژئاوا مۆدێلێکی شێوازی بڕیاردانی چەقبەستوو و هەرەمیی گەشەپێدا کە هەندێ کات بە ((پاشایەتی پاپایی)) ناوبراوە. ئەم مۆدێلە کە لە مۆدێلی دامەزراوە ئیمپراتۆرییەکانی ڕۆم وەرگیرابوو لە شوێنی خۆیدا بووە سەر مەشقێك بۆ شێوازی دروستبوونی دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئەوروپا [١]. لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمدا کلێسایان بە پەیکەرێك دەچواند کە پێکهاتووە لەسەرو سەرجەم ئەندامەکان. لەم لێکچواندنەدا پاپا وەکو سەری پەیکەری کلێسایی ڕاگەیاندرا کە سەرچاوەی بالاّی تیێ هەڵچوونەوەیە و لە لێکۆڵینەوەی دادوەریی پارێزراوە. ئاراستەکردنی تیۆریی ئەم کارەیش بەم شێوەیە بوو کە دەسەڵات لەسەر بنەمای بنەڕەتی یەکتاپەرستی لەسەرەوە واتە لە خواوە بە شێوەی زنجیرە پلەیەك دەستپێدەکا و کاروبارە جۆراوجۆرەکانیش لەم سەرچاوەیەوە بەرهەمهاتوون. ئەم هزرەی ڕەنگدانەوەی تیۆری نەو ئەفلاتوونی لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە دەسەڵات بە شێوەی زنجیرە پلەیەك لە یەك سەرچاوەوە واتە خوا بەرهەم هاتووە. ئەم بۆچوونەیش بەوە کۆتایی هات کە وترا خوا توانای فەرمانڕەوایی تەواوی جەستەی گواستووەتەوە بۆ سەر. پاپاکان و هەروەها پاشاکانیش ئەم بۆچوونەیان بە چەند دەستکەوتێکی گرنگ دەزانی بۆ خۆیان. بەم حاڵەشەوە ئەم تێڕوانینە بە ئاسانی لە کلێسادا جێی نەبووەوەو ماوەیەکی زۆر بووە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان خودی کلێساییەکاندا. لەگەڵ ئەمەیشدا لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمدا پێشەوای ڕۆم خۆی وەکو سەری پەیکەری کلێسایی ناوزەد کرد.

## دەسەڵاتی دەوڵەت – دەسەڵاتی کلێسا

لە زاری عیسای مەسیحەوە لە ئایەتی ٣٦ی بەشی ١٨ی ئینجیلی یوحەننادا هاتووە کە «پاشایەتی من لەم دنیایەدا نییە». پوترسی پەیامبەر لە نامەیەکدا بۆ ڕۆمەکان باری شوێنکەوتووانی مەسیحی بەم شێوەیە خستوەتەڕوو لە دەوڵەتی مەدەنیدا: «لەبەر خوا لەسەرپەرشتیکار، واتە پاشا وەکو حاکم و دەسەڵاتدار کە لە لایەن ئەوەوە بۆ سزادانی خراپەکاران و بەخشینی پاداشت بە چاکەکاران دانراوە شوێنی کەون چونکە ئیرادەی خوایی پێبەخشراوە و بەکارە باشەکانی خۆتان دەمی ئەو نەزانانە ببەستن کە بە بەرزتان نابینن. لە خوابترسن و ڕێز لە پاشا بگرن[٢]».



تا ئەوکاتەی کە ئایینی مەسیحی کاریگەرییەکی زۆری نەبوو و نەچوبووە خانەی ئایینێکی فەرمییەوە ئەم بۆچوونە لە لایەن پیاوە ئایینییەکانی مەسیحییەوە پەسەند کرابوو و کاری پێ دەکرا. بەڵام لەگەڵ بە بالاّتر دانانی کاریگەریی و دەسەڵاتی کلێسا داواکاری پیاوانی کلێسایش پلەبەپلە سەرکەوت و زیادیکرد. لە سەرەتادا بۆچوونی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی حکومەت و پاشتر بابەتی لە پێشتربوونی دەسەڵاتی ئایینی بەسەر دەسەڵاتی حکومەتدا خرایەڕوو. وەکو بینیمان ئاگۆستین سیستەمی خوایی و سیستەمی مرۆیی لێك جیاکردەوەو وتی بڕواداران هاوکات شوێنکەوتووی دوو سیستەمن یەکەم پەیوەستە بە شاری سەر زەوی و ئەویتر بە شاری بەهەشتی (ئاسمانی). بڕواداران لەگەڵ ملکەچی شاری سەر زەوییدا دەبێ لەم دنیایەدا خۆیان ڕێك بخەن لەگەڵ شاری بەهەشتیدا. بەم شێوەیە لە نێوان وتەبێژانی مەسیحیدا دوو سنووری دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی لێك جیاکرایەوە.

بەڵام وردە وردە دەمگۆیەکی تازە لە نێوان پیاوە ئایینییەکاندا دروستبوو باسی لەوە دەکرد گەرچی سنووری مەرجەعییەتی کلێسا و دەسەڵاتی حکومەت جیاوازە بەڵام مەرجەعییەتی ئایینی لە پێشترە لە چاو دەسەڵاتی دنیاییدا. لە کۆتایی سەدەی پێنجەمدا یەکێك لە پاپاکان بەناوی گلاسیۆس (٤٩٦ – ٤٩٢) هەوڵیدا کە بە شێوەیەکی وردتر پێناسەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و حکومەت بکا. ڕایگەیاند کە کاروبارە دنیاییەکان بە دوو شێوە بەڕێوەدەبرێن یەکەم ڕۆحانی ئەوی تر نارۆحانی. جڵەوداریی کاروبارە ڕۆحانی و نارۆحانییەکانیش هەردوو بە فەرمانی مەسیح دەسەڵاتی خۆیان وەردەگرن. پیاوە ئایینییەکان بابەتە ئایینییەکانیان لەبەردەست دایە بۆیە ئیمپراتۆر کوڕی کلێسایە نەك مامۆستا و بەڕێوەبەری کلێسا. بەڵام پیاوە ئایینییەکان لە بوارە عورفییەکاندا پەیڕەویی لەو یاسایانە دەکەن کە ئیمپراتۆر دایناوە. لەگەڵ ئەمەیشدا لە زنجیرە پلەی دەسەڵاتی مەرجەعییەتدا ڕۆحانی لە پێشترە لە دەسەڵاتی دنیایی، چونکە ڕۆحانییەت بارێکی گرانتری لە ئەستۆدایە. پێویستە ڕۆحانییەت لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتخوازی بۆ پاشایان بکا. گلاسیۆس بواری یاسادانانی (بۆ مرۆڤ) دابەشی دوو سنووری ئایینی و دنیایی کرد و لێکی جیاکردنەوە.

## ململانێی کلێسا و حکوومەت

لە ساڵی هەشت سەدەی زایینیدا شارلمانی سەرکردایەتی هۆزەکانی فرانکی گرتەدەست و دەستیگرت بەسەر بەشێکی بەرفراوانی ئەوروپادا و زنجیرەیەکی بونیادنا کە بە زنجیرەی کارولنژین

ناسرا. شارلمانی خۆی بەجێنشینی ئیمپراتۆری ڕۆم ناوزەد کرد و پاپایش تاجی ئیمپراتۆریی لەسەرنا وتی کە عیسای مەسیح پلەی پاشایی بەخشیوەتە شارلمانی تاکو فەرمانڕەوایی شوێنکەوتوانی بکا. حوکمڕانی لەسەر بناغەی ئەخلاقی مەسیح یەکێك بوو لە ڕوخسارە بنەڕەتییەکانی ئیمپراتۆریەتی شارلمانی. لەم قۆناغەدا بۆچوونێك سەریهەڵدا کە ژیانی ئەخلاقیی بە مەبەستی دەسەڵاتی سیاسی دەزانی. پاشتر ئەم بۆچوونە کێشرایە بوارگەلێکی نوێی دامەزراو لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی کلێسا. لەگەڵ ئەمەیشدا لەسەردەمی دەسەڵاتی زنجیرەی کارولنژیندا ئەم باسە بەڕوونی نەدەخرایەڕوو کە پاشا ناتوانێ هاوکات فەرمانڕەوایی کاروبارە مادی و ڕۆحانییەکانی سنووری دەسەڵاتی بکا. لەگەڵ ئەوەی لە نێوان پیاوانی کلێسادا بۆچوونێك پەیدابوو کە سەرەڕای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی پاپا و دەسەڵاتی پاشا ئەوەیشی بۆ زیاد دەکرد کە دەسەڵاتی پاشا وەرگیراوی بۆچوونی پاپایە بەڵام شارلمان ئەم تێڕوانینەی پەسەند نەدەکرد.

دەسەڵاتی شارلمانی زۆر درێژەی نەکێشاو جێنشینەکانی نەیانتوانی ئاستی دەسەڵاتی پاشا بپارێزن. بەم شێوەیە بوو کە بۆچوونێکی نوێ لە ناو بۆچوونەکەی سەرەوەدا سەریهەڵدا کە دەیوت دەسەڵاتی دنیایی لە ڕووی سۆزەوە بە پاشاکان بەخشراوەو بەبێ ئەمە پاشاکان ناتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی مەشروع ئەنجامبدەن. لە تەواوکردنی ئەم بۆچوونەدا وردە وردە ئەو بانگەشەیە خرایەڕوو کە مەرجەعییەتی ڕۆحانی سەرپەرشتی کاروبارە دنیاییەکانی لە ئەستۆدایە و ڕۆحانییەت سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی پلەی فەرمانڕەوا وەردەگرێ.

### باڵادەستی کلێسا بەسەر حکوومەتدا

لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەیەمەوە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی گرگوریۆسی حەوتەم بۆ پایەی پاپا ناکۆکی نێوان کلێسا و حکوومەت توندتر بوو. گرگوریۆسی حەوتەم خوازیاری دەستتێوەردانی کلێسابوو لە هەردوو بواری ئایینی و دنیاییدا. ئەم بۆچوونە لە نێوان پیاوانی ئایینیی مەسیحیدا پەیدابوو کە ڕاستە ئیمپراتۆری وەکو جەستە و کلێسایش وەکو گیانە و ئەم دووەیش وەکو گیان و جەستە تەواوکەری یەکترن، بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە گیان سەرپەرشتی جەستەدەکا، پایەی ڕۆحانیش سەرپەرشتی پایەی دنیایی دەکات. لە ساڵی ١٠٧٦دا گرگوریۆسی حەوتەم لە ئەنجوومەنی ئوسقوفەکاندا بە ئامادەبووانی وت کە ئەگەر کاروباری ئاسمانەکان لە دەستی ئێوەدایە، دەتوانن حوکمڕانی کاروبارە دنیاییەکانیش بکەن. ئێوە دەتوانن پایەی ئیمپراتۆری بە هەموو کەسێك کە بەشایستەی دەزانن بسپێرن.



ئەو بەڵگانەی کە بۆ لە پێشتربوونی کلێسا باسکرا بەم شێوەیە بوو: ١- کلێسا جێگری پوترسی حەوارییە. سیستەمی ئیمپراتۆری دروستکراوی دەستی مرۆڤە لە کاتێکدا کە پوترسی حەواری ئەرکی جێگریی ڕاستەوخۆ لە عیسای مەسیحەوە وەرگرتووە. ٢- شوانی بەرخەکانی عیسای مەسیح (شوێنکەوتوانی) لە ئەستۆی پاپادایە. پاپا بەرپرسی گیانەکانی هەموو ئەو کەسانەیە کە لە سنووری سەرکردایەتی کلێسادان. پێویستە پاپا چاودێری کارەکانی پاشاکان بێ. ٣- پاپا بەرزترە لە هەموو یاسایەك و بۆ خۆی شوێنکەوتوی هیچ یاسایەك نییە.

### کلێسا خاوەنی دوشمشێر

لە ئایەتی ٣٨ی بەشی بیستودووەمی ئنجیلی لۆقادا ئاماژە بە دووشمشێرکراوە. لەو لێکدانەوانەی کە لە سەرەتای سەدەی دەیەمە وە تا سەرەتای سەدەی دوازدەیەم بۆ کتێبی پیرۆزکراون دەستەواژەی «دوشمشێر» بەهەردوو دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی و هاوکات سەربەخۆیی و یەکێتی هەریەکەیان لێکدراوەتەوە. لەو لێکدانەوانەی کەوتە بێژانی مەسیحی بۆ ئەم ئایەتەیان دەکرد دەوترا کە مەبەست لەو دوو شمشێرە یەکەم کلێسایەو ئەویتر فەرمانڕەوا. شمشێری دووەم بۆ پاراستنی ئاسایشە. لە لێکدانەوەکانی پاشتردا وترا چونکە پاراستنی ئاسایش توندوتیژیی لەگەڵدایە بۆیە شیاو نییە کە ئەم شمشێرە لە دەستی کلێسا دابێ، بۆیە کلێسا ئەم شمشێرە دەداتە دەستی فەرمانڕەوا. لەسەرەتاکانی سەدەی سیازدەیەمدا لە نێوان وتەبێژانی مەسیحیدا یەك ڕاییەك دروستبوو کە شمشێری فەرمانڕەوایشی بەهی کلێسا دەزانی و فەرمانڕەوا تەنها لەلایەن کلێساوە مافی سوودوەرگرتنی هەیە لەم شمشێرە ماددییە. جان سالیسبۆری کە یەکێك بوو لە زانایانی ئەم سەدەیە ڕایگەیاند کە دوولایەنی لە دەسەڵاتدا بەو واتایەی کە یەکیان دەسەڵاتی مادی و ئەویتر دەسەڵاتی ئایینیی لەدەستدابێ لە ناخی خۆیدا خاوەنی جیاوازییە، بەم پێیە هەردوو شمشێری مادی و واتایی پەیوەستە بەکلێسا و فەرمانڕەوایش تەنها بە خواستی کلێسا دەتوانێ سوود لە شمشێرە ماددییەکە وەربگرێ.

بەم شێوەیە ڕێسای ناسراو بە «ڕێسای دوو شمشێر» کە لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم تا دوازدەیەم وەکو جیاوازی نێوان دەسەڵاتی فەرمانڕەواو مەرجەعییەتی کلێسا باسی لێوە کرابوو[3] کەوتە بەردەم دووبارە لێکدانەوە و پیاوانی کلێسا واتایەکی نوێیان لێوە بەرهەم هێنا کەهاو وێنەی هزری حکوومەتی پێشەوا ئایینییەکان بوو. لەسەدەی چواردەیەمدا دامەزراوی پاپایی

گریگۆریۆس تا ئاستێك بەرەو پێش چوو کە هەوڵیدا تەواوی دەسەڵاتی پایە نائایینییەکان لەناوبەرێ. ئەو نووسەرانە کە بەرگرییان لە بانگەشەکەی دەکرد دەیانوت کە پاپا لە بەرامبەر خودادا بەرپرسیارە و لە ڕووی ئەم بەرپرسیاریەتییەوە دەتوانێ دەسەڵات بە فەرمانڕەوا نائایینییەکان بسپێرێ یاخود دەسەڵاتیان لێ وەربگرێتەوە. لە لایەکی ترەوە لایەنگرانی سیستەمی فەرمانڕەوایانیش لە لایەن خۆیانەوە بەڵگەیان بۆ ئەوە دەهێنایەوە کە پاشا دانراوی مەسیحە و کەسێکی ئاسایی نییە کە بەکەمتر لە پلە کلێساییەکان لە قەڵەم بدرێت.

## پاشایەتی ئایین سالار

ئەوەی تائێرە وترا پەیوەندی نێوان کلێسا و فەرمانڕەوا سیاسییەکان بوو لە روانگەی پیاوانی مەسیحی و کلێسای ڕۆژئاوا (کلێسای ڕۆمی ڕۆژهەڵات نەیتوانی سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی نیمچە جیا بەدەستبێنێ لە بەرامبەر حکوومەتدا). بەڵام فەرمانڕەوا نائایینییەکانیش بانگەشە و تیۆرگەلێکیان هەبوو بۆ بەرگریکردن لە داواکارییەکانی خۆیان کە خراپ نییە لێرەدا ئاماژەیەکیان پێبکەین.

ئیمپراتۆریەتی کارۆلنژین کاتێك کە دەستیگرتبوو بەسەر بەشێکی گرنگی ئەوروپادا تیۆرێکی خستەڕوو و گەشەی پێدا کە دەتوانرێ بە «پاشایەتی ئایین سالار» ناوببرێ. ئەم تیۆرە بەهاوکاری ئاریستۆکراتییەتی کارولنژین و ڕۆحانییەتی فرانکەکان دروستکرا. ئاریستۆکراتییەتی فرانك و ڕۆحانییەتی فرانك پێکەوە بەجۆرێکی هۆشیارانە ئەم تیۆرییان وەکو ئایدیۆلۆژییەك بەرهەمهێنا.

کارولنژینەکان بەسوود وەرگرتن لە نەریتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم کە روخسارێکی خوایی و پیرۆزیان دەبەخشییە ئیمپراتۆریەت ڕەگەزە ئایینییەکانی ئەم بیرۆکەیەیان وەرگرت و برەویان پێدا. لەسەر ئەم بنەمایە ئیمپراتۆر (یان پاشا) ئەنجوومەنی کلێسای دەکردەوەو ڕۆڵی هەبوو لە دەستنیشانکردنی پێشەوا ئایینییەکاندا بۆ پایە ئایینییەکان و لە بەرامبەر سەقامگیربوونی ڕێکی و ئارامی، هەروەها جۆری چاودێریی ئەخلاقی گشتی بەرپرسیارێتی کۆتایی لە ئەستۆدا بوو. پاشای کارولنژین ئەو بابەتە شیاوە ئایینییانەی ڕادەگەیاند کە پێویستبوو لە کلێسادا بخوێندرێ.

دەبێ پاشایەتی کارولنژین بە پاشایەتی ئایین سالار ناوبنرێ، نەك تەنها لەو ڕووەی کە پاشا مافی ئەوەی هەبوو دەست لە مافەڕەواکانی کاروباری کلێسا وەربدا بەڵکو لەو لایەنەی تریشەوە



کە پاشا روخسارێکی خوایی هەبوو و خۆی بەجێنشینی خوا دادەنا لەسەر ڕووی زەوی. کلێساکان کەوتبوونە چوارچێوەی موڵکداری ئاریستۆکراتە فیودالەکانەوەو ئەم ئاریستۆکراتانەیش بەسەرکارەکانی پاشا دەژمێردران. سەرکار موڵکدارێك بوو کە بەپێی بڕیاری دیاریکراو خزمەتی موڵکداری گەورەتری دەکرد و لە شوێنی خۆیشیدا سوودی لە خزمەتە دیاریکراوەکانی ئەو موڵکدارە وەردەگرت کە لە خۆی بچووکتر بوو و بەسەرکاری ئەو دەژمێردرا. هەڵبەتە ئەم کارە پەیوەستبوو بەوەی کە پاپا لە ڕۆمدا بەفەرمی ئەوی وەکو پاشا بناسیبایە. پێشەوا ئایینییەکانیش لە لایەن خۆیانەوە خاوەن موڵکێکی فراوان بوون لە پایەی موڵکداریی و بەپێی هەلومەرجی سیستەمی فیودالی بەڕێوەیان دەبرد.

بەم شێوەیە پاشاکانی کارولنژین لایەنە پیرۆز و نەریتە باوکسالارییەکانیان تێکەڵی یەکترکردبوو. پیاوە ئایینییەکانی دەربار بەزمانی سەردەمی کۆن چەمکێکیان بۆ پاشایی دروستکردبوو کە نموونەکەی داودو و سولەیمان بوو (چونکە هەم پاشا و هەم کاهین بوون). بەم شێوەیە ئەوان فۆرمۆلی پاشای خاوەن شکۆی یەزدانییان (کە بناغەکانی دەگەڕایەوە بۆ نەریتی ڕۆژهەڵات) برەو پێدا لە نێوان سیستەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوادا. پاشتر ئەم فۆرمۆلە چووە قۆناغێکی کامڵترو بووە بناغەی تیۆرێك لە سەردەمی نوێدا کە بە تیۆری مافە خواییەکانی پاشا ناسراو لە بەرگی پاشتردا زیاتر دەربارەی دەدوێین.

پاشاکان خۆیان بەنوێنەری خوا دادەنا لەسەرووی زەویدا و پۆستەکەیشیان بە ئەرکێك ناودەبرد بۆ خزمەتکردنی چاکەی هاوبەشی شوێنکەوتووانی مەسیح. خەڵکیش بە شوێنکەوتوانی پاشا دەژمێردران و لەروخساردا وادیار بوو کە بە فەرمی مافی بەرگریکردنیان پێنەدەدان لەبەرامبەر فەرمانەکانی خۆیاندا.

بەم شێوەیە لەسەردەمی کارولنژیندا پەیوەندی دابەشکردنی دەسەڵات بۆ دەسەڵاتی نائایینی و مەرجەعییەتی ئایینی لە بارێکی نارێك و نادیار دابوو. پاشا بەلای کەمەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چاودێری کاروبارە ئایینییەکانی خەڵکیشی دەکرد لەکاتێکدا کە پیاوە ئایینییەکانیش بەوە دڵخۆشبوون کە پاپا لە ڕۆمدا بەفەرمی پاشای ناسیوە بۆیە شوێنێکی هەیە لە ڕەوایی بەخشین بەم کارانە. بەو شێوەیەی کە باسکرا ویست و بانگەشەکانی کلێسا پاشتر لە سەدەی پازدەیەم بەدواوە زیادی کردو لەسەدەی چواردەیەمدا گەیشتە لوتکە.

## پاژی نۆیەم

# بنەماکانی سیستەمی سیاسی و یاسا

## دامەزراوەکانی سیستەمی فیودالی – پرەنسیپی گرێبەند

سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بریتیبوو لە سیستەمی فیودالی. شیکردنەوەی سیستەمی فیودالی بۆ خۆی پێویستی بە باسێکی دوورودرێژ هەیە کە لێرەدا ماوەی ئەو کارەکان نییە. بۆیە ئێمە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێك لەو بابەتانە دەکەین کە دامەزراوەکانی سیستەمی فیودالی هەیانبووە لەسەر هزری سیاسی و کامڵ بوونی لە قۆناغەکانی پاشتردا.

سیستەمی فیودالی بەو دامەزراوە تایبەتانەی کە خواستەکانی سروشتی ئەو سیستەمە بوون چەندین میراتی لەگەڵ خۆیاندا پێبوو بۆ هزری سیاسی. گرنگترینی ئەم میراتانەیش نەریتی گرێبەند بوو. بنەڕەتی سیستەمی فیودالی لەسەر بنەمای تیۆری گرێبەندی نێوان پاشاکان و موڵکدارانی فیودال و ئاستە جیاوازەکانی موڵکدارە فیودالەکان لەگەڵ یەکتردا دامەزرابوو. ڕێکەوتن و رازی بوون لە بەشە گرنگەکانی هەموو گرێبەندێك بوون. بەم جۆرە دامەزراوی حکوومەت لە سیستەمی فیودالیدا وەکو دامەزراوەیەکی هاوکاری و دامەزراو لەسەر گرێبەند و ڕێکەوتن و رازی بوون و مافی بەرهەڵستی تەماشا دەکرا. ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سیستەمی فیودالی بەتایبەتی لەسەدەی پازدەیەم بەدواوە لە هەندێ رووەوە سوودیان لە یاساکانی رۆم وەرگرتبوو.

سەبارەت بەپێکهاتەی کۆمەڵگای فیودالی و چەمکەکانی، گفتوگۆیەکی زۆری لە نێوان لێکۆڵەراندا دروستکردووە لەم بارەیەوە چەندین رای جیاواز خراونەتەڕوو. هەندێك لە خاوەن بۆچوونەکان (هەریەك بە لەبەرچاوگرتنی چەند تایبەتمەندییەك)، دوو سەردەمی جیاواز لێك جیادەکەنەوە لە نێو بنەماکانی سیستەمی فیودالیدا. فیودالیزم لە سەرەتای قۆناغەکانی کامڵبوونی خۆیدا لەسەر بنەمای پەیوەست بوونە کەسییەکانی نێوان دوو تاك بووە، کە زۆرکات بەپەیوەندی پارێزگاریی Vassalage ناودەبرا. دەرەبەگێکی خاوەن زەوی بە بەخشینی بەشێك لە



موڵکەکانی کە بەفیف Fief ناودەبرا سەرەڕای قبوڵکردنی پارێزگاری لە کەسێکی تر کە بەسەرکار ناوزەد دەکرا خزمەتی سەربازیشی بەسەریدا دەدا. لە سیستەمی فیودالیدا دەسەڵاتی حکوومەت لە نێوان دەرەبەگەکاندا دابەشکرا بوو و لێرەشدا دەرەبەگی گەورەتر واتە پاشا پاراستنی دادوەرییان دابووە دەست دەرەبەگە لۆکاڵییەکان و ئەوانیش لە سنوورەکانی خۆیاندا باری دادوەرییان دەکەوتە بەردەست و سیستەمی دادوەری خۆیان دادەمەزراند. دەرەبەگە لۆکاڵییەکان بەکۆکردنەوەی سەرانە لەو موڵکانەی پێیان درابوو پێداویستییە سەربازییەکانیان دابین دەکرد. دەرەبەگی گەورەتر لە کاتی پێویستدا داوای هاوکاری سەربازی دەکرد لە ئاغای بچووکتر کە لەژێر پارێزگاری ئەودابوو، لەم کاتەیشدا کەسی دووەم ئەنجامدانی ئەم کارەی لەسەر پێویست بوو.

فیودالیزم لە قۆناغی دووەمی کامڵبوونی خۆیدا خاسیەتی سەربازی خۆی لە دەستدا و زیاتر گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی دامەزراو لەسەر بنەمای گرێبەندی نێوان دەرەبەگ (پارێزەر) و سەرکار (پارێزراو). هەردوولای گرێبەندەکە کەسانێکی ئازادبوون، بەڵام لە یەك ئاستی یەکساندا تەماشا نەدەکران. بەپێی کاروبارەکان زنجیرە پلەیەکی کامڵ لە ئارادا هەبوو کە بەپێی پلە دەرەبەگەکانی لە یەکدی جیادەکردەوە و پلەی سەرووتر گەرچی لەبەرامبەر پلەی خوارتردا بەدەرەبەگ دەژمێردرا بەڵام لە بەرامبەر پلەیەکی سەرووتر لە خۆی سەرکار بوو. سەرکاریش شوێنکەوتووی تەواوی دەرەبەگ نەبوو. ئەویش بە هۆی ڕێکەوتن و ئەو گرێبەندەی کە رەزامەندیی لەسەر نیشاندا بوو لە بەرامبەر دەرەبەگدا چەند پەیماندارییەکی لە ئەستۆدا بوو لەبەرامبەریشدا چەند ئیمتیازێکی لە دەرەبەگ وەردەگرت. لەو ئیمتیازانە سوود وەرگرتن بوو لە چالاکییە ئابووری و سەربازی و دادوەرییەکان کە لە ڕووی نەریتەوە پەیوەستبوون بە دەرەبەگی سەرووتر. بەر فراوانبوونی ئەم دەسەڵاتانە بووە هۆی ئەوەی کە لە سەدەکانی نۆیەم و دەیەمدا لە هەندێ بەشی ئەوروپادا دەرەبەگەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا سەربەخۆیی ئابووری بەدەستبهێنن.

بەڵام ئەوەی لەسەرەوە وترا پەیوەستبوو بە کەسانێك کە بەڕەسەنزادەکان دەژمێردران و لەریزی چینی دەسەڵاتداربوون. بەشی زۆربەی خەڵکی بە شوێنکەوتوو دەژمێردران کە بۆ خۆیان بابەتی فەرمانڕەوایی بوون نەك لایەنی گرێبەند. لەمێژووی ئەوروپادا هەرکات پاشایەکی بەهێز پەیدابوایە کە پێکهاتە فیودالییەکانی بخستایەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە وڵات بەرەو چەقبەستن و پێکهاتەیەك دەچوو کە بە دەوڵەت State ناودەبرا، و بەپێچەوانەیشەوە لاوازی پاشا دەبووە هۆی پەرت و بڵاوبوونی زیاتر و سەرهەڵدانی موڵکداری تایبەتیی سەرزەمینەکان.

لە لایەکی ترەوە پاشایش دەبوو ڕەزامەندی شوێنکەوتووە ئازادەکانی (ڕەسەنزادەکان) بەدەستبهێنایە و لە ڕووی تیۆریشەوە بەبێ سەلماندنی لێهاتوویی خۆی نەیدەتوانی درێژە بە فەرمانڕەوایەتییەکەی بدا. دەبوو بەلای کەمەوە لەگەڵ گەورەکان و ئاریستۆکراتە پایەبەرزەکان گفتوگۆ و راوێژ بکا. چونکە ئەو بەشێك بوو لە کۆمەڵ یاخود بەرژەوندی هاوبەشی دامەزراو لەسەر یاسا و عورف. هەر پاشایەك کە بەپێی ویست و ئارەزووەکانی خۆی فەرمانڕەوایی دەکرد دوور نەبوو مەحکووم بکرێ بە وەرگرتنەوەی دەسەلاّت و لابرێ. پاشا بەرپرسیار بوو بەرامبەر بەجێبەجێکردنی یاسا و دابونەریتی خەڵکی سنوورەکەی.

بەم جۆرە زەمینەی هەندێك لەو دامەزراوانەی کە بناغەی هزری حکوومەتە دیموکراسییەکانی داڕێژرا لەسەردەمی مۆدێرندا، وەکو بنەڕەتی ڕەزامەندی و ڕێکەوتن لەسەر سەقامگیری حکوومەت و گرێبەند و بەرپرسیارێتی حکوومەت، لەناو پێکهاتەی سیستەمە فیودالییەکاندا پەیدابووبوو.

## مافە سروشتییەکان وەکو بناغەی یاسای سیاسی و کۆمەلاّیەتی

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا گرنگییەکی زۆریان دەدا بە یاسا و یاسایان بە بناغەی سیستەم و پێوەندییەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدا. ئەم تێڕوانینەش درێژەی نەریتێك بوو کە لە یۆنانی کۆن و پاشتر ڕۆمەوە گەیشتبووە سەدەکانی ناوەڕاست. بێگومان سیستەمە سیاسییەکانی یۆنانی کۆن و کۆماری ڕۆم بەشێکی گرنگییان هەبوو لە دروستکردنی ئەم جۆرە تێڕوانینەدا.

ئەوەی وەکو «یاسای سروشتی» و «مافە سروشتییەکان» دەناسرا مێژووییەکی کۆنی هەیە لە مێژووی هزری ڕۆژئاوادا کە ئێمە ئاماژەمان بە چەند لایەنێکی کردووە لە هزرەکانی ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و پاشتریش هەیوانییەکاندا. هزری یاسای سروشتی و مافە سروشتییەکان (بەتێگەیشتنی تایبەتی هەر سەردەمێك) گواسترایەوە بۆ سەردەمی هێلینیز و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و لەوێشەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست چەمکی یاسای سروشتییان وەرگرت و بەش بەحاڵی خۆیان گەشەیان پێداو بەرەو کامڵبوونیان برد. لەم سەردەمەدا کە سەردەمی بەرفراوانبوونی بۆچوونە ئایینییەکان بوو و فێرکردن و بابەتە مەسیحییەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبوون و تیۆرەکانی مافە سروشتییەکان تێکەڵ بەم فێرکردن و بۆچوونانە بوو خاسیەتگەلێکی وەرگرت کە تایبەتبوون بەم سەردەمە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییەی کە



هزری یاسای سروشتی هەیەتی لە نێوان بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاستدا لێرەدا ئاماژەیەك بەو گۆڕانانە دەکەین کە هزری مافە سروشتییەکان تێیپەڕاندووە.

سروشت وەکو عەقڵ - سروشت چییە؟ زاناکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەکو ئەرەستۆ سروشتیان بە فۆرمی جۆری شتەکان لە قەڵەم دەدا. هەر بوونەوەرێك سروشتێکی هەیە کە جۆری تایبەتی ئەو بوونەوەرە دەستنیشاندەکا. فۆرمی جۆری مرۆڤ گیانی وتەبێژییەتی. کەواتە وتەبێژی یان عەقڵ فۆرمی تایبەت یاخود سروشتی مرۆڤ دروستدەکا. کاتێك دەڵێین کردەی ئەخلاقی کردەیەکی هاووێنەیە لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا واتە کردەیەکە بەپێی عەقڵ و بەپێچەوانەوە کاتێك کە کردەیەك هاووێنەی عەقڵە واتە هاووێنەی سروشتی مرۆڤە. سیرۆن لە پێناسەی ئەخلاقدا دەیوت توانستێکە بۆ کردار بەپێی ویست و خواستی عەقڵ(٥).

دەبوو بیرمەندانی مەسیحی ئەم بیرۆکەیە ببەستنەوە بە بنەمای هزرەکەی خۆیان کە لەسەر بنەڕەتی بڕوا بەخواو سیستەمی خوایی دامەزرابوو. بۆیە ئاگۆستین وتی ئەوەی سروشتی هەر شتێك دەکاتە سروشت خودایە. خوا بە هۆی یاسای ئەزەلییەوە کە عەقڵێتی خوو سروشتەکانی ئەفراندووە. کەواتە هەر شتێك پێچەوانەی یاسای ئەزەلی و سروشتی تایبەتی ئەو بێ گوناهە و واتە نا ئەخلاقییە. کاتێك ویستی مرۆڤ دروست و ئەخلاقییە کە بەپێی ویستی خوابێ. چونکە یاسای ئەزەلی عەقڵی خوایی یاخود ویستی خوایە.

یاسای سروشتی و یاسای ئەزەلی ئاگۆستین، هەروەها ئاکوینایس (وەکو لە باسی پاشتردا لێی دەدوێین) یاسای ئەزەلییان بەخودی عەقڵی خوایی و خودی زاتی ئەو دەزانی. ئەم یاسایە ئەو دروستکراوەی خوایە کە هەموو شتەکان بەپێی ئەو ئەفرێندراون و مەحکووم کراون بە حوکمی ئەو. دروستکردنی خودایش زیادکردن نییە بۆ سەربوونی ئەو، یان کاری خوا بریتی نییە لە بەرهەمهێنان بەڵکو بریتییە لە سوود بەخشین بەبوون واتە ئەفراندن. بەم پێیە یاسای ئەزەلی شتێك نییە جگە لە خودی خوا چونکە عەقڵی ئەو ئەفرێنەری شتەکان و سوڕێنەرو زاڵە بەسەریانەوە. پەیوەندی نێوان یاسای سروشتی و یاسای ئەزەلی وەکو پەیوەندی نێوان بوونەوەرە لەگەڵ بوونی ڕەهادا. بەم جۆرە یاسای سروشتی دروستکراوی خوایە وەکو یاسادانەری بالاّ کە ڕێسای حاکم بوونی داناوە بۆیان بەسەر سروشتدا. مرۆڤ وەکو بوونەوەری خاوەن عەقڵ پێویستە گوێڕایەڵی ئەم یاسایە بێ.

یاسای ئەزەلی کە عەقڵی خواییە گەورەیی بەخشیوەتە عەقڵی مرۆڤ. لە هەر شوێنێکدا کە عەقڵی مرۆڤ کورت بێنێ یاسای ئەزەلی لە شێوەی سروشدا دێتە یارمەتیدانی. دەفەرمان شتێك

نەبوو جگە لەوەی لەسەر عەقڵی مرۆڤدا هەڵکەندرابوو بەڵام بەنی ئیسرائیل خۆی دەدزییەوە لە خوێندنەوەی. ئەوەی کە خوا لەسروشتدا جەختی لەسەردەکاتەوە لە کاتی دروستکردندا لە نێو سروشتی مرۆڤدا جێی کراوەتەوە.

بنیاتی یاسای ڕەوای سیاسی بنەمای هەموو یاسایەکی ڕەوای سیاسیش لێرەیە. مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی سوود وەرگرتوو لە عەقڵ (هەر بۆیە یاسای ئەزەلی) ڕێگەی خۆی لەو ڕووناکییەدا دەدۆزێتەوە کە یاسا دەیداتەوە. هەموو شتەکان لە ڕووی زەرورەتەوە پەیڕەویی لە یاسای ئەزەلی دەکەن بەڵام مرۆڤ لە ڕووی عەقڵ و ویستەوە ئەم کارە ئەنجامدەدا. بەم جۆرە زانایانی مەسیحی بەپێچەوانەی ئەرەستۆ (کە یاسا بە دروستکراوی خوا نازانێ) یاسا بەدروستکراوی خوا دەزانن. گوناهیش تێکدانی سیستەمی خواییە. چونکە مرۆڤ بە ئەنجامدانی گوناه و تاوان شتێك دەشێوێنێ کە خۆی دروستی نەکردووە بۆیە پێویستی بە سۆزی خوا هەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی تاوانەکانی. چونکە تەنها خوا دەتوانێ ئەوەی کە ویستبووی بیگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی. ئەوەی کە بەناونیشانی ((تیۆری سۆز (**لطف**))) ناسراوە لەم لۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێ. گوناه وەکو بەلاواز دانانی پایەی خوایە و قەرەبووکردنەوەی تەنها بە سۆزی خوایی جێبەجێ دەبێ.

لێرەدا تێڕوانینی جوولەکە و مەسیحی جیاوازە لە تێڕوانینی یۆنانی، چونکە لە فەلسەفەی یۆناندا گوناه بە نزم تەماشاکردنی پایەی خوایی دانەدەنرا بۆیە قەرەبووکردنەوەی دەگونجا. سەبارەت بەوەی کە چۆن یاسای ئەزەلی لە ناو یاساکانی کۆمەڵگای مرۆیی یاخود بەواتایەکی تر لە ناو یاسای مرۆییدا ڕەنگدەداتەوە، لە کاتی باسکردنی تیۆری ئاکویناسدا لە باسی پاشتردا دێیینەسەری و زیاتر لێیدەدوێین.



## پاژی دەیەم

# ئاکویناس، ئاشتکردنەوەی سیستەمی خوایی لەگەڵ سیستەمی مرۆییدا

### کورتەیەکی ژیان و بەرهەمەکانی ئاکویناس

ئاکویناسی زانای گەورەی مەسیحی دەستپێکی بیرکردنەوەیەکی نوێیە لە وتەبێژیی مەسیحی، هەروەها تێڕوانینێکی نوێیە بۆ هزری سیاسی. ئەگەر ئاگۆستین لە کۆتایی دنیای کۆندا بەردی بناغەی هزری سەدەکانی ناوەڕاستی داناوە ئەوا ئاکویناس لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ستوونەکانی هزری سەردەمی نوێی هەڵچنیوە.

ئاکویناس لە ساڵی ١٢٢٥دا لە یەکێك لە شارەکانی ئیتالیا (ڕۆکاسکا) هاتووەتە دنیاوە. خێزانەکەی لە ڕەسەنزادەکان بوون و دەستیان هەبوو لە کاری سیاسیدا. خودی ئاکویناسیش لە قۆناغی لاوێتیدا لەکاری سیاسیدا چالاکی هەبووە. بەڵام ئەو زیاتر پیاوی هزر بوو تا پیاوی سیاسیی کردەیی. بۆیە بەشێکی زۆر تەمەنی ئاکویناس لە نووسینی چەند کتێبێکدا بەسەرچوو کە تیایاندا بە ئاوێتەکردنی هزری ئەرەستۆیی و فێرکردنە مەسیحییەکان بیرۆکەیەکی نوێی خستەڕوو کە گۆڕانی هێنا بەسەر وتەبێژیی مەسیحیدا.

((بنەماکانی تیۆلۆژی)) گرنگترین بەرهەمی ئاکویناسە لەسەر شێوەی ئنسکلۆپیدیا کورتەیەکە دەربارەی زانستی مرۆڤ. ئەم بەرهەمە بە ناتەواوی مایەوە، و کتێبێکی تری (فەرمانڕەوایی پاشا)یە. ئاکویناس لەساڵی ١٢٧٤دا کۆچی دوایی کرد.

### گرنگی کاری ئاکویناس: ئاشتکردنەوەی عەقڵ و شەرع

فەلسەفەی ئاکویناس لە سێ سەرچاوەی سەرەکییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم سێ سەرچاوەیە بریتین لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان (بەتایبەتی بۆچوونەکانی ئەرەستۆ) و بیروڕا ئایینییەکانی مەسیح و یاساکانی ڕۆم. ئاکویناس بە تێهەڵکیش کردنی بیروبۆچوونەکانی ئەم سێ نەریتە گەورەیە ڕێچکەیەکی نوێی لە تیۆلۆژیدا کردەوە کە کۆکردنەوەی عەقڵ و شەرعی تیادا ڕەخسا. هەروەها ئەم کارەی ئەو خاڵی دەستپێکی بزاوتن بوو بەرەو سەردەمێکی نوێ لە ئەورووپادا.

کارەکەی ئاکویناس بووە بنەماگەلێکی تیۆری بۆ هزرەکانی پاشتر کە بەنوێ بوونەوە یان ڕێنیانسی ئەوروپا کۆتایی هات. ئەو چەمکەی کە ئەو بۆ ((دەوڵەت))ی دروستکرد بنەمایەکی نوێبوو لە ماف و سیاسەتدا. ئاکویناس چەمکی یاسای سروشتی و یاسای خوایی و هزری ئەرەستۆیی لەگەڵ بیرکردنەوەی مەسیحیدا ئاشتکردووە. لە بواری تیۆریدا کارێکیکرد کە پاشتر لە چوارچێوەی پراکتیکی لە ئەوروپادا ئەنجامدرا.

## هێڵە گشتییەکانی سیستەمی هزریی ئاکویناس

تیۆرەکەی ئاکویناس دەربارەی شێوازی سروشتی و عەقلانیی ڕێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکە کە مەبەستە سروشتییەکانی مرۆڤ لە بواری ژیانی گشتیدا بە ئاکام دەگات. ئاکویناس لە بەرامبەر ئەو ڕوانگانەی کە بەرگریان لە سیستەمە ئاینسالار و ڕەهاکان دەکرد بڕوای بە عەقلانیەتی دانراوی ناو حکوومەتی یاسا بوو. ئاکویناس دەیویست بەسوود وەرگرتن لە عەقڵ و ئاین چەند بنەڕەت و ڕێسایەك بەرهەمبهێنێ بۆ سیستەمێکی سروشتی و دادپەروەرانە.

تیۆرەکەی ئاکویناس ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە بوو کە تیایدا دەژیا. لەسەردەمی ژیانی ئەودا ئەوروپا دەستی دابووە بزووتنەوەیەکی نوێ بۆ پێکهێنانی شاری زەمینی. سەدەی سێزدەیەم لووتکەی ململانێی پاپاکان و پاشاکان بوو. سەدەیەك بوو کە زانکۆکان لە شارە گەورەکانی ئەوروپادا چالاکییان دەنواند. سەدەیەك بوو کە هەوڵدان بۆ بنیاتنانی یاسا عورفییەکان کاری بۆ دەکرا و ئەوروپا ئامادە دەبوو بۆ دەربازبوون لەسەدەکانی گومناوی. گواستنەوەی دەستکەوتەکانی شارستانییەتی ئیسلامی بۆ ئەوروپا زەمینەی نوێبونەوەی زانستیی لەوێدا فەراهەمکرد.

تیۆرە سیاسیەکەی ئاکویناس گونجاو بوو لەگەڵ گیانی ئەم قۆناغە پڕ جۆشەدا. فەلسەفەی ئاکویناس بەپێچەوانەی فەلسەفەی ئاگۆستین فەلسەفەیەکی گەشبین بوو. لە تێڕوانینی ئەودا سروشت و سۆزی خوایی دەستیان دەدایە دەستی یەك بۆ ڕزگاری مرۆڤ، هەروەها بەجۆرێکی دیکەی جیاواز لە ئاگۆستین ئاکامەکانی نزمبوونەوەی لێکدەدایەوە.

لە لێکدانەوەکانی ئاگۆستیندا هەروەك بینیمان مرۆڤ لە پاش نزمبوونەوە دەچێتە قۆناغێك لە ژیان کە تیایدا حەز و ئارەزوو سروشتییەکان دەبێتە ڕێنمایی کاری سەرەکیی مرۆڤ و تەنها سۆزی خوایی دەتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکا لەبەر بوونەوەی ئەو سەرەو خوارییەی کەروو بەڕوویەتی. بەلام لە



لێکدانەوەی ئاکویناسدا عەقڵی مرۆڤ لە پاش نزمبوونەوەیش بەردەوام ڕێنمایی کاری مرۆڤە و دەتوانێ بەرەو مەبەستە سروشتییەکەی واتە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خاوەن یاسا بۆ گەیشتن بەرزگاری ڕێنمایی بکات. لە باسەکانی پاشتردا زیاتر لەم تێڕوانینەی ئاکویناس دەدوێین.

## مرۆڤ و مەبەستەکانی

لەسەدەی سێزدەیەمدا یەکێك لەو پرسیارە گرنگانەی کە سەرنجی زانایانی ئایینی و بیرمەندانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو ئەوەبوو کە ((ڕاستی (واقیعەت) چییە؟))، ((چۆن مرۆڤ دەتوانێ زانیاری پەیدا بکات دەربارەی ڕاستی؟)) ئاکویناس بنەماکانی تیۆلۆژی خۆی بۆ خستنەڕووی ئەم پرسیارانە و وەلامدانەوەیان نووسی و ڕاستیی وەکو دنیایی سروشتی لەبەرچاو دەگرت. مرۆڤ بەشێکی لەم دنیا سروشتییە کە خاوەن مەبەستێکی سروشتییە. مرۆڤ کە خۆی بەشێکە لەم دنیا سروشتییە دەتوانێ زانیاری پەیدابکات سەبارەت بە جیهانی سروشتی و بیری لێبکاتەوەو ئەم بیرکردنەوەیەی خۆی لەگەڵ خەڵکانی تردا بخاتەڕوو و بیگوازێتەوە بۆیان. مرۆڤ خاوەن ئەو توانایەیە کە دەتوانێ بینین و هەستپێکردنەکانی دەربارەی جیهان بخاتە شێوەی هزرەوە. جگە لەمە مرۆڤ دەتوانێ بەرێ خۆشکردن بگاتە دەستەواژەیەکی تری پێشەکییە لۆژیکییەکان واتە ئەنجامی نوێ. ئەگەر ئەو ناسینەی کە مرۆڤ بەدەستی دێنێ لەگەڵ ڕاستیدا یەکبگرێتەوە ئەوەی پێی گەیشتوە دەبێتە ((حەقیقەت)). کەواتە حەقیقەت بریتییە لە هاووێنەی بوونی زانیاری و ناسینی مرۆڤ لەگەڵ ڕاستیدا.

ئاکویناسیش وەکو ئەرەستۆ لەو بڕوایە دابوو کە بوون هەموو کاتێك بریتییە لە بوونی شتێك و بوونی بەتاڵ واتە بوونی دەرەوەی ئەو شتانەی کە هەن شتێکی بێ واتایە، بوون دەتوانێ توانستی بێ وەکو پارچە بەرد، هەروەها دەتوانێ کردەیی بێ وەکو پەیکەر. ئەفلاتوون سروشتی مرۆڤی بە گەوهەرێکی سەربەخۆ یان جیا لە مرۆڤ تەماشادەکرد. بەلام بە بۆچوونی ئەرەستۆ و ئاکویناس سروشت یاخود گەوهەری مرۆیی فۆرمێك نییە کە لە مرۆڤ جیا بکرێتەوە. بەبۆچوونی ئاکویناس بوون هۆکردی هۆکارێکی گشتی سەرەتایی واتە خوایە. بوونە جیاوازەکان یان بوونەوەرە جیاوازەکانی بەجۆرێك ئەفراندووە کە هەر یەك بەرەو باری کامڵبوونی خۆی هەنگاو دەنێ. بوونەوەرەکان بەپێی ئەو پلەی کامڵبوونەی کە دەتوانن پێی بگەن دەبنە خاوەن چەندین پلەی جیاواز. بەم جۆرە زنجیرە پایەیەکی تەواو لە جیهاندا دەبینرێ.

مرۆڤ خاوەن عەقڵێکی سروشتییە کە سەرەڕای نزم بوونەوەیش بەدوورە لە گەندەڵی و دەتوانێ بەرەو مەبەستە سروشتییەکەی واتە بەرەو کامڵبوونی مرۆیی ڕێنمایی بکا. مرۆڤ جگە لە عەقڵ خاوەن چەندین حەزی سروشتیشە کە دەتوانن هاوکاری عەقڵی سروشتی مرۆڤ بکەن. حەزکردن بەزانین و ڕۆیشتن بەرەو فەلسەفەیش لە حەزی سروشتی مرۆڤ بۆ کامڵبوون سەرچاوە دەگرێ. عەقڵی سروشتی مرۆڤ و حەزکردن بە دۆزینەوەی هۆکاری شتەکان مرۆڤ بەرەو هۆکاری یەکەم (خوا) ڕێنمایی دەکا. بەڵام بۆ گەیشتن بە مەبەستی کامڵبوونی مرۆڤ کە بریتییە لە گەیشتن بەخوا، جگە لە عەقڵ سۆزیش پێویستە. بۆیە سۆزیش بۆ سروشت زیاد دەکرێ.

بەڵام ئەم عەقڵە سروشتییە چییە؟ و چۆن دەدرەوشێتەوە؟ چۆن دەزانین کە شتێك بەناوی عەقڵی سروشتی بوونی هەیە؟ وەڵامی ئاکویناس ئەوەیە کە: گرنگترین درەوشانەوەی عەقڵی سروشتی بوونی یاسا و ئەو کۆمەڵگایانەیە کە لەسەر بنەمای یاسا دامەزراون. یاسا مرۆییەکان بریتین لە فەرمانی عەقڵی کردەیی. لە ڕاستیدا ئەم یاسایانە بنەڕەتی گشتی یاسا سروشتییەکانن کە لە یاسا مرۆییەکاندا بوونیان وەرگرتووە. لەگەڵ ئەمەیشدا یاسا سروشتییەکان بەسنین بۆ کامڵبوونی کۆمەڵگای مرۆیی. یاساگەلێکی تریش پێویستە کە بە یاسای خوایی ناودەبرێن.

## کۆمەڵگا و یاسا

وتمان کە هەموو شتێك بەرەو مەبەستێك دەڕوا کە چاکەی ئەو شتەیە. مرۆڤیش وەکو هەموو شتێکی دیکەی سروشت بەپێی حەز بۆ چاکەی خۆی کاردەکات. بەڵام ڕۆیشتن بەرەو ئەو کەرەستانەی کە پێویستن بۆ ئەم چاکەیە پێویستی بە پەروەردە و ڕێنمایی هەیە. لە ژیانێکدا کە تیایدا خووڕەوشتە خراپەکان لە برەودایە شتێکی ئاساییە کە مرۆڤ نەتوانێ بەدروستی شوێن مەبەستی خۆی بکەوێ. ڕووداوی نزمبوونەوە نیشانەی ئەوەیە کە ڕەنگە مرۆڤ بەرەو ڕێگەیەکی دیکەی جیا لەوەی بڕیاری عەقڵی سروشتییە هەنگاودەنێ. ڕەنگە هەندێ لەخووە خراپەکان ببێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ ئەو مەبەستەی خۆی ون بکا کە هەردەم لە ڕێگەی بنەڕەتە ئەخلاقییەکانەوە دەتوانێ بیگاتێ. لەم حاڵەتەدا ئاوێنەی عەقڵی مرۆڤ لێڵ دەبێ و ڕەنگە ڕێگەیەك هەڵبژێرێ کە ڕێگەی کامڵبوون نییە.

یاسا عەقلانییەکانی کۆمەڵگا ویستی مرۆڤ پەروەردە دەکا تاوەکو بگونجێ لەگەڵ زاتی مرۆیی خۆییدا و نەریتە عەقلانییەکانی مرۆڤ ڕادەهێنێ. ئەم نەریتە عەقلانییانە ئەوانەن کە ئەگەر کەسەکە بیەوێ بەدروستی ڕەفتار بکات (واتە بەپێی مەبەستی کامڵبوونی خۆی) بە حەزو



ڕازیبوون ڕێنمایی دەکەن. لەسەدەی سێزدەیەمدا ئەو بیرۆکەیە لە نێوان زانایانی ماف و باسە قوتابخانەییەکاندا (سکولاستیك) لە ئارادابوو کە دابونەریتەکان و یاساکان هاو ڕیشەی عەقڵن.

جگە لەمە یاسا گەلی خواییش هەن کە یارمەتی عەقڵی سروشتی مرۆڤ دەدەن. یاسا خواییەکان تەواوکەری یاسا سروشتییەکانن و یاسا سروشتییەکان بە تەنهایی بەس نین بۆ خۆشبەختی مرۆڤ.

## جۆرەکانی یاسا

یاسا فۆرم و سروشتی فەرمانڕەوایی خوایە بەسەر شتەکاندا. هەر شتێك بەپێی ئەو شێوازەی بۆی دیاریکراوە (واتە بەپێی یاسایەکی تایبەت) کاردەکات و گەوهەر و مەبەستی هەرشتێك وا دەخوازێ بەم جۆرە بێ. بوونەوەرە بێ عەقڵەکان بە هۆی پرۆسە ژینگەیی و میکانیکییەکان و مرۆڤیش بە فەرمانی عەقڵ و ئەو تێگەیشتنەی کە هەیەتی سەبارەت بە یاسای ئەزەلی مەحکوومی یاسان. فەرمانی یاسای ئەزەلی بە شێوەی تێگەیشتنی پێشوەخت لەسەرویژدانی مرۆڤ هەڵکەندراوەو ئەم تێگەیشتنە پێشوەختانە درەوشانەوەی یاسای سروشتین.

ئاکویناس باس لە چوار یاسا دەکا: یاسای ئەزەلی، یاسای سروشتی، یاسای خوایی و یاسای مرۆیی. یاسای ئەزەلی بریتییە لە یاسا بە شێوەی عەقڵی خودا کە زاڵە بەسەر هەموو شتێکەوە لە فریشتەوە تا روەك. یاسای سروشتیش هەمان یاسای ئەزەلییە لە عەقڵی مرۆڤدا. یاسای خواییش ویستی دیاریکراوی خوایە بە شێوەی سروش، وەکو دە فەرمان. و هەروەها یاسای مرۆیی وەرگیراوە لە یاسای سروشتی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

## کۆمەڵگاو دەوڵەت وەکو ڕەنگدانەوەی یاسای سروشتی

ئاکویناس بەپێچەوانەی ئاگۆستین کە دەوڵەتی بەوەڵامی گوناهەکانی مرۆڤ دادەنا و بەپێچەوانەی ئیپیکۆریان کە دەوڵەتی بە دروستکراوی مرۆڤ دەزانی. هاوڕا لەگەڵ ئەرەستۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای بەکارێکی سروشتی دادەنا. دەتوانین بڵێین کە ئاگۆستین کۆمەڵگا و حکوومەتی وەکو لغاوێك تەماشا دەکرد بۆ ڕامکردنی ئەسپی سەرکێش، لەکاتێکدا ئاکویناس بەپێچەوانەی ئەو دەوڵەتی وەکو کەرەستەیەك دەبینی بۆ گەشانەوەی خواستە باشە سروشتییەکانی مرۆڤ. بە بۆچوونی ئاکویناس ژیان لە کۆمەڵگادا ئەو هەلە بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێ کە بەباشترین شێوە کەرەستە مادی و واتاییەکانی خۆشبەختی خۆی فەراهەم بکا. هەر بەو

جۆرەی کە کۆمەڵگا کاردەکا بۆ فەراهەمکردنی باشترین هەلومەرجی ژیانی مادی و واتایی و هاوکاری مرۆڤ بۆ هەنگاونان بەرەو ڕێگای کامڵبوونی سروشتی، حکوومەتیش کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ڕێکخستنی ئەم ڕێڕەوە سروشتییە دروستبووە بەش بەحاڵی خۆی کارێکی سروشتییە.

## لێکدانەوەیەکی نوێی نزمبوونەوە

هەروەها ئەم تێڕوانینەی ئاکویناس پەیوەستە بە لێکدانەوەیەکی نوێ کە بۆ چەمکی نزمبوونەوەی کردووە. ئاکویناس لێکدانەوەیەکی گەشبینانەی هەیە بۆ چەمکی نزمبوونەوە کە دەکەوێتە بەرامبەر لێکدانەوە ڕەشبینەکەی ئاگۆستین. لە فەلسەفە و تیۆلۆژی ئاگۆستیندا کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ کاریگەریی هەبوو لەسەر هزری مەسیحییەکان، نزمبوونەوە وەکو دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی مرۆڤدا کە تیایدا حەزە سروشتییەکان ڕەفتاری مرۆڤ دەخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیان و دەبێتە ڕێنمایی کاری ژیانی. نزمبوونەوە وەکو رووخانێك لەبەرچاو دەگیرێ کە تەنها سۆزی خوایی دەتوانێ مرۆڤەکانی قۆناغی پاش نزمبوونەوە رزگاربکات.

بەپێی گوزارشتی ئاگۆستین دنیا بۆ بڕواداران (کە گیرۆدەی نەفرینی شاری سەرزەوین) شتێك نییە جگە لە کۆنە کۆشکێکی کاتی و کۆشکی دڵخوازی خۆیان لە جیهانی بەهەشتیدا بەدەستدێنن. بەلاّم وێنەکەی ئاکویناس لە بەرامبەر ئەم وێنە تاریك و لێڵەدا وێنەیەکی روونترە. ئاکویناس دەڵێ کە نزمبوونەوە واتە لە دەستدانی عەقڵی سروشتی و بنەڕەتێکی دیار نییە بۆ عەقڵی سروشتی. سۆزی خواییش سیستەمی سروشتی کارەکان ڕەت ناکاتەوە بەڵکو لە پێناو ئەودایە و بۆ بەخشینی کامڵبوونە بەو. لە تیۆرەکەی ئاکویناسدا سۆزی خوایی و سیستەمی سروشتی هاوکاری یەکتردەکەن تاوەکو مرۆڤ رووەو کامڵبوون بەرەو پێش بڕوات.

## سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ

ئاکویناس کۆمەڵگای وەکو سیستەمی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ لێکداوەتەوە. ئەم پەیوەندییە بەپاڵپشتی سروشتی بوونی پەیوەندییە زمانییەکانە. بەپێی بۆچوونەکەی ئاکویناس زمان (هەڵبەتە نەك ئەو زمانە تایبەتییانەی کە هەر ئەتنیك و نەتەوەیەکی دیاریکراو پێی دەدوێن) لەرێگەی سروشتەوە دراوەتە مرۆڤ تا سەبارەت بەدروست و نادروست، بەسوودو زیانبەخش و دادپەروەرانە و نادادپەروەرانە بیروڕا بگۆڕنەوە لەگەڵ یەکتردا. چونکە لەچوارچێوەی شاردا (Civitas) سەبارەت بە ئەمانە پەیوەندی دروستدەبێ، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە



مرۆڤ بەجۆرێکی سروشتی بوونەوەرێکی سیاسیە. مرۆڤ بە هۆی سروشتی خۆیەوە بوونەوەرێکی وتەبێژ و بەپێی خوورەوشتیشی بوونەوەرێکی کۆمەلاّیەتی واتە سیاسیە.

پەیوەندی مرۆڤەکان بەستراوەتەوە بەچەند پێش گریمانەیەکی هاوبەش و متمانە پێکراو سەبارەت بەشتەکان و خودی تاکەکانی مرۆڤ. راستییە بنەڕەتییە ئەخلاقییەکان لە هزری مرۆڤدا چەسپێندراون و لە کاتی ڕەخسانی هەلومەرجدا بە روونی لە زماندا دەردەکەون. وتەبێژیی مرۆڤ نیشانەی ئەوەیە کە بنەما بنچینەییە ئەخلاقییەکان نەبەستراوەتەوە بە کەلتوور بەڵکو شتێکی سروشتییە. لەدوای نەریت و ئەو یاسا شارستانییانەی پەیوەستن بە کۆمەڵگا دیاریکراوەکان و لەهەر بەشێکدا تێگەیشتنێکی سروشتیی ئەخلاقی هەیە کە دەتوانرێ بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە: ((دەبێ درێژە بەکاری چاکە بدەی و خۆ بەدووربگری لەکاری خراپ)). مرۆڤ خاوەنی دوو زنجیرە حەزە. زنجیرەی یەکەم کە بۆ ژیانی پێویستە و بەزۆری تیایاندا هاوبەشە لەگەڵ گیانداراندا. زنجیرەی دووەم حەزگەلێکە وەکو حەزکردن بە ژیانی هاوبەش لەگەڵ کەسانی تردا و ژیان لە کۆمەڵگایەکی تایبەت بە مرۆڤ.

## یاسای سروشتی و یاسا مرۆیی

لە تیۆرەکەی ئاکویناسدا تەواوی بونەوەرەکان لە لایەن عەقڵی خواییەوە بەڕێوە دەبرێن و ئەمەش بە یاسای ئەزەلی ناوی دەبا. هەموو ئەفرێنراوەکان لە مرۆڤەوە هەتا گیاندار تا ڕادەیەك هاوبەشن لە یاسای ئەزەلیدا. هەروەکو وتمان لە ڕێگەی عەقڵەوە (کە تایبەتە بەو) مرۆڤ بەشداری لەم یاسایەدا دەکا، چونکە مرۆڤ دەتوانێ دەستبداتە هەڵبژاردن و کۆنترۆڵی هەبێ بەسەر کردارەکانی خۆیدا. یاسای سروشتی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بریتییە لە بەشداری مرۆڤ لەو سیستەمەی کە خوا ئەفراندوویەتی. ئەو یاسایەی کە زاڵە بەسەر سیستەمی کۆمەڵگاوە یاسای مرۆییە و یاسایی مرۆییش ئەو یاسا دانراوەیە کە بەرجەستەکراوی یاسای سروشتییە.

دەتوانین بپرسین کە چۆن یاسا سروشتییەکان دەچنە نێو یاسا دانراوەکان؟ ئاکویناس بەم جۆرە وەلاّمی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە یاسا لە بەرامبەر حەزی مرۆڤە باشەکاندا خۆی ئاشکرا دەکا. فەرمانی بنەڕەتیی یاسای سروشتی و عەقڵی کردەیی ئەم فەرمانە ساکارییە کە ((چاکە بکەن)) و ((خۆ بەدوربگرن لە خراپە))، کاتێك لەم فەرمانە رادەمێنین و لە پرسیاری چاکە چییە ورد دەبینەوە ئەو کات بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەمان بۆ روون دەبێتەوە کە پەیوەستن بە بنەڕەتە ئەخلاقییەکانەوە. لە وردبوونەوەی حەزەکانی مرۆڤ دەگەینە ئەوەی کە مرۆڤ حەز دەکا بە

وەدەستهێنانی زانست و مەعریفە، هەروەها بە ژیان لە کۆمەڵگادا. پاشان بەوردبوونەوە لە مەرامە کۆمەلایەتییەکانی مرۆڤ دەگەینە زنجیرە ڕێسایەك کە زاڵە بەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا. لە وردبوونەوەی هەستی پاراستنی زاتدا دەگەینە ئەو ڕێسایەی کە نابێ کەس بکوژی و ئەمەش هەمان ئەو یاسایەیە کە لە دە فەرمانەکەی موسای پێغەمبەریشدا هاتووە. کەواتە ئەم یاسایە (کە نابێ کەس بکوژی) یاسایەکی سروشتییە و لە هەمان کاتیشدا یاسایەکی خواییە و چۆتە نێو یاسا مرۆییەکانیشەوە.

لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە لەسەر ئەوەی ئەگەر ئەم یاسایە (نابێ کەس بکوژی) یاسایەکی سروشتی و بنەڕەتیی چەسپاوە ئەی بۆچی ئەو سزایەی کە بۆی دانراوە جیاوازە لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی تر. ئایا ئەم ڕێژەیی بوونە بەڵگەی ڕەتکردنەوەی بوونی یاسای سروشتی نییە (کە بڕیار وایە چەسپاو بێ). وەلامی ئاکویناس بۆ ئەم ڕەخنەیە ئەوەیە کە دەکرێ سزای دادپەروەرانە جیاواز بێ بەپێی بارودۆخەکان. ئەم جیاوازییە بەواتای ڕەتکردنەوەی یاسای چەسپاوی سروشتی نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە جەخت کردنەوەیە لەسەری.

## یاسای سروشتی و گوناهی یەکەم

پرسیارێکی تر کە دەتوانرێ لێرەدا بخرێتەڕوو ئەوەیە کە ئەگەر عەقڵی مرۆڤ دەتوانێ پەی بە یاسای سروشتی بەرێ کە چاودێری چاکەی مرۆڤە، ئەی تووشبوونی گوناهو یاسا شکێنی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بۆچوونی ئاکویناس ئەوەیە کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرە بتوانێ حەزە سروشتییەکانی خۆی بە شێوەیەکی لادەرانە بار بهێنێ و کرداری نادروست هەڵبژێرێ. ئەم کارەش لە گوناهی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێ کەبووەتە هۆی ئەوەی هەستی مرۆڤ سەبارەت بە یاسای سروشتی تەمومژی تێکەوێ. ئەو ئاکامانەی کە لە خووە خراپەکان دەکەونەوە دەتوانن تێگەیشتنی مرۆڤ بشێوێنن بەرامبەر بە مەبەستە مرۆییەکەی (واتە کامڵبوونە سروشتییەکەی). بەم حاڵەشەوە مرۆڤ بەتەواوی لە توانا عەقلانییەکان دانەماڵراوەو دەتوانێ کە کردارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو سروشتەدا هەماهەنگ بکا کە خوا پێی بەخشیوە. لەم ڕێگەیەوە پەروەردەو فێرکردن دەتوانێ ڕۆڵێکی باشی هەبێ لەبرەوپێدانی خووە باشەکاندا. لێرەدایە کە فێرکردنەکانی کلێسا بەکاردێ. مرۆڤ دەتوانێ لەژێر ڕێنماییکردنی عەقڵدا ڕێسا ناعەقلانییەکان بەلاوە بنێ. حکومەتیش بەهەمان شێوە دەتوانێ و پێویستە بەشداربێ لە ڕەخساندنی هەلومەرجی ڕێنماییکردنی ئەخلاقی.



## جۆرەکانی حکوومەت

ئاکویناسیش وەکو ئەرەستۆ بە لەبەرچاوگرتنی دوو پێوەر (یەکەم پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و دووەم فرەیی دەسەلاتداران) حکوومەتەکان پۆلین دەکا. بەم شێوەیە پۆلین کردنەکەی ئەمیش هاوشێوە دەبێ لەگەڵ پۆلین کردنەکەی ئەرەستۆدا کە پێشتر باسمانکرد. ئاکویناس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە یاسای کۆمەڵگا ئاراستەی چاکەی هاوبەشی شارەکە (یان ((دەوڵەت)) ) بێ. هەروەها لەو بڕوایە دایە کە ئەگەر خەڵکی هەستی بەرپرسیارێتییان هەبێ و لە خوورەوشتیشدا میانەڕەو بن باشتروایە کە هەمووان بەشداربن لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکاندا. بەلام ئەگەر بەرێگەی خراپەدا ڕۆیشتبن ڕەنگە هەڵبژاردنەکەیان ببێتە هۆی هێنانە سەرکاری خەڵکانێکی فێڵباز، بۆیە باشتروایە کە ژمارەیەکی کەمی بیرمەندان بەشداریبکەن لەم هەڵبژاردنەدا.

## باشترین فۆرمی حکوومەت

ئاکویناس باشترین فۆرمی حکوومەت بەو حکوومەتە ناو دەبا کە لەسەروویەوە پاشایەك بە هەڵبژاردنی خەڵکی یاخود بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکی کارەکان بەڕێوە دەبا. ئەم پاشایە پابەندە بە بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە. لەم حکوومەتەدا پاشا ڕاوێژ لەگەڵ دەرەبەگەکانی فیودال و خەڵکانی هەڵبژێردراودا دەکا. لەم ڕووەوە ئاکویناس ناکۆك بوو لەگەڵ بۆچوونی ئەو نەوفلاتۆنییەکانی سەردەمی خۆی کە لایەنگری پاشایەتی ڕەهابوون. هەبوونی فەرمانڕەوایەك کە دابینکردنی بەرژەوەندی گشتیی لە ئەستۆگرتبێ یەکێتی کۆمەڵگا دابیندەکا. ئەم فەرمانڕەوایە دەسەلاتی دادوەریی جێبەجێ کردنیشی لەدەستدا دەبێ، بەلام ئەمانەی وەکو نوێنەرایەتی ویستی گشتی پێ دەسپێردرێ.

بەم شێوەیە بە بۆچوونی ئاکویناس سیستەمی خوازراو بریتییە لە سیستەمی تێکەلاو و کاریگەرە بە سیستەمی پۆلیتی ئەرەستۆ بەلام زیاتر ئەدگارەکانی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا هاوشێوەترن و سەرەڕای ئەمانەش تیۆرە یاساییەکانی ڕۆمیشی تیادا بەرچاوەدەکەوێ. خوازراوترین فۆرم ئەوەیە کە خەڵکی چالاکانە بەشداریبکەن لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایەکی خاوەن فەزیلەتدا. پێویستە ئەم فەرمانڕەوایە چاوی لە بەرژەوەندییە گشتییەکان بێ نەك حەزو ئارەزووە کەسییەکانی خۆی.

## دژایەتی کردنی تاکڕەوی

بەم جۆرە ئاکویناس لایەنگری حکوومەتی پاشایەتی سنووردار بوو. و هەروەها ئەو حکوومەتەی کە تیایدا پاشا چاوی بڕیوەتە بەرژەوەندییەکانی خۆی (نەك بەرژەوەندی گشتی) بە حکوومەتی تاکڕەویی دادەنێ و دەڵێ پێویستە سیستەمی حکوومەت بە شێوەیەکی ورد ڕێکبخرێ تا ببێتە ڕێگر لەبەردەم پەیدابوونی تاکڕەویدا. بەڵام بەرنامەیەکی فراوانیشی نییە بۆ ڕێگرتن لە گۆڕانی دەسەڵاتی پاشا بۆ تاکڕەوی و پێی وایە کە دەتوانرێ بەدانانی ڕێکخستنێکی ورد ڕێ لەم گۆڕانە بگیردرێ. بەڵام ئەگەر لەگەڵ ئەمەشدا پاشا گۆڕا بۆ کەسێکی تاکڕەو ئەوا پێویستە لە کاتی زیادەڕۆیی لە تاکڕەویەکەیدا لەسەرکار لاببرێ، چونکە ئەو پەیمانەکەی خۆی شکاندووە لەگەڵ خەڵکیدا. بەهەرحاڵ ئاکویناس بەپێچەوانەی هەندێك لە بیرمەندانی سەردەمی خۆی پێشنیاری کوشتنی کەسی تاکڕەو ناکا.

ئاکویناس لەو ڕووەوە حکوومەتە دیموکراسییەکان پەسەند ناکا کە دەبنە مایەی سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیاوازی. ئەو حکوومەتەی کە لە لایەن کۆمەڵێکی زۆری خەڵکییەوە هەڵدەبژێردرێ ناتوانرێ هەر لە خۆوە بە حکوومەتێکی تاکڕەو سەیر بکرێ، بەڵام ئەگەری گۆڕانی بۆ حکوومەتێکی تاکڕەو زۆرە. بەهەرحاڵ بۆچوونی ئاکویناس بەهاو ئاراستە لەگەڵ سیستەمی حکوومەتە فیودالەکانی ئەو کات و ئاوێتەکردنی لەگەڵ ڕەگەزە دەرەبەگییەکان لە ناو حکوومەتەکەیدا بەرگری کردنە لەوەی کە دەبێ ڕوونترین و بەتواناترینی کەسەکان بەجۆرێك بەشداربن لە دانانی سیاسەتی گشتی کۆمەڵگادا. بەگشتی دەتوانین بڵێین کە باشترین حکوومەت لای ئاکویناس حکوومەتی پاشایەتی دەستوورییە. ئاکویناس بە وردی لە ئامادەسازی سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشا ناکۆڵێتەوەو نایخاتەڕوو. وادیارە دامەزراوەکانی ڕاوێژی فیودالی و پەرلەمانیی سەدەکانی ناوەڕاستی لەبەرچاوگرتووە کە لە پاشایەتییەکانی فیودالدا شتێکی باوبوو.

## حکوومەت و کلێسا

ئاکویناس لەگەڵ ئەوەی فەیلەسووفێکی ئەرەستۆیە بەڵام لە هەندێ شوێندا وەکو وتەبێژێکی مەسیحی لە ئەرەستۆ دوور دەکەوێتەوە. لەوانە ئاکویناس باشەی سیاسی بە بەرزترین باشەدانانێ. ئەرەستۆ وەکو زۆربەی بیرمەندانی یۆنانی کۆن دەوڵەتشاری بە بەس دەزانێ بۆ دابینکردنی تەواوی هەلومەرجەکانی کامڵبوونی مرۆیی. بەڵام ئاکویناس وەکو فەیلەسووفێکی



مەسیحی کامڵبوونی مرۆڤ لەم دنیایەدا بە لووتکەی کامڵبوون دانانێ، بەڵکو لە بۆچوونەکانیدا کامڵبوونی سروشتی دەبەستێتەوە بە کامڵبوونی میتافیزیکیوە. بە بۆچوونی ئاکویناس مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کامڵبوونی خۆی جگە لە ئەندامبوون لە کۆمەڵگای سیاسی و بەشداریکردن لە دامەزراوە سیاسییەکاندا پێویستی بە ئەندامێتی کلێسایش هەیە. بەم پێیە کامڵبوونی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە ئەندامبوون لە هەردوو کۆمەڵگای سیاسی و کلێساییدا.

## تیۆری حکوومەتی عورفی

لەگەڵ ئەو پایەیەی کە ئاکویناس بۆ کۆمەڵگای میتافیزیکی لەبەرچاوی گرتووە، دەبێ تیۆرەکەی ئەو لە بەرامبەر تیۆرەکانی حکوومەتی ئایینیدا بە تیۆری حکوومەتی عورفی بژمێردرێ. بنەمای هزری ئاکویناسیان بە ((خوداناسی سروشتی)) پێناسە کردووە کە بریتییە لە ئاوێتەیەکی تیۆری یاسای سروشتی لەگەڵ فێرکردنەکانی مەسیحیدا و هەر ئەمە بووە بناغەیەك بۆ هزری حکوومەتی عورفی لە نێوان بەشێکی زۆری بیرمەندانی ئەوروپای سەدەکانی پاشتردا.

کاری سیاسی لە تیۆرەکەی ئاکویناسدا لە یەك کاتدا ڕەخساندنی هەلومەرجی سەرفرازی ئەو دنیایشە بۆ خەڵکی. بەڵام لە پێشتربوونی سەرفرازی ڕۆژی دوایی بەواتای ڕەتکردنەوەی سەربەخۆیی کاروبارەکانی دنیا نییە و دنیا پردێکە رووەو ڕۆژی دوایی. ڕێکخستنی زیرەکانەی کاروبارەکانی دنیا (وەکو باسمان کرد) واتە ڕەخساندنی هەلومەرجی ڕێنماییکردن بەرەو ئامانج. مەبەستی کۆمەڵگایش ژیانێکە کە فەزیلەتی لەگەڵدا بێ. هەروەك بینیمان ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و زۆربەی بیرمەندانی یۆنانی کۆنیش مەبەستی کۆمەڵگایان بەم شێوەیە پێناسە کردووە. ئەوەی کە ئاکویناس زیادی کردووەتە سەر کۆمەڵگای خوازراوی ئەم بیرمەندانە بەستنەوەی ئەم کۆمەڵگاییە بە کۆمەڵگای دوا ڕۆژەوە (ڕۆژیی دوایی)، بەڵام مەبەستی خۆشبەختی ڕۆژی دوایی بەواتای لە پێشتربوونی دامەزراوەی کلێسا نییە. لەو مشتومڕەی کە لە ماوەی بەشەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا دروستبوو لە نێوان لایەنگرانی لە پێشتربوونی کلێسا و لایەنگرانی سەربەخۆیی پاشا (کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد) ئاکویناس جەختی دەکردەوە لەسەر جیاوازی و سەربەخۆیی دەسەڵاتی سیاسی لە مەرجەعییەتی کلێسا. لەتیۆرەکەی ئاکویناسدا فەرمانڕەوایی پاشا بەسەر کاروبارەکانی دنیا فەرمانڕەواییەکی ڕەهایە و لە ڕێگەی خەڵکییەوە خوا ئەم فەرمانڕەواییەی پێ سپاردووە. ڕۆڵی کلێسا بریتییە لە ڕابەرایەتی کاروبارە واتاییەکان، لەم

ڕووەوە (ڕووی لە پێشتربوونی کاروباری واتایی بەسەر کاروبارەکانی تردا) دەتوانین بڵێین کە لە واتادا (نەك لە کردار) کلێسا لە پێشترە لەچاو دەسەڵاتەکانی تردا.

لایەکی دیکەی تیۆرەکەی ئاکویناس دەربارەی دەوڵەت ( کە دەربڕی ڕۆیشتنی ئاکویناسە بەرەو حکوومەتی عورفی) ئەوەیە کە دەوڵەت تەنها پارێزەری بەرژەوەندی هاوبەشی خەڵکی نییە لە کۆمەڵگادا، بەڵکو پێویستە خەڵکیش بەرەو ژیانێکی باش ڕێنماییبکات. ئەم ڕۆڵەی دەوڵەت (دوور لە کلێسا) بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێ کە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین ڕێ لە دەستێوەردانی کلێسا دەگرێ بۆ ناو ژیانی سیاسی و تەنها شوێنی دەستێوەردانی ئەخلاقیی بۆ دەهێڵێتەوە.

## جیاوازی نێوان ئایین و سیاسی

ڕازی بوونی ئاکویناس لەسەردانانی شوێنگەیەکی سروشتی بە دەوڵەت لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری یۆنانییە کۆنەکانی قۆناغی دەوڵەتشار، بەلاّم لە لایەکی ترەوە جیادەبێتەوە لە تێڕوانینی یۆنانییە کۆنەکان و بەش بەحاڵی خۆی بەگۆڕانێکی گەورە دەژمێردرێ لە بەرامبەر تێڕوانینی ئەوان و پێشکەوتنە گرنگەکانی هزری سیاسی ڕۆژئاوادا. ئەم گۆڕانە گەورەیە و ئەم پێشکەوتنە گرنگە بریتییە لە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئایین. هەروەك لە بەشەکانی سەرەتای کتێبەکەدا ئاماژەمان پێکرد لە یۆنانی کۆندا دەوڵەتشار هەموو ژیانی مادی و واتایی خەڵکەکەی لە خۆیدا کۆدەکردەوە. تەنانەت ڕێوشوێنە پەرستییەکانی خەڵکیش وەکو زۆربەی لایەنەکانی ژیانیان بە بەشێك لە کاروباری گشتی دەژمێردرا و دەکەوتە سنووری چاودێریکردنی دەوڵەتەوە.

بەلاّم ئەو ئەزموونانەی کە لە ژیانی ئایینی و سیاسی خەڵکیدا هاتنە پێش لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەجۆرێکی ناکۆکانە بەگۆڕانێك کۆتایی هات کە هەلومەرجی جیابوونەوەی هەردوو سنووری ئایین و سیاسیی لێکەوتەوە. لەو ئەزموونانە، ئەزموونی پەیدابوونی ئایینی مەسیح بوو لە هەلومەرجی ئامادەبوونی ئیمپراتۆریەتێکدا. ئایینی مەسیح لە سنووری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا سەریهەڵدا و گەشەی کردو مەسیحییەکان لە یەکەمین بابەتە سیاسییەکانی خۆیاندا سنووری ئایینی خۆیانیان بەجیازانی لە سنووری حکوومەت. پاشتر کە ئایین لە هەلومەرجی سەدەکانی ناوەڕاستدا کاریگەرییەکی هەمە لایەنەی بەدەستهێنان لە ژیانی خەڵکیدا و کلێسا نفوزێکی زۆری پەیدا کرد (وەکو بینیمان) ڕەوشی جیابوونەوەی دەوڵەت و کلێسا بە بیرۆکەی لە پێشتربوونی کلێسا بەسەر حکوومەتدا. سەرئەنجام پاش ئەوەی کە کۆمەڵێك لە



بیرمەندانی سیاسی و زانا ئایینییەکان باسیان لە ڕەوایی دەسەلاّتی سیاسی کرد و بەڵگەی دروستیان بۆ هێناوەو بناغە تیۆرییەکانی حکوومەتی عورفییان بەهێزکرد، تەنها لایەنی ئایینییان بۆ کلێسا بەجێهێشت. بەم جۆرە لایەنی سیاسی بۆ حکوومەتی عورفی و لایەنی ئایینیش بۆ کلێسا دیاریکراو ئەم دوولایەنە لێك جیابوونەوە (هەڵبەتە سەرەتا زیاتر بە تیۆری و پاشتر بەکردەوە).

ئاکویناس لایەنە واتایی و ئەخلاقییەکانی ژیانی بە پەیوەستی خێزان و کلێسا دەزانی و پاشای قەدەغە دەکرد لە دەستێوەردانی، بەهەمانشێوە کلێسایشی دوورخستەوە لە دەستێوەردانی ژیانی سیاسی. بەم جۆرە ئاکویناس وەکو فەیلەسوفێکی خوایی سەرەڕای ئەوەی بەهایەکی نوێی دایە دەوڵەتی عورفی لە هەمان کاتیشدا قەدەغەیکرد لە دەستێوەردانی کاروباری ئایینی. تیۆرەکەی ئاکویناس بە پیاداچوونەوەی هزری یۆنانی کۆن لە لایەك و هزری سەدەکانی ناوەڕاست لە لایەکی تر بووە هۆی دروستبوونی تیۆرێك (دەربارەی دەوڵەت) کە بە هەنگاوێکی گرنگ دەژمێردرێ لە پەیدابوونی چەمکی دەوڵەتی مۆدێرندا.

## یاسای سروشتی و موڵکدارێتی تایەتی

باسی سروشتی بوون یان گرێبەندنی بوونی سەرچاوەی موڵکداری و سامان باسێك بوو کە لە سیسرۆنەوە گواسترایەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و باسێکی بەرفراوان بوو. لە نێوان ئەو تیۆرانەی کە پەیوەستبوون بە مافە سروشتییەکان لە تێڕوانینە باوەکان بۆ ئەم بیرۆکەیە لای هەمووان باو بوو کە بە شێوەیەکی سروشتی هەموو شتەکان هاوبەشە لە نێوان مرۆڤەکاندا. سروشت و خوانیعمەتەکانی خۆیان بەخشیوەتە هەمووان. بەم پێیە بەشێکی زۆری بیرمەندانی لایەنگری تێڕوانینی مافە سروشتییەکان گەرچی لە بنەڕەتدا بنچینەی موڵکداری تایبەتییان پەسەند دەکرد بەلاّم سنووردارییەکی زۆریان بۆ دادەنا. سیسرۆن بۆ خۆی لەو بڕوایەدابوو کە هەژاران بە شێوەیەکی سروشتی حەقیان هەیە لە زیادەی سامانی دەوڵەمەندەکاندا و بەشێکی زۆری مافناسە شەرعییەکان ئەم بۆچوونەی سیسرۆنیان پێ پەسەند بوو، یەکێك لە بۆچوونەکانی ئەم مافناسانە ئەوەبوو کە ئەگەر کەسێکی هەژار لە ڕووی پێویستییەوە هەڵبسێ بەدزینی شتێك و بەبێ ڕەزامەندی خودی خاوەن شتەکە بیبا، ئەوا سەبارەت بەو شتە خاوەن حەقە و کارەکەشی بەدزی ناژمێردرێ.

مافناسان ئەمەیان بە مافی سروشتی کەسەکان دادەنا. هەروەها ئەم مافناسانە جەختیان لەسەر ئەوەیش دەکردەوە کە کەسەکان لە کاتی پێویستدا ئازادن بۆ مانەوەی خۆیان دەستدرێژی بکەنە سەر ماڵی خەڵکی. بەڵگەشیان ئەوەبوو کە سروشت و خوا ژیانیان بە مرۆڤ بەخشیوە و نابێ هیچ شتێك رێگربێ لەبەرامبەر درێژەدان بە ژیانی کەسەکان. دەستگرتن بەسەر کەرەستەکانی ژیاندا بە شێوەیەکی رەها پێچەوانەی یاسای سروشتییە. چونکە یاسای دانراو نزمترە لە یاسای سروشتی و (دەبێ لەوەوە وەرگیرابێ) بۆیە ناتوانرێ کەسێکی بێچارە قەدەغە بکرێ لە هەڵسان بەکارێك کە پێویستە بۆ مانەوەی.

تێگەیشتنی باوی خەڵکی بۆ مافە سروشتییەکان ئەوبوو کە بە شێوەیەکی سروشتی هەموو بەهرە سروشتییەکان هاوبەشن لە نێوان مرۆڤەکاندا و ئاکویناسیش ئەم بۆچوونەی پێ پەسەند بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا دەیپرسی ئایا ناتوانرێ یاسای سروشتی لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیدا بگونجێندرێ. لەم بارەیەوە پێی وابوو کە چەند شتێکی زۆری یاسای مرۆیی هەیە کە زیادکراوەتە سەر یاسای سروشتی و ئەم شتانەیش بە سوودن بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی. راستە کە موڵکداری هاوبەش و ئازادی گشتی لە یاسای سروشتین بەڵام شتگەلێکی وەکو موڵکداری تایبەتی و کۆیلەداری بەسوودی ژیانی مرۆیی خراونەتە سەر یاسای سروشتی.

ئاکویناس پێی وابوو کە ئەم شتانە دژی یاسای سروشتی نین بەڵکو زیادکردنی یاسای سروشتین و وای بیرلێدەکردەوە کە موڵکداری تایبەتی لە هەلومەرجی مرۆییدا سروشتییە بۆ مرۆڤ. بەم پێیە دەتوانرێ بەپێی یاسای شارستانی موڵکداری تایبەتی ئازاد بکرێ. بەسوودی موڵکداری تایبەتی بریتییە لە دیاریکردنی عەقڵی مرۆیی و بۆ بەرەو پێشبردنی ئاشتی و بازرگانییە، و یەکێکە لەو رێکەوتنانەی کە لە کۆمەڵگادا دروستدەبێ لە نێوان تاکەکانی مرۆڤدا.

## سنووردارییەکانی موڵکداری تایبەتی

لەگەڵ ئەمەیشدا سەرەڕای ئەوەی کە ئاکویناس بە فەرمی دان بە موڵکداری تایبەتیدا دەنێ و رەتی دەکاتەوە کە دەوڵەت چاودێرییەکی تەواوی هەبێ بەسەرییەوە، بەڵام خاوەنێتی موڵکداری بێسنوور بەنارەوا دەزانێ. لە راستیدا ئاکویناس لەو بڕوایە دابوو کە پێویستە موڵکداری سامان لە دەستی کەسەکاندا بێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا دەبێ بە شێوەیەکی وەها بخرێتە ژێر چاودێری عورف و یاساوە کە ئەوە مسۆگەر بکا بەشێك بێ لە بەرژەوەندییە گشتییەکان. بە بۆچوونی ئەو



موڵکداری تایبەتی شێوازێکی باشترە بۆ دروستکردنی بیرۆکەی چالاکی و چی باشتر لەوەی کە بتوانرێ ئەم چالاکییە هەماهەنگ بکرێ لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا. ئەگەر سوود وەرگرتن لە موڵکداری تەنها بۆ بەرژەوەندی کەسی بێ کارێکی ناپەسەندە[٨]. ئاکویناس بردنی ماڵی خەڵکی بەدزی نازانێ ئەگەر هاتوو لە هەلومەرجی مەترسی مردن و بە هۆی برسێتییەوە بێ. لەگەڵ ئەمەیشدا هیچ زەبرێکی دەرەکی لەبەرچاو ناگرێ بۆ رێگرتن لە کۆکردنەوەی سامان و رێگرتن لە زۆرخوازی و ئەم کارە تەنها بە ئەخلاقی تاك دەسپێرێ.

## گرنگی کارەکەی ئاکویناس

تیۆرەکەی ئاکویناس (کە رووەو شێوازێکی سروشتی و عەقلانیی رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە) بە جۆرێکە کە مرۆڤ بتوانێ مەبەستە سروشتییەکانی ژیانی خۆی لە بواری گشتیدا (لە کۆمەڵگا و سنووری سیاسی) بە ئاکام بگەیەنێ. لە راستیدا تێڕوانینە ئەخلاقی و سیاسیەکەی ئاکویناس جەختکردنەوە بوو لەسەر رەوایی عەقلانیی حکوومەتی دامەزراو لەسەر یاسای مرۆیی لە بەرامبەر ئەو روانگانەی کە لەسەر بنەمای حکوومەتی رەها یاخود حکوومەتی ئایین سالاری بوون. ئاکویناس بیرمەندێکی گەشبین بوو کە بڕوای بە تواناکانی مرۆڤ هەبوو لە رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئاکویناس بە گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن، بەتایبەتی ئەرەستۆ و بە وەرگرتنی کاریگەری لێکدانەوەکانی ئیبن سینا و ئیبن روشد دەربارەی ئەرەستۆ و بەسوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوە یاساییەکانی رۆم، هەروەها بە ئیلهام وەرگرتن لە ئایینی مەسیح و لێکۆڵینەوەکانی زانا مەسیحییەکان، توانی هزری سیاسی بەرەو پێگەیەکی نوێ رێنمایی بکا کە بووە خاڵی دەستپێکی گۆڕانی سەردەمی نوێ لە ئەوروپادا. ئاکویناس توانی سیستەمێکی نوێ لە تیۆلۆژییدا بهێنێتە ئاراوە کە کۆکردنەوەی عەقڵ و شەرعی لێکەوتووە. لە سەدەکانی پاشتردا کارەکەی ئاکویناس بووە بناغەی چەندین باسی سیاسی و وتەبێژیی و یاسایی کە بنەمای تیۆریی گۆڕانە هزرییەکانی ئەوروپایان فەراهەمکرد لە سەردەمی رێنیسانسدا. لە تیۆرەکەی ئاکویناسدا دابەزینی سروش کۆمەڵگای مرۆیی رەتناکاتەوە وەکو کارێکی سەرچاوە گرتوو لە یاسای سروشتی[٩]. تیۆرەکەی (دەربارەی حکوومەتی پاشایەتی دامەزراو لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە خواوەیە و لە لایەن خەڵکییەوە پێی سپێردراوە) پێگەی فەرمانڕەوایی خەڵکی و حکوومەتی دەستووریی بەهێزکرد لە هزری ئایینی سیاسیدا.

## پەراوێزەکان

1- Janet Coleman, A History of political though from Middle Ages to the Rendissance, London, Black Well publisher, 2000 p22.

٢- جواد **طباطبايى**، مفهوم ولايت **مطلقه** دراندیشه سیاسی سدەهای میانه، تهران، نشرنگاه معاصر، ١٣٨٠ ل٨.

٣- كلن تيندل، فلسفه سياسى چيست، ترجمه محمود صدرى، انتشارات علمى و فرهنگى، ١٣٧٤ ل١٠٦.

٤- جواد **طباطبايى**، پێشوو ل٢٧.

٥- اتين ژيلون، روح فلسفه قرون **وسطى**، ترجمه ع. داودى، تهران، شركت انتشارات علمى و فرهنكى، چاپ دووم، ١٣٧٠، ل٥٠٣.

٦- سەرچاوەی پێشوو ل٥١١.

٧- ويليام بلوم، پێشوو ل٣٣٧.

٨- گلين تيندل، پێشوو، ل١٣١.

٩- جواد **طباطبايى**، پێشوو، ل٣١.

# بەشی چوارەم

## هەوڵدان بۆ تێپەڕین لە هزری سیستەمی خوایی - مرۆییەوە بەرەو هزری سیستەمی مرۆیی

# خستنەڕووی تیۆری حکوومەتی عورفی

## لووتکەی رووبەڕووبونەوەی لایەنگرانی حکوومەتی عورفی و حکوومەتی شەرعی

سەدەکانی سێزدە و چوارده لووتکەی رووبەروبوونەوەو ململانێی نێوان لایەنگرانی مەرجەعییەتی کلێسا و دەسەڵاتی حکوومەت بوو. لە سنووری کردەیی و سنووری تیۆریشدا بەتوندی هەست بەم کارە دەکرد. ئەم ململانێیە چەند زەمینەیەکی نوێیی فەراهەم کردبوو خستنەڕوی چەند تیۆرێك کە گەلێك لە تۆخمەکانی تیۆرییە سیاسیە نوێیەکانیان تێدابوو کە پێش زەمینەی سەرهەڵدانی دیموکراسی بوون لەو فۆرمەی ئەمڕۆیدا. هەر یەك لە لایەنەکانی ململانێکە بەش بەحاڵی خۆیان لە خستنەڕووی بیرە نوێیەکانی خۆیاندا بەشداربوون کە لە ئاکامدا بۆ داهێنانی رێ و شوێنێك بوو لە پێناو سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکان و فەرمانڕەواکانیش. لەمیانەی ئەم مشتومڕانەدا بوو کە چەمك و تیۆرگەلێکی وەکو حکوومەتی عورفی و سنووردارکردنی دەسەڵاتی کلێسا و بەشداری خەڵکی لە دیاریکردنی فەرمانڕەواکان و رەوایی ((جەماوەری بڕوادار)) شوێنی چەمکگەلێکی وەکو دەسەڵاتی خوایی پاپا و فەرمانڕەوایی خەڵکی و سنووردارbوون و مەرجداربوونی دەسەڵاتی فەرمانڕەواکان و شوێنگەی راوێژ لە هەڵبژاردنی پاپای گرتەوە.

بەشێکی زۆری ئەو بیرمەندانەی کە ئەم تیۆرانەیان دانا و خستیانەڕوو جگە لەوەی هەلومەرجی دەرەکی و مێژوویی سەردەمی خۆیانیان دەخستەڕوو کاریگەربوون بە میتافیزیکی ئاکویناس کە رێگەیەکی نوێی کردبوویەوە لە پراکتیزەکردنی هزری خوایی لەگەڵ سیستەمی سروشتی و مرۆییدا. بیرمەندانی سەدەی سێزدەیەم و چواردەیەم نەك تەنها بەشێواز و بەبایەخەوە درێژەیان بە ئاکویناسدا بەڵکو چەند هەنگاوێکی گرنگیشیان لێ بەرەو پێشەوە برد.



لەو بیرمەندانەیش دانتی و ژان دوپاری و مارسیلە پادو ئایی و ڤیلیام ئوکام بوون کە لەم بەشەدا بۆچوونەکانیان دەخەینەڕوو. بەلاّم بەرلەوەی بۆچوونەکانی یەك بە یەکیان باس بکەین پێویستە چەند خاڵێك بخەینەڕوو. لەوانە ئەم بیرمەندانە سەرگەرمی تیۆریزەکردن بوون لە فەزای مشتومڕی نێوان دامەزراوی پاپا و لایەنگری تیۆرییەکانی لە لایەك و لایەنگرانی حکوومەتی عورفی و لایەنگرانی لە لایەکی ترەوە. لە بەشی پێشوودا باسمان لە مشتومڕی ئەم دوو داواکاریەی ڕەوایی حکوومەت کرد. لێرەدا دووبارە ئاماژە بەوە دەکەین کە پاپا و لایەنگرانی داواکاری فەرمانڕەوایی رەهای (Plenitudinem Potestatis) پاپابوون کە بریتی بوو لە دەسەڵاتی پاپا لە ناو حکوومەتی ئایینی و حکوومەتی دنیاییش. ئەم داواکارییە نەدەگونجا لەگەڵ ڕەوشی هزری و کردەیی مەسیحییەکان و ئەورووپییەکان کە ڕەوایەتی ئایینی و دنیاییان لێك جیادەکردەوە. بەهەرحاڵ مشتومڕی نێوان دامەزراوی کلێسا و ئیمپراتۆرەکان و فەرمانڕەواکان هەلومەرجێکی شێواو و نائارامی دروستکرد لە ئەورووپادا و بەتایبەتی لە شارەکانی ئیتالیادا. بەشێکی زۆری بیرمەندان خوازیاری کۆتایی پێهاتنی ئەم بارەو ئارەزوومەندی ئاشتی و ئارامی بوون. گەشەی بازرگانی و جووڵانەوەی نوێی ژیانی ئابووری ئەورووپا پێویستی بە ئاشتی و سەقامگیری و ئارامی هەبوو، لە کاتێکدا کە ئەو رووبەڕووبونەوانەی کە باس کران رێگربوون لە بەرامبەر ئەمەدا.

خاڵی دووەم ئەوەبوو کە لە زۆربەی بەشەکانی ئەورووپادا چەند گۆڕانکارییەك لە ئارادابوو سەبارەت بە پەیدابوونی حکوومەتی نەتەوەیی و بەهێزکردنی ئەوشتەی کە پاشتر بەناونیشانی دەوڵەت State بونیادنرا. بۆیە بانگەشەی حکوومەتی گشتیی کلێسا (کلێسا وای رادەگەیاند) هەر رۆژ زیاتر لە جاران زەمینەکانی خۆی لە دەست دەدا. بۆیە ئەو بیرمەندانەی کە لێرەدا بۆچوونەکانیان باس دەکەین، چ وتەبێژ یاخود بیرمەندی سیاسی تیۆرگەلێك دەخەنەڕوو کە دژی بانگەشەکانی کلێسایە و رووەو حکوومەتە عورفییەکانە.

خاڵی سێیەم ئەوەیە کە ئەم بیرمەندانە درێژەدەری رەوشی هزری ئاکویناسن و ئەمەیش بەو واتایەیە کە: ١- لە لایەنگرانی هزری ئەرەستۆیین و بە لەبەرچاوگرتنی فەزای سەردەمی خۆیان سوود لە هزری ئەرەستۆیی وەردەگرن بۆ پراکتیزەکردنی لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگای خۆیاندا. ٢- کاریگەربوون بەرەوشی یاسایی رۆم و پالپشتی سیسرۆن بۆ ئەم رەوشە. ٣- کاریگەربوون بە دامەزراوە سیاسیە کامڵبووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەوانە دامەزراوەکانی سیستەمی فیودالی

(کە خوازیاری سنوورداری دەسەلاتی پاشا و رۆلی ئەنجوومەنە ئاریستۆکراتی و شارییەکان بوون لە رەوایی دان بەدەسەلاتی پاشاکان) و لە تیۆریزەکردنەکانی خۆیاندا لەبەرچاویان گرتبوو.

٤- خالّی کۆتایی ئەوەبوو کە لایەنگرانی بۆچوونی فەرمانڕەوایی رەهای پاپا و حکوومەتی رەهای پاشا بە سوود وەرگرتن لە هەموو چەکە تیۆرییەکانیان یەکتریان لاواز دەکرد و لە کۆتاییدا لاوازبوونی ئەم دووە بە قازانجی ئەو تیۆرانەبوو کە باسیان لە ماف و بەشداری خەلکی دەکرد لە دیاریکردنی حکوومەت و تەنانەت خودی پاپاش (لە رێگەی راوێژەوە).

لە پاش باسکردنی ئەم خالانە دێینە سەر ناساندنی هزرە سیاسییەکانی هەندێك لە دیارترین بیرمەندان و وتەبێژانی قۆناغەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست.

## ١- دانتی: رەخنەگرانی میانەڕەوی دەسەلاتی کلێسا لایەنگرانی حکوومەتی عورفی

ئالیری دانتی (١٢٦٥-١٣٢١) شاعیر و بیرمەندی گەورەی ئیتالیا لەسەردەمی خۆیدا بەرنامەدارترین بەرگریکارانی تیۆری حکوومەتی عورفی بوو لە شێوەی ئیمپراتۆریدا. دانتی لە فلۆرێنسا (کە شارەکەی خۆی بوو)دا کە ئەو کات لەشارە ئۆتۆنۆمی و نیوە سەربەخۆکانی ئیتالیا بوو، ئەزموونێکی زۆری کۆکردبووەوە لە کاری سیاسیدا. ماوەیەکی زۆریش دوورخرابووەوەو لەم ماوەیەدا بەشێکی زۆری شار و سەراکانی ئەوروپای بینیبوو بە باشی ئاشنابوو بە بابەتە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی.

کاری هزریی دانتی وەکو زۆربەی هاوچەرخانی دەستەویەخەی پاپا و ئیمپراتۆرەکانی ژێرمەن و پاشاکانی فەرەنسا و فەرمانڕەوا جیاوازەکانی ئەوروپا و هەروەها پێداویستیی خەلکی ئیتالیا بوو بە ئاشتی و ئارامی و یەکێتی نەتەوەیی. ئایدیای دانتی بریتیبوو لە ئیمپراتۆرییەکی گشتیی جیهانی و وایدەزانی کە بوونی حکوومەتێکی گشتی و جیهانی دابینکەری ئاشتی و ئارامییە. ئەویش وەکو زۆربەی بیرمەندانی پێش خۆی لە سەدەکانی ناوەڕاست لایەنگری جیاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی بوو لە مەرجەعییەتی ئایینی. بە بۆچوونی ئەو دەسەلاتی سیاسی لە مەرجەعییەتی ئایینییەوە سەرچاوە ناگرێ. دەسەلاتی پاشا لە بەخشینی خواییەوە سەرچاوە دەگرێ و پێویستە پاشا یاخود فەرمانڕەوا دەسەلاتدار بن لە کاروبارە عورفییەکانی حکوومەتدا. پێیوایە کە پاشایەتی فۆرمی دروستی حکوومەتە چونکە باشەی خەلکی لە ئاشتی و



سەقامگیریدایە و ئاشتی و سەقامگیریش تەنها لەژێر دەسەلاتی یەك فەرمانڕەوادا دێتەکایەوەو ئەگەری بەرقەراربوونی هەیە.

لەگەل ئەمەیشدا پاشایان ئەو ئیمپراتۆرەی کە ئەو باسی لێوە دەکرد بە فەرمانڕەوایەکی ستەمکاری جیهانی نەدەژمێردرا. ئیمپراتۆر یاخود پاشا جیهانییەکەی ئەو زیاتر وەکو چاودێرێکی نێودەولەتی تەماشا دەکرا کە ئەرکەکەی بریتییە لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان پێشەواکانی شارە ئۆتۆنۆمییەکان و فەرمانڕەواکانی و پاراستنی ئاشتی نێوانیان. پێویستە لەم دەولەتە جیهانییەدا تا ئەو جێیەی دەگونجێ سەربەخۆیی نەتەوەی و ئازادی تاکەکان بپارێزرێ. دانتی لەو بڕوایەدابوو کە ئەگەر پاشا یان ئیمپراتۆرێك (واتە تەنها یەك کەس) فەرمانڕەوایی جیهان بکا لەم کاتەدا هیچ شوێنێك بۆ ململانێ و پۆستخوازی نامێنێتەوە کە سەرچاوەی ناکۆکی و دووبەرەکییە و وەها پێشەوایەك هیچ مەرامێکی دیکەی نابێ جگە لە حکوومەتێکی دادپەروەرانە. هەروەها پێی وایە کە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمدا وەها ئاشتی و سەقامگیریەك هەبووە لە سنووری ئیمپراتۆریدا و هەلوەشاندنەوەی ئەم ئیمپراتۆریە وایکرد کە بشێوی و پاشاگەردانی دەستبگرێ بەسەر ئەوروپادا.

ئەم تێڕوانینەی دانتی لەو باوەڕەیەوە هاتووە کە پێی وایە ئاشتی پێویستییەکی ژیانی سەردەمەکەیەتی. ململانێیی کلێسا و حکوومەت و رووبەڕووبوونەوەکانی شازادەکان و فەرمانڕەوا بچووکەکانی ئیتالیا پاشا گەردانییەکی لە رادەبەدەری دروستکردبوو لە شارەکانی ئیتالیادا. و ئەمەیش لەکاتێکدا بوو کە بازرگانی جیهانی بەرەو باشووری ئەوروپا هەنگاوی دەنا (بە هۆی دەسەلاتی عوسمانییەکانەوە لە باکوور) بازرگانیش پێویستی بە ئارامی و یەکبوونی حکوومەت هەبوو.

## سەرچاوەی دەسەلاتی پاشا و پێگەی کلێسا

وەکو ئاماژەمان پێکرد دانتی سەرچاوەی دەسەلاتی ئیمپراتۆر یاخود پاشا دەگەڕاندەوە بۆ خوا. ئەم بۆچوونەیش لە بەرامبەر روانگەی ئەو کەسانەدا بوو کە پێیان وابوو پاپا جێنشینی عیسای مەسیح و خوایە و پاشا بازووی سیاسیی ئەوە. ئەم گرووپە فەرمانڕەوایی شەرعی و عورفیشیان پێ پەسەند بوو بۆ کلێسا. بەم شێوەیە دانتی بە بەرگریکردن لەو بۆچوونەی کە

پێیوایە دەسەڵاتی ئیمپراتۆر و پاشا لەخواوە سەرچاوە دەگرێ لە بەرامبەر بانگەشەی لایەنگرانی فەرمانڕەوایی ڕەهای پاپادا رادەوەستێ.

لەگەڵ ئەمەیشدا دانتی لەو بیرمەندانەیە کە هێشتا پێگەیەکی گرنگ بۆ کلێسا و پاپا لەبەرچاودەگرێ لە ئاراستەکردنی کاروبارە واتاییەکاندا. بە بۆچوونی دانتی مرۆڤ لە سروشتێکی دوو لایەنە دروستبووەو بۆ دوو خۆشبەختیی دنیایی و پاشەڕۆژ ئەفرێنراوە. بۆیە پێویستی بەدوو ڕێنماییکار هەیە: یەکەم پاپا و دووەم ئیمپراتۆر. پاپا و ئیمپراتۆریش هەردووکیان دەسەڵات و ڕەوایەتی خۆیان لە خواوە وەرگرتووە. بۆیە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە پاپاوە نییە چونکە مولکی دنیا و حکوومەتی دنیایی بەر لە دروستبوونی مەرجەعییەتی کلێسادا هەبووە.

ڕەنگە بەرگریکردنی دانتی لە ئیمپراتۆر لەو سەردەمەدا تەنها شێوازێك بووبێ لەبەردەم نەیارانی فەرمانڕەوایی ڕەهای کلێسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرامەکانی دامەزراوی کلێسا.

## ١- ژان دووپاری: تیۆری مولکداریی تایبەتی و دەوڵەت

### ژان دوپاری یان بەدرکاندنە ئینگلیزییەکەی جان خەڵکی پاریسەو یەکێکی ترە لە ڕەخنەگرانی میانەڕەوی بانگەشەکانی پاپا

سەبارەت بە ژیانی دوپاری زانیارییەکی زۆر لەبەردەستدانییە. جگە لەوەی کە دەزانین ئەو قەشەبووەو لە کۆمەڵەی دۆمینکین و جێی سەرنجی فیلیپی چوارەمی پاشای فەرەنسا بووە. لە ساڵی ١٣٠٣دا ناوی ئەو لەو داواکارییەدا هەبوو کە بۆ بەرگریکردن لە فیلیپی چوارەم لە دژی (پاپا بنیفاس)ی هەشتەم ڕێکخرابوو. نامە گرنگەکەی ناوی ((دەربارەی دەسەڵاتی پاشا و کلێسا))یە کە پەیوەستە بە مشتومڕی فیلیپی پاشای فەرەنسا و پاپا بنیفاسی هەشتەم (١٣٠٣ – ١٢٩٤). فیلیپی چوارەم وەکو پاشاکانی دیکەی ئەوروپا دەیویست بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی شەڕ (لەگەڵ بەریتانیا) باج لە پیاوە ئایینییەکانیش وەربگرێ و بەبێ چ ڕەزامەندی پاپا هەستا بە ئەنجامدانی ئەم کارە. پاپا بنیفاسی هەشتەم کە لە خێزانێکی ئاریستۆکراتی خاوەن نفوزی ڕۆم بوو دژایەتی ئەم کارەی فیلیپی کرد و ڕایگەیاند کە فەرمانڕەوا دنیاییەکان لە



هەر ئاستێکدا بن لە فەرماندەوە تا ئیمپراتۆر هیچ دەسەڵاتێکی دادوەرییان نییە سەبارەت بە موڵك و سامانی پیاوە ئایینییەکان. بۆیە بنیفاس داوای لە ڕۆحانییەتی فەرەنسا کرد کە فەرمانەکەی فیلیپ جێبەجێ نەکەن.

لە ساڵی ١٣٠١ فیلیپی چوارەم ئوسقوفی پامیری دەستگیرکرد و بە تۆمەتی ڕەتکردنەوەو خیانەت دادگاییکرد. ئەم کارە پێچەوانەی یاسای شەرع بوو چونکە تەنها پاپا دەیتوانی ئوسقوفەکان دادگایی بکات. بۆیە پاپا ئوسقوفەکانی فەرەنسای بانگهێشتکرد بۆ ڕاوێژێك لە ڕۆم تاوەکو پاشای فەرەنسا بخەنەوە شوێنی خۆی (واتە ڕێ لە سنوور بەزاندنەکانی بگرن). پاپا لە نامەیەکدا کە بۆ فیلیپی نووسیبوو کە ئەو لە پایەی پاشایەتیدا شوێنکەوتووی پاپایە وەکو لووتکەی زنجیرە پلەی کلێسایی و جەختیشی کردەوە کە پاشا لە هەردوو کاروباری شەرعی و عورفیدا شوێنکەوتووی پاپایە.

ئەم ململانێیە بووە هۆی ڕێکخستنی زنجیرە نامەیەك دەربارەی پەیوەندی نێوان کلێسا و حکوومەت کە نامەکەی ژان دوپاری (مەرگ لە ساڵی ١٣٠٦) زیاد لەوانی تر شوێنی خۆی کردەوە. نامەی ((دەربارەی دەسەڵاتی پاشا و پاپا)) تەنانەت لەسەدەی نۆزدەیەمیش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر تیۆرەکانی کۆماریخوازەکان. ژان دوپاری بەرگری لەپێگەی پاشا دەکا لە بەرامبەر بانگەشەکانی پاپادا و ئەم نامەیە بووە چەکێکی گرنگ بەدەست پاشاوە.

### تیۆری مولکداریی تایبەتی

پاساو هێنانەوە بۆ ڕەوایی مولکداریی تایبەتی و دەستنیشانکردنی وەکو سەرچاوەی دەوڵەت لە دەستکەوتە گرنگەکانی ژان دوپارییە لە بواری هزری سیاسیدا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە نێوان لایەنگرانی شەریعەتدا چەمکی مولکداریی تایبەتی ماڵ و سامان تووشی نادیاری هات و بووە بابەتی گرنگی گفتوگۆی نێوان بەشێکی زۆری بیرمەندان. تیۆرەکەی ژان دوپاری بۆ بەرگریکردن لە مولکداریی تایبەتی لە لایەکەوە بەواتای سنووردارکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و کلێسابوو. لەم تیۆرەدا دەوڵەت وەکو بڕیاردەر پێناسەکرا سەبارەت بە بەرژەوەندی گشتی لە کاتێکدا بەر لەمە دەوڵەت بەجۆرێك بەخاوەنی پەرژەوەندی گشتی دەژمێردرا.

تێڕوانینی ژان دوپاری دەربارەی مولکداریی لە مشتومڕی نێوان هەردوو کۆمەڵی فرانسیسکن و دۆمینکین و بەرگریکردنی ئەم لە بابەتەکانی کۆمەڵی دۆمینیکن خرایەڕوو. فرانسیسکنەکان چەمکی مولکداریی تایبەتییان ڕەتدەکردەوەو دەیانوت کە کەسەکان تەنها

دەسەڵاتی یاساییان هەیە لەو موڵکانەی کە لەبەردەستیاندایە و موڵکداریی و دەسەڵاتی یاسایی ڕەهاهی خوایە و خوایش جیهانی بە شێوەیەکی هاوبەش خستووەتە بەردەستی مرۆڤ بۆ سوود لێوەرگرتن (نەك بۆ موڵکداریی و خاوەنێتی) و موڵکداریی و دەسەڵاتی یاسایی لە خواوە سەرچاوە دەگرێ نەك لە پاشاکان. پاپا وەکو جێنیشینی خوا لە ڕووی ئاسانکارییەوە دەسەڵاتە یاساییەکانی پاشاکان (بۆ سەر موڵکەکان) هەڵدەگرێ.

بۆچوونی فرانسیسکنەکان دەربارەی پەیوەندی نێوان پاپا و پێشەوا دنیاییەکان ئەوەبوو کە فەرمانڕەوایی باڵا هی پاپایە و پاشا و تەواوی پایەکانی زنجیرە پلەی کلێسا بە جێنشینی لە لایەن ئەوەوە دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان پێدەدرێ. تاجی پاشایەتی دنیایی و مافی ئیمتیازاتەکانی پەیوەستە بە تاج و دەسەڵاتی عیسای مەسیحییەوە. فرانسیسکنەکان دەسەڵاتی کلێسا بەسەر ئەو موڵکانەی کە لەژێر دەسەڵاتی دان وەکو تەواوی خەڵکی بە بەڕێوەبردن و سەرکارێتی دادەنێن نەك وەك موڵکداری. بەواتایەکی دیکە دەیانوت کە ئەمان بەڕێوەبەرو سەرکاری ئەو شتانەن کە لەبەر دەستیاندایە.

بەڵام دۆمینیکنەکان لەگەڵ ئەوەی هاوبڕوابوون لەگەڵ فرانسیسکنەکان و دەسەڵاتی کلێسا و پاشاکانیان بە موڵکداریی نەدەزانی بەڵام خەڵکیان بە موڵکداریی تایبەتی موڵکی تاك دادەنا و دەیانوت هیچ بەڵگە و هۆکارێك لە ئارادانییە کاتێك کەسێك موڵکێکی لەبەردەستدایە ئەو موڵکە لە مافی سوود لێوەرگرتنی جیابکەینەوە کەسەکە بە خاوەنی نەزانین. لەگەڵ شیکردنەوەی بۆچوونەکەی ژان دوپاری لە باسی دواتر دەربارەی ئەم بابەتەیش ڕوونکردنەوەی زیاتر دەخەینەڕوو.

## سەرچاوەی موڵکداریی تایبەتی

تیۆری ژان دوپاری دەربارەی موڵکداریی تایبەتی لە میتافیزیکی ئاکویناسەوە وەرگیراوە. ئاکویناس دەیوت کە کەسێتی و بوونی هەر تاکێك پێکهاتەیە کە لە گیان و جەستەی تایبەتیی ئەو تاکە. لە ڕووی جەوهەرییەوە گیان یەکسان و وەك یەکە، بەڵام گیانی هەر تاکێك لە جەستەی تایبەتی ئەودا ئاشکراو بەدیاردەکەوێ. کەواتە دەبێ تایبەتمەندی و توانا هۆشەکییەکانی تاك وەکو پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی گیان و جەستە تەماشا بکرێ. کەسەکان بە ئەزموونی هەستیی لە جیهان تواناکانی خۆیان بەدەستدەهێنن و بەم ئەزموونە هەستیانەیە کە دەگەنە ناسین و ئەنجامە گشتییەکان. کە جیهانی دەرەوە دەبێتە ئەزموون کاردەکاتە سەر تواناکانی گیان و لەم ڕێگەیەوە



بیرکردنەوە دروستدەبێ. ناسین لە ڕێگەی کاری خود بەخودی گیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ جیهاندا بەدەستنایە، بەڵکو بەکاری مرۆڤ لەسەر شتە زۆرەکانی دەرەوەو بە مامەڵەکردن لەگەڵ خاسیەتە هەستپێکراوەکانی شتەکانی دەرەوە بەدەستدێ.

ژان دوپاری دوابەدوای ئەم پێشەکییانە بەو ئەنجامە دەگا کە ئەوەی ئێمە بە موڵکی دەزانین لە ناخی خۆیدا موڵکە و کاتێك کە لێی بە ئاگادێین و دەستمان دایەکاری خۆمان لە موڵکەکەی خۆماندا ئەوا بە شێوەیەکی کردەیی دەبێتە موڵکی ئێمە. کەواتە موڵکداریی تایبەتی لە ڕێگەی کاری مرۆڤەوە بەدەست دێ و موڵکداریی پرۆسەیەکی سروشتییە کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە خۆی دەگەیەنێتە ڕاستی.

ژان دوپاری بەختستنەڕووی تێڕوانینەکەی خۆی دەربارەی کار وەکو سەرچاوەی موڵکداریی بەو جێیە دەگا کە نە پاشاکان و ئیمپراتۆرەکان و نە پاپا و کلێسا هیچ کامیان خاوەنی وڵات نین. پاشا بەتەواویی پارێزەری بەرژەوەندییە گشتییەکانە و کلێسایش ئەوەی کە هەیەتی لە بەخشینەوە بەدەستهاتووەو بەرهەمی کاری کەسانی ترە و چونکە ئەم کاری بۆ نەکردووە بۆیە بە موڵکی هاوبەش دەژمێردرێ.

بەڵام سەبارەت بە کەسەکان ئەوان خاوەنی ئەو شتانەن کە بە هەوڵ و کاری خۆیان بەدەستیانهێناوە. ئەوان دەتوانن بەشێك لە سامانەکانی خۆیان وەکو خێر ببەخشنە کلێسا یاخود بۆ بەرژەوەندی گشتی بیخەنە بەردەستی پێشەوا. دەبێ ئەم شیکردنەوەیە لەگەڵ ئەو دیدگایەدا بەراورد بکرێ کە پاپا و پاشاکان وەکو جێنشینی خوا بەخاوەنی جیهان دەزانێ.

## سەرچاوەی حکوومەت

ژان دوپاری دەڵێ کە مرۆڤەکان بەر لە پێکهێنانی حکوومەت بە شێوەیەکی پەرت و بڵاو دەژیان. بەڵام مرۆڤ هەر بە سروشت بوونەوەرێکی شارستانی و کۆمەڵایەتی و سیاسیە. مرۆڤەکان خاوەن توانای قسەکردنن و ئەم توانایەش ئەوانی لە دەوری یەك کۆکردووەتەوە. کاتێك کە مرۆڤەکان لە دەوری یەك کۆبوونەوە هەندێك لەو کەسانەی کە زاناتربوون بە توانای عەقڵی خۆیان ئەوانی تریان قەناعەت پێهێنا کە ژیان لەسەر بنەمای ڕێکی و لەژێر فەرمانی یەك پێشەوا ژیانێکی باشترە. کاتێك کە وەها کۆمەڵێك دروستبوو پێویستی چەند یاسایەك هاتەکایەوە بۆ ژیانی هاوبەش. ئەم یاسایانە ناودەنرێ یاسای مرۆڤ. کەواتە دروستبوونی کۆمەڵی سەرەتایی دەستپێکی ڕێکەوتنە لەسەر یاسا و پێشەوا و هەر کۆمەڵێك فۆرمێکی تایبەتی حکوومەتیان بۆ

خۆیان پێکهێنا. نە سروشتی مرۆڤەکان و نە یاساخوایییەکان هیچ کام یەك فۆرمی حکوومەتیان نەکردە پێویست بۆ تەواوی کۆمەڵگاکان.

## موڵکداریی تایبەتی و بەرژەوەندی هاوبەش

کەواتە غەریزەی سروشتی مرۆڤ فێری ئەوە دەکا کە ژیانی بە کۆمەڵ شتێکی باشە و بەهاوکاری زمان و کەسەزاناکان ژیانی هاوبەش دروستدەکەن. ئەوکات چونکە بە ئەزموون دەگاتە ئەوەی کە ڕەنگە هەندێ هەبوونی موڵکی تایبەتی باری ئاشتی و ئارامیان بشێوێنێ (بە هۆی تەماحکردنی هەندێك لە موڵك و ماڵی ئەوانی ترو هەروەها خۆ بەدوورگرتنی هەندێك لە بەخشینی بەشێك لە سامانیان بۆ بەرژەوەندی هاوبەش لە کاتی پێویستدا) لێرەوە پەی بە زەروورەتی سەقامگیری پێشەواو حکوومەت دەبا. بەڵام پاش پێکهێنانی دەوڵەت موڵکداریی تایبەتی لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. سەبارەت بە ماڵ و موڵکی خەڵکی پێشەوا تەنها ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێ و تەنها دەتوانێ لەم بارەیەوە بڕیاربدا کە (لەسەر بنەمای چاکەی هاوبەش) مەرجی داد ئەوەیە هەر کەسەو تا چ ئاستێك موڵکی هەبێ.

## ڕۆڵی دەوڵەت

بە بۆچوونی ژان دوپاری چونکە هەر کەسەو بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیدا دەڕوا ئەگەر کەسێك و سیستەمێك نەبێ چاودێری بەرژەوەندی هاوبەش بکا و ئاستی موڵکداریی تایبەتی ڕێك بخا کۆمەڵگای مرۆڤەکان لێکدەترازێ. ئەوەی کە تاك بەرەو باشەی خۆی رادەکێشێ هەمان ئەو شتە نییە کە بەرەو بەرژەوەندی هاوبەش پاڵێدەنێ. ناتوانرێ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەلاوەبنرێ بەڵام پێویستە لە پێناو ژیانی باشدا هەندێ کات بەرژەوەندی تایبەتی بکرێتە شوێنکەوتووی بەرژەوەندی گشتی و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی هاوبەش لە ئەرکەکانی فەرمانڕەوایە. لێرەدا ژان دوپاری تیۆرەکەی خۆی بەرهەم دێنێ دەربارەی فۆرمی خوازراوی حکوومەت. فۆرمی خوازراو ئەوەیە کە کەسێکی زانا جڵەوی کارەکان بگرێتەدەست چونکە ئەو کەسە روخساری یەکپارچەیی کۆمەڵگا و دروستکەری بەرژەوەندی هاوبەشە و بەشی سەرەکیی پەیکەری کۆمەڵگای سیاسییە.



## سنووری دەسەڵاتەکانی حکوومەت

بەم شێوەیە حکوومەت پاشکەوتووی بوونی تاکەکانە وەکو موڵکدارە تایبەتییەکان و لە هەمان کاتیشدا ڕێکخەریانە. فەرمانڕەوا ناتوانێ بەجۆرێکی سەربەخۆ رەفتار بکا چونکە ئەو پشت ئەستوورە بەو کەسانەی کە بەر لەو هەن و ئەم تەنها ڕێکخەریانە. ژان دوپاری بەگەڕانەوە بۆ نووسراوەکانی ئەرەستۆ و سیسرۆن و کتێبی پیرۆز و یاسای شەرع ئەم تیۆرە شیدەکاتەوەو ئاراستەی دەکا. بەهەرحاڵ لایەنە کردەییەکانی سیستەم و دامەزراوە سیاسییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە بەرەو پێش دەچوو. لە سیستەمی فیودالیدا (هەروەك پێشتر باسمانکرد) دەسەڵاتەکانی پاشا سنوورداربوو و ئاریستۆکراتەکان بەشداربوون لە دانانی بەرنامە سیاسییەکانداو لە بەشەکانی کۆتایی مێژوویی ئەوروپادا و بەتایبەتی لە باکووری ئیتالیادا چەند شارێکی کەم تا زۆر سەربەخۆ پەیدابببوون کە خەڵکی کەم تا زۆر بەشداربوون لە کاروبارەکاندا.

## فۆرمی حکوومەت

ژان دوپاری ناوەڕۆکی حکوومەت بە فەرمانڕەواییکردنی کۆمەڵێکی تەواو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش پێناسە دەکا. بەکارهێنانی وشەی (تەواو) بۆ جیاکردنەوەی یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆیە لە بەشە بچووکەکانی وەکو گوند یا خێزان. کۆمەڵگای تەواو یەکەیەکی خۆ بەسە بەو شێوەیەی کە ئەرەستۆ باسی کردووە (و پێشتر باسمانکرد). ئەم یەکەیە بەرامبەر دەوڵەتشاری یۆنان و شار (civitas)ی سەدەکانی ناوەڕاستە.

پێوەری ژان دوپاری بۆ باش بوون یان خراپ بوونی حکوومەت (وەکو ئەرەستۆ) لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتییە. ئەگەر ژمارەی کەسانی پێشەوایش تێکەڵ بەم پێوەرە بکەین ئەو کات ئەگەر یەك کەس بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی پێشەوایی کۆمەڵگای تەواو بگرێتەدەست حکوومەتی پاشایەتی دروستدەبێ، ئەگەر چەند کەسێکیش پێشەواییبکەن ئەوا حکوومەتی ئاریستۆکراتی و ئەگەر کۆمەڵێکی زۆر پێشەوا بن ئەوا حکوومەتی پۆلیتی دروستدەبێ. فۆرمی لە ڕێ دەرچووی ئەمانەیش هەمان حکوومەتی سەرکەوتووی (تیرانی) و ئۆلیگارشی و دیموکراسییە. ئەم فۆرمانە لە بری بەرژەوەندی هاوبەش چاویان بڕیوەتە بەرژەوەندییەکانی خۆیان. ژان دوپاریش وەکو ئاکویناس لەو بڕوایەدایە کە حکوومەتی یەك کەسی زانا گونجاوترە لە فۆرمەکانی ترو باشتر دەتوانێ ئاشتی و ڕێکەوتن دابینبکا لە نێوان خەڵکیدا.

ژان دوپاری بەرژەوەندی هاوبەش بە یەکێتی شار (سنووری پاشایەتی) لێکدەداتەوە بۆ گەیشتن بەخۆبەسی و بەبۆچوونی ئەو سیستەمی پاشایەتی باشتر لە فۆرمەکانی تر ئەم مەبەستە دەپێکێ.

### پێگەی کلێسا

ژان دوپاری لەو بڕوایەدایە مرۆڤ جگە لە مەبەستی سروشتی مەبەستی میتافیزیکیشی هەیە و ئەم مەبەستەیش بریتییە لە ژیانی هەتایی. لەم رووەوە پێشەوایی هی پاشا نییە کە مرۆڤێکە، بەڵکو هی عیسای مەسیحە کە مرۆڤە خوایە. عیسای مەسیح خۆی کردە قوربانی بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵەی مرۆڤ و یارمەتی دانی بۆ گەیشتن بەسەرفرازی، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە ئەو ڕێگرە گشتییە لەسەر ڕێگەی مرۆڤ لابەرێ کە بە هۆی گوناهی یەکەمەوە کەوتووەتە سەرڕێیی. لەسەرهەمان بنەما کلێسا بۆ لابردنی ئەو بەربەستانە دامەزراوە کە لەسەر ڕێی مەبەستە میتافیزیکییەکانی مرۆڤە. بەم شێوەیە دوو دەسەڵاتی جیاواز دروستبووە. دەسەڵاتێك لەسەر بنەمای زەبرو زاڵبوونی فەرمانڕەوا بۆ یەکێتی و خۆشبەختی مادی و دەسەڵاتی ئەخلاقی کلێسا بۆ یەکێتی واتایی. پێویستە کلێسایەك بێ بەڵام پاشایەتییەکان دەتوانن (بە هۆی جۆراوجۆری هەلومەرجەکان) زیاتر بن.

بۆیە ژان دوپاری بڕوای بەدوو دەسەڵاتی جیاواز هەبوو: یەکەم دەسەڵاتی حکوومەت و دووەم دەسەڵاتی کلێسا. بەڵام هەروەك دەبینین هزری سیاسی بە ئاراستەیەك پێشکەوت کە کلێسای خستە سنووری دەسەڵاتی حکوومەتەوە.



## پاژی دوازدەیەم

# لە پێشوازی هزری سیاسی مۆدێرندا

هزری سیاسی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای یەکەمین نیشانەکانی رێنیسانس، بەتایبەتی لە دەوڵەتشارەکانی ئیتالیا رووەو ئاراستەیەك هەنگاوی نا کە (بەلای کەمەوە بە شێوەیەکی سەرەتایی) یەکەمین دیکترینەکانی هزری سیاسیی مۆدێرنی خستەڕوو وەکو: دیکترینی فەرمانڕەوایی خەڵکی و حکوومەتی عورفی و شوێنکەوتنی کلێسا بۆ دەوڵەت و سەرچاوەی دەسەڵاتی رەوای سیستەمە عورفییەکان و ماف و ئازادییەکانی تاك. مارسیلەی بیرمەندی ئیتالی و ڤیلیام ئۆکامی بیرمەندی ئینگلیزی لە زانکۆی پاریس لە ریزی پێشڕەوانی هزری سیاسی نوێبوون. مارسیلە بە خستنەڕووی تیۆری فەرمانڕەوایی خەڵکی و ڤیلیام ئۆکام بە خستنەڕووی ماف و ئازادییەکانی تاك گرنگترین و فراوانترین دیکترینەکانی هزری سیاسی نوێیان خستەڕوو بە جۆرێك کە هێشتا بەرهەمی هزر و تێگەیشتن و دامەزراوەکانی رابردوویان لە خۆیاندا هەڵگرتبوو.

بیرکردنەوەو تیۆرەکانی ئەم بیرمەندانە لە هەنگاوی یەکەمدا درێژەی رەوشی هزریی و میتافیزیکی ئاکویناس و تیۆلۆژییە سروشتییەکەی ئەو بوو، لە هەنگاوی دووەمدا کاریگەر بوو بەرەوشی یاسایی رۆم و درەوشانەوەی بۆچوونە یاساییەکانی رۆم لە ناو دامەزراوەکانی سیستەمی فیودالی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لە هەنگاوی سێیەمدا لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی سیسرۆن و ئەرەستۆدا بوو.

## ١- مارسیلە پادوڤایی:

### تیۆر داڕێژی حکوومەتی عورفی

### ژیان و بەرهەمەکانی مارسیلە

مارسیلە پادوڤایی (١٣٤٢ – ١٢٧٥/٨٠) لە پادوڤا کە شارێکی ئیتالییە هاتە دنیاوە، باوکی لە فەرمانبەرانی زانکۆی پادۆڤا بوو، خۆیشی هاوڕێ بوو لەگەڵ هەندێ لە کەسێتییە سیاسییەکانی شار و وەکو پارێزەر و دادوەر و دادنووس و لەگەڵ پرسە سیاسی و یاساییەکانی شاردا لە پێوەندیدا بوو: لە تەمەنی لاوێتیدا سەرگەرمی خوێندنی پزیشکی بوو بەڵام پاشتر دەستی بەخوێندنی فەلسەفە کرد لە زانکۆی پاریسدا و هەر لەوێش دەستی بەوانە وتنەوە کرد. لە ساڵی ١٣١٣دا بووە سەرۆکی زانکۆی پاریس.

گرنگترین کتێبی مارسیلە ناوی ((بەرگریکاری ئاشتی و ئارامی))ە. ئەم کتێبە دەربارەی بەرگریکردنە لە حکوومەتی عورفی و ڕەتکردنەوەی بانگەشەکانی پاپا، سەرەتا بەناوی خوازراوەوە بلاۆکرایەوە و کاتێك کە ناوی دانەرەکەی ئاشکرابوو مارسیلە لە ترسی دامەزراوی پاپادا بەرەو پاریس هەڵهات و پاشان بووە پەنابەر لە سەرای لۆدڤێگی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا لە باڤاریا. لەو سەردەمەدا سەرای لۆدڤێگ شوێنی کۆبوونەوەی کۆمەڵێکی زۆری ئەو رۆشنبیرانە بوو کە لە ململانێی نێوان پاپا و پاشادا لایەنی پاشایان گرتبوو.

کتێبی ((بەرگریکاری ئاشتی و ئارامی)) لە سێ بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا لۆژێکی ناوەکی و خۆبەسبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەلمێنراوە. لە بەشی دووەمدا بانگەشەکانی کلێسا (لەم بارەیەوە) ڕەتکراوەتەوەو لە بەشی سێیەمدا ئەنجامەکان دەستنیشان کراون.

### گشتێتی سیستەمی هزریی مارسیلە

مارسیلە بە گەورەترین بیرمەندی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاست دەژمێردرێ. ئەو کۆمەڵی سیاسیی خەڵکی یان ((دەوڵەت)) بە ئۆرگانیزمێکی زیندوو دەچوێنێ کە ژیانی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕێکی و گەشەکردنی تواناکان و هەنگاونان بەرەو کامڵبوون و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکا. دەوڵەت یەکەیەکی خۆ بەسەو پێویستە ئازاد بێ لە کۆنترۆڵی دەرەکی (وەکو کلێسا). بناغەی پێکهاتنی دەوڵەت کۆبوونەوەی مرۆڤەکانە و مەبەست لەم کارەش خۆشبەختی دنیایی و واتاییە، جەوهەری دەوڵەت دروستکردنی سیستەمێکی یاساییەو سەرچاوەی یاساش



خەڵکییە (وەکو خاوەنی ڕاستەقینەی مافی فەرمانڕەوایی). بەڕێوەبردنی کاروباری وەها کۆمەڵێکی سیاسی یان دەوڵەت لە لایەن خەڵکی و نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیانەوە دەبێ و ئەم نوێنەرانە لە بەرامبەر خەڵکیدا بەرپرسیارن و لەکاتی پێویستدا شیاوی لابردنن (واتە دەتوانرێ لابدرێن).

کلێساش شتێك نییە جگە لە جەماوەری بڕواداران و زنجیرە پلەی کلێسایی ڕەوایی تایبەتی نییە و ئەوانیش پێویستە وەکو تەواوی خەڵکی شوێنکەوتووی دەوڵەت بن. بەم پێیە پارێزراوبوونی ڕۆحانییەت و بانگەشەکانی کلێسا هیچ واتایەکیان نابێ.

بۆچوونەکانی مارسیلە و دیکترینە ناوبراوەکان بەو جۆرەی تێبینی دەکرێ ( لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی لێوەدەکرێ) ڕوخسارێکی تەواو نوێ و نزیك لە هزری سیاسی نوێی سەردەمی مۆدێرنی هەیە. بەشێکی زۆری ئەم دیکترینانە بابەتی هزری سیاسی و باسەکانی سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم بوون.

### مارسیلە و پرسەکانی ئیتالیا

لەسەدەی چواردەیەم و سەدەکانی پاشتردا ئیتالیا گرفتاری بارێکی ناهەمواری وابوو کە ببووە بابەتی سەرگەرمی هزریی بەشێکی زۆری بیرمەندان. دەستێوەردانی کلێسا لە کاروبارە سیاسییەکان و بیرۆکەکانی هەڵهاتن لە ناوەندی فەرمانڕەوایانی فیودال بارێکی شێواو و نائارامی دروستکردبوو لە ئیتالیادا، بەشێکی زۆری بیرمەندانی ئەم ناوچەیە کە زووتر لە ناوچەکانی تری ئەورووپا چووبوونە نێو سەردەمی ڕێنیسانسەوە لە بیری ڕێگە چارەیەکدا بوون بۆ ئەم بارە. لەسەرەتای سەدەی چواردەیەمدا بیرمەندان کەوتنە تیۆریزە کردن دەربارەی کێشە سەرەکییەکانی سەردەمی خۆیان و لەوانە چۆنیەتی بەرقەرار کردنی ئاشتی، جۆری فەرمانڕەوایی دەوڵەتشارەکانی ئیتالیا، ململانێی پاپا و حکوومەتەکان و فیودالە لۆکاڵییەکان کە ببوونە هۆی پەرتوبلاۆی و لاوازی فەرمانڕەوایی سیاسی لە شارەکاندا.

مارسیلە وەکو زۆربەی بیرمەندانی هاوسەردەمی خۆی دەگەڕایەوە بۆ نووسراو و تیۆرەکانی ئەرەستۆ و سیسرۆن بەڵام بەباشی ئاگاداربوو لەوەی کە کێشەکانی ئەوکاتی ئیتالیا جیاوازە لەگەڵ کێشەکانی ئەواندا. هەروەها بەشی زۆری کێشەکانی دەوڵەتشارەکانی ئیتالیای دەگەڕاندەوە بۆ بانگەشەی ئوسقوفەکانی ڕۆم سەبارەت بە فەرمانڕەوایی ڕەهای هەموو دنیا. بەبۆچوونی مارسیلە ئەم ئوسقوفانە زیاتر لە شوێنەکانی تر کاریگەری و دەستێوەردانیان هەبووە

لە هەلومەرجی ئیتالیادا کە ئەوکات جگەلەوەی دەوڵەتێکی دیاریکراوی نەبوو تووشی پەرت و بلاّویش هاتبوو ئەم کارەیش ببووە هۆی شڵەژانی بارودۆخەکان. بۆیە مارسیلە کتێبی (بەرگریکاری ئاشتی و ئارامی)ی بۆ رەتکردنەوەی بانگەشەکانی پاپا نووسی کە خوازیاری فەرمانڕەوایی رەهابوو.

کتێبی بەرگریکاری ئاشتی و ئارامی چەندین باسی گرنگی تیادایە دەربارەی حکوومەتی رەوا و سەرچاوە و ناوەڕۆك و مەبەستی حکوومەتی یاسایی. مارسیلە دەیەوێ چۆنیەتی پێکهێنانی کۆبوونەوە (دروستبوونی کۆمەڵ) سیاسییەکان بدۆزێتەوەو رێگەکانی پاراستنی سەقامگیری و هاوسەنگیان بخاتەڕوو. نموونەیشی بۆ ئەم کارە تیۆرەکانی دەوڵەتشارە سەربەخۆکانی ئیتالیا بوو لەوانەش پادۆڤای شارەکەی خۆی.

## حکوومەتی عورفی

گەرچی مارسیلەش وەکو زۆربەی هاوسەردەمانی مەبەستی کۆمەڵگایی مرۆیی بە ژیانی دنیایی و ژیانی پاشەرۆژ لێکدەدایەوە بەلاّم لەو بڕوایە دایە کە ژیانی دنیایی سەربەخۆیی خۆی هەیە و دەتوانرێ هەر لەم جیهانەدا کۆمەڵێکی کامڵ پێکبهێنرێ. کۆمەڵی سیاسی لە ناوەڕۆکی خۆیدا خوازیاری دامەزراوە و رێکخراوی باشە و پێویستە رێ لە فاکتەرەکانی تێکدانی ئارامی و سەقامگیری بگیردرێ. بە هۆی بەرگریکردن لە کۆمەڵی سیاسی سەربەخۆ و خاوەن بەرنامەی خۆی مارسیلە بە یەکەمین تیۆریزەکاری سیاسیی عورفی ناوبراوە.

لە تیۆرەکەی مارسیلەدا فەرمانڕەوایی پەیوەستە بە جەماوەرەوە. رەنگە جەماوەر وەکو ((یاسادانەری مرۆیی)) مافی دانانی یاساکان بسپێرێ بە دەستەیەك لە زانایان و گەورەکان، بەلاّم هەرچۆنێك بێ دەسەلاّتی یاسادانان پەیوەستە بە جەماوەرەوە. جگە لەمە تەنها بەرپرسەکانی ولاّت مافی تایبەتی سوود وەرگرتنیان هەیە لە هێزی زاڵبوون.

سەبارەت بە کاروبارە ئایینییەکانیش ((جەماوەری بڕواداران)) یاخود دەستەی بڕواداران خاوەن دەسەلاّتی رەوان نەك زنجیرە پلەکانی کلێسا. بەلاّم ئەم دەستە یاخود کۆمەڵەی بڕواداران ئەو دەسەلاّتانەیان نییە کە بۆ هێزی توندوتیژی پێویستە. هێزی زاڵبوون تەنها لەدەست ئەو دامەزراوەیە کە جەماوەر دیاری دەکات (ئەو دامەزراوەی کە پاشتر فۆرمی ((دەوڵەت))ی لە خۆگرت). لە تیۆرەکەی مارسیلەدا ئایین رۆڵێکی گرنگی هەیە لە فێرکردنی خەڵکیدا. بەلاّم جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر بەکردەوەی بانگەشەکارانی باوەڕ ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵی سیاسی کەوتە مەترسییەوە ئەوا پێویستە سوود لە یاسای شارستانی و خاوەن گەرەنتی



جێبەجێ کردنی توندوتیژ دژ بەو کەسانە وەربگیردرێت. لە راستیدا ئەم بەشەی تیۆرەکەی مارسیلە بەرگریکردنە لەو شتەی کە پاشتر لە هزری نوێدایە بە بنەڕەتی ئاسانکاری ئایینی یان گونجانی ئایینی ناوبرا.

## فەرمانڕەوایی خەڵکی

هەروەها بە شێوەیەکی تایبەت مارسیلە یان (کە تا ئەوکات پەیوەندی هەبوو لەگەڵ ئۆرگان و بۆچوونەکانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا) وەکو تیۆریزەکاری بنەڕەتی فەرمانڕەوایی خەڵکی تەماشادەکرد. واتای ئەم رستەیە ئەوەیە کە حکوومەتی بە دەسەلاّتی کۆتایی سەرجەم هاوولاّتییان پشت ئەستوورە. کاتێك جەماوەر کۆمەڵی سیاسی پێکهێنا بە یاسادانەر ناودەبرێت و رەزامەندی راشکاوانەی (نەك شاراوە) سەرجەم خەڵکە کە یاسا مولزەم دەکات. مارسیلە جەخت دەکاتەوە لەسەر ویستی فەرمانڕەواو رێکەوتنی خەڵکی و نوێنەرەکانیان سەبارەت بە یاسا و سەبارەت بەکار بەدەستانی حکوومەت. بە بۆچوونی ئەو فەرمانی پاپا هیچ رەواییەکی یاسایی نییە و تەنها کاتێك دەتوانرێ بە یاسا دابنرێ کە بە قۆناغی پەسەندکردن و دەنگدانی نوێنەرانی خەڵکیدا تێپەڕێ و لەم رێگەیەوە فۆرمی پابەندراو بەخۆیەوە بگرێ.

مارسیلە لەو بڕوایەدایە کە کۆمەڵ وەکو یاسادانەری مرۆیی باشتر لە هەر تاك یاخود کۆمەڵە کەسێکی زانا دەتوانێ یاسای باش دابنێ و یاسای باش ئەو یاسایەیە کە بەپێی دادپەروەری دانراوە.

تیۆرەکەی مارسیلە کە تا ڕادەیەك ڕەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسیی سەرەتای سەدەی چواردەیەمی شارەکانی ئیتالیایە گەرچی هاوشێوەی تیۆرەکانی فەرمانڕەوایی کۆی خەڵکیی سەدەکانی ناوەڕاستە بەلاّم ئەم تیۆرانەی بەرەو بەرزترین ئاست بەرزکردووەتەوە.

## تیۆری ((فەرمانڕەوایی)) مارسیلە و دەوڵەتی مۆدێرن

هەندێك لە تۆژەران تیۆری فەرمانڕەوایی خەڵکیی مارسیلە بەخاوەن رۆڵ دەزانن لە رادیکالّترین دەستوورخوازی بەشی یەکەمی سەردەمی مۆدێرندا. بەلاّم هەندێکی تر خۆیان بەدوورگرت لەم بۆچوونەوە دەیانوت کە ناکرێ تیۆری ((جەماوەر))ی سەدەی سێزدەیەم و چواردەیەم و کارەکەی مارسیلە بۆ گەشەپێدانی ئەم تیۆرە بەسەرچاوەی دەوڵەتی مۆدێرن بزانین. ئەم تۆژەرانە دەڵێن تیۆری دەوڵەتی لیبرالی سەردەمی نوێ لە تیۆرەکەی تۆماس هۆبزەوە وەرگیراوە کە هەڵدەسێ بە رەتکردنەوەی عەقڵێکی گشتی کە هەموو خەڵکی دەیناسن و دەتوانێ

ناوەڕۆکی ڕاستینەی بەرژەوەندی هاوبەش دەستنیشانبکات. لە بەرگی دووەمی ئەم کتێبەدا باس لە تیۆرەکەی توماس هۆبز دەکەین بۆیە ناتوانین لێرەدا بەدرێژیی لەم خاڵە بدوێین.

خاڵێکی تر کە دەتوانرێ ئاماژەی پێبکرێ لەرەخنەگرتن لەو باسەی سەرەوە (واتە تیۆری فەرمانڕەوایی مارسیلە وەکو سەرچاوەی تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن) ئەوەیە کە تیۆری کۆی خەڵکی وەکو خاوەنی مافی فەرمانڕەوایی بەو شێوەیەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئارادا بوو هیچ جیاوازییەك ناکات لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، لەکاتێکدا کە تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر ئەم جیاوازییە دامەزراوە. دەوڵەتی مۆدێڕن دەزگایەکی دەسەلاتە و جیاوازە لەو کەسانەی کە لە بەشێکی دیاریکراوی دەسەلاتدا کار بەڕێوەدەبەن. لەم دەوڵەتەدا پایە حکومییەکان (کە تواناکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەکاردەبن) جیاوازن لە تەواوی کۆمەڵگا (کۆمەڵگای مەدەنی). بەڵام لە تیۆری جەماوەردا (لەسەدەکانی ناوەڕاست) ئەو پایانەی کە کاروبارە گشتییەکانیان ڕێکدەخست بەسەربەخۆ تەماشا دەکران.

### فۆرمی حکوومەت و حکوومەتی ئیدیال

مارسیلە هیچ گرنگییەك لەبەرچاو ناگرێ بۆ فۆرمە فەرمی و باسکراوەکانی حکوومەت وەکو حکوومەتی پاشایەتی، ئاریستۆکراتی یان کۆماری. پێویستە حکوومەت ئەو هەلومەرجەی سەرەوە لەخۆبگرێ، واتە فەرمانڕەوایی جەماوەر و یاسادانانی بە کۆمەڵ و ڕەزامەندی خەڵکی سەبارەت بە یاساکان و کاربەدەستە حکومییەکان. بەڵام ڕەنگە بەپێی هەلومەرجەکان چەند فۆرمێکی جیاواز هەبێ بۆ ئەم جۆرە حکوومەتە.

لەگەڵ ئەمەشدا مارسیلەیش وەکو دانتی لایەنگری ئیمپراتۆرێکی گشتی و جیهانی بوو کە لەسەرووی دەوڵەتشارە سەربەخۆکانەوە بێ. هەروەها پێی وابوو لە سایەی ئەم ئیمپراتۆرییەدا ئارەزووەکانی کە بریتی بوون لە ئاشتی و سەقامگیری دێتەدی.



## ٢- ڤیلیام ئۆکام: بەرگریکاری ماف و ئازادییەکانی تاك

### کورتەیەکی ژیان و بەرهەمەکانی ڤیلیام ئۆکام

ڤیلیام ئۆکام یاخود ڤیلیامی خەڵکی ئۆکام (١٢٨٠-١٣٤٩) لە وتەبێژان و خاوەن هزرە گەورەکانی سەدەی چواردەیەمە. لە بریتانیا هاتۆتە دونیاوە و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندنی تەواوکرد و پاشتر لە لەندەن، فۆرس هامپتۆن وانەی گوتەوە. لە مشتومڕەکانی نێوان پاپا و پاشادا لایەنی پاشای گرت و سەرەنجام بوو بە پەنابەر لە سەرای لۆدڤێکی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا کە ئەوکات لە ململانێدا بوو لەگەڵ پاپا. نوسراو تیۆرە سیاسییەکانی لە کاتێکدا بلاوبوونەتەوە کە خۆی دوور خرابوویەوە. زۆربەی بەرهەمەکانی دەربارەی تیۆلۆژی و وتەبێژییە و سەرگەرمییە، زەینەکانی بریتیبوون لە گەڕان بەدوای ڕاستیدا لە ناو دەقە پیرۆزەکانیدا. هەروەها پاپا یوهانسی بیست و دووەمی بەبێ هوشیاری لە تیۆلۆژی مەسیحی و خراپ خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان تاوانبار کرد.

بەرهەمەکانی ئۆکام بریتین لە: ((کارەکانی نەوەد ڕۆژی (کە بەرگریکردنە لە تیۆری هەژاری دەستەی فرانسیسکن) و ((گفتوگۆ)) (کە بەرگریکردنە لە ئیمپراتۆر و هەڵسەنگاندنی ڕەتکردنەوەی بانگەشەی دەسەلاتی کاروباری دنیای لە لایەن پاپاوە) و ((هەشت پرسیار دەربارەی دەسەلاتی پاپا)) کە بەرهەمێکی سیاسی ئۆکامە.

### عەقڵی سروشتی و موڵکداریی تایبەتی

ڤیلیام ئۆکامیس وەکو زۆربەی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست (کە تا ئێرە بەشێکی زۆریمان باس کردووە) لە خاڵی یاسای سروشتییەوە دەست بە تیۆرە سیاسیەکەی خۆی دەکات بۆ ڕوون کردنەوەی فاکتەر و هۆکاری پەیدابوونی حکوومەت و ناوەڕۆکی دەوڵەت و ماف و چۆنیەتی بەشدارکردنی خەڵکی لە ڕێکخستنی و دەسەڵاتەکانی پێشەوا. بەڵام دەستپێکردن لە یاسای سروشتی و تەنانەت پەیڕەویکردنی هزر و بەهاکانی ئەرەستۆیش نابێتە هۆی ئەوەی کە تیۆرەکانی ئەم بیرمەندانە بگەنە چەند خاڵێکی جیاواز. یاسای سروشتی خاڵی دەسپێکی ئەو بیرمەندانەیە کە پەیوەستن بە نەریتی پەیڤیی و سیاسی و قوتابخانەییە جیاوازەکان و زۆریش لە خستنەڕووی بۆچۆنەکانیاندا دەگەنە ئەنجامگەلێکی جیاواز.

ڤیلیام ئۆکام زیاد لەوانی پێش خۆی بابەتی یاسای سروشتی دەخاتە بەرباس و بنەمای بەشێکی زۆری تیۆرەکانیشی بریتییە لە خستنەڕوو و لێکدانەوەی یاسای سروشتی و هەر لەم ڕێگایەوە دەگاتە چۆنیەتی سروشتی بوونی موڵکداریی و حکوومەت. بەڵام لە هەمانکاتدا پەیوەستە بە سەرچاوەی ناوگەرایی و هەروەك پاشتر دێینە سەری بنەمای ئەم سەرچاوە پەیڤیی و فەلسەفییە دەگاتە تیۆری تاکگەرایی و ماف و ئازادییەکانی تاك و سنووورداری و مەرجداری حکوومەت (لەسەر هەمان بنەما).

**ڤیلیام ئۆکام باس لە سێ جۆر یاسای سروشتی دەکات:**

١- بنەما سەرەتایی و بەڵگە نەویستەکانی ئەخلاق کە بۆ خۆیان باوەڕ پێ کراون.

٢- ئەنجامگیری لەو یاسایانەی بەم شێوەیە باوەڕپێکراون.

٣- ئەنجامگیری لەم ئەنجامگیریانە.

دوو جۆری یەکەم ئەو بنەما ئەخلاقییانەن کە هەرکەسێ بیەوێ کەمێك لێیان ڕابمێنێ پێیان دەگا. بەڵام جۆری سێیەم یاسایەکە کە شارەزاییان لە ڕێگەی خوێندنەوە و پەنابردن بۆ پێویستییە لۆژیکییەکان پێیدەگەن. پێویستە پێشەوا (پاشا) زانیاری هەبێ سەبارەت بەم سێ جۆرە یاسایە.

یاساکانی جۆری یەکەم ئەو یاسا سروشتییانەن کە دەگونجێن لەگەڵ عەقڵی سروشتیدا وەکو (( نابێ کەس بکوژرێ)) و ((نابێ دزی بکەی)). ئەم یاسایانە لەم بنەما پێویستانەن کە پەیوەستنین بە کاردانەوەی ئێمە سەبارەت بە هەلومەرجە ڕووکەشییەکان. یاساکانی جۆری دووەمیش ڕوون و ناسراون لای ئەو کەسانەی کە بە خۆیان خاوەن ویژدانی سروشتین و ئەمانە چەند ئەنجامگیرییەکی پێویستن کە لە ڕێگەی ئەزموونەوە بەدەستدێن و توانای عەقڵ پشتگیرییان دەکات. ئەم بەشەی یاساکان پاش نزمبوونەوەی مرۆڤ (بەڵام بەر لە پێکهێنانی حکوومەت) بەکار دێ. لەبەر ئەوەی بەر لە نزمبوونەوە هەر شتێك هەبوو هاوبەشبوو بۆیە مرۆڤ پێویستی بەو ئەنجامگیریانە نەبوو کە لەسەر بنەمای ویژدانی سروشتین. چونکە ئەو کات مرۆڤ بەپێی یاسای سروشتی و یاسای خوایی دەژیا. بەڵام پاش نزمبوونەوە چیدی خەڵکی بەپێی عەقڵی گونجاو لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا نەدەژیان. خۆ ئەگەر بەو پێیە بژیابان ئەو کات هەموو شتێك هاوبەش دەبوو لە نێوان خەڵکیدا و کەس پێویستی بە موڵکداریی نەدەبوو.

بەڵام پاش نزمبوونەوە کە ئیتر پەیڕەویکردنی ویژدانی سروشتی کارێکی گشتی نەبوو (واتە هەموو کەسێ پەیڕەوی لێنەدەکرد) و هەروەها بە هۆی ئەو لاوازییەی کە تووشی کۆمەڵگای مرۆیی هاتبوو بە ناچاری موڵکداریی سەریهەڵدا تاوەکو ڕێکییەك ببەخشێتە کۆمەڵگا و بیپارێزێ لە هەڵوەشاندنەوە. کەواتە موڵکداریی جۆری سێیەمی یاساکانە کە ئەنجامگیریی، ئەنجامگیرییەکانی جۆری دووەمە، بۆ نموونە دەڵێین دەبێ ئەمانەت بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، یان دەبێ قەرزی خاوەنقەرز بدرێتەوە، ئەم یاسایانە بەر لە نزمبوونەوە هیچ واتایەکییان نەبوو چونکە هەموو شتەکانی هاوبەشبوون. هەروەها ئەو مرۆڤانەی کە بەپێی عەقڵی سروشتی و



ویژدانی سروشتی دەژین پێویستیان بەم یاسایە نییە چونکە ئەوانیش هەموو شتێك دەکەنە هاوبەش لە نێوان خۆیاندا.

یاسای جۆری سێیەم یاسای سروشتی و گریمانییە و پەیوەستە بەو گریمانییەی کە یاسای مرۆڤ موڵکداریی پەسەند کردووە. ئەگەر ئەم گریمانییە قبووڵ بکەین ئەو کات ئەو ئەنجامە بەدەستدێ کە دەبێ قەرز و ئەمانەت بگەڕێندرێتەوە، ئەم یاسایە یاسایەکی سروشتی مەرجدارە چونکە لە کاردانەوە ئەزموونییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە هەموو مەرجە ڕووکەشییەکان وەرگیراوە.

### بنەڕەتی مەرجداری لە حکوومەتدا

سەبارەت بە حکوومەتیش ڤیلیام ئۆکام بە هەمان شێوە بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێ حکوومەت لەسەر بنەمای ئەو گریمانە دروستبووە (یاسای سروشتی جۆری سێیەم) کە پاش نزمبوونەوە پێویستی بوونی پێشەواو ڕێکی دێتە کایەوە. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر بڕیار وابێ کە کەسێك بکەینە پێشەوا ئەوا عەقڵ بەجۆرێکی بەڵگە نەویست وەها حوکم دەکا کە ئەوانەی دەبنە شوێنکەوتووی ئەم پێشەوایە پێویستە هاوبەشبن لە هەڵبژاردنیدا (مەگەر ئەوەی کە خودی ئەم شوێنکەوتوانە ڕێگەیەکی تر بگرنەبەر). کەواتە دەستنیشانکردنی پێشەوا بە هەڵبژاردن بەشێکە لە بنەڕەتی باوەڕپێکراوی عەقڵی سروشتی.

### مافەکانی تاك

ڤیلیام ئۆکام لە بابەتێکی تریشەوە دەگاتە بنەڕەتی مەرجداری حکوومەت ئەویش مافە سروشتییەکانی تاکە. ڤیلیام ئۆکام لە ڕیزی یەکەمین ئەو بیرمەندانەیە کە بە زمانێکی نزیك لە هزری سیاسی نوێ باسی لە مافەکانی تاك کردووە. هەڵبەتە مارسیلەیش لەو جێگەیەی کە باس لە ماف دەکا وەك کردەوەیەك یان وەك دەسەڵات و خویەکی خۆویستانە و یەکسانبوونی لەگەڵ یاسا دەرەکییەکان نزیك بووەتەوە لەم تێڕوانینە بۆ تاك. خراپ نییە لێرەدا ئەوەش بێنینەوە یاد کە گرنگیدان بە تاك و دانانی وەکو بنەمای هەموو ڕێکیەك لە کۆمەڵگادا دەگەڕێتەوە بۆ هزر و کردەی سیاسی مۆدێرن، هزری سیاسی پێش مۆدێرن یا کلاسیکی کۆمەڵ یا بە وتەیەکی تر گەل بە یەکەی سەرەکی هزر و ڕێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدرێ. بەم پێیە دەوترێ کە هزرە

سیاسییەکانی پەیوەست بە تاك (لە بەرامبەر هزرە سیاسییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵ) دەگەڕێتەوە بۆ گرووپی هزرە نوێیەکان. (لە بەرگی دووەمدا ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر دەخەینەڕوو سەبارەت بەم بابەتە).

ڤیلیام ئۆکام باس لە تاك دەکات وەکو کەسێ کە خاوەن دەسەڵاتێکی دیاریکراوە بۆ سوود وەرگرتن لە جیهان و لە پێناو پاراستنی مانەوەی خۆیدا، دەتوانرێ وەکو ماف باس لەم دەسەڵاتانە بکرێ. هەروەك ئاماژەی پێکرا بە بۆچوونی ئۆکام دابەشکردن و خاوەندارێتی شتەکان کە پاشتر وەکو موڵکدارێتی تایبەتی ناسرا لەو یاسا مرۆییانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پاش نزم بوونەوە بۆ سوودلێوەرگرتنی کۆمەڵگای مرۆیی دروستکراو مەبەستی ئەمانەش دابینکردنی ئاشتی و ئارامییە لە کۆمەڵگادا، هەموو تاکێك دەزانێ کە ئازادی و مافی سروشتی خۆیەتی بەشداربێ لە دانانی یاساکاندا و بەپێی بیرکردنەوە و ئەزموونی عەقلانی خۆی هاوبەشبێ لە دامەزراندنی حکوومەتدا و کەس ناتوانێ ئەم مافە سروشتییانە (بەشداربوون لە دانانی یاسا و دیاریکردنی پێشەوا) لە مرۆڤ بسێنێتەوە.

ڤیلیام ئۆکام کە لە تێڕوانینی ناوگەرایی و دانانی مافەکانی تاکەوە دەڕوانێتە دەوڵەت و دەستکەوتەکانی کۆمەڵ، بیروبڕوای کۆمەڵ یاخود بیروبڕوای گشتی بە بەرهەمی کۆی بیروڕای یەك بە یەکی تاکەکان دەزانرێ دەربارەی بەرژەوەندی هاوبەش.

بەم پێیە بە بۆچوونی ئەو (بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانی پێشوو) بەرژەوەندییەکی هاوبەشی ڕاستینە بوونی نییە و بەرژەوەندی هاوبەش بە تەنها بەرهەمی کۆی بەرژەوەندی تاکەکانە. بۆ نموونە بۆچوونی ئەم پێچەوانەی بۆچوونەکەی مارسیلەیە چونکە مارسیلە لەو بڕوایەدا بوو کە کۆبونەوەی مرۆڤەکان لە ناو یەك جەماوەردا دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەسێتییەکی جیاواز و نوێ کە جیاوازە لە ئەندامە پێکهێنەرەکانی.



## ناوەڕۆکی دەوڵەت

مادام ئێستا تەنها تاکە کە دەتوانێ خاوەن یان لە دەستدەری ماف بێ کەواتە دەوڵەت ناتوانێ ببێتە کەسێتییەکی جیاواز و بوونێکی جەوهەری. دەوڵەت کەسێتییەکی ساختەی هەیە و کردەوەی دەوڵەت کردەوەیەکی جیاواز نییە بەڵکو بە تەواوی کۆی کردەی ئەندامانە بۆ بەرژەوەندی گشتی. سەبارەت بە کلێسایش بە واتایەکی گشتی دەبێ هەمان شت بوترێ. چونکە کلێسا شتێك نییە جگە لە کۆی بروادارانی پێکهێنەری هەر لە خەڵکی سادەوە تا بەرزترین زنجیرە پلەی کلێسایی. هەروەها چونکە زنجیرە پلەی کلێسایی کەسێتییەکی ساختەی هەیە (نەك ڕاستەقینە)بۆیە ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە نوێنەری هەموو بڕوادارانە.

لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە بۆ تاك و دەوڵەت ئۆکام لەو بڕوایەدایە کە جگە لە هەلومەرجێکی تایبەت و پێویستدا ناتوانرێ تاکەکانی کەمینەکان لە مافەکانیان بێبەش بکرێن.

بەڵگە هێنانەوەی ئۆکام سەبارەت بەوەی کە پێشەواکان دەسەڵاتی خۆیان لە خەڵکییەوە وەردەگرن بەوە کۆتایی دێ کە ڕەزامەندی و ڕێکەوتنی خەڵکی سەرچاوەی دەسەڵاتی گشتی (دەوڵەت) پێك دەهێنێ، پێشێلکردنی مافی کەسەکانی تر بەد کردارییە و خوا مافی سوودوەرگرتن لە جیهانی داوەتە هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی (تەنانەت بێ باوەڕە ئایینییەکانیش).

پێشەوا ناتوانێ دەسەڵاتی رەهای هەبێ چونکە هەرگیز ناتوانرێ وەها مافێك لە هیچ سەرچاوەیەکەوە بەدەستبهێنرێ. تەنانەت خەڵکیش ناتوانن دەسەڵاتی رەها بدەنە پێشەوا چونکە وشەی ((خەڵك))یش بۆ خۆی ساختەیە (لە راستیدا تەنها تاك بوونی هەیە) و هەروەها تاکیش دەسەڵاتی رەهای نییە تاوەکو بیگوازێتەوە بۆ پێشەوا.

## فۆڕمی حکوومەت

پێویستی حکوومەت لە پاش نزمبوونەوە هاتووەتە ئاراوە چونکە سنووری دونیای (لە بەرامبەر سنووری ئاسمانی) ناتەواوە. حکوومەت بە ڕێکەوتن و بۆچوونی تەواوی تاکە ژێرەکان دادەمەزرێ، بەڵام پاش دامەزراندن بارودۆخەکان دیاریدەکەن کە پێشەوا بە چ شێوازێك حکوومەت بە ڕێوە ببا. گەرچی پێشەوا لەسەرووی ویژدانی سروشتییەوە نییە بەڵام لە سەڕووی یاسا دانراوە مرۆییەکانەوەیە. بە تایبەتی کاتێك کە کار بۆ باشەی هاوبەش (بۆ نموونە بۆ ئاسایشی گشتی) دەکا. ئەم بۆچوونە بیروڕاکانی تۆماس هۆبز دێنێتەوە یاد کە پاشتر بە درێژی لێیان دەدوێین.

## پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی

لێکۆڵینەوەی ڤیلیام ئۆکام دەربارەی دەسەڵاتی پاپا و مەرجەعییەتی کلێسا لەو تێڕوانینایەوە دروستبووە کە هەیەتی بۆ پەیدابوونی موڵکداریی و مافەکانی تاك و پاشتر بۆ زەرووڕەتی یاسا مرۆییەکان و دامەزراندنی حکوومەت. ئۆکام پێی وایە کە تاك کۆمەڵێك مافی هەیە و ناکرێ لەو مافانە بێ بەشبکرێ تاك ئەم مافانەی لە خوا و لە سروشتەوە وەرگرتووە و پاپایش ناتوانێ کەس لە ئازادی و مافەکانی بێ بەش بکا. ئەمە لە کاتێکدایە کە لێکدانەوەی نادروستی پاپا بۆ دەسەڵاتی خۆی دەبێتە هۆی لێسەندنەوەی ماف و ئەو ئازادییە خوا پێداوانەی کە مرۆڤ هەیەتی.

بەپێی ((عەقڵی دروست)) سەروەری مرۆڤ بەسەر شتەکاندا کارێکی ئەزەلی و هەمیشەییە. مرۆڤ مافی سروشتی هەیە بۆ سوودوەرگرتن لە شتەکانی جیهان (نەك خاوەندارێتییان). لەو جێیەی کە مرۆڤ لە قۆناغی نزمبوونەوەدا بە یاسا دانراوەکان دەستی بە موڵکداری و خاوەنداری شتەکان کرد لەوێوە ئەو لایەنەی کە سەبارەت بە پەیوەندییەکانی موڵکداری دەسەڵاتی ڕەوای وەرگرت بریتیبوو لە پێشەوای دونیایی. مرۆڤەکان پاش نزمبوونەوە (تەنانەت بەر لە پەیدابوونی پێشەواکان) شتەکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە و توانیویانە بڵێن: ((ئەمە هی منە)). بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی قەشەکان و پاپاکانیش مرۆڤن پەیوەندییەکانیان لە سنووری موڵکداریدا بەشێکە لە دەسکەوتی دونیایی.

ڤیلیام ئۆکام بۆ دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتەکانی پاپا دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی کتێبی پیرۆز و لێرەوە دەڵێ عیسای مەسیح فەرمانڕەوایی ڕەهای شتە دونیایی و ئایینییەکانی نەداوەتە دەست پوترس کە بانگەشەکارانی جێنیشتنی ئەو (پاپاکان) بانگەشەی وەها فەرمانڕەوایەتییەك دەکەن. دەسەڵاتەکانی پوترس سنوورداربوو بە بەڕێوەبردنی دروشمە ئایینییەکان و فێرکردنی بڕواداران و ڕێکخستنی زنجیرە پلەکانی کلێسا.

هەروەها ڤیلیام ئۆکام پێی وایە کە عیسای مەسیح خاوەنی دوو ئاست بووە: یەکەم ((کوڕی خوا)) دووەم ((کوڕی مرۆڤ)). عیسای مەسیح وەکو ((کوڕی مرۆڤ)) خاوەنی فەرمانڕەوایی و پاشایەتی نەبووە. فەرمانڕەوایی پێویستی بە دەسەڵات هەیە لە کاتێکدا کە عیسای مەسیح بەرنامەکەی خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵکی داناوە نەك وەك دەسەڵات بەسەریانەوە. عیسای مەسیح خۆی وتوویەتی کە ((فەرمانڕەوایی من لەم جیهانەدا نییە)).

ئۆکام مەسیحییەت بە ئایینی ((ئازادی)) دادەنێ و بانگەشەکەی پاپا (سەبارەت بە فەرمانڕەوایی ڕەها) ڕەت دەکاتەوە.



## تێکەڵکردنی کلێسا لە دەوڵەتدا

ڤیلیام ئۆکام کلێسا بە کۆبوونەوەی بڕواداران دادەنێ بۆ دابینکردنی مەبەستە واتاییەکان. دەوڵەت یان پاشایەتیش وەك سیستەمێکی سیاسی سەربەخۆ لە کلێسا تەماشا دەکات. لە ڕووی مێژووییەوە حکوومەتی دونیایی و پەیدابوونی پاشایەتی لە پێشترە لەچاو دەزگای پاپادا بۆیە پێویستە دامەزراوی کلێساش شوێنکەوتووی ئیمپراتۆر بێ. لە ڕاستیدا ئۆکام وەك وتەبێژێك بەم کارەی کلێسا تێکەڵ بە دەوڵەت دەکات.

ڤیلیام ئۆکام سەرچاوەی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە بۆ خوا بەڵام ئەو دەسەڵاتە یەکسان دەکا لەگەڵ فەرمانڕەوایی خەڵکیدا و بەم جۆرە دەڵێ حکوومەت وەکو ئەمانەتێکی خوایی لە لایەن خەڵکییەوە سپێردراوە بە پاشا. ئەم بنەڕەتە وەکو یەکێك لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی حکوومەتە دەستوورییەکان ناسراوە.

## سەرچاوەکان


١. لئواشتراوس، فلسفه سیاسی چیست، ترجمه فەرهەنگ جای تهران، نشر علمی و فرهنگی، ١٣٧٣.
٢. ورنریگر، پایدیا، ترجمه محمد حسن لگفی، تهران، خوارزمی، ١٣٧٦.
٣. محمد چمیران، کژراز جهان اسگورھ به فلسفه، تهران، هرمس، ١٣٧٩.
٤. گلن تیندل، تفکر سیاسی، ترجمه محمود صدری، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٧.
٥. ویلیام بلوم، نقریھ نقامهای سیاسی، ترجمه احمد تدین، تهران، نشر اران, ١٣٧٣.
٦. تئودور گمپرتس، متفکران یونان، ترجمه محمد حسن لگفی، تهران، انتشارات خوارزمی، ١٣٧٥.
٧. اریك لیدمان، تاریخ عقاید سیاسی، ترجمه سعید مقدم، تهران، نشردانش، ١٣٧٩.
٨. جواد گباگبای، مفهوم ولایت مگلقھ دراندیشه سیاسی سدەهای میانه، تهران، نشرنگاه معاصر، ١٣٨٠.
٩. اتین ژیلسون، روح فلسفه قرون وسگی، ترجمه ع. داودی، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، ١٣٧٠.
١٠. مایکل فاستر، خداوندان اندیشه سیاسی، ترجمه جواد شیخ الاسلامی، تهران، امیرکبر، ١٣٨٠.
١١. لئوا ستراوس، حقوق گبیعی و تاریخ، ترجمه باقر پرهام، تهران، نشراگه، ١٣٧٣.

12-john plamenat2,mand and society, London, Longman,1963.

13- janet coleman , ahistory of political thought, London, Black well publisher, 2000.

14-lawrence wanlass,history of political thought ,London, George Allen, and Uvin LTD, 1964.

15- cl wayper, political thought, London, English University press LTD,1973.





16-Anne Alexander, “the best regims of Aristotle’s Politics” History of Political thought. Vol XXI. No.2, summer2000,pp184-216.

17- Thomas lindsay, “the god-like man versus the best law”, “the review of politics”, VOL53(1991), PP488-509

18- w.R newell, “superlative virture: the problem of monarchy in Aristotale’s politics”, western qurterly, vol 40 (1987), pp.159-78.